# GIZING



ئایا ئەو شوێنە وادی ئەیمەنە؟
یا دەشتی کوردە پڕ لە دیمەنە؟

مەلای جەباری

یەکێتی نووسەرانی کورد / لقی کەرکوک

گۆڤاری گزنگ ژمارە - 86

گۆڤارێکی ئەدەبییە یەکێتیی نووسەرانی کورد - لقی کەرکوک دەریدەکات



# گزنگ 86

تابلۆی بەرگی یەکەم: ڕووناك جاف
تابلۆی بەرگی دووەم: بەدیع بابا جان
چاپ:- چاپخانەی کارۆ

گزنگ
گۆڤاری یەکێتیی نووسەرانی کورد - لقی کەرکوک

ژمارە (٨٦) کانوونی یەکەم - ٢٠١٠

خاوةني ئيمتياز:
**یەکێتی نووسەرانی کورد - لقی کەرکوك**

سةرنووسةر
**د. ئازاد ئەمین باخەوان**
07701385674

بةريوةبةري نووسين
**عەبدولستار جەباری**
07701322588
starjabari@yahoo.com

دةستةي نووسةران
**معتصم سالەیی**
**خالد مەجید فتح الله**
**کاردۆ محەمەد**
**زایر زەنگنە**
**ڕووزار ئەحمەد**

راويذكاران
**ئەمین شوان**
**د. فوئاد ڕەشید محەمەد**
**د. عادل مەجید گەرمیانی**

ئيميلَي طؤظاري طزنط: **Gizing2010@yahoo.com**

بةريوةبةري هونةري:
**دلێر ڕەفیق – ئەنجام سەعید**

**کوردستان – کەرکوک**

ناونیشان: **کەرکووک-شەقامی کۆماری-تەلاری سەیدەلی فەخری**

# لەم ژمارەیەدا 86

**سەکۆی گزنگ:**


رۆشنبیری کەرکوك و خۆخاوەنی، **لەتیف فاتح فەرەج**..........,,,..................ل٥


**زمانەوانی:**


زمانی ئەسپیرانتۆی نێو دەوڵەتی ، **د. لەیلا جەلیل عەباس**.............................ل٧

خواستنی فۆنیمە وەرگیراوەکان لە زمانی کوردیدا **د.عبدالواحد مشیر دزەیی**..........ل١٥

خەوشەکانی قسەکردن و زمان، **و: د. ئازاد ئەمین باخەوان - ناصح محمد**............ ل٢٧

لە بارەی زمانەوە، **موعتەسەم ساڵەیی**..........................................ل٤١


**وتار و لێکۆڵینەوە:**


دەربارەی چەمکی کلتور، **د. محەمەد شوانی**........................................ل٥١

ئایدۆلۆژیا لە گوتاری رەخنەی ئەدەبیدا، **د. فوئاد ڕەشید**...............................ل٥٧

ئەدەبیاتی منالاَن و نەوجەوانان، **حەمەکەریم عارف**...................................ل٦١

خاڵە فرێد، **و: حوسێن عەلی**.......................................................ل٦٥

نازك مەلایکە، **عەبدولڕەحیم سەرەڕۆ**.................................................ل٧١

پێنج قوتابخانەی ئەدەبی، **و: هیمداد شاهین**..........................................ل٧٧

ئارسەر ڕامبۆ، **شاهۆ عەبدولقادر**...................................................ل٨٧

خەمزاتۆف، **خالید کاوێس**..........................................................ل٩٣

رۆمانی شەماعیە، **یوسف محەمەد**...................................................ل١٠١

سەیاب قەسیدەیەك لە نێوان جوانی و سیاسەت، **مەحموود نەجمەدین**..................ل١٠٥

هەوڵی پاکبوونەوە، **حەمە مەنتك**....................................................ل١٠٧

دوو دەقی شیعری، **ئەحمەد تاقانە**..................................................ل١١٣

کورتەیەك لە ژیانی محەمەدی قازی، **قانع شکور**.......................................ل١١٧


**چیرۆك:**


دیوی نهێنی چیرۆکی یوسف، **سوارە نەجمەدین**.........................................ل١١٩

شار، **و: محمد عبدالرحمن زەنگنە و موکەرەم ڕەشید تاڵەبانی**،.......................ل١٢٥

نهێنییەکی ونبوو، **سالار ئیسماعیل سەمین**،.........................................ل١٣٥


**شیعر:**


لە بن خێوەتی قرووە، **دڵشاد عەبدوڵلا**...............................................ل١٣٧

شەباقەی گڕە هەمیشەییەکان، **موحسین ئاوارە**.........................................ل١٤٥

کاتژمێرێك پێش ماڵئاوایی، **ئومێد مەحمود**...........................................ل١٤٩

ئەدەبی جیهانی، **و: بورهان ئەحمەد**..................................................ل١٥١


**گفتوگۆ:**


کازیوە ساڵح، **دیمانە: ئایندە شێخ محەمەد**...........................................ل١٥٧


**هونەر:**


سینەما و چەمکی زمانی بینراو، **کاردۆ**...............................................ل١٧١

شانۆ وەك شوێنێکی پیرۆز، **جەلال قادر-کەنەدا**........................................ل١٧٥

**کاروچالاکییەکانی یەکێتی نووسەرانی کورد، سابان ستار..............ل١٧٩**

# ڕۆشنبیری کەرکوك و خۆخاوەنی



لەتیف فاتح فەرەج

بەدۆخێکی هەستیاردا تێدەپەڕین، هەستیار بەو مانایەی، کە ناکرێ لەسەر هیچ پرسێك بێدەنگ بین، بێدەنگ بوون جۆرێکە لە ڕازی بوون، هەر ئەوەی کە عەرەب دەڵێن "بێدەنگی نیشانەی ڕەزامەندییە" ئەمڕۆ لە کەرکوك لە هەر کات زیاتر ئەرکی ڕۆشنبیرانە قسە بکەن، بەڵام لێرەدا پرسیاری ئەوە دروست دەبێت، کە ئاخۆ بارودۆخی ڕۆشنبیری کەرکوك بە گشتی و بارودۆخی ڕۆشنبیری کوردی بارێکی تەندروستە ! ! ئایە ئێمە ڕۆشنبیرمان هەیە، وەك ئەوەی ئیدوارد سەعید پێناسەی دەکات، ڕۆشنبیری لەسەر پێ وەستاو، ڕۆشنبیری خۆخاوەن، ڕۆشنبیرێك کە تەنیا ڕۆشنبیری چەکی دەستی بێت و خۆی بە پاشکۆ و لارەملی هیچ هێز و ناوەندێك نەزانێ، ڕۆشنبیرێك سپی سپی و ڕەش ڕەش ببینێ، ڕۆشنبیری خۆخاوەن بەو مانایەی بە درێوی دڵخوازەکەی بڵێ درێوی و بە باشی نەیاری دڵخوازەکەی بڵێ خاسی. ڕۆشنبیریی کوردی لە کەرکوك لە قەیرانێکی قوڵدایە، قەیرانی خۆخاوەنی قەیرانی نەبوونی هەڵوێست و بێدەنگی، قەیرانی شەرم کردن لە پیاوەکانی حزب و دەسەڵات، لە کاتێکدا دەبێ پیاوەکانی حزب و دەسەڵات شەرم لە ڕۆشنبیر بکەن و حسابی بۆ بکەن، حساب بۆ هەڵوێست و قسەکردنی دۆخی کەرکوك دۆخێکی شێواوە لەم ڕووەوە، ئێستا ئیتر ئەم بارودۆخە پێویستی بە قسە لەسەر کردنە، ناکرێ هیچ بیانوویەك لە قسەکردن پاشگەزمان بکاتەوە، ئێمە دەبێ بیر لەوە بکەینەوە زاراوەی ڕۆشنبیر لە دەستی هەندێ کەس رزگار بکەین، ئەوەی کە زۆر ئاسانە لەم وڵاتە پێشگری "دال" بخرێتە پێش





هەر ناوێکەوە، ڕێك پێچەوانەکەی بۆ باری ڕۆشنبیری تەواوە، ئەستەمە پێشگری ڕۆشنبیر بخەینە بەردەم هەر ناوێك، بەداخەوە ئەمڕۆ تاڕادەیەکی زۆر وایە ! ! ڕزگارکردنی زاراوەی ڕۆشنبیری لە چنگی هەندێ کەس ئەرکی هەرە لە پێشی ڕۆشنبیرانی ڕاستییە، ڕۆشنبیرانی ڕاستی ڕۆشنبیرانی بگۆن، ڕۆشنبیری بگۆ ڕۆشنبیری هەموو شت زان، یان باشتر ئەوەیە بڵێین شتێك لە هەموو شت زانە. ئەم ڕۆشنبیرە ناکرێ خۆی لە قسەکردن بدۆزێتەوە دەکرێ لەبارەی شتێکەوە شارەزای نەبێت، بەڵام ناکرێ خۆی لە قسەکردن بدزێتەوە، کە خۆی دزییەوە ڕۆشنبیر نییە، ڕۆشنبیری بگۆ ڕۆشنبیر کە لە هەموو کات و ساتێکا دەبێ هەڵوێستی هەبێت، ئەم ڕۆشنبیرە جیایە لە بوکەڵەکان، جیایە لەو لێبوکانەی کە حزب و دەسەڵات دروستی کردوون، بۆ ئەوەی بە شان و باڵیاندا هەڵبدەن، ئەرکی ڕۆشنبیر بە شان و باڵ هەڵدانی هیچ کەسێکدا نییە، ئەرکی بەئاگا هێنانەوە و ڕوونکردنەوەی بەرچاوی ئەوی دیکەیە، ڕوونکردنەوەی بەرچاوی ئەوی دیکە، بۆ ئەوەی تەواوی شتەکان وەکو خۆی ببینێ. کەرکوکییەکان بەدەست کۆمەڵێ خۆ بەڕۆشنبیرزانی جاهیلەوە گیرۆدە بوونە، بەداخەوە ئەو کۆمەڵە خۆ بە ڕۆشنبیرزانە دابەشبوونە بەسەر ناوەند و دەزگا روناکبیرییەکاندا، لە ناو نووسەران و هونەرمەندان و ڕۆژنامەنووسیاندا نەك هەر جێیان بووەتەوە، بگرە کراونەتە پێشەنگ و ڕابەر، ئەمانە مەینەتییەکی گەورە بۆ ئایندەی ڕۆشنبیری کوردی لەم شارە دروست دەکەن، لێرەدا ئەرکی نووسەران و ڕۆشنبیران و بیرمەندانی ڕاستییە لەو بارەیەوە قسەی خۆیان بکەن، ناکرێ چاوپۆشی و بێدەنگی و شەرم بمانکوژێ، من دەمەوێ لێرەدا پێشنیازی میتینگ و گفتوگۆیەکی کراوە و ڕاست و ڕەوان بکەم، گفتوگۆیەکی کراوە، بۆ ئەوەی داخوا ئێمە چی بکەین، چیمان پێدەکرێت، ئایە ڕۆشنبیرە دەرگەوانی بەرپرس و حاکمەکانی شارە، وەك ئەوەی دەیانەوێ وای لێ بکرێت، یان ئەو کەسەیە، کە پێویستە بەرپرس و حاکمەکانی شار پرس و ڕای پێ بکەن.

ڕۆشنبیر دەبێ خاوەنی دنیا و دەوڵەتی خۆی بێت، نابێ لەسایەی دنیا و دەوڵەتی هیچ حاکم و بەرپرسێکدا بێت، نابێ نەدارشەقی حاکم و بەرسەکان بەکار بێنێ و نەبچێتە ژێر چەتریانەوە، لێ دەکرێ هاوڕێیان بێت و ئامۆژگاریان بکات و ڕێیان پێ نیشان بدات، ئێستا لە هەر کات زیاتر کاتی ئەوەیە قسە بکەین لە سالێکی نوێ داین، لە بەردەم کۆمەڵێ گۆڕانکاری گەورە و چاوەڕوانکراوداین، ڕۆشنبیرانی کەرکوك ناکرێ تاسەر بێ هەڵوێست و بێدەنگ و شەرمن بن، ئەوی بێدەنگی و بێ هەڵوێستی و شەرمنی گەرەکە ڕۆشنبیر نییە، بۆ ئەوەی ڕۆشنبیر بین پێویستە ئەم ناتۆرانە بدەینە لاوە...

# زمانی ئەسپیرانتۆی نێو دەوڵەتی

د . لەیلا جەلیل عەباس
کۆلێژی پەروەردە _ زانکۆی کەرکوک

زمانی ئەسپیراتۆ زمانێکی دەستکردی ئاسانەولەسالی (١٨٨٧)لەلایەن (لۆدفیغ الیعزر زامینگۆف )ی پزیشکی فرەزمانەوە داهێنرا. ئەمیش وەك پرۆژەكانی زمانی پەیوەندیکردنی نێودەوڵەتی (زامینگۆف ) بۆماوەی دەساڵ لە (١٨٧٠ – ١٨٨٠ )خەریکی پێشخستنی ئەم زمانەبوو . هەوڵی ئەوەی دەدا ئەدەب بۆئەم زمانەوەرگێڕێت وشتی ئەدەبیشی پێ بنوسێتەوە زامینگۆف لەساڵی (١٨٨٧) دا یەکەم کتێبی بەناوی (زمانی نێومیللەتان – linqva internacia ) بلاوکردۆتەوە (ئەسپیرانتۆ Esperanto ) بەمانای (ئاوات خواز –هیوادار ) دێت . هەر لە هەمان ساڵدا کتێبێکی بە ناوی ( ڕێزمانی ئەسپیرانتۆ ) لە ( وارشۆ ) بە چاپ گەیاند . ئەم زمانە لەم ساڵانەی دواییدا زۆر بە خێرایی بلاو بووەوە و خەڵکێکی زۆر قسەی پێدەکەن ، بۆ نموونە لە بەلگاریا و ڤێتنام و ژاپۆن و پۆلۆنیا و وڵاتەکانی ئەسکەندەناڤیا و ئینگلستان و ڕۆمانیا و چیکۆسلۆڤاکیا و فەڕەنسا … هتد .





ئێستا ئەم زمانە نزیکەی ( ٢ ) دوو ملیۆن کەس لە ( ١٠٠ ) سەد وڵاتا ئاخاوتنی پێدەکەن . هەروەها هەزاران کتێب و گۆڤاریش بەو زمانە بلاو دەکرێتەوە . بۆ نموونە گەورەترین کتێبخانەی ئەسپیرانتۆ لە شاری ( لەندەن ) ە و پتر لە( ٣٠ ) سی هەزار سەرچاوەی تێدایە. جێی ئاماژەیە کە سەرەتا لە ئیمپراتۆریەتی روسیا و ڕۆژهەڵاتی ئەوروپادا بلاو بووەوە پاشان گەیشتە ڕۆژئاوای ئەوروپا و هەر دوو ئەمەریکا و چین و ژاپۆن و بە وڵاتانی دونیادا بلاو بووەوە .

( زامینگۆف ) گەلێك کتێی و فەرهەنگ و دەقی ئەدەبی بەم زمانە نووسییەوە ، هەروەها چەندان شاکاری ئەدەبی نووسەرانی جیهانی وەرگێڕایە سەر ئەم زمانە وەك ( پشکنەر ) ی گۆگۆل و ( جۆرج داندێن ) ی مۆلێر و ( هاملێت ) ی شکسپیر و … هتد .

لە ساڵانی سەرەتای دروستکردنی ئەم زمانەدا ئەوانەی بەم زمانە ئاخافتنیان دەکرد بەهۆی نامەوە لەگەڵ یەکتردا دەدوان و پاشان یەکەم کۆنگرە لە ساڵی ( ١٩٠٥ ) لە ( بولون سور ) لە فەڕەنسا بۆ قسەکەرانی ئەم زمانە بەسترا . هەر لەو کاتەوە ئیدی لە هەر پێنج کیشۆردا ساڵانە کۆنفرانسی بۆ دەبەسترا . جگە لەو ماوەیە نەبێت کە هەر دوو جەنگی جیهانی تێدا روویدا . بەشداربووانی ئەم کۆنفرانسە ساڵانە لە نێوان ( ٢٠٠٠ ) دوو هەزار کەس بۆ ( ٣٠٠٠ ) سێ هەزار کەس بووە و هەندێك جاریش گویشتۆتە نزیکەی ( ٦٠٠٠ ) شەش هەزار کەس .

مەبەست لە زمانی ئەسپیرانتۆ بەکارهێنانێکی نێو دەوڵەتییە لە نێوان کەلتورە جیاوازەکاندا . بەم شێوەیە ئەوانەی ئاخافتنی پێدەکەن دێنە ئاستی یەکتر ، چونکە ئەو زمانە زمانی دایکی هیچ لایەك نییە . بۆیە کەسێکی ئاسایی کە بە زمانێکی بێگانە قسە بکات ناتوانێت بە تەواوی هەموو شتەکانی خۆی دەربڕێت و گوزارشت لە ناخی خۆی بکات ، وەك بە زمانی خۆی دەتوانێت هەموو شتەکانی ناخی دەربڕێت .

فێربوونی زمانی ( ئەسپیرانتۆ ) زۆر ئاسانە و دەشێت زۆر بە خێرایی فێری ببین ، چونکە زمانێکی پراکتیکییە و سادە و ژیربێژانەیە و شتی نەشازی تێدا نییە و هەموو کەسێك زۆر بە ئاسانی و خێرایی فێری ببێت .

زمانی ( ئەسپیرانتۆ ) وەك زمانێکی زیندوو بەکاردەهێنرێت ، هەر بۆیە پلانێك هەبوو بۆ ئەوەی ( مۆرسنت ) ی بێ لایەن ببێت بە یەکەم دەوڵەت لە هەموو جیهاندا ، کە زمانی (

ئەسپیرانتۆ ) وەك زمـانێکی فـەرمی تێـدا بـەکاربهێنرێت . هـەروەها دەوڵـەتێکی بـچکۆڵەش هەبوو لە سەر دوورگەیەکی دەستکرد کە پێی دەوتـرا ( دورگـەی روز ) زمـانی ئەسـپرانتۆی وەك زمانێکی فەرمی لە ساڵی ( ١٩٦٨ )دا بەکارهێنا . پاشـان لـە ( چـین ) یـشدا لـە پـاش شۆڕشی ( شینهای ) کە زمانی ئەسپیرانتۆ بکەن بە زمانێکی فەرمی بۆ ( چین ) ، بەڵام ئەم بۆچوونەش سەری نەگرت . سەبارەت بە بەکارهێنانی ئەم زمانە ئاینی ( ئوموتـو ) ش حـەز دەکات لایەنگرانی فێری بـبن و بـەکاری بهێـنن . هـەروەها ئـاینی ( بهـائیش ) هـانی ئـەوە دەدات کە ئەم زمانە وەکو زمانێکی نێو دەوڵەتییەکی تر بەکاربهێنرێت .

هەروەها ئەم زمانە زۆر بەسوودە بۆ خەڵکی ، چونکە ئامانج لە فێربوونی ئەم زمانە ناسینی کەسانی دیکەیە لە شوێنە جۆربەجۆرەکانی جیهان . ئەوەی ویستوویەتی فێـری ئـەم زمانـە بێت بۆ ئەم مەبەستە بووە .

هەندێك لایەنی ڕێزمانی زمانی ئەسپیرانتۆ :

ئەم زمانە بەهۆی ( ١٦ ) شازدە یاسای ڕێزمـانی و نزیکـەی ( ٤٠ ) چـل پێـشگر و پاشـگر و پێـشبەندەوە کاردەکـات و هـەر وشـەیەك چـۆن دەنووسـرێت وا دەخوێنرێتـەوە . شـایانی تێبینییە کە شێوازی نووسینی ئەم زمانە لە چەپەوە بۆلای ڕاست دەست پێدەکات و ئـەلف و بێی نووسینەکەی لاتینییە و پیتەکانیشی بەم جۆرەیە :

a . b . c . c. d . e .f. g . g . h . h .i .j .j .k .l . m . n. o . p .r .s . s . t .x . u . u .v . z

ئەم زمانەش وەك زۆربەی زمانە ئەوروپییەکان ڕیزبوونی کەرستەی ڕسـتە لـەم زمانـەدا بـەم شـێوەیە دەبێـت ( بکـەر + کـردار + بـەرکار ) . ئـەم جـۆرە ڕیزبوونـە لـە زمـانی کـوردی و عەرەبیدا جیاوازە ، بۆ نموونە لە کوردیـدا کەرەسـتەکان بـەم جـۆرە ڕیـز دەبێـت ( بکـەر + بەرکار + کردار ) بەڵام لە زمانی عەرەبیدا دەبێت بـە ( کـردار+ بکـەر + بـەرکار ) . کەواتـە هەر زمانێـك لـە ڕووی ڕیزبـوونی کەرەسـتەکانییەوە جیـاوازی نیـشان دەدەن . بڕوانـە ئـەم ڕستەیەی زمانی ئەسپیرانتۆ ، کە لەم سێ وشەیە پێکهاتووە .

- birdo kaptas insekton





باڵندە مێروو دەگرێت .

واتا ( birdo – بکەرە ) و ( kaptas – کردارە ) و ( insekton – بەرکارە )

دەشێت ئەم وشانەی زمانی ئەسپیرانتۆ بە یاسای ڕێزمانی کوردی ڕیز بکەین ، وەك :

– Birdo insekton kaptas .

دەشێت ئەم وشانەی زمانی ئەسپیرانتۆ بە یاسای ڕێزمانی عەرەبی ڕیز بکەین ، وەك :

– Kaptas Birdo insekton

– یمسك گیر حشرە .

سەبارەت بە ڕێژەی کردار و ( کات ) لە زمانی ئەسپیرانتۆدا لە ڕێگای گۆڕینی کۆتایی ڕەگی کردارەوە ئەنجام دەدرێت . واتە هەندێك مۆرفێم دەچێتە سەر ڕەگی کردار و کات دەستنیشان دەکات ، وەك :

– بۆ کاتی ڕابردوو ( is ) دەچێتە سەر ڕەگی کردار و ڕابردوو نیشان دەدات .
– بۆ کاتی ئێستا ( as ) دەچێتە سەر ڕەگی کردار و ئێستا نیشان دەدات .
– بۆ کاتی داهاتوو ( os ) دەچێتە سەر ڕەگی کردار وداهاتوو نیشان دەدات .

وەك :

– بۆ کاتی ڕابردوو : – birdoj <u>kaptis</u> insektojn .

– بۆ کاتی ئێستا : – birdoj <u>kaptas</u> insektojn .

– بۆ کاتی داهاتوو :– birdoj <u>kaptos</u> insektojn .

کەواتە هەر ناوێك و کردارێك پابەندی ئەو یاسا ڕێزمانیانەی سەرەوە دەبێت بەبێ بوونی ناوێزە یان حاڵەتی تایبەتی . هەروەها لەم زمانەدا شتەکان زایندەیان نییە ( جنس ) واتا نێرومێیان نییە وەك لە زۆربەی زماناندا هەیە .

جێی ئاماژەیە کە جێناوەکانی ئەسپیرانتۆ هەشت جۆرە ، وەك :

١ – mi ( می ) --- من
٢– vi ( ڤی ) --- تۆ

٣ – li ( لی ) ––– ئەو ( بۆ نێر )

٤ – si ( شی ) ––– ئەو ( بۆ مێ )

٥ – Gi ( جی ) ئەو ( بۆ بێ لایەن ) بەرانبەر ( it ) ی ئینگلیزی دەوەستێت .

٦ – ni ( نی ) ئێمە

٧– Ili ( الی ) ئێوە

٨ – oni ( ۆنی ) ئەوان

سەبارەت بە ناسیاوی کردنی ناو وشەی ( la ) وەك وشەیەکی سەربەخۆ لە سەرەتای ناوەکەوە دەردەکەوێت و ڕۆڵی ناسیاوی دەبینێت ، وەك : ( labirdoj – باڵندەکان )

کەواتە هەر وشەیەك بە ( la ) دەستپێکرد وشەیەکی ناسیاوییە کە لە زمانی کوردیدا بەرانبەر بە ( ەکە ) ی ناسیاوی دەوەستێت و دەلکێتە کۆتایی وشەکەوە ، وەك ( گوڵەکە )

سەبارەت بە ناوەکانیش دەتوانین ئەم چەند خاڵە دیاری بکەین :

– هەموو ناوێك لە زمانی ئەسپرانتۆدا کۆتایی بە ( ە ، ۆ ) دێت بە مەرجێك ناوەکە تاك بێت و بەرکار نەبێت .

– هەموو ناوێك کۆتایی بە ( oj ) بێت لە زمانی ئەسپرانتۆدا ( کۆیە ) .

– هەموو ناوێك کۆتایی بە ( on ) بێت بەرکارە و تاکە ، بەڵام ئەگەر ناوەکە ( بەرکار ) و ( کۆ ) بوو ئەوا کۆتایی بە ( ojn ) دێت .

هەر لە ڕووی ( کردار ) ەوە دەتوانین ئەم خاڵانەی خوارەوە دیاری بکەین :

– ئەگەر کردار کۆتایی بە ( i ) بێت چاوگە ، وەك : kanti

– ئەگەر کردار کۆتایی بە ( u ) بێت فەرمانە ، وەك : kantu

– ئەگەر کردار کۆتایی بە ( us ) بێت مەرجە ، وەك : kantus

کەواتە ڕێژە و دۆخی کردارەکان بەهۆی مۆرفیمی ڕێزمانییەوە دەستنیشان دەکرێت .

لە زمانی ئەسپیرانتۆدا کۆمەڵێك پێشگر و پاشگر هەیە کە ڕۆڵی ڕۆنانی وشەی نوێ دەدات . ئەمیش بووە بەسیستەمی پێکهاتەی وشەڕۆنان لەم زمانەدا ، کە دەشێت بەهۆی هەوڵێکی کەمەوە بتوانین زۆرترین وشە دروست بکەین و پێی بدوێین ، بۆ نموونە پێشگری ( mal ) وشەیەك دروست دەکات کە بە تەواوی پێچەوانەی واتا بنەڕەتییەکە ببەخشێت





، وەك :

( پاك ) pura – ( پیس ) malpura –

( ساغ ) sana – ( نەخۆش ) malsana –

( خۆشەویستی ) am – ( ڕق ) malam –

هەروەها پاشگری ( in ) دەتوانێت وشەیەك دروستبکات واتای ڕەگەزی ( مێینە ) ببەخشێت ، وەك :

باوك – patro     دایك = patroin

پشیلە = kato     پشیلەی مێ = katin

هەروەها پێشگری ( vir ) ڕێگایەکی بنەڕەتییە بۆ جیاکردنەوەی ناوی نێر وەك : ( virkato )

واتا ( پشیلەی نێر ) .

شایانی باسە پێشگری ( ne ) کە کەوتە پێش هەر کردارێکەوە دەیکات بە نەرێ ، واتا کارەکە ڕوونادات یان ڕووی نەداوە یان ڕوونادات ، وەك :

نایکات = nefaras     هیچی نییە = nehavas

ئەوەی زیاتر گرنگ بێت لەم زمانەدا ئەوەیە کە ڕێکخستنی وشەکان لە ڕستەدا زۆر گرنگ نییە

. واتا دەشێت بە ئارەزوو جێگۆڕکێ بە وشەکانی ڕستە بکرێت ، بەبێ ئەوەی ببێتە هۆی تێکدان و لە ناوچوون و گۆڕانی ( مانا ) .

کەواتە هەر زمانێك بەپێی یاسای خۆی دەتوانێت کەرەستە زمانییەکانی ڕیز بکات ، بە مەرجێك پابەندی ئەو نیشانە ڕێزمانیانە بێت ، کە بە کردار و ناو و وشەکانی ترەوە دەلکێن و کات و دۆخ و ناسیاوی و کۆ و تاك و ... هتد . دیاری دەکەن ، چونکە ئەو نیشانانە هۆکارن بۆ دەربڕینی جۆری ڕستەکە ، نەك ڕیزبوونی کەرەستەکان بەپێی یاسا . بۆ نموونە

دەشێت ئەم ڕستەیەی خوارەوە بەم جۆرانە ڕیز بکرێت و هەمان واتاش ببەخشێت ، وەك :

- libron legas viro . - viro legas libron .
- viro libron legas . - legas viro libron
- libron viro legas . - viro libron legas .

– پیاوێك پەرتووكێك دەخوێنێتەوە .

کەواتــە ئاســانی و ســادەیی و ســاکاری ئــەم زمانــە دەســتکردە دەگەڕێتــەوە بــۆ پابەندنــەبوون بــە ڕیزبــوونی کەرەســتەکانی زمــان . هەرچــەندە ڕیزبــوونی ســەرەکیان دەستنیشان کردووە ، کە بریتییە لە ( بکەر + کردار + بەرکار ) بەڵام بەهۆی بوونی ئەو نیشانە جۆربەجۆرانەوە کارئاسانییەکی ئێجگار زۆر کراوە بۆ ئەو کەسانەی دەیانەوێت فێری ئەم زمانە ببن و پێی بدوێن . واتە تاکی هەر کۆمەڵگایەك دەتوانێت بەپێی دەستوری زمانەکەی خۆی کەرەستەکان ڕیز بکات و ڕستەی جۆربەجۆر دەربڕێت . چونکە ئەو نیشانانەی کە ( کات و دۆخ و ناوی تاك و كۆ و ناسیاوی و نەناسیاوی ...هتد ) دیاری دەکات هۆکارە بۆ پابەندنەبوون بە ڕیزبوونی کەرەستە زمانییەکان بە یاسایەکی ڕێزمانی تایبەت .

هەندێك ڕستە و دەستەواژەی ئەم زمانە :

| | |
|---|---|
| - saluton . | سلاو |
| - kielvi fartas . | حاڵت چۆنە ؟ |
| - mi ne komprenas . | من تێناگەم ؟ |
| - mi amas vin . | ببورە . داوای لێبوردن دەکەم . |
| - Gxis la revido . | تادیدارێکی تر |

بۆ فێربوونی ئەم زمانە دەستکردە نێو دەوڵەتییە تەنها پێویستمان بە لیستێکی وشە و یاسا بنەڕەتییەکانی ئەم زمانە هەیە ، کە ( ١٦ ) یاساو کۆمەڵێك پێشگر و پاشگر هەیە بۆ ئەوەی بتوانین لەگەڵ کەسانی دیکەی بێگانەدا بدوێین و لێکدی حاڵی ببن ، هەروەها زانینی وشەی ئینگلیزی و پیادەکردنی ئەو یاسایانەش بەسەریدا کارئاسانییەکی باشە بۆ فێربوون .



سەرچاوەکانی ئامادەکردنی ئەم بابەتە :

١ – میدیا ، سەرەتییەکی زماناسی ، وەرگێڕان لە ڕووسییەوە ، سلێمانی ، ١٩٩٨ ، ل ٢٠٥ .
٢ – la araba traduko estis preparita de : Adel mohammad al dossary hu 6a2a @ hotm .
٣ – http : www . marefa . orglindex – php.
٤– موسوعه ویكبیدیا .
٥ – لرنو : موقع تعلیمی لاسبرانتو .



**پ.ی. د.عبدالواحد مشیر دزەیی**
مامۆستای بەشی کوردی
کۆلیژی زمان زانکۆی سەلاحەدین

# خواستنی فۆنیمە وەرگیراوەکان لە زمانی کوردیدا

## لێکۆڵینەوەیەکی فۆنۆلۆجییە

**پێشەکـــــی: تـا ئێـستا زمانـەوانان لەسـەر ژمـارەی فۆنیمـەکانی زمـانی کـوردی ڕێکناکـەون هەرچـەندە دەستنیشانکردنی فۆنیم کارێکی گران نییە.بەڵام هۆی کێشەکە ئەو وشە وەرگیراوانەیە کە لە زمانەکانی تر هاتۆتـە ناو زمانی کوردی بەمەش چەند دەنگێکی نامۆ پەریوەتەوە ناوزمانی کوردی، لـەپاڵ نـەبوونی زمـانی ستاندەرد و ڕێنووسێکی یەکگرتووی کوردی کە هۆکارێکی ترە بۆ ئەم کێشەیە .**

(خواستنی فۆنیمە وەرگیراوەکان لـە زمـانی کوردیـدا ) بـاس لـە وەرگتنـی ئـەو فۆنیمانـە بێگانانە دەکات کە لە زمانی عەرەبیەوە هاتوونەتە ناوزمانی کـوردی وەك: (ع–ح–ص–غ). دەکات کە تاکو ئێستا لە لایەن زمانەوانانەوە فۆنیم بوون و نەبوونیان یەکلا نەبۆتەوە.

باسەکە لە پێشەکی و ناوەرۆك و ئەنجام پێکهـاتووە، نـاوەرۆکی باسـەکە ،ئـەم سـەردێرانە دەگرێتەخۆی: (پێناسەی فۆنیم ، دەستنیـشانکردنی فۆنیم،وشـەی زمـانی کـوردی (کـوردی رەسەن ، ئێرانـی، هیندۆئـەورپی ، عـەرەبی، تـورکی مـەغۆلی ، زاراوەی جیهـانی)، کێـشەی هەنـدێ فـۆنیم، گـۆرینی زر فـۆنیم لـە زمانـانیتر ( گۆرینـەوەی فـۆنیم لـە زمـانی کـوردی ، گۆرینەوەی فۆنیم لـەزمانی تورکیـدا، گۆرینـەوەی فـۆنیم لـە زمـانی فارسـی دا،گۆرینـەوەی فـۆنیم لـە زمـانی عـەرەبی دا، فـۆنیمی رەسـەن و نارەسـەن، فۆنیمـەکانی زمـانی کـوردی، خواستنی فۆنیمە وەرگیراوەکان) ، لە کۆتاییشدا ئەنجامەکان خراونەتە روو.





### پێناسەی فۆنیم:

فۆنیم کە دانەی ئاستی فۆنۆلۆجییە هەرچەندە پێناسـەی ووردی کـارێکی ئاسـان نییـە و لـە زۆر روانگـەوە پێناسـە کـراوە لەوانـەش روانگـەی ئـەرکی کـە واتـا جیاکردنـەوە بنـەمای سەرەکی ئەم روانگەیەیە، کە پێی وایە:

فۆنیم بچوکترین دانەیە کە ئەرکی جیاکردنـەوەی واتـا دەگرێتـە ئەسـتۆ *(محمد معـروف فتاح:١٩٩١:٦٣ )*

### دەستنیشانکردنی فۆنیم

زمانەوانەکانی وەك تۆفیق وەهبی ماکارۆس و .....هتد لەسـەر ژمـارەی فۆنیمـەکانی زمانی کوردی رێکناکەن *(ی.ن.ماکارۆس:١٩٨٦:١٣٥)*، دەستنیـشانکردنی فـۆنیم لـە رێگـای جوتۆکەکان دەبێت ئەووشانە دەگرێتەوە کە لە هەموو دەنگەکان وەکیەکبن و تەنها لە یەك دەنگدا جیاواز بن ، جیاوازی ئەم تاکە دەنگـە واتـای وشـەکان دەگۆرێـت و بەمـەش لەگـەڵ پێناسەی فۆنیم رێکدەکەوێت *(وریا عمر امین:١٩٨٢:٤٣٦ )*.

| جووتۆکە | فۆنیم | فۆنیمی تازە | ژمارە |
|---|---|---|---|
| دار–زار–مار–هار–پار– کار–شار–لار–بار–باغ | د–ز–م–ھ–پ–ك–ش– ل–ب–غ | د–ز–م–ھ–پ–ك– ش–ل–ب–غ | ١٠ |
| هەنگ–دەنگ–جەنگ– تەنگ—ژەنگ– ڕەنگ—سەنگ | ھ–د–ج–ت–ژ–ر–س | ج–ت–ژ–ڕ–س | ٥ |
| کەس–کەر–کەڵ–کەی– کەو–کەف | س–ڕ– ڵ– ی(نەبزوێن)–و–ف | ر–ڵ–ی– و(نەبزوێن)–ف | ٥ |
| ژیان–زیان–گیان–ڤیان | ژ–ز–گ–ڤ | ڤ،گ | ٢ |
| دەق–ڕەق–چەق–حەق | د–ڕ–چ–ح | چ–ح | ٢ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| کەر–کۆر–کوڕ | ە–ۆ–و | ە–ۆ–و (بزوێن) | ٣ |
| دوور–دار–دەر | وو–ا–ە | وو–ا | ٢ |
| شێر–شار–شیر | ێ–ا–ی | ی (بزوێن) | ١ |
| دەق–دەم–دەف | ق–م–ف | ق | ١ |
| ژن | بزۆکە | بزۆکە | ١ |
| صەوز | ص | ص | ١ |
| عەبا | ع | ع | ١ |
| سەرجـــــــەم | | | ٣٧ |

## وشەی زمانی کوردی

١. <u>کوردی رەسەن :</u>

ئەو وشانەن کە لە سەدەی نۆیەمی زاینەوە تاکو ئەمرۆ پەیدا بوینە *(ئەورەحمانی حاجی مارف:١٩٧٥:٣٥ )*زمانی کوردی زمانێکی سەربەخۆیە و خاوەنی تایبەتمەندی لە یاسا زمانییەکان و بۆیەش هەندێ وشەی رەسەنی کوردی وا بەرچاودەکەوێت کە لە هیچ زمانێکدا نییە وەك: بەرد رەش،شەو،..........هتد

٢. *ئێرانی*

کورد سەربە بنەماڵەی هیندۆئەوروپییەکانە لە خێزانی ئارییەکان کە زمانە ئارییەکانی وەك: فارسی،بلووجی،ئەسیتی،پەشتوو،کوردی دەگرێتەوە*(محمد معروف فتاح:١٩٩١:١٥٠)*.بۆیە بوونی هەندێ وشەی هاوبەش لەنێوان ئەو زمانانەدا شتێکی ئاساییە وئەرك ناخاتە سەر قسەپێکەرانی کورد چونکە نامۆ نییە لە لایان. ئەم هاوبەشی ولێکچوونە لە زمانانی ئێرانی بەرچاودەکەوێت *(غازی فاتح وەیس: ١٩٨٧:٣٤ )*وەك:

| *کوردی* | *فارسی* | *بلوژی* | *ئەفگانی* | *تاجیکی* | *تالیشی* |
|---|---|---|---|---|---|
| سەر | سەر | سەر | سەر | سەر | سەر |
| دە | دە | دە | دە | دە | دە |





٣. *هیندۆ ئەوروپی*

هەروەکو گوتمان زمانی کوردی سەر بە بنەماڵەی هیندۆئەوروپییەکانە و ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە وشەی زۆری هیندۆئەورپی لە زمانی کوردی دا بەدیدەکرێت چونکە هەر دابەشکردنێکی زمان لەسەر بنچینەی خاڵی لێکچوون و جیاوازی دەکرێت. جا بۆیە هەندێ ووشەی هاوبەش بەرچاو دەکەوێت کە لەم خشتیەدا دەیخەینەروو:

| *کوردی* | *فارسی* | *هیندی* | *ئەڵمانی* | *ئینگلیزی* | *ئیتاڵی* | *فرەنسی* |
|---|---|---|---|---|---|---|
| نۆ | نە | نۆ | نۆین | ناین | نۆڤین | نۆف |
| دوو | دوو | دوی | ترڤانی | توو | دوی | دوی |

٤. *عەرەبی*

هاتنە ناوەوەی وشەی عەرەبی بۆناو زمانی کوردی دەگەرێتەوە بۆ ئیسلام بوونی کورد لەسەردەمی خەلیفە عومەری کوڕی خەتاب لە نیوەی یەکەمی سەدەی حەوتەمی زاینی لە(١٦)ی کۆچی(٦٣٨) زاینی و تێکەڵاوی و دراوسێیەتیش .لەگەڵ ئەمە بەشێك لە کەلتووری عەرەبی هاتە ناو زمانی کوردی بەتایبەتیش ئەو وشانەی کەپەیوەندیان بە ئاینی ئیسلامەوە هەبوو وەك:

( تەفسیر، تەقلید، جەماعەت، حەج، زەکات،زولم،سەبر، شەرح ،عەدالەت، حەیا، مەزهەب، حۆری،.........هتد) جگە لە وشانەی کە لە ناو زمانی کوردیدا دەسکاری کرا وەك:(طعم–تام) و (عن قصد–ئەنقەست).....هتد. جگە لەمەش جۆرێکی تر دەسکاری دەنگەکانیان کرا چونکە لەگەڵ سروشتی زمانی کوردی نەدەگونجا وەك:(پ،ص،چ،گ،ڤ،ژ) کە تەنها (س،ت،ز) وەرگیراون*(ئیبراهیم عزیز ئیبراهیم: ١٩٨٣:٨–٩)*.

دوای ئەمەش بەشێکی کوردستان بەپێی رێکەوتنی سایکس بیکۆ کەوتە ژێردەستی عەرەب و کەوتە بەر شاڵاوی ململانێ ی زمانی سیاسەت و دەسەڵاتی عەرەبی بە خوێندن ونووسینیشەوە و سیاسەتی بەعەرەبکردنیش هۆکارێکی تربوو بۆهاتنە ناوەوەی زۆر لە وشە عەرەبیەکانی وەك:

(ئیدارە، ئینقیلاب، ئیسراحەت، بەدالە، ئیعدام، ئیمزا، بیتاقە، حاکم، حیزب، رەسمی، سەفەر،سەلیقە،سعات ،شعور،شیعر،ضە ریبة،عادل،عافیەت،عەسکەر........هتد)

٥. *تورکی مەغۆلی*

بوونی ووشەی تورکی لە ناو زمانی کوردی دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی حوکمرانی

عوسمانیەکان لە کوردستان کە ماوەی (٥٠٠) ساڵێك حوکمڕانیـان کـردوو وشـەکانی وەك: (ئۆغر،قوزەلقورت،قەڵەباڵغ،قەرەداغ،قەزاتە،یاسا،قشڵە،جەندرمە،چوخم،قاتر) کە لە زمانی کوردی و زمانەکانی هیندۆ ئەورپیدا نین *(نەسرین محمد فخری:١٩٨٧: ٢٣)*

٦– زاراوەی جیهانی:

ئەو وشانە دەگرێتەوەلە ئەنجامی داهێنان و پێشکەوتن هاتوونەتە کایـەوە سنووری زمـانی خۆیان دەبەزێنن و دەکەونە ناو زمانی ترەوە و بە هەمان واتاش بەکاردێن.کـە بەشـی زۆری زاراوەی ئەوروپی دەگرێتەوە کە بۆ پێشکەوتنی باری کـەلتووری و پـشەسازی دەگەڕێتـەوە لە هەموو بووارەکان.لە هەموو زمانێکیشدا بەرچاو دەکەوێت.

(ئەلەکترۆن،ئەمپێر،ئەنتـــەرنێت، بـــالۆن، تەلـــەفۆن، جوگرافیـــا، ســـەتەلایت، ڤایرۆس،ڤیتامین،ڤیدیۆ، مۆبایل، کۆمپانیا، کامیرا،کەلتوور..........هتد).

٧– کێشەی هەندێ فۆنیم

ئێمە لێرەدا کێشەمان لەگەڵ وشە ئێرانی و هیندۆئەوروپی و جیهانیەکاندا نییە تاکو لەگەڵ وشـە تورکیـەکانیش چـونکە دەنگی نامۆیـان تێدا نییـە.بـەڵکو کێشەکەمان لەگـەڵ وشەکانی زمانی عەرەبییـە چـونکە ئـەلف و بێـی عـەرەبی لـە زمـانی کـوردی بـەکاردێت بـە هەندێ دەسکارییەوە، هەندێ فۆنیمی وەك:(و–ع–ح *(محمد امـین هـەورامی:١٩٨١: ١٣٧)*– ص–غ). لە خێزانە زمانی کـوردی نییـەو زۆر دەنـگ هەیـە لەگـەڵ سـازگەی قـورگی مرۆڤـی کورد ناگونجێ، لە زمانی کوردیدا ئەم فۆنیمانە کێشەی بوون و نەبوونیان لەسەرە .

(س–ص) کەوتۆتـە سـەر نـووکی زمـان بەرامبـەر بـە نێـوان پـوك و ددانـی پێـشەوەی سەرەوە،کپی هەوادارە لەسەرەتاو ناوەراست وکۆتایی وشـەدێ ئەگـەر لـەپێش بـزوێن بێـت ئەوا قەڵەو دەبێت *(عبدالله حسن:٢٠٠٤: ٤)*و واتا ناگۆڕێت کەواتـە (ص) بـە ئـەلۆفۆنی (س) دابنرێت نەك بە فۆنیمی سەربەخۆ.(و) سروشتی ئەلفوبێی عەرەبی ئەمەی سـەپاندوە چـۆن ئـەلف و بێـی عـەرەبی(أ)ی لابـردووە*(وریـا عمـرامین:١٩٨٩: ٢٣٥)* و لـە زۆر وشـەدا دەگۆردرێتەوە بـە (ە) هـەروەك: (ئەسـپ– هەسـپ) ،(ئەچـم–دەچـم) ، جگـە لەمـەش بـەر پێناسەی فۆنیم ناکەوێ چونکە واتا ناگۆڕێ ، و هەندێ لە زمانەوانەکانیش لەگەڵ ئەو رایەن کە ئەم دەنگە پێویست ناکات نرخی بۆ دابنرێت *(عبدالله حسن:٢٠٠٤: ٤)* و لە ئـەلف و بێـی لاتینی ئەم کێشەیەمان نییە.

(ع–ح) هـەردووکیان زاری گـەرووی خـشۆکن، ئـەوەی جیایـان دەکاتـەوە ،(ع) ژێـدارە و





کپە(ح) ژێدارە و گرە *(وریاعمر امین:٢٠٠٤: ٥٢)* ولە وشەی کوردی دا نییە بـەڵکو لـەو وشـانە بەرچـاو دەکـەوێ کـە لـەزمانی عـەرەبی هاتۆنەتـە نـاو زمـانی کـوردی و زۆرجـاریش دەگۆردرێنەوە ، کەواتە نابێ پلەی فۆنیمی بدرێتێ.

(غ––خ) هەردوکیان زاری نەرمە مەلاشویی خشۆکن ، ئەوەی جیایان دەکاتەوە (غ) ژێدارە و (خ) بێژێیە. ولە زمانی کوردیدا واتا ناگۆرن هەرچەندە لە هەندێ شوێندا جێگای یـەکتری ناگرنەوە وەك(خەو–غەو)(خاوێن–غاوێن)(خاڵ–غاڵ) بەڵام دەشـێ (غ) ئـەلۆفۆنی (خ) بێـت نەك فۆنیم *(محمد معروف فتاح: ١٩٩٠: ٦٦ )*.

*گۆرینەوەی فۆنیم لە زمانی کوردی*

کورد بۆ گونجاندنی فۆنیمە وەرگیراوەکان لە کۆنەوە دەستکاری هەندێ دەنگی وەرگـیراوی کردوە بۆ ئەوەی لەگەڵ فۆنۆلۆجی زمانەکەی بیگونجێنێت و لە هەمان کاتیشدا بۆ دەربـرین ئاسان بێت ئەمەش نموونەی گۆرینەوەی هەندێ لەو فۆنیمانەیە:

| گۆرینەوەی فۆنیم | | |
|---|---|---|
| (غ––––––––خ) | باغچە | باخچە |
| (ح––––––––هـ)<br>(و ––––––––ئـ) | گوناح<br>ئەسپ | گوناھ<br>هەسپ |
| (ع ––––––سوان)<br>(ع––––––––و) | مەعنا<br>عقل | مانا<br>ئەقل |
| (پ–ص)–––––س) | ثلاجة–صەگ | **سەلاجە–سەگ** |
| (گ–––––––––ت) | غلط | **غەڵەت** |
| (ڤ–چ–ژ–––––ز) | ظاهر–قاضی–ذکر | **زاهیر–قازی–زکر** |

## گۆڕینی زر فۆنیم لە زمانانی تر

گۆڕینەوەی فۆنیم دیاردەیەکی ئاساییە و هەموو زمانانی جیهان لە کاتێکدا ئەگەر وشەی نامۆ بێتە ناویان دەنگی نامۆبە دەنگی نزیک لە سازگەی دەنگەکە دەگۆڕنەوە.زمانەوانەکانیش لەو باوەڕەدان دەنگەکانی زمانی بێگانە لەبۆتەی پێڕەوی زمانی دایکەوە دەبیسترێن (*محمد معرف فتاح:١٩٩٠:٦٠* ) نموونەش بۆ ئەمە ولاتە موسوڵمانەکانی غەیری عەرەبە وەك فارس و تورك کە زۆر لەو دەنگانە دەگۆڕنەوە و فۆنیمەکانیان کۆمەڵێکی داخراو پێکدێنن یەك فۆنیم بۆ زمانەکەیان زیاد ناکەن بۆ نموونە زمانێکی وەکو عەرەبی (ڵ) لامی قەڵەو لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا بەرچاو دەکەوێ هەروەك لە وشەی (الله) بەڵام پلەی فۆنیمی نییە.

### A– گۆڕینەوەی فۆنیم لە زمانی تورکیدا

زمانی تورکی تاساڵی(١٩٢٨) هەر بە ئەلفوبێی عەرەبی دەنووسرا دواتر گۆڕا بۆ ئەلفوبێی لاتینی ( *حسین شمس:١٩٧٩:٤* ) ئەم فۆنیمانەی خوارەوە لەگەڵ بەرامبەرەکانیان دەگۆردرێنەوە:

| گۆڕینەوەی فۆنیم | عەرەبی | تورکی |
|---|---|---|
| (ص.پ)---------(س) | الثروة | سروت |
| (ح–خ)---------(هـ) | حضرة–خلق | هزرت–هلق |
| (ڤ–چ–ژ)-----(ز) | ظریف–حضرة–ذات | زریف–هزرت–زات |
| چ------------د) | قاض | قازی |
| (گ)----------(ت) | طاهر | تاهر |
| (ع)----------[illegible] | عالم | ئالیم |



گزنگ ٨٦ زمانەوانی کانوونی یەکەم ٢٠١٠

### B– گۆڕینەوەی فۆنیم لە زمانی فارسی دا

زمانی فارسی بۆ ئاسان دەربڕین ئەم فۆنیمانەی خوارەوە لەگەڵ بەرامبەرەکانیان دەگۆردرێنەوە:

| گۆڕینەوەی فۆنیم | عەرەبی | فارسی |
|---|---|---|
| (ص)----(س) | صبح | سبھ |
| (ح)------(ھ) | حسن | هسن |
| (ڤ–چ–ژ)-----(ز) | ظاهر | زاهر |
| (گ)—(ت) | طاهر | تاهر |
| (ع)—(و) | علی | ئەلی |

### *C – گۆڕینەوەی فۆنیم لە زمانی عەرەبی دا*

هەرچەندە زۆر فۆنیمی وەك (گ ، ڵ، ێ ،....) لە زارەکانی زمانی عەرەبیدا هەیە بەڵام هیچ یەکیان لە زاری ستاندەرد نابینرێت و دەی گۆڕنەوە بە فۆنیمی تر وەك:

| گۆڕینەوەی فۆنیم | بیانی | عەرەبی |
|---|---|---|
| (گ---------غ) | گاز | غاز |
| (چ---------ش) | چیچان | شیشان |
| (چ----------ص) | چین | صین |
| (پ---------ب) | پلاستیك | بلاستیك |
| (ڤ---------ف) | ڤیدیو | فیدیو *(محمد علی الخولی ١٩٨٧:١٠٦:)* |

بۆ جیاکردنەوەی فۆنیمەکانی زمانی کوردی و یەکلاکردنەوەی کێشەکان ئەم مەرجانە هەیە بۆ پلەی بە فۆنیم بوونی هەردەنگێك:

١. **واتاگۆڕبێت.** *(محمد معروف فتاح: ١٩٩٠:٦٦ )*

٢. لەسەرەتاو ناوەراست و کۆتایی وشەدا بێت *(لێژنەی دەستووری زمانی کوردی : ١٩٨٥:١١)*

لەژێر رۆشنایی ئەم بۆچوونەی سەرەوە فۆنیمە کێشەدارەکانی وەك (:(و–ع–ح–ص–غ) فۆنیم نین و ناشبێت پلەی فۆنیمیان بدرێتێ و لادانیشی هیچ کێشەیەکی ئەوتۆمان بۆ دوروست ناکات، راستە ئەم دەنگانە لە ئاخاوتنی رۆژانە بەرچاو دەکەوێ و کارێکی زانستی تەواو نییە، بەڵام زانستیش نییە کە دەنگێکی نارەسەن و نامۆ کە لە وشە قەرزکراوەکاندا هاتۆتە نا زمانەکەمان کە کارێکی سروشتیە لە زماندا *(عبدالقادر عبدالجلیل:٢٠٠٦:٣٧٤)* تۆ پلەی فۆنیمی بدەیتێ دواتریش ئەگەر سەیری زمانی عەرەب و تورك فارس بکەین دەبینین دەنگە وەرگیراوەکان دەگۆرنەوە و پلەی فۆنیمی نادەنێ. جا ئەگەر پێشتر لە ژێر ترس و فشاری رژێم نەتوانرابێ ئەم کارە بکرێت ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە ئەم دەنگانە پلەی فۆنیمیان نەدرێتێ ووشە قەرزکراوەکانیش خۆماڵی بکرێت کە لە گوتنیشدا سوك و ئاسان گۆدەکرێت *(ئیبراهیم امین باڵدار:١٩٨٦:٢٢٣)*.ئەم کاتەش فۆنیمەکانی زمانی کوردیش وەك زمانانی تر چەسپاو بێت ئەگەر نا ئەوا فۆنیمەکانی تریش وەك فۆنیمی (پ) کە لە زاری هەورامیدا هەیە ئەگەری بە فۆنیم بوونی دەبێت.

## خۆماڵیکردنی فۆنیمە وەرگیراوەکان:

خۆماڵیکردنی فۆنیمە وەرگیراوەکان لە رێگای خۆماڵیکردنی وشە بێگانەکان دەکرێت ئاشکرایە کە هەموو زمانێك یاساو دەستووری فۆنۆلۆجی تایبەتی خۆی هەیە بۆ ئەم مەبەستەش وشەیەك کە وەردەگیرێت دەبێت دەنگەکانی زمانە بێگانەکە بخرێتە ژێرکارتێکردنی فۆنۆلۆجی خۆی بەرگێکی خۆماڵی بەبەردابکەین *کامل حسن البصیر:١٩٧٩:٥٤)* خۆماڵیکردن دیاریدەیەکی باوە لە هەموو زمانەکاندا چونکە زۆر وشەمان هەیە لە زماندا ناتوانین لایان بدەین وەك (حج، زکاة،عمرة،عصر،بحث، ......هتد)

خۆماڵیکردن وەرگرتنی بێژە و زاراوە ی بێگانەیە بە دەستکاریکردنەوە دەیهێنینە ناو زمانەکەمان وای لێدەکەین لەگەڵ ئاواز و دەنگ شێوەی ئاخاوتنی سروشتی زمانەکەی خۆی





بسازێت واتە ئەو دەنگ و پیتەی لەزمانەکەماندا نەبێت بیگۆرین بە دەنگ و پیتێکی خۆماڵی نزیك .*(کامل حسن البصیر:١٩٨٦:٢٢٣)* هەرچەندە ئەم دیاردەیە باوە لە هەموو زمانێکدا بەڵام بەداخەوە تا ئێستا بەتەواوی ئەم هەنگاوە نە نراوە هەندێ فۆنیم وەك(ڤ،چ،ژ) خۆماڵیکراوە بە (ز) و (گ) خۆماڵیکراوە بە (ت) (ص) هەندێ جار خۆماڵی کراوە بە (س) بەڵام کێشەی (غ،ع،ح) هەرماوەتەوە، جا هەوەك پێشتر گوتمان کێشەمان لەگەڵ وشەکانی زمانانی تر نییە چونکە دەنگەکانیان نامۆ نین بەڵکو کێشەمان لە دەنگە نامۆکانی زمانی عەرەبییە. کە لە ئەنجامی گەشەو گۆرانی مێژوویی زمانەکە ئەم گۆرانە فۆنۆلۆجیە رویداوە.*( تالیب حوسێن:٢٠٠٥:١٥٦)*،جا ئەگەر کێشەی (و) بە ئەلف و بێی لاتینی چارەسەر بکرێت. (ص) بەئەلۆفۆنی (س) دابنێین و (ع) بە (و) بگۆرینەوە ئەگەر ئەلف و بێ ی عەرەبیمان بەکار هێنا و ئەگەر ئەلف و بێ ی لاتینیشمان بەکار هێنا ئەوا بە (ا–A ) بگۆرینەوە و ( ح) بە (ه) بگۆرینەوە هەروەها (غ) یش بە ئەلۆفۆنی (خ) دابنێین.ئەوا لە رێگای خۆماڵیکردنی ئەم فۆنیمە زرانە دەتوانین کێشەی زرفۆنیمەکانی وەك (ع–ح –غ) چارەسەر بکەین.

| وشەی عەرەبی | عەرەبی خۆماڵی کراو (بەکوردیکراو) |
|---|---|
| ذلیل | زەلیل |
| قرض | قەرز |
| مظاهرة | مزاهەرە |
| مطبعة | مەتبەئە |
| ثروة | سەروەت |
| مقص | مقەس |
| عراق | ئێراق |
| رحم | رەهم |

بەم پێیەش فۆنیمەکانی زمانی کوردی بریتی دەبێت لە:

أ- نەبزوێن : (ب–پ–ت–د–ك–گ–ج–چ–ق–ف–ڤ–س–ز–ش–ژ–خ–ه–م–ن–ل–ڵ–ر–ڕ–و–ی)

ب–بـزوێن: (ا–ە–و–وو–ۆ–ی–ێ–i ) واتـە ژمـارەی فۆنیمـەکانی زمـانی کـوردی = ٣٣ فۆنیم.

کەواتە خۆماڵیکردن تاکە چارەسەرە بۆ چارەسەری گرفتی ناسەقامگیری فۆنیمەکانی زمانی کوردی، ئەم دیاردەیەش لە هەموو زمانانی جیهان بەرچاودەکەوێت.

ئەنجام:

١. **کێشەی فۆنیمی زمانی کوردی لە دەنگەکانی وەك:(و–ع–ح–ص–غ) ی عەرەبییە کە لە خێزانە زمانی کوردی نییە وئەم دەنگانە لەگەڵ سـازگەی قـورگی مرۆڤـی کـورد ناگونجێ یان زمانەکەی قورس دەکات.**

٢. دەتوانـدرێت کـە هــەردو فـۆنیمی (ع) بـە (و) بگۆرینــەوە ئەگـەر ئـەلف و بـێ ی عەرەبیمان بەکار هێنا ئەگەر ئەلف و بێـی لاتینیـشمان بـە کـار هێنـا ئـەوا بـە (ا–A ) بگۆرینەوە و (ح) گەرووپی بە (ه)ی ژێیی لە زمانی کوردی بگۆرینەوە.

٣. فۆنیمـە کێـشەدارەکانی تـری زمـانی کـوردی وەك(ص– غ) ئەگـەری ئـەلۆفۆنیان زیـاترە لـە فۆنیمبوونیـان دەتـوانین (ص) بـە ئـەلۆفۆنی (س) و (غ) بـە ئـەلۆفۆنی (خ) دابنرێت.

٤. ولاتــە موسـوڵمانەکانی غـەیری عـەرەب وەك فـارس و تـورك کـە زۆر لـەو دەنگانـە دەگۆرنـەوە بـە فـۆنیمێکی نزیکـی زمـانی خۆیـان و فۆنیمـەکانیان کۆمـەڵێکی داخـراو پێکدێنن یەك فۆنیم بۆ زمانەکەیان زیاد ناکەن. کوردیش لەکۆنەوە هەستی بەوەکردووە و زۆردەنگ گۆراوە.

٥. ژمارەی فۆنیمەکان: (٣٣) فۆنیمە، نەبزوێنەکان بریتین لە: (ب–پ–ت–د–ك–گ–ج–چ–ق–ف–ڤ–س–ز–ش–ژ–خ–ه–م–ن–ل–ڵ–ر–ڕ–و–ی) و بزوێنـــــــەکانیش بریتین لە : (ا–ە–و–وو–ۆ–ی–ێ–i )

سەرچاوەکان


١. ئـەورەحمانی حـاجی مـارف(١٩٧٥) وشـەی زمـانی کوردی،چـاپخانەی کـۆری زانیـاری کورد.بەغدا.

٢. ئیـبراهیم امـین باڵدار(١٩٨٦)، زاراوە و زمـان لـە کـاروانی زانیـاری ئیمرۆدا،گ،رۆشـنبیری نوێ،ژمارە ١١٢.

٣. ئیبراهیم عزیز ئیبراهیم (١٩٨٣)،رێنووس، زانستگای سەلاحەدین،کۆلیجی ئەدەبیات،هەولێر.







٤. حسين شمس (١٩٧٩) اللغة التركية، دار العلم للملاين،ط/٦،بیروت.

٥. طالب حسين علی(٢٠٠٥) فەرهەنگی زاراوەکانی دەنگسای چ/١ لـە زنجیرە بڵاوکراوەکـانی گۆڤاری ئاسۆی پەروەردەیی ژمارە (٢٨) کوردستان/هەولێر.

٦. عبدالرحمن ایوب(١٩٨٩)،تحليل عملية التكلم و بعض نتائجه التطبيقية،مجلة عالم الفكر،ج/٣ ، الكويت

٧. عبدالقادر عبدالجليل(٢٠٠٦)المعجم الـوظيفی لمقـاييس الادوات النحويـة و الـصرفية،ط/١ دار صفاء للنشر والتوزيع،عمان.

٨. عەبدوڵا حوسێن رەسول(٢٠٠٤)،چەند پیتێکی کێشەدار لە نووسینی کوردیدا،گۆڤارا زانکۆیا دهۆك،مرۆڤایەتی–ئەکادیمییە،پەرپەندا/٧،هژمارا/١

٩. غازی فاتح وەیس (١٩٨٤)،فۆنەتیك،چ/١ ،ئەمینداریەتی گشتی رۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان، بەغدا

١٠. غـازی فـاتح وەیـس ،فاضـل مجیـد،(١٩٨٧)،زمـان و ئـەدەبی کوردی،بـۆ پـۆلی یەکـەمی کۆلیجەکانی زانکۆی سەلاحەددین ، هەولێر.

١١. کامل حسن البصير(١٩٧٩)زاراوەی کوردی،لە چاپکراوەکانی زانکۆی سلێمانی.سلێمانی.

١٢. لێژنەی دەستوری زمانی کوردی(١٩٨٥)،هەندێ لە بابەتە کێشەدارەکان لە رێزمانی کوردی دا. بەغدا

١٣. لێژنەیـەك لـە وەزارەتـی پـەروەردە(١٩٨٥) ئـەلف و بێـی زمـانی کوردی،بـۆ معاهـدی مامۆستایان،چاپی شەشەم،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە/٢ هەولێر.

١٤. محمد ئەمین هەورامی(١٩٨١)، زاری زمانی کوردی لە تەرازووی بەراورد دا، بەغدا.

١٥. محمد تقی الزهتـابی و حـسين علـی محفـوظ (١٩٨٧) قواعـد الفارسـية،ط/٢ جامعـة صـلاح الدين/اربيل.

١٦. محمد علی الخولی (١٩٨٧)، الأصوات اللغوية، ط/١الرياض.

١٧. محمد مەعروف فەتاح (١٩٩٠) زمانەوانی، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر.

١٨. نەسرین محمد فخری(١٩٨٧)،رێنووسی کوردی،بەغدا.

١٩. وریـا عمـر امـین (١٩٨٩) فۆنــەتیك و فۆنۆلـۆجی،گ.کـۆڕی زانیـاری عێراق،دەسـتەی کورد،ژ(٢٠)،(لا٢٤٧–٢٥٤).

٢٠. وریا عمر امین (٢٠٠٤) ،چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی ب/١دەزگای ئاراس/هەولێر.

٢١. ی.ن.ماکـارۆس.رێزمـانی کـوردی وەرگێرانـی بـرایم میرانـی(١٩٨٦)،گۆڤـاری رۆشـنبیری نوێ،ژمارە ١١٢.لا١٣٥–١٤٦.

# خەوشەکانی قسەکردن و زمان

و: د. ئازاد ئەمین باخەوان
ناصح محمد فاتح

قسەکردن بە دیاردەیەکی ئاڵۆز دادەنرێت، چونکە کارێکی زۆری دەوێت لە ئەندامەکانو ئامێرو ئەو هۆکارانەی کە دەچنە ناو یەکەوە بۆ دروستکردنی ئەو دیاردەیە، لەو ئەندامانەش وەك ئەندامی بیستنو زمانو لێوەکانو ناو پەنچك و وسیبەکانو ئەندامەکانی دیکەو هۆکارەکانی دیکەش کە دەبێتە هۆی ڕوودانی قسەکردن.

ساغیو سەلامەتی (چاوو گوێ)و ئەندانەکانی ئاخافتن بەس نییە بۆ دەربڕینی دەنگ، هەروەها بایەخدان بە منداڵ لە ڕووی پەروەردە بەس نییە بۆ فێربوونی زمان، بەڵکو دەبێت مێشك ساغو سەلامەت بێتو گەشەکردنی خێرابێت.

سەبارەت بە ساغو سەلامەتی مێشك گەلێك هۆکار هەیە وەك:

- بۆماوە، وەکو ناتەواوی جەستەو لەش.
- هەندێکیان پەیوەندییان بە جۆری خانەکانی زاوزێوە هەیە.
- منالبوونی سەخت.





- خورپە دەروونییەکان (الهزات النفسیە).
- نەخۆشیەکان.

ئەو هۆکارانەی کە کۆرپەو منداڵی بچووك پێدیا تێدەپەڕێت دەبێتە هۆی تێکچوونی جیاوازە ترسناکەکان:

**یەکەم: جۆرەکانی خەوشی قسەکردنو زمان:**

ئەم خەوشانە لە چەند شێوەیەکدا دەردەکەوێت، وەك:

١. کەمی سەروەتی زمانی لەلای منداڵ.

٢. کەمو کوڕی لە شێوازی دەربڕینی زمانیو خێراییەکی گونجاو بۆ قسەکردن.

٣. دەرکردنی هەندێك دەنگ کە شوێنی دروستبوونی خۆی نییە، وەك ئەو جۆرە منگییەی کە لە کاتی قسەکردندا ڕوو دەدات، چونکە ئەو هەوایەی کە دەبێت لە دەمەوە دەرچێت لە لووتەوە دەردەچێت.

٤. کەمووکوڕی لە دەرککردنی واتای دەنگەکان.

٥. کەمووکوڕی لە پەیوەندییە زمانییەکان.

**گرنگترین خەوشی قسەکردنو زمان ئەمانەن**

١. درەنگ زمان گرتن (تاخر الکلام):

یەکەم وشە لەلای منداڵێکی ئاسایی لەکۆتایی ساڵی یەکەمی تەمەنیدا دەردەکەوێت، بە لە بەرچاوگرتنی بارودۆخی تاکایەتی لە نێوان منداڵان، دەشێت هەندێك منداڵ لە تەمەنی نۆ مانگیدا وشە بورکێنێتو هەندێکی دیکەیان دوا بکەوێت بۆ تەمەنی هەژدە مانگی، بەڵام ئەگەر لەم تەمەنە تێپەڕیو زیاد دواکەوت جێی تێڕوانینەو پێویستە بە چارەسەرکردن بکاتو دەبێت هۆکارەکانی دواکەوتنی بزانرێتو دەست بە چارەسەرکردنی بکرێت.

ئەو منداڵانەی کە درەنگ زمان دەگرن ئەوەیان لێ تێبینی دەکرێت کە زمانێکی تایبەت بەکار دەهێنن کە وشەکانیان هیچ واتایەکی زمانی نابەخشێت، چونکە وشەکانیان بە پلەیەك چوونەتە ناویەکەوە بیستەر ناتوانێت لێکیان بکاتەوە یان لە واتایان بگات. هۆکارەکانی درەنگ زمان گرتن دەگەڕێتەوە بۆ کەمی توانای ئەقڵو بوونی خەوش لە ئامێری بیستنو یان تووشی نەخشیەك بوو بێت، یان لە کاتی لە دایکبووندا تووشی نەخشیەی بووبێت، یاخود تووشی نەخۆشی (سورێژە) بوو بێت، هەروەها ئەو هۆکارە ئەقڵییانەی کە پەیوەندن بە تووشبوونی بنکەی قسەکردنی مێشك بە نەخۆشی.

٢. تەتەڵەکردن (التأتأە):

ئەمیش خەوشێکە لە قسەکردندا کە منداڵ دەنگێك چەند جارێك دووبارە دەکاتەوەو دەنگێکی تر دەخاتە سەر وشەکەو هەندێك جاریش لەبەر توانا نەبوون گۆکردن دەم دەکاتەوەو دەبێتە هۆی تێکچوونی جووڵەی هەناسەدانو هەناسە وەرگرتن، بۆیە ئەو لە منداڵ ڕەچاو دەکرێت کە بە شێوەیەکی نارێك هەناسو وەردەگرێتو دەداتەوەو هەناسە سوار دەبێت.

کەس تووشبوو لە ڕووی تێکچوونی دەروونییەوە بەم دیادەیەوە دەناڵێنیو توانایەکی تایبەتی دەبێت بۆ کارتێکردنو هەڵچوون (سەرزمان گرتن) خەشێکە لە خەوشەکانی زمان بەڵام ناگاتە سنووری لاڵ بوون.

هەندێك لە زانایان وادەبینن کە (سەرزمان گرتن — الحبسە) دووچۆری هەیە:

أ. سەرزمان گرتن ئەنجامی تێکچوونی دەمارە بزوێنەرەکان.

ب. سەرزمانگرتن لە ئەنجامی بێهێزی یادەوریی.

هۆکارەکانی (سەرزمان گرتن) دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری دەرەوونیو لەشیو کۆمەڵایەتی، کاتێك بە شێوەیەکی گشتی باسی هەوشەکانی قسەکردنمان کرد باسی ئەو هۆکارانەش دەکەین.

چارەسەرکدنی سەرزمان گرتن (پڵتە پڵتکردن)

چارەسەرکردنی دەگەڕێتەوە بۆ دەستنیشانکردنێکی تەواوی ئەو حاڵەتەو زانینی هۆکارو نیشانەکانی، دەشێت بەم هەنگاوانە چارەسەری ئەو حاڵەتە بکرێت:

١. دڵنیابوون لە نەبوونی هۆکارێکی لەشی، کە بووبێتە هۆی ئەم حاڵەتە.

٢. لە پێش منداڵ نابێت بایەخێکی زۆر بەم حاڵەتە بدرێت، تاوەکو منداڵ هەست بە ترسو دڵەڕاوکێ نەکات.

٣. نابێت باوكو کەسانی گەورە لاسایی ئەو منداڵە بکەنەوە، چونکە لاسایکردنەوەی ڕۆڵ خۆشەویستکردنی ئەو ڕەفتارەی منداڵ دەدات بۆ وازنەهێان.

٤. ئەو هۆکارانە پێشان منداڵ نەدرێت کە دەبێتە هۆی ممارسە کردنی ئەم جۆرە ڕەفتارانە.

٥. بەکارهێنانی ئامێری فێربوون قسەکردنو بە هێزبوونی، ئەویش بە سەرپەرشتی کردنی پسپۆران.

٢. ئەفازیا: لە بیرچوونەوە:

مەبەست لە (ئەفازیا) لە بیرچوونەوەی هێماکانە کە مرۆڤ بە هۆیەوە دەتوانێت لەگەڵ هاوڕەگەزەکانی خۆیدا بیروبۆچوونو هزری پێ ئاڵوگۆڕ بکات، (ئەفازیا) لە ئەنجامی لە





بیرچوونەوە دروست دەبێت ئەگەر شێوەی نەخۆش بە خۆوەگرت، ئەویش جۆرێکە لە جۆرەکانی لە دەستدانی یادی (هیدی) زانا لە ڕووی ئەرکی زمانییەوە پۆلێنی کردووەو بەسەر چوار جۆردا دابەشیکردووە وەك:

أ. ئەفازیای وشەییو جووڵەیی: لەم حاڵەتەدا نەخۆش توانای ئەوەی نییە وشەکان ئامادە بکات بۆ ووتنیو نووسین.

ب. ئەفازیای هەستی یان تێگەیشتن: لەم حاڵەتەدا نەخۆش توانای ئەوەی نییە واتای وشەکان بگات، چونکە ئەو نەخۆشە ناتوانێت مانای دەنگەکە وەرگێڕێت، بۆیە لە کاتی قسەکردندا دەنگێك بە دەنگێکی دیکە دەگۆڕێتەوە، بۆ نموونە دەنگی (ب) دەکات بە (غ) چونکە لەوانەیە تووشی تێکچوونی توانای درککردنی بیستن بێت.

ج. ئەفازیای ڕێزمانی: لەم حاڵەتەدا نەخۆش توانای ئەوەی نییە بتوانێت ڕستەیەکی ڕێزمانی دەربڕێت، واتا ناتوانێت یاساکنی ڕێزمانی زمان پیادە بکات.

د. ئەفازیای واتایی: لەم حاڵەتەدا نەخۆش ناتوانێت لەواتای دەستەواژەکان بگات کە لە ڕستەیەکی تەواودا دێت، بۆ نموونە ئەگەر نەخۆشێك گوێ بیستی یەکێك بوو قسەی دەکرد ناتوانێت لە مەبەستی تێبگات، ئەگەر توانای ئەوەی هەبێت لە وشەکان بگات، دەبێت وشەکان بە تەنیا بێت (لێرەشدا مانای وایە پێکەوە بەستنی وشەکان بۆ بەخشینی واتای گشتی نامێنێت).

٤. لاڵەپەتە (اللجلجە)، زمان قورسی:

مەبەست گرژبوونەوەیەکی کاتییە کە سەر شێوەی وەستاندێك دەبێت لەسەر قسەکردنو پاشان تەقینەوەیەکی یان جوولەو تەزووپێدا هاتنی دووبارەوە بوو، ئەو کەسەی کە تووشی ئەم نەخۆششیە بووە تواناو هەوڵێکی زۆر دەدات بۆ دەربڕینی قسە، هەروەها ئەوەش لە ڕوویدا دەردەکەوێت کە پاڵەپەستۆ دەخاتە سەر هەردوو لێوو ڕشتەی ئەندمەکانی ئاخافتنی، بەم جۆرە زمانگیر دەبێت.

<u>**چارەسەرکردنی زمان قورسی (لاڵەپەتە)**</u>

پاش توێژینەوەیەکی زرۆی ئەم دیاردەیە لە ڕووی لەشو هۆش (عقلی)و دەروونیو کۆمەڵایەتییەوە، گەیشتنە ئەوەی چەند ڕێگە چارەیەك بۆ زمان قورسی بدۆزنەوە، وەك:

١. چارەسەرکردنی پزیشکی: چارەسەرکردنی ئەو هۆکارە ئەندامییانەی کە بوونەتە هۆی دەرکەوتنی ئەم دیارەدەیە لەلای نەخۆش، ئەم چارەسەرکردنەش لە نەخۆشخانەو دیدەنگە پزیشکییەکاندا دەکرێت.

٢. چاەرسەرکردنی دەروونی: ئەم چارەسەرکردنە لەو حاڵەتانەدا دەبێت کە نەخۆشییەکە بە هۆی تێکچوونی ئەندامەکانی لەشەوە نەبێت، ئەم چارەسەرکردنەش شێوازو ڕێگای جۆربەجۆری هەیە وەك:

- ڕێگای یاریکردن:

ـە ڕێگای یاریکردنەوە دەشێت هەست بە سەربەستییەکی تەواو بکات، یان بە هۆی یاریکردنەوە ئەو هەستەپەنگخواردووەی دەربڕێت کە دەبێتە هۆی لە ناوبردنی نیگەرانیو ترسو دڵەڕاوکێی، هەروەها تێکەڵبوونی بە یاری بە کۆمەڵ لەگەڵ هاوڕێەکانی ئەوەی لەلا دروست دەکات کە توانای هەیە مامەڵە لەگەڵکۆمەڵدا بکات.

- شیکاری وێنەیی:

دەشێت بە هۆی شیکاری وشێنەییەوە پوختەی کۆمەڵێك زانیاری گرنگ سەبارەت بە کەسایەتی منداڵو پەیوەندی بە دایكو باوكو هاوڕێیەکانیەوە بەدەست بهێنین، ئەم ڕێگایەش بە نشیاندانی وێنە ئەنجام دەدرێن بەوەی کە هەندێك هەڵوێستو شتی جۆراوجۆر نیشان منداڵە تووشبووەکە دەدرێت ئەویش دەست دەکات بە لێکدانەوەی ئەوەی کە تێیدایە.

- تاقیکرنەوەکانی کەسایەتی:

ێکۆڵەر بە هۆیەوە دەتوانێت هەندێك لایەنی پەیوەست بە کەسایەتی ئەو کەسە دەرخات کە تووشی زمانگرتن بووە، لەو تاقیکردنەوانەش تاقیکردنەوەی (روودجرز)و تاقیکردنەوەی لە بابەت گەیشتن.

- مەبەست لە (ایحاو – نیگا) ئاراستەکردنی نەخۆشە بۆ چەشنە ڕەفتارێك یان شتێك یان هەڵوێستێك بۆ دانای سنورێك بۆ ترسی ئەو منداڵە کە لە ئەنجامی خەوشەکانی قسەکردنەوە پەیدا بووە، هەروەها ئامانجی (نیگا) گۆڕێنی تێروانینی تووشبووە بۆ خۆی، بەڵام مەبەست لە (قەناعت پێهێنان) پێشچاو خستنی ڕوابۆچوونو بیرێکە بۆ کەسی تووشبووە، بە پێ بنەمایەکی رازیکەر کە ببێتە هۆی بەکارخستنی عەقڵیو گفتوگۆکردن لەگەڵ تووشبوووداو دوورخستنەوەی لە سەرچاوەی دژواری قسەرکردنو ئەوەی پەیوەندی بە پەشۆکانەوە هەیە.

- هاوکردنەوە:

ـەسەر بنەمای مەشقپێکردنی نەخۆش بە شێوەیەکی لەسەرخۆو بە شێنەیی بۆ خاوکردنەوەی ماسوولکەکانی، چونکە ئەمەش بەشێنەیی دەبێتە هۆی پوکانەوەی





شوێنەواری چالاکیەکانی هۆش (ژهن)و پەشێوەییە هەڵچوونیەکان.

- گفتوگۆکردن لەسەر کێشەی تووشبوون بە (زمان قورسی– لاڵەپەتە) لەگەڵ ماڵو قوتابخانەدا:

ڕا دەرکەوتووە کە دروستبوونی پەشێوییە دەرونییەکان لە لای تووشبوو پەیوەندی بە ماڵەوە هەبێت، لێرەدا ئەوە بۆ لێکۆڵەران دەرکەوت کە زۆر گرنگە ڕێنمایی دەروونی پێشکەش بە تووشبوو بکرێت، هەروەها ڕێنمایی بە هەموو ئەو کەسانەش بدرێت کە لە دوور یان نزیکەوە پەیوەندیان بە تووشبووەکەوە هەیە، ئەویش لە دایكو باوكو خێزانەوە دەست پێ دەکات تا دەگاتە کۆمەڵگا کە لە قوتابخانەدا خۆی دەنوێنێت.

٣. ڕێگای چارەسەرکردن بە ئاخافتن:

ـەم ڕووەوە ڕێگای جۆربەجۆر بەکارهێنراوە، وەك:

- خاووبوونەوە ئاخاوتن سەر لە نوێ فێکردنی ئاخاوتن:

ئامانجیش لەم ڕێگای ڕزگاربوونە لە هۆکارەکانی پەشێوییەکانی زمان گرانی لە کاتی قسەکردندا.

- مەشقکردن لەسەر ئاخافتنی ترپەیی: لێرەدا هەندێك شارەزایی تێیدا بەکار دەهێنرێت یان هەندێك بزوتنەو جووڵە دەخرێتە سەر مەشقکردن لەسەر ئاخافتن، وەك بەکارهێنانی لێدانی زەوی بە پێ یان فیکەلێدان، ئەم کارانەش یارمەتی تووشبوو دەدات بۆ لە بیربردنەوەی کێشەکەیو بەستنەوەی ترپەیەکی دیاریکراو بە دەنگێکی دیاریکراوەوە.

- رێگای دەربڕێن بە جوینەوە (المضغ):

داوا لە تووشبوو دەکرێت کەوا خەیاڵ بکات کە دەستی کرد بە قسەکردن، قووتیان بدات، بەم جۆرە سەرەنجی منداڵە تووشبووکە لە بەکارهێنانە هەڵەکەی دەگوێزرێتەوە بۆ پرۆسیسی جووینەوە (یان قووتدان) ئەمیش دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ترسو نیگەرانیەکەی لە ئەنجامی دەربڕینی هەندێك وشەی تایبەتیدا.

- بەرنامەی چارەسەرکردنی گشتی:

مەبەست لە بەکارهێنانی ژمارەیەك شێوازە پێکەوە بۆ چارەسەرکردنی لاڵەپەتێی، کەکە ئەویش لە نێوان چارەسەرکردنی دەروونیو ئاخافتنیدا کۆدەبێتەوە، ئەگەر ئەم دوو چارەسەرکردنە پێکەوە بە ڕێکووپێکی بەکارهێنرا ڕەنگە مەبەستێکی گشتی بێتە دی ئەویش بڵاوکردنەوەی گیانی سرەوتنو ئارامییە لە دەروونی تووشبوو بۆ چاککردنی ئاخافتنو ڕاستکردنەوەی.

٥. تەتەڵەکردن (التأتأه):

ئەم حاڵەتە زیاتر لە نێوانساڵانی (٥–٧) تێبینی دەکرێت، ئەمیش کەموکوڕی دەربڕینە کە زیاتر لەلای منداڵ سەرهەڵدەدات، زۆر جاریش بە عەرەبی پێ دەوترێت (لكنه السين) واتا بە قورسی دەربڕینی (س)، لەم تەمەنەدا گۆڕان بەسەر ددانندا دێت، واتا ددان دەکەوێتو ددانی نوێ دەڕوێت، هەندێك منداڵ لە پاش ددان دەرهێنانی نوێ لەو دەربڕینە قورسەی (س) ڕزگاری دەبێت بەڵام هەندێکی دی ڕزگاری نابێت، ئەگەر چارەسەرکردنێکی دەروونیو ئاخاوتنی بۆ نەکرێت، ئەم قورسی دەربڕینەش لە کۆکردنی دەنگی (س)دا ڕوودەدەکات کە بە دەنگەکانی وەك (پاو و شین و دال)ی دەگۆڕێتەوە، هۆکاری ئەم زمان قورسیەش دەگەڕێتەوە بۆ جووت نەبوون ددانەکانو هۆکاری لاسایکردنەوە، دەشێت یەکێك لە یەکەکانی خێزانەکەی تووشی ئەم (پسەپس التأتأه) کردنە بوو بێتو ئەو منداڵەش ئارەزووی لاسایکردنەوەی بکات، هەروەها بەرکەوتنی یەکێك لە بنکەکانی مێشك دەبێتە هۆی دەرکەوتنی ئەم دیاردەیە.

– چارەسەکردنی (تەتەڵەکردن):

ئەم دیاردەیەش بەوە چارەسەر دەکرێت کە دەبێت پشکنینێکی پزشکی بۆ بکرێت بۆ دڵنیابوون لە ساغو سەلامی ددانەکانیو جووتبوونیان، هەورەها زانینی هۆکارە ئەندامییەکان کە بوونە هۆی ئەو ڕووداوە.

له ژێر تیشكو ڕووناکی ئەو هۆکارانە چارەسەرکردنێکی سەرکەوتوو بۆ ئەم دیاردەیە بەکاردێت لەو شێوازانەش کە بۆی بەکاردێت شێوازی چارەسەرکردنی دەروونیو کۆمەڵایەتیو ڕێنمایی کردنە، هەورەها دەشێت ڕێگای چارەسەرکردنی ئاخافتنیش بەکار بهێنرێت، ئەویش بۆ مەشقکردنی ئەو منداڵە تووشبووەیە بۆ ئەوەی بتوانێت کۆنترۆڵ جووڵانەوەی زمانی بکات لە هەڵوێستە جۆربەجۆرەکانی ناو و دەرەوەی دەمدا، هەروەها مەشقپێکردنی لەسەر دەربڕینی دەنگی (س)و لە کاتی مەشقپێکردنی لەسەر دەربڕینی دەنگ ئاوێنەیەك لە بەردەمی دادەنرێت بۆ بەراوردکردنی ئەو جووڵانەی کە خۆی پێی هەڵدەستێتو ئەوەی کە چارەسەرکەرەکە پێی هەڵدەستێت، بەم شێوەیە دەمێنێتەوە تاوەکو گونجانێك لە نێوان توانای جووڵەییو توانای بینین دێتە دی.

دووەم: هۆکاری خەوشەکانی ئاخافتنو زمان

پرۆسیسی گەڕان بە دوای خەوشتەکانی ئاخافتنو زمان شتێ بە خۆوە دەگرێت ئەویش ئەوەیە کە ناتوانرێت زۆر بە وردیەکی بابەتیانە هۆکارەکان دەستنیشان بکرێت، چونکە





لەگەڵ دیاردە جۆربەجۆرەکانی دیکەدا وێڵ ناچن، چونکە هەر دیاردەیەك هۆکاری تایبەتی خۆی هەیەو هەر چەندە لەگەڵ هۆکاری دیاردەکانی دیکەشدا تێکچڕژابن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە شێوەیەکی گشتی هەڵدەستێت بە چوارچێوەکردنی ئەو هۆکارانەو لە سێ هۆکاردا دیاری دەکەین، وەك:

أ. هۆکارە ئەندامییەکان:

لە ئەنجامی نەخۆشییەك لە نەخۆشیەکان یەکێك لە ئەندامەکانی بەرهەمهێنانی ئاخافتن زیانی لێ دەکەوێت، وەك زمانو قوڕگو ددانو لووت، یان هەر ناتەواویەك لە کردەو فەرمانی ئەندامێك لە دەمارەکان دەبێتە ڕێگر لە بەردەم پێکەوە نەجولانی ئەندامەکانی بەرهەمهێنانی ئاخافتن، هەروەها مێشك تووشی هەر بەرکەوتەیەك بێت دەبێتە هۆی دواکەوتنی پرۆسیسی گەشەکردنی ئاخافتنو گۆڕانی دەنگو شێوازی دەربڕین، ئەویش لە ئەنجامی ئەو نەخۆشیانەوە دێت کە تووشی کۆ ئەندامی دەمار، یان تووشی کوێرە ڕژێنەکان (الغدد الصماء) دبێت.

ب. هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان:

هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ هۆکارە دەروونییەکان تێکەڵ دەبێتو ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت لە دروستکردنی نەخۆشییەکانی ئاخافتنو زمان، لەو هۆکارانەش وەك:

– پێشەنگی خراپ (القدوه السيئه):

کارتێکردنی ئەمەش کاتێك دەردەکەوێت کە یەکێك لە ئەندامانی ئەو خێزانە لە پێش منداڵێکدا هەندێك وشە زمانە کە بە شێوەیەکی هەڵە گۆ بکاتو ئەو منداڵەش هەڵدەستێت بە چاولێکردنو لاساییکردنەوەی ئەو وشانەی کە گوێی لێ دەبێت.

– تێروانینی کۆمەڵگا بۆ ئەو منداڵانەی کە تەنها دەستی چەپ بەکاردێنن لە خواردنو خواردنەوەو نووسینو ناچارکردنی بۆ بەکارهێنانی دەستی ڕاست لە جێگای دەستی چەپ.

– زیاد لە پێویست ئارەزووی پێ لەسەر داگرتو فێرە ڕەوشتکردنو کۆمەڵێنەوەی بەردەوام لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵگاوە بۆ سەر منداڵ لە مەسەلەی پاكو خاوێنیو خۆراكو زۆرسەرزەنشتکردنی منداڵ.

– نەگونجانی منداڵ لەگەڵ ئەو ژینگەیەی کە تێدایە، لە دەستدانی پەیوەندی بە هەڵوێستی ڕاستەوخۆ یان پێشبینیلێکراو، کە ئەم هۆکارەش دەبێتە هۆی دابڕانی منداڵ لە ژینگەکەیو کەسایەتێکی تووڕەی لێ دەربچێت، لە کاتی ئاخافتندا ڕێگرییەکی بۆ دروست بکات.

– نازپێدانی زیاد لە پێویست بۆ منداڵ یان پشتگوێ خستنێکی بە ئەنقەست.

هۆکارە دەروونییەکان

زانایان خەوشەکانی زمان‌و قسەرکردن دەگەڕێننەوە بۆ بنەمای دەروونی، ئەو ئاڵۆزیو توندوتیژیو هەڵچوونانەی لەلای منداڵدا دەردەکەوێت، هەندێك جار دەبێتە هۆی کاردانەوەی وەك ئێرەییو ئارەزووی خۆ دەرخستن لە پێش چاوی‌خەڵکی، دەشێت هۆکارە دەروونییەکان لەم خاڵانەدا کۆبکەینەوە:

- گرژیی هەڵچوون‌و دەمارگیری.
- ئارەزووی منداڵ بۆ ئەوەی ببێتە جێگەی سەرنجی خەڵکی.
- ئەگەری وروژاندنی هەستی منداڵ‌و زیاتر نیگەران بوون.
- چاودێری کردنێکی زۆر لەلایەن دایك‌و باوکەوە بۆ منداڵ،تاکو دەگاتە پلەی نازونوزکردن.
- هەستکردن بە نائومێدیو بێ بەشکبوون.
- زۆر سەرزەنشتکردن‌و سزادان.
- زێدە خۆشەویستەیەك کە دەشێت ئەو منداڵە لە منداڵێکی تر زیاتر بە دەستی بهێنێت.
- ناکۆکی لە نێو خێزاندا.
- کەمیی سۆزو خۆشەویستی یەکێك لە دایکان‌و باوکان.
- بوارپێنەدانی منداڵ بۆ قسەکردن‌و پێ برینی قسەکانی بە شێوەیەکی زۆر توندوتیژ.

ئەمانەو هەستکردنی منداڵ بە پاشماوە خراپەکانی دەروونی وای لێ دەکات بەردەوام نیگەران‌و ترساو بێت‌و ئەم ڕقەبەرایەتیە دەروونیەش کاردانەوەی دەبێت لەسەر توانای قسەکردن‌و بەکارهێنانی زمان.

سێیەم: چارەسەرکردنی خەوشەکانی قسەکردن‌و زمان:

لە میانەی دەرخستنەکانی پێشترمان جۆرەکانی خەوشی قسەکردن‌و زمانمان ناسی، کە بە هۆی هەندێك شێوازەوە دەشێت چارەسەری ئەو خەوشانە بکرێت، لێرەدا ئێمە جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە کە یەکەم هەنگاو لە چارەسەرکردن، زانینی هۆکارەکانی خەوشی قسەکردن‌و زمانە، چونکە ئەمە بە شێوەیەکی کاریگەر دەبێتە یارمەتی دەرمان لە دەستنیشانکردنی ئەو بارودۆخەی نەخۆش‌و ئاسانکردنی ڕێگای چارەسەرکردن.

دەشێت شێوازەکانیش لەم خاڵانەدا کۆ بکەینەوە:

١. دەستنیشانکردن‌و چارەسەری پزیشکی :پاش ئەنجامدانی پرۆسیسی دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکە، ئەگەر دەرکەوت هۆکانی ئەو نەخۆشییە دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری جەستەیی (عچوی) ئەوا دەبێت وەك سەرەتایەك بۆ ئەو چارەسەرکردنە بگەڕێینەوە بۆ سەرچاوە





سەرکردنی پزیشکی.

٢. چارەسەرکردنی دەروونی – کۆمەڵایەتی: پاش پرۆسیسی دەستنیشانکردن دەرکەوت هۆیەکان دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری دەروونی یان کۆمەڵایەتی، ئەوا ئێمە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئەم جۆرە چارەسەرکردنانە، کە ئەویش چەند ڕێگایەکی دەروونیو پەروەردەییو کۆمەڵایەتیو ڕێنماییو پاراستن‌و چارەسەرکردنە، وەك:

- شێوازی ڕێنمایی دەروونی یەك یەکی.
- شێوازی ڕێنمایی خێزانیی.
- شێوازی رۆشنبیرکردنی کۆمەڵایەتی.

٣. چارەسەرکردن بە ئاخافتن: بریتییە لە کۆمەڵێك مەشقکردن بە تووشبوو (نەخۆش) بە دەربڕینی پیت‌و وشەو ڕستەکان بە شێوازی یەك لە دوای یەك (تدريجي).

٤. ڕێبازی چارەسەرکردنی گشتگیری: لێرەدا لە ڕێگایەك زیاتری تێدا بەکاردێت، چونکە دەشێت لە بەکارهێنانی یەك ڕێگای چارەسەرکردن هەندێك لایەنی نێگەتیڤی لێ بکەوێتەوە، لە ڕێگای چارەسەرکردنی تەتەڵەکردن (اللجلجه)دا ئاماژەمان بۆ ئەم شێوازە کرد.

**چوارەم: ڕۆڵی خێزان‌و قوتابخانەو کۆمەڵگا لە چارەسەرکردندا:**

١. ڕۆڵی خێزان: خێزان ڕۆڵێکی گەورەو کاریگەری هەیە چونکە منداڵ سەرەتای ژیانی لەگەڵ خێزاندا دەست پێ دەکات، لەگەڵ تاکەکانی خێزانەکەیدا دەست بە مامەڵەکردن دەکات‌و هەموو رەوشت‌و داب‌و نەریت‌و زمانەکانی لێ وەردەگرێت.

دەشێت بروانینە ڕۆڵی خێزان کە بە دوو ئاراستەی بنەڕەتی تێدەپەڕێت ئەویش:

أ. ڕۆڵی پاراستن:

ئەم ڕۆڵەش لە کاری خێزانەوە دەردەکەوێت بە داخستنی هەموو ئەو کون و کەلەبەرانەی کە دەشێ ببێنە هۆی بڵاوبوونەوەی هەندێك کاروکردەوەی نالەبار بۆ ئەو منداڵە.

ئەو کارانەی کە خێزان پێی هەڵدەسێت بۆ پاراستنی منداڵەکەیو سانسۆر دەخاتە سەریان ئەمانەن:

- دورکەوتنەوە لە ناکۆکی نێو خێزانی لە پێش چاوی منداڵ.
- دورکەوتنەوە لە سوکایەتیو گاڵتەپێکردنی منداڵ.
- دورکەوتنە لە خۆشەویستن‌و نازپێدانی منداڵێکی دیاری کراوی خێزانەکەت لەسەر حیسای منداڵێکی تر.
- دورکەوتنەوە لە نازپێدانی زۆر بۆ منداڵ یان نواندنی توندوتیژی.

– بەکارنەهێنانی وشەی نەشیاو و نەگونجاو لە پێش منداڵ.

– چارەسەرنەکردنی دیاردەی زمان قورسیی (الاعسر) بە ڕێگایەك کە جێی سەرنج ڕاکێشان نەبێت.

**ب. ڕۆڵی چارەسەرکردن:**

ئەم ڕۆڵەش لە ئەنجامی بە دواداچوون و چاودێریکردنی کردنی خێزان بۆ منداڵەکانیان دەردەکەوێت لەگەڵ ڕاستەوخۆ هەستانیان بە چارەسەرکردنێکی تەواو لە حاڵەتی دەرکەوتنی هەر خەوشێك لە خەوشەکانی قسەکردنو زمانی منداڵەکەیان هەروەها کەڵك وەرگرتن لە ئامۆژگاری پسپۆرانیش.

٢. ڕۆڵی قوتابخانە: ڕۆڵی قوتابخانەش لە ڕۆڵی خێزان جیاوازتر نییە، پێویستە مامۆستایان بە دواداچوونیان هەبێت بۆ قوتابییەکانیانو بە بەردەوامی چاوەدێریان بکەن بۆ چارەسەرکردنی هەر تێبینییەك کە دەیبینن، هەروەها لەسەریان پێویستە دوورکەونەوە لە سووکایەتیو گاڵتەپێکردنو ئابرووبردنی منداڵ.

هەروەها پێویستە مامۆستا بایەخ بەو منداڵانە بدات کە لە ڕووی بیستنەوە لاوازنو یارمەتیان بدات بۆ باش گوێ گرتن، بەهەمان شێوە سەبارەت بەو منداڵانەش کە لە ڕووی بینینەوە لاوازنو هەروەها هەر منداڵێك کە لە ڕووی دەربڕینەوە کێشەی هەیەو ناتوانێت بدوێت، هەروەها دەشێ قوتابخانە ئەم کارو کردەوانەی لەگەڵ قوتابیانیدا پێڕەو بکات:

– بەشداری کردنی منداڵان لە لیژنەی چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان.

– بەشداری کردنی منداڵان بۆ قسەکردن لە ئێزگەو ڕادیۆی قوتابخانە.

– بەشداری کردنیان لە گەشتو خێوەتگادیدەوانیەکان (المخیمات الکشفیە).

– بەکارهێنانی ڕێنمایی دەروونیو کۆمەڵایەتیو پەروەردەیی.

٣. ڕۆڵی کۆمەڵگا:

ئەم ڕۆڵەش لەم خاڵانەدا دەردەکەوێت:

– ڕەخساندنی دەرفەت بۆ منداڵان تا بەشداری ئاهەنگە گشتییەکان بکەن.

– ڕەخساندنی دەرفەت بۆ منداڵان بۆ قسەکردن لە چالاکییەکانی وتار خوێندنەوەدا.

– دابینکردنی چارەسەری پزیشکیو دەروونیو ئاخافتن، بەسەرپەرشتی پسپۆڕەکانی ئەو بوارانە.

– ئامادەکردنی بنکەی تەندروستی.

پێنجەم: زمانی کەڕ





لە ڕووی زمانەوە ئەو کەسانەی کە کەڕن وادادەنرێن دابڕاوبن لە کەسانی تری نێو کۆمەڵگا، بەڵام ئەم دابڕانەش کارناکاتە سەر توانای مێشکییان یان توانای فێربوونیان، هەر چەندە ئەو کەسانەی کە کەڕن لە نیعمەتو خۆشی بیستن بێبەشی بوونە، لەگەڵ ئەوەشدا بە گوێرەی توانا هەوڵی ئەوە دەدەن بەشی ڕۆشنبیری خۆیان لەو ناوەندی تێیدا دەژێن وەرگرن، هەروەها زیرەکی ئەم کۆمەڵە هیچ کەمو کورتی تێیدا نییە تەنها دەربڕینی زارەکی نەبێت کە پێویستە بۆ پەرەپێدانی زمانی ناوخۆیی، بۆیە ئەو ڕێگایەی کە کەڕ دەیگرێتەبەر بۆ قسەکردن ڕێگایەکە بە هۆی جوڵەوە[1] دەبێت.

زانایان حاڵەتی کەڕییان بۆ سێ ئاست پۆلێن کردووە، کە ئەمانەن:

١. کەڕیی تەواو.

٢. کەڕیی مام ناوەند.

٣. کەڕیی سادە.

هەر یەك لەم ئاستانە نرخی تایبەتی خۆی هەیە لە ڕووی قەوارەی کێشەکەو هۆکارو چارەسەرکردنی.

**هۆکارەکانی کەڕبوون**

زانایان هۆکاری کەڕبوون دابەش دەکەنە سەر سێ بەشەوە:

١. کەڕیی بۆماوە (الوراثة).

٢. ئەو کەڕییەی لە ئەنجامی نەخۆشییەکەوە کە تووشی ئامێری بیستنو مێشك دەبێت.

٣. ئەو کەڕییەی کە هۆکارەکانی نادیارنو تا ئێستا نازانرێت.

**کەڕیی لە ڕشتەی بیستندا (جهاز السمعی)**

پێشتر ئەوەمان تێبی کرد کە کەڕیی سێ ئاستە لە نێوان کەڕیی تەواو یان کەڕیی مام ناوەندی یان کەڕیی سادە، ئەوەیشی ئەم ئاستانەی دیاری کردووە جۆری توشبونی ئامێری بیستنو شوێنی تووشبوونەکەیە، وەك:

– کەڕیی سادە:

ئەم جۆرە کەڕییە دەکەوێتە گوێچکەی دەرەوە لە ئەنجامی زۆر دەردانی مادەی مۆمییەوە ڕوودەدات، ئەویش دەبێتە هۆی گرتنی کەناڵی بیستن، بۆ چارەسەرکردنی پێویستە بە بەردەوام منداڵ مەشق بدرێت بۆ لابردنو پاککردنەوەی ئەوە مادەیە لەناو گوێدا.

– کەڕیی مام ناوەندی:

ئەم جۆرە کەڕییە لە گوێچکەی ناوەڕاستە ڕوودەدات، بە هۆی سەرماو هەڵامەتێکی بە

هێزەوە پاڵە پەستۆیەکی زۆر دروست دەبێتو کار دەکاتە سەر پەردەی گوێو کار دەکاتە سەر نەرمیو جیڕیو توانای ئەو پەردەیەو بۆ لەرینەوەو وەرگرتنی دەنگەکان، بەم جۆرە بەشێك لە ئەرکی بیستن وون دەکات.

- کەڕیی توندوتیژ:

کەڕیی ناوەوەی گوێچکە کە شوێنی دەمارەکانی بیستنە، ئەگەر ئەم دەمارانە تووشی زەرەرو بوون توانای ئەوەیان نەبوو دەنگ بۆ ناو ژوورەکانی شلەمەنی بیستن بگوێزنەوە، ئەوا دەنگ ناگات بە بنکەکانی وەڵامدانەوەی مێشك، بۆیە کەڕی توندوتیژی لێ دەکەوێتەوە.

**چارەسەرکردنی گوێ قورسەکان:**

ڕێگاو شێوازی جۆربەجۆری بۆ بەکاردێت:

- مەشقدانی گوێ قورسەکان بۆ جیاکردنەوەی ئەو دەنگانەی کە دەگاتە گوێیان, وەك ،ەنگەکانی ئۆتۆمبیلو مرۆڤ و بروسکەو.. هتد.
- لەسەر چرپەو بە ئەسپایی قسەکردن مەشق بدرێت بۆ ئەوەی ڕابێت لەسەر تێبینی کردنی ،ەنگی ورد.
- گەیاندنی دەنگەکان لە چەند دووریەکی دیاری کراوە.
- مەشق لەسەر بە ئاگابوونی بیستن بدرێت.
- تێبینی جوولەی لێوەکان بکرێت.

بەلام ئەو منداڵەی کە بە کەڕییەکی تەواو لە دایك دەبێت مەحاڵە فێری زمانی بیستراو بکرێت، لێرەدا پێویستە لەسەر زمانێکی گونجاو بە پێی ئەو حاڵەتەی تێیدا دەژێت مەشق بدرێت، گونجاوترین زمانیش زمانی هێما کردنە، کە دەتوانێت بە چەند ڕێگایەك وەری بگرێت، دەشێت لە کۆمەڵگای کەڕوڵاڵدا وەری بگرێت، کە یانەو قوتابخانەی تایبەتیان بۆ دروستکراوە، یان لە ڕێگای خێزانەوە بە تایبەتی ئەو خێزانانەی کە وەك بۆماوەیی منداڵی کەڕیان هەیە، یان لە ڕێگای ئەو پسپۆڕانەوە کە یارمەتی منداڵی کەڕ دەدەن بۆ ئەوەی فێری زمانی هێماکردن ببێت.

شایانی باسکردنە کە ئەو هێمایانەی کە کەڕ بەکاری دێنێت بەسەر دوو بەشدا دابەش دەبێت:

- هێمای وەسفی: ئەو هێما دەستییە خوییە کە لەلایەن کەڕەوە ئەنجام دەدرێت لە پێناوی وەسفکردنی هزرێکی دیاری کراو کە دەیەوێت ڕاڤەو لێکدانەوەی بۆ بکات، وەك







بەرزکردنەوەی هەردوو دەست بە مانای (درێژ) یان کردنەوەی هەردوو باڵ بە مەبەستی زۆر.

- هێمای نا وەسفی: ئەو جۆرە هێما تایبەتییە کە وەك زمانێك وایە کە لە نێوان کەڕاندا ئاڵوگۆڕی پێدەکرێت، بۆ نموونە هێماکردن بۆ سەرەوە مانای شتێکی باش دەگەیەنێت.

ئەمەو, شارەزایانی ئەم بوارە ئەلفو بێیەکی هێماییان داناوە کە جوولەی دەستو پەنجە ڕۆڵێکی گەورە دەبینن لە دیاریکردنی وشەکانی ئەم ئەلفو بێیە، وێنە ژمارە (٥) ئەم ئەلفو بێیە روون دەکاتەوە.

# لەبارەی زمانەوە



موعتەسەم سالەیی

ئێمەی کوردی عێراق بە شێوەیەکی ئەوتۆ هەر لە سەردەمی منالّیمانەوە زمان و کەلتووری عەرەبیمان بەسەردا سەپاوە، بە ڕادەیەك هەندێك لەوانەی کە شارەزای زمانی کوردی نین، گەر ناوی زمانی عەرەبی بێتەکایەوە یەکسەر بەوپەڕی سەرسووڕمانەوە دەلّێن: ئووو...! بە ڕاستی زمانی عەرەبی زۆر قوولّ و دەولّەمەندە و موورادیفات و هاوواتای وشە عەرەبییەکان گەلێك زۆرن..! ئەو جۆرە کەسانە شارەزایی تەواویان لە زمانی کوردیدا نییە و، ئاگاداری ئەو ڕاستییەش نین، کە زمانی کوردیش زۆر قوولّ و دەولّەمەندە و هاوواتایش لە وشەی کوردیدا زۆرن. لە ڕاستیدا لە زمانی کوردیشدا وەکو هەر زمانێکی دەولّەمەند موورادیفات و هاوواتا زۆرن. بۆ نموونە بەرامبەر بە وشەی (جبل)ی عەرەبی کورد دەلّێت:"شاخ، چیا، کێو، کەژ، تەلان، کۆسار، جەوەلّ"، یاخود بەرامبەر بە وشەی





(مشاهەدە)ی عەرەبی چەندین وشەی هاوواتامان هەیە، وەکو:"بینین، دیتم، ڕووانیم، تەماشامکرد، سەیرمکرد، چاوم گێڕا، دیقەتم دا، لێی وردبوومەوە، مۆڕەم لێکرد، دامەبەرنیگا، چاوم پێکەوت، کەوتە پێش چاوم، چاوم تێبڕی.." سەرجەمی ئەو وشە هاوواتانە مانای دەولّەمەندی زمانی کوردی دەگەیەنن، بێگومان هەر وشەیەکیش لەم وشانە



بۆ بارودۆخ و حالّەتێکی دیاریکراوی تایبەتی بەکاردێنن.

لە هەمان کاتدا هیچ زمانێك نییە، کە لە سەدا سەد پاراو بێت و کاریگەرێتیی زمانانی تری بەسەرەوە نەبێت، بەلاّم بە بەراورکردن دەبینین زمانی کوردی کەمترین وشەی زمانانی دوور و نزیکی تێکەوتووە. بۆ نموونە جارێکیان بەسەر دەرگای ژووری دایەرەیەك لە ولاّتی ئێراندا چاوم بە ڕستەیەك کەوت، گوایە زمانی فارسییە و نووسرابوو: (ورودی ئەفرادی غیر متفرقە بتاتا ممنوعیست). بە بینینی ئەو ڕستەیە سەرم سوڕما، سەبارەت بەوەی هەموو وشەکانی عەرەبی بوون..!؟ ئەوەبوو کابرایەکی ئازەریم کەوتە پێش چاو و بە زمانی تورکمانی قسەم لەگەلّیدا کرد و ئەو ڕستەیەی سەر دەرگای ژوورەکەم پیشانی داو پێم وت: ئەم ڕستەیە بە هیچ کلۆجێك فارسی نییە و بگرە هەموو وشەکانی عەرەبین، جگە لە پاشگری (یست)ی مەمنوعەکە نەبێت..!؟ کابرای ئازەری وەها دیار بوو یا لێم تێنەگەیشت، یاخود شارەزای زمان نەبوو، وەلاّمی دامەوە و وتی: نەخێر ئەم وشانە فارسییەکی ڕەسەنن و، بەلّکو




عەرەبەکان لە فارسەکانەوە وەریانگرتوون..! منیش بۆم دەرکەوت کە مشتومڕ لەگەڵ ئەو کەسەدا زەحمەتە بۆیە وازم لێهێنا.

هەموو زمانێک کەم، یاخود زۆر، کاریگەرییەکی زمانانی تری لەسەرە. بۆ نموونە (سەلامە موسا) لە کتێبی (البلاغه العصریه واللغه العربیه) دا و لە لاپەڕە (٧٤) دا دەڵێت: "لە نێو زمانی عەرەبیدا زیاتر لە سێ هەزار وشەی ڕۆمانی و گریکی و فارسی هەن".

ئەوەتا کتێبێکم لەبەردەستدایە بە ناونیشانی (معجم التعابیر الاجنبیه فی اللغه الانکلیزیه)، کە لە وەرگێڕانی (سەمیر عەبدولڕەحیم الچلبی)یە، بۆ سەر زمانی عەرەبی. ئەم کتێبە لە دوتوێی سێ سەد لاپەڕەدایە وبە هەزاران وشە و ڕستەی گرتۆتە خۆی، کە لە زمانانی ترەوەکەوتوونەتە نێو زمانی ئینگلیزییەوە.

هیچ زمانێکی زیندوو بەدی ناکرێت، کە کۆمەڵێك وشەی زمانانی تری تێدا نەبێت. ئەم دیاردەیەیش شتێکی ئاساییە و هیچ نەنگییەکی تێدا نییە، بەڵام گرنگ ئەوەیە هەموو کەسێك و هەموو پسپۆرێکی زمان ڕاستیی ئەم شتە بسەلمێنێت و جیکڵدانەی تەنگ نەبێت و نکۆڵیی لێنەکات.

زمان دەورێکی باڵاو کاریگەر دەگێڕێت لە پێکەوە لکاندنی میللەتو کۆکردنەوەی گەل لە بازنەی سنوورێکی دیاریکراودا. هەروەها زمان هۆیەکی گرنگە بۆ لێکنزیک کردنەوەی ئەو تاکو کۆمەڵانەی کە سەر بە نەتەوەیەکی دیاریکراونو دوور لە سنوورو زێدی باوباپیرانی خۆیاندا گوزەران دەکەنو بە نامۆیی ژیان بەسەر دەبەن. زمانو ئەدەبیاتو شیعرو







کەلەپوورو کەلچەر، مێژووی کۆنو نوێی میللەتان دەستنیشان دەکەن. هیچ میللەتێك لەسەر ڕووی زەویدا بە بێ زمان بەدی ناکرێت. ئەگەر میللەت جەستەیەکی زیندوو بێت، ئەوا زمان دڵو گیانو ڕۆحی میللەت پێکدەهێنێت. بۆیە هەمیشە میللەتان بە بێ جیاوازی گرنگی بە زمانی نەتەوایەتیی خۆیان دەدەنو، لە هەڵپەدان لە پێناوی پاراستنو پەرەپێدانی زمانەکەیان. زمانو دونیای ئەدەبیات شانبەشانی یەکتری ڕەوت دەکەنو هەرگیز لە یەکتری جیانابنەوە. هیچ میللەتێك بەدی ناکرێت بە بێ زمانو مێژووی ئەدەبی تۆمار کراوو ئەدەبی دەماودەم کراوی میللی. شاعیرو نووسەران جێو ڕێیەکی گرنگیان داگیر کردووە لە ڕووی پاراستنو پەرەپێدانی زمانیو کەلچەری گەلەکانیان. لەبەر ئەم هۆیانەیشە کە تێکڕای میللەتان شانازی بە نووسەرانو شاعیرانی کۆنو نوێی خۆیانەوە دەکەن. بۆ نموونە گەر بێتو کەسێك پرسیار ئاراستەی هەر تاکێکی ئینگلستانی بکات سەبارەت بە مەزنترین کەسایەتیی مێژوویییان، بێگومان لە وەڵامدا دەڵێن کە شەکسپیر بە بێ پڕ کێشی مەزنترین کەسایەتیی مێژووی وڵاتی ئینگلستانە.

میللەتی کوردیش مافی خۆیەتی گەر شانازی بە شاعیرانی کۆنی کلاسیکی خۆیەوە بکات، وەکو بابا تاهیری هەمەدانیو ئەحمەدی خانی جزیریو حەریریو مەولەویو نالیو سالمو.. هتد.

ئێمەی کورد سەری ڕێزو میهرەبانی بۆ ئەم شاعیرانەمان دادەنوێنین، چونکی بە هەوڵو



کۆششو داهێنانیان توانییان زمانەکەمان لە نێو چوون بپارێزن. ئەم زمانەیشمان بە ناسنامەی میللەتەکەمان دەژمێردرێت.

نووسەرو شاعیر لە هەموو کەس زیاتر پێوەندییان بە زمانەوە هەیە، بێوچان مامەڵەی راستەوخۆ لەگەڵ زماندا دەکەن، بۆیە نووسەرو شاعیر شارەزایی تەواویان لە زماندا هەیەو، بە باشی دەسەڵاتیان بە سەریدا دەشکێتو شارەزاییان لە نهێنییەکانی زماندا هەیە. هیچ نووسەرو شاعیرێك بە بێ شارەزایی قووڵ لە زماندا بەدیناکرێت. زمانی پاراو هەردەم شیعرو نووسینی کۆكو تۆکمەو زیندوو دەهێنێتە کایەوە. زمانی شێواوی ناتەواوی پەرشو بڵاویش ئەدەبێکی نەزۆكو لەرزۆك دەخاتەروو، کە دەرفەتی زیندوویێتیو مانەوەی زۆر کەمە.

دەتوانین بڵێین زمانی ئەدەبی دەکرێت بە سێ بەشەوە. بەشی یەکەمیان لاوازو بێهێزەو ئەدەبێکی لەرزۆك پێکدەهێنێت، کە لە ماوەیەکی کورتدا بزر دەبێتو دەچێتە خانەی لەبیرچوونەوە. بەشی دووەمی زمان مامناوەندییەو لەرووی ڕێزمانو دارشتنەوە کەمو کوڕیی تێدا بەدیناکرێت، بەڵام لە هەمان کاتدا قووڵیو دەوڵەمەندیی لە ڕووی دانانی وشەو ڕستەدا تێدا بەرچاو ناکەوێت. ئەم بەشەی دووەمی زمان کەرەستەی زۆربەی نووسەرانی هەموو میللەتانی جیهانن، بەڵام بەشی سێیەمی زمان بریتییە لە بەکارهێنانی وشەو ڕستەی دانسقەی ڕێکو پێك کە جۆرە سیحرێكو کەمەنکێشییەك بە هەڵبەستو دەقی ئەدەبی دەبەخشێت. ئەم بەشەی زمان پێویستیی بە شارەزاییو لێزانیی داهێنەری بە برشت هەیە.

لە کاتێکدا کەم لە نووسەرانو شاعیران هەن کە بتوانن خاوەنی زمانێکی تۆکمەو کۆك بن. هەر لێرەوە گرنگیو کاریگەریی زمان سەرچاوە دەگرێتو، وەها لە نووسەرانو شاعیران







دەکات کە گرنگیی تەواو بە لایەنی زمان بدەنو شارەزایی تەواویان لە نهێنییەکانی زماندا هەبێت.

بە تایبەتی زمانی کوردی کە لە ڕووی وشەسازیو بەکارهێنانی وشەوە بە ڕادەیەکی زۆر دەوڵەمەندە. هەر نووسەرو شاعیرێکی کوردیش گەر دڵسۆزو لێهاتوو بێت هەرگیز پەکی ناکەوێتو دەستەوەستان نابێت بەرامبەر بە زمانی کوردی.

زمانو دەمودوو دەورێکی سەرەکیو کاریگەر دەگێڕن لە پێشکەوتنی شارستانییەتدا. هەروەها هۆیەکی گرنگە لە نزیك خستنەوەی کۆمەڵگە مرۆڤایەتییەکان. بە پێچەوانەی گیانلەبەرانو ئاژەڵانەوە دەبینرێت مرۆکان لە گوندو لادێو شارەکاندا، لە ڕێگای زمانەوە یەکدەگرنو کۆمەڵ دەبەستنو پێکەوە دەژینو گوزەران دەکەنو لەتەك یەکتریشدا هاوکاریو هەرەوەزی دەکەن. لە ئینجیلی یۆحەنادا لەبارەی زمانەوە هاتووەو دەڵێت: (لە سەرەتادا وشە هەبووە، وشەیش لە لای خودا بووە، ئەویش وشەی خودا بووە. هەموو شتێك لەوەوە بووەو هیچ شتێکیش بە بێ ئەو نەبووە).

لە قورئانیشدا یەکەم ئایەت بە وشە دەست پێدەکات کە ئەویش ناوی خوایەو دەڵێت: (أقرأ بأسم ربك) پەندێکی کوردیش هەیە دەڵێت: (قسە هەزارە دووانی بە کارە).

هەر لە سەرەتاوە پەیامبەرو فەیلەسووفو زاناو نووسەرانو شاعیرانو بیرمەندان، گرنگی تەواویان بە زمان داوەو هەر لە ڕێگای زمانەوە پەیامی پیرۆزی خۆیان لە نێو خەڵکیدا بڵاو کردۆتەوە. هەر پەیامبەرێکیش خاوەنی کتێبی نووسراوی خۆی بووە وەکو ئاڤێستاو تەوراتو ئینجیلو قورئانی پیرۆز.

فەیلەسووفی گریکی ئەفلاتوون دەڵێت: (مرۆ گیانلەبەرێکی زمانداری بە گۆیە) بەو مانایەی کە زمانو دەمو دوو مرۆ لە گیانلەبەرانی تر جیادەکاتەوە. لەسەر ڕووی گۆی زەویدا گەلێك گیانلەبەری بە زەبرو زەنگو لە مرۆ گەورەترو چوستو چالاکترو تیژڕەوتر هەن، وەکو فیلو شێرو پڵنگو.. هتد، بەڵام سەرەڕای هەمووی بە تەنیا مرۆ توانیی ڕووی زەوی بۆ خۆی داگیر بکاتو شارستانییەتو مەدەنیەت بنیات بنێتو، تێکڕای ئەو گیانلەبەرە زەبەلاحو بە زەبرو زەنگانەی تر دەستەمۆ بکاتو بیانخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. هەموو ئەم سەرکەوتنانەی مرۆیش هۆیەکانی بۆ سێ شت دەگەڕێنەوە، کە بریتین لە (عەقڵو.. زمانو.. دەست)، ئەم سێ ئامرازە لە لای مرۆ یەکیان گرتو پێشکەوتنو سەرکەوتنیان بۆ

مرۆ دەستەبەرو مسۆگەر کرد. گەر یەکێك لەم سێ ئامرازە لە لای مرۆ کەمبووایەو بوونی نەبووایە، ئەوا مرۆ هەرگیز نەیدەتوانی سەرکەوتن بە دەست بهێنێت، بۆ نموونە گیانلەبەرێکی پڕ هێزی وەکو شێر گەر زمانو عەقڵیشی هەبووایە، ئەوا هەر نەیدەتوانی شارستانییەت بێنێتە کایەوە، چونکی دەستو بازووی مرۆ هۆکارێکی گرنگو کاریگەرە بۆ راپەڕاندنی کارەکانی وەکو نووسینو دروستکردنو بنیاتنانو لێخوڕینی فڕۆکەو ئۆتۆمبێل. هەر لەبەر ئەم هۆیانەش بووە کە کاتی خۆی (ئۆگستین) وتوویەتی: (دەست ئامرازی ئامرازەکانە).

زمان بە شێوەیەکی گشتی لە گۆڕانکاریی هەمیشەییدایە بە پێی ڕۆژگارو پێداویستییەکانی سەردەم، هەندێك وشە سەرنگوم دەبنو هەندێك وشەی تازەیش دێنە کایەوە. هەروەها هەندێك زمان بزر دەبنو هەندێك زمانی تریش بەسەر زمانانی تردا زاڵ دەبن. ژمارەی تێکڕای زمانە جیاجیاکانی دنیا سێ هەزار بە بانەوەیە، بەڵام ئەوەتا لە ڕۆژی ئەمڕۆماندا بە تەنیا چەند سەد زمانێك بە شێوەیەکی کاریگەر ماونەتەوە. لە هەمان کاتدا زمانی ئینگلیزی بە بێ ویستو ئارەزووی تەواوی گەلان، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خەریکە تەنگ بە زمانانی تر هەڵدەچنێتو وەکو زمانێکی جیهانی خۆی بەسەر هەموو لایەنەکانی ژیاندا دەسەپێنێت. تێکڕای میللەتانی جیهان پەیڕەوی ئەم نەریتە دەکەنو لە هەمان کاتیشدا هەموو میللەتانیش ئیرەییو حەسادەت بە زمانی ئینگلیزی دەبەنو ئەم دیاردە باوو بڵاویشیان پێناخۆشە.. ئەم شتەیش مانای ئەوە ناگەیەنێت کە زمانە نەتەوەییەکانی جیهان بەرەو لە نێو چوون دەچن، نەخێر بەڵکو هەر میللەتێك شانازی بە زمانی خۆیەوە دەکاتو هەرگیز دەستبەرداری زمانی نەتەوایەتیی خۆی نابێت.

دەووترێت شاعیری بە توانا ئەو کەسەیە کە وشەی شیاو لە شوێنی شیاودا بەکاربهێنێت. ئەم دیاردەیە بەسەر نووسەرانی لێهاتوویشدا دەسەپێت. هەمان هاوکێشە پەل دەهاوێت بۆ کاروباری هونەریش، بەڵام بە جیاوازیی بەکارهێنانی ئامرازەکانی داهێنانەوە، ئەویش هەروەکو رەنگو بۆیەی شیاو لە شوێنی شیاودا بەکاربێتو دابنرێتو، هونەرمەند بتوانێت هەماهەنگیو هاوسەنگیو جۆرە گونجانێك لە نێوان رەنگەکاندا بهێنێتە کایەوە. خەڵکانی ئاسایی بەم ڕۆژگارە قسە دەکەنو وشەی هەمە جۆر بەسەر زاریاندا دێت، بێگومان هەموو ئەو قسەو دەمو دووانە سەرنگوم دەبنو نامێنن، بەڵام بە پێچەوانەوە دەبینین وشەو رستەو









بەیتی شاعیران بە درێژایی سەدانو هەزاران ساڵ بەرگەی کاتو وەختو زەمان دەگرن. شەکسپیر لە هەڵبەستێکدا دەڵێت: کە شیعرەکانی لە مەرمەڕی کۆتەڵو پەیکەرەکان توندو تۆڵترو زیندووترن.

زمان ڕەگەزێکی کاریگەرە لە دنیای ئەدەبدا بە تایبەتی لە دنیای شیعرو شاعیریەتدا، لە هەمان کاتدا پێویستە ئاماژە بۆ چەند ڕەگەزێکی تریش بکەین لە کاروباری داهێناندا، وەکو چرو پڕی گەوهەرو دەوڵەمەندیی ناوەڕۆك. شاعیرانو نووسەران بێ وچان لە گەڕاندان بە دووی وشەو رستەی شیاوی کاریگەردا، هەردەم لە گەشتو سەفەردان لە جیهانی بەرینی زماندا. دەوترێت کە کچی نووسەری ئێرلەندایی (جێمس جۆیس) تووشی نەخۆشیی دەروونی دەبێت. جۆیس لێدەبڕێت کە ڕوو بکاتە لای دەروونناسی ناسراو (یۆنگ) بۆ چارەسەر کردنی کچەکەی. بەو زانایە ڕادەگەیەنێت کە کچەکەی هەردەم وشەو ڕستەی سەیرو سەمەرە بەسەر زاریدا دێت. (یۆنگ) بۆی ڕوونده‌کاتەوە کە کچەکەی نوقمی نێو دەریای زمان بووە. جۆیس دێتە قسەو دەڵێت: کە خۆیشی وەکو کچەکەی وشەو ڕستەی سەیرو سەمەرە بەکاردەهێنێتو وێڵی نێو دەریای زمانە.. یۆنگ وەڵامی دەداتەوەو دەڵێت ڕاستە کە نووسەر خۆیشی نوقمی دەریای زمان بووە، بەڵام لە ژێر دەریادا دوڕو مرواری دەردەهێنێت، لە کاتێکدا کچەکەی لە نێو دەریای زماندا بزر بووە. ڕۆژێك هەژاری شاعیر لە مەجلیسێکدا دادەنیشێتو یەکێك لە دانیشتووان بە خراپە باسی کەسێکی تر دەکاتو دەڵێت: ئەو کەسە ئەوەندە ناهەموارە تەنانەت یەکەی عەرەبیش پاکی ناکاتەوە..! هەژاری عاشقی زمان وشەی ڕەسەنی کوردیش بە سەرسامییەوە داوا لە کابرا دەکات تاوەکو ڕستەکەی بۆ دووبارە بکاتەوە..! لە ئەنجامدا بۆ هەژار دەردەکەوێت کە میللەتی کورد کاتی خۆی بە شەتی عەرەبیان وتووە یەکەی عەرەبی.. لە کۆتایی ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا ڕۆژێك سەردانیی دەزگای ڕۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردیم کرد لە شاری بەغدادا. لەوێدا چاوم بە خوالێخۆشبوو مامۆستا مستەفا نەریمان کەوت. ئەوەبوو پارچە کاغەزێکی لە گیرفانی دەرهێناو، پێمی وت کە لە نێو نووسینە بڵاوبووەکانمدا چەند وشەیەکی نامۆم بەکارهێناوە کە وشەی ڕەسەنی کوردی نین، ئەویش لە ئاستی خۆیەوە ئەو وشانەی لە نێو ئەو پارچە کاغەزەدا نووسیوەو داوای لێکردم کە خۆم لە بەکارهێنانی ئەو وشانە بە دوور بگرم.. بە بینینی کاغەزەکەو پێشنیازەکانی مامۆستا نەریمان شادیو

بەختەوەری دایگرتم. هاتمە قسەو پێم وت مامۆستای بەڕێز لە لایەکەوە خۆشحاڵم بەوەی کە نووسەرێکی وەکو بەڕێزتان نووسینەکانی من دەخوێننەوەو، لە لایەکی تریشەوە شادو کامەرانم کە بەڕێزتان ڕێنماییم دەکەنو هەڵەکانم بۆ دەستنیشان دەکەن. پێویستە لەسەر نووسەران کە بە گیانێکی لەخۆبوردووییەوە عەودالی فێربوونی زمانی پاراو بن. گەر نووسەران لە گەڕانو سۆراخی هەمیشەییدابن بۆ بەدەستهێنانی بابەتو ناوەڕۆکی بەرهەمەکانیان، دەبێت بە هەمان گوڕو تواناوە پایدۆزی زمان بنو لە گەڕانو پشکنینی بێوچاندابن بۆ دۆزینەوەو بەکارهێنانی وشەو ڕستەی ڕەسەنو سەرنج ڕاکێش.

گوندو لادێکان لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا کانگای زمانی ڕەسەنی کوردین. گوندنشینەکان بە بێ کاریگەرێتیی زمانانی دەوروبەر، هەردەم پشتاو پشت پارێزگاری لە زمانی پاراوی کوردی دەکەن. من وەهای تێدەگەم گەر هەر نووسەرێکی کورد لە گوندو لادێدا بۆ ماوەیەك نەژیابێتو تێکەڵ بە گوندنشینەکان نەبووبێت، ئەوا هەرچەند نووسەرێکی بە برشتو بە توانا بێت هەرگیز لە توانایدا نییە زمانێکی کۆكو تۆکمەو پاراو لە نووسینەکانیدا بەکاربهێنێت. هەموو نووسەرێك بۆی هەیە گەر خۆی ماندوو بکات لە ئەنجامدا بتوانێت زمانێکی بێ خەوش بهێنێتە کایەوەو بە بێ هەڵەیش ڕەچاوی ڕێزمانو جۆری داڕشتنی باو بکات، بەڵام ئایا ئەو نووسەرە بۆی هەیە بە زمانێکی ئەوتۆ بنووسێت، کە خوێنەر سەرسامو کەمەنکێش بکات..!؟ لە وەڵامدا دەڵێین ئەو نووسەرانەی کە خاوەنی زمانی قووڵو پاراون لە ڕاستیدا ژمارەیان بە ڕادەیەکی زۆر کەمەو، بە دەگمەن ئەو نووسەرو شاعیرانە سەرهەڵدەدەن، کە خاوەنی زمانێکی تایبەتیی خۆیانبنو وەکو تەلەسمبازیش هەستو هۆشی خوێنەر بۆ لای زمانە دەگمەنو دانسقەکەی خۆیان بەکێش دەکەن.

بێگومان ئەو نووسەرو شاعیرە کوردانەی کە بە ڕادەیەکی زۆر زمانزانو شارەزاییان لە بنجو بنەوانەی زمانی کوردیدا هەیەو ئاگاداری نهێنییەکانی زمانن، دەبینین بۆ ماوەیەکی زۆر لە لادێکاندا ژیانیان بەسەر بردووەو لە نزیکەوە تێکەڵ بە خەڵکی گوندەکان بوونە.

لێرەدا بۆمان هەیە کە ناوی چەند شاعیرو نووسەرێکی زمانزانی کورد بهێنین وەکو: گۆرانو هەردیو هێمنو ئیبراهیم ئەحمەدو هەژارو مەلا شکورو عەزیز گەردیو عەزیزی مەلای ڕەشو مەسعود محەمەدو.. هتد. ئەم بەڕێزانەیش بە حوکمی ژیانی تایبەتییان هەردەم لە گەڕانو ئەمسەرو ئەوسەردا بوونەو تێکەڵ بە خەڵکانی عەشایەرو تیرە جیاجیاکانی کورد بوونە.





نازانم حیکمەت شاعیری تورك کاتی خۆی وتویەتی: گەر دەستم بڕوات بە زۆرەملێ شاعیرانی تورك بۆ ماوەی چووار ساڵ دووردەخەمەوە بۆ نێو گوندە تورك نشینەکانی ئەنادۆل، ئەویش لە پێناوی ئەوەیدا کە فێری زمانی تورکی بنو شارەزایی لە زمانەکەیاندا پەیدا بکەن. بێگومان ئەو شاعیرە تورکە ناسراوە لە خۆڕایی ئەو قسەیەی نەکردووە، بەڵکو گرنگیی ناوەڕۆكو کرۆکی قسەکەی خۆی بە باشی زانیوە.

وەها پێویست دەکات کە شاعیرانو نووسەران بە تەنیا پەنا نەبەنە بەر خوێندنەوەی کتێبو بەسەرکردنەوەی چاپەمەنییەکان بۆ فێربوونی زمان، بەڵکو پێویستە بکەونە گەڕانو سۆراخی بێوچانو تێکەڵ بە خەڵکی سادەو ساکاری شارەکان بن، لە هەمان کاتدا ڕووبکەنە گوندو لادێکان بۆ ئەوەی لە ناوەڕۆکی زمانی پاراوی کوردی تێبگەن. بۆ ئەوەی بە لەخۆبووردەییەوە لە ڕێگەی زمانو دەمودووی خەڵکییەوە فێری زمان ببن. وەك زانراوە هەر چینو توێژو خاوەن پیشەیەکیش تاڕادەیەك جۆری دەمو دوو گفتوگۆیەکی تایبەتیی خۆیان هەیە. لێرەدا پێویستە نووسەر شارەزایی هەبێت لە شێوازی بەکارهێنانی زمان لەلای چینو توێژو خاوەن پیشە جیاجیاکانی کۆمەڵ. لە هەمان کاتدا زۆر گرنگو پێویستە کە نووسەری کورد جگە لە زمانی زگماکی خۆی، یەك دوو زمانی تریش بە باشی بزانێت وەکو عەرەبیو فارسیو ئینگلیزیو فەرەنسی.. تاوەکو بتوانێت مانای وشەو ڕستەکانی زمانەکەی خۆی لەگەڵ زمانانی تردا بەراورد بکات.

# دەربارەی چەمکی کلتور

د. محمد شوانی

لەبەر ئەوەی کلتور پەیوەستە بە ژیانی مادی وهزری مرۆڤ وکۆمەڵگەوە زیادەڕۆیی نیە ئەگەر بڵێین هیچ چەمکێك لە زانستەکانی مرۆڤ ناسی و کۆمەڵناسیدا بەقەد چەمکی کلتور (culture) جێگای مشتومر و گفتوگۆ نەبووە لە نێوان زاناو توێژەرانی ئەم بوارەدا ،کە لە راستیشدا ئەم چەمکە کێشەی بنەرەتی هیچیان نیە بەڵکو کێشەی بنەرەتی یەکەمیان مرۆڤەو کێشەی بنەرەتی دووەمیشیان کۆمەڵگەیە ، بۆیە لە پاڵ توێژینەوە لە مرۆڤ ولە کۆمەڵگە ،توێژینەوە لە کلتوریش بووە بە بابەتێکی بنچینەیی ئەم دوو لقە زانستیە چونکە ناکرێ توێژینەوە لە مرۆڤ ،یان لە کۆمەڵگە بکرێت وکلتورو داهێنان ودرووستکراوەکانی نادیدە بگیرێت یان لە لایەکی تریشەوە هەندێك لە خەسڵەت وسیما بایۆلۆژیەکانی مرۆڤیش کە تا رادەیەك بە سروشتی ناسراون پەیوەندیان بە کلتورو بەها کۆمەڵایەتیەکانی



گزنگ ٨٦
وتار و لێکۆڵینەوە
کانوونی یەکەم ٢٠١٠



کۆمەڵگەوە هەیە ،بۆیە کلتورو کۆمەڵگە وەکو دوو دیوی یەك دراویان لێهاتووە لە توێژینەوە مرۆڤناسی وکۆمەلناسیەکاندا ،ئەگەرچی نزیکەی دووسەد سالێك دەبێت کۆمەڵگەی ئێمەو کلتورەکەی کەوتوەتە بەر باس وتوێژینەوەی رۆژهەلأتناس و زانایانی مرۆڤناسی رۆژئاواوە بەلأم خۆمان رابردوویەکی زۆر دوورمان نیە نەك هەر لە توێژینەوەی ئەم بابەتانە بەڵکو لە بەکارهێنانی ئەم چەمکانەش ،تائیستا زۆربەی نوسەرانی ئێمەو بەتایبەت لاوان چەمکی کلتور بەهاومانای یان نزیك لە مانای داب ونەریت بەکاردێنن ،بەوەی کە کلتور بریتیە لەو یاسا ورێسا کۆمەڵایەتیانەی باوباپیرانی ئێمە لەسەری رێکەوتون بۆ رێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی و دیاری کردنی ئەرك ومافەکانی تاکەکانی کۆمەڵگە بەپێی رەگەزی نێرومێ

وتەمەنی لاوو پیر ومندالٚ و...هتد کە خۆی ئەمە لە بنەرەتدا بەشێکە یان بەشێکی بچوکی کلتورە ،کلتور بەمانا فراوان وگشتیەکەی ناگرێتەوە ،هەروەکو چۆن بەقەد جیاوازی کۆمەڵگەکان جیاوازی کلتوریش هەیە چونکە جگە لە سیما سروشتیەکان ئەوەی کۆمەڵگەکان لەیەك جیادەکاتەوە جیاوازی کلتورو ووردە کلتورە ،جیاوازی پێناسەکانی کلتوریش هەیە دوو زانای ئەمریکی لە توێژینەوەیەکدا نزیکەی ١٦٠ پێناسەیان بۆ کلتور کۆکردۆتەوە وهەر یەکێکیش لەو پێناسانە جەخت دەکاتە سەر لایەنێکی چەمکەکە ، بەلاّم تا ئێستا پێناسەی زانای بەریتانی بەناوبانگ (ئەدوارد تایلەر) کە لەساڵی ١٨٣٢ لە دایك بووەو لە ساڵی ١٩١٧ مردووە بە گرنگترین پێناسەیەك دادەنرێت بۆ کلتور کرابێت ،لەلایەن زۆربەی زانایانی ئەم بوارەوە بە پێناسە بەناوبانگەکە ناوی دەرکردووە ،تایلەر لە ساڵی ١٨٨٧ولە کتێبێکیدا بەناوی کلتوری سەرەتایی(The Primitive Culture ) پێناسەی کردووە دەڵێت کلتور یان مەدەنیەت (شارستانیەت) بریتیە لەو گشتە ئاڵۆزەی کە زانیاری و بیروباوەڕو ئاکارو فەلسەفەو هونەرو هەموو ئەو توانایانەش دەگرێتەوە کە تاك لە کۆمەڵگەکەیدا وەریدەگرێت بەو پێیەی کە ئەندامە تیایدا) بەلاّم کۆمەڵناسی بەریتانی بەناوبانگ (ئەنتۆنی گیدنز)لە پێناسەی کلتوردا دەڵێت (بریتیە لەو کۆمەڵە بەهایەی کە ئەندامانی کۆمەڵگەیەك هەیانە ،بریتیە لە یاساو ڕێسایەك کە پەیڕەوی لێدەکەن وئەو کالاّ مادیانەی کە دروستی دەکەن ،بەهاکان خودین لە کاتێکدا یاساو ڕێساکان چاوەروان دەکرێن پەیرەویان بکەن و ئەندامانی کۆمەڵگەکە فێری دەبیٚ ونابیٚ دەگەن )دەبینین گیدنز لایەنی مادی ومەعنەوەیی لە چوارچێوەی کلتوردا پێکەوە کۆکردووەتەوەو تایلەریش لە پێناسەکەیدا (Culture) و(Civilization)ی لەیەك جیا نەکردووەتەوە ،واتە لە خودی زمانی ئینگلیزی ولە گرنگترین سەرچاوەکەیدا هێشتا تێکەلاّویەك هەیە لە نێوان چەمکەکانی (Culture) و (civilization ) کە یەکەم جار عەرەب و دواتر ئێمەی کورد ئەو چەمکانەی سەرەوەمان لێیانەوە وەرگرتووە ،هەندێك پێیان وایە لەبەرئەوەی مەدەنیەت بریتیە لە کۆمەڵێك خەسڵەت و سیمای پەیوەست بە لایەنی مادی و پراکتیکی ژیانی شارنشییناناوە بۆیە (Culture) یان (کلتور) لایەنە ڕۆشەنبیری و مەعنەویەکان دەگرێتەوە ئەوەی لە مارکسیەتدا پێی دەڵێن (سەرخان) واتە تایبەتمەندی شارستانیەت بە





بوارە مادی و کەرەستەییەکان و تایبەتمەندی کەلتور بە بوارە زانستی وڕۆشەنبیریەکان بوەتە هۆی نزیك بوونەوەی ووشەی کلتور لە ڕۆشنبیری ،لە زەینی بەشێکی زۆری خەڵکدا ،لە فەرهەنگە عەرەبیەکاندا ووشەی (Civilization) لە زمانی عەرەبیدا بە مانای (حچارە) (المدنیە)و (عمران) هاتووە , هەروەها ووشەی (Culture) هەندیٚ جار بە هەمان مانای (حچارە) وتمدن هەندیٚ جاریش بەمانەی (پقافە) یان (تهـڙیب) یان (تپقیف) هاتووە بەلاّم لە رووی ئیتمیلۆگیاو بنچینەو رەگی ووشەکەوە ووشەی (culture) لە ووشەی لاتینی (کەلتورا) (cultura) وەرگیراوەو ڕەگی ئەم ووشە لاتینیەش (Colere)یە بەمانای (گەشە)و بەعەرەبیش (نمو) بەمەبەستی (کێلاّنی زەوی) یان (حراپە) بەکارهاتووە بۆ گوزارشت کردن لە هونەری جوتیاری و گەشەکردنی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی لە زمانی لاتینیدا ،دواتر نووسەرانی فەرنسی وبە تایبەتی ڕوناکبیرانی سەردەمی شۆڕشی (١٧٨٩) ئەم چەمکەیان بۆ گەشەکردنی ئەقل و ژیری بەکارهێناو کلتور وەکو هێمای بیری نویٚ وهاوچەرخی دژی دەرەبەگایەتی بەکارهات ،دواتر ئەم چەمکە پەڕیەوە لای فەیلەسوفەکانی ئەڵمان و بە مانای گەشەکردنی بیرو ئەدەب بەکاریان هێنا ،کەچی عەرەبەکان لە وەرگێڕانی ووشەی ((Culture دوو چەمکیان بەکارهێناوە (حچارە) و (پقافە) ئەمەش زیاتر ئاوەکەی بۆ ئێمە لێلٚ کردووە چونکە ئێمەی کورد بەرلەوەی وەرگێرانی خۆمان بۆ چەمکە ئینگلیزیەکان هەبووبێت سەرچاوەی رۆشنبیری ئێمە سەرچاوە عەرەبیەکان بووە ولە وەرگێڕاندا (حچارە) مان کردووە بەشارستانی و(پقافە)مان کردووە بە رۆشنبیری ،بەلاّم دووای تێکەلاّوبوون ودەست گەیشتنی کورد بە بەرهەمی نوسراوی گەلانی ئەروپی هەوڵیاندا خۆیان لەو وەرگێڕانە دوو مانایەی عەرەب رزگار بکەن وبە ماناکانی ووشەی (Culture) دا بچنەوە بۆیە کەوتنە بەکارهێنانی ئەم ووشەیە لە رووی دەنگەوە تارادەیەك وەکو خۆی بەلاّم بە پیتی عەرەبی ولە شێوازی نوسینەکەشدا هێشتا ڕێك نەکەوتوون ووشەکانی (کولتور) , (کلتوور) , (کەلتور) چەندین شێوازی تریش بۆ نوسینی ئەم چەمکە لە سەرچاوە کوردیەکاندا دەبینین ،لێڵی و بشێویەکی تری بەکارهێنانی ووشەی کلتور ئەوەیە کە عەرەبەکان بەر لەوەی زاراوەی (Culture) کەلچەری ئینگلیزی وەرگێڕنە سەر زمانی عەرەبی خۆیانیش لە نووسینە کۆنەکاندا زاراوەکانی (تحچر) و(حچر)یان هەبوو بە مەبەستی جۆرێك لە جۆرەکانی نیشتجێبوون وئاکنجی بوون بەکاریان دەهێناو پێچەوانەی ژیانی



کۆچــەری و بــەداوە بــوو ، ئێمەش ووشەی (حچری) مان کــردە شارنــشینی کــە تــا رادەیەك لـە لای ئێمـە لەگـەڵ مەدەنیـەت نزیـك و هاومانـان کـــە بەرامبــــەر چــــەمکی (Urbanization)یــــان هەندێك جاربەرامبەر چەمکی ئینگلیزی (Civilization) بــەکارهاتووە ئــەمیش لــە بنەڕەتدا لـە ووشـەی لاتینـی (civis) بە مانای مەدەنیەت یــــان شارســــتانی یــــان شارنـشینی یـان لـە ووشـەی لاتینـی (civilis) بـە مانـای (کەسـی مـەدەنی) دێـت یـان کەسی شارنشین وەرگیراوە ,

کاتێك ژیانی مەدەنیانە لەناو خەڵکی شاردا دروست بووە بەهۆی کەڵەکەبوونی سامان و ئەزموون و تاقیکردنەوەی ژیانەوە کە تیایدا مرۆڤ کۆمەڵێك دەستکەوتی گرنگی بەدەست هێنا بۆیە مەدەنیەت جیایە لە بەشارنشینی بوون بەڵکو قۆناغێکە لە قۆناغەکانی گۆڕانی کۆمەڵ دەتوانین بە نموونەش شارەکانی خۆمان بێنینەوە کە(Urbanization) (تحچر)یان بەشاربوونیان هەیە لە رووی چری وقەبارەی دانیشتوان وورووبەر وجۆرێك لە جۆرەکانی بازاڕەوە ،بەلام (Urbanism)(حـچریە)یان نیە واتە لە رووی کلتورەوە خەڵکەکەی شارستانی نین یان شارنشینی بون کە پەیوەستە بە کلتورەوە لە شارەکانی ئێمەدا نیە .لە بارەی گۆشەنیگاو وچۆنیەتی تێڕوانینەوە بۆ کلتور ،دیسان روانگەی جیاواز





هەیە لە زانستە مرۆیی وکۆمەڵایەتیەکاندا ،لای هەندێك زانای کۆمەڵایەتی تەواوی ژیانی کۆمەڵایەتی وکۆرەفتارو راڤەو شرۆڤەی توخم ورەگەزەکانی شارستانیەتی کۆمەڵگەکانیش لە رێگەی تێگەیشتنمان لە کلتورەکەیانەوە دەکرێت ،بۆ توێژینەوە لە کۆمەڵگە لە روانگەی مرۆڤناسیەوە دەبێ لە کلتورەکەیەوە دەست پێ بکەین ،چونکە کلتور خاوەنی ئەو هێزە جەبریە ئامادەو داخراوەیە تاکەکانی کۆمەڵگە پەروەردەو ئاراستە دەکات وئاستی توانا وهەوڵوێست وکارایی وناکارایی هێزە کۆمەڵایەتیەکان دیاری دەکات ،لە ناو زانستە کۆمەڵایەتیەکاندا بە هەڵگرانی ئەم ئاراستە هزریە دەڵێن کلتورگەرا یان کلتورالیست بەلام لە روانگەیەکی ترەوە لە لای زانایانی کۆمەڵناسی ومرۆڤناسی کلتور ئەم گرنگی وهێزە بنچینەیی وئامادەیەی نیە بەڵکو کلتور خۆی بە پێی رەوتە سیاسی وکۆمەڵایەتی وئابوریە جیاجیاکان مانا وئەگەری راڤەکردنی جیاجیا وەردەگرێت ،چونکە کلتور ئامادەو داخراونیەو هەمیشە لە گۆڕان وتەواو بوون ودروست بوون ووەرگرتنی فۆرمێکی تردایە .لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین چەمکی کلتور هێشتا مانای تەواوی خۆی پێنەدراوە لە لای رۆشنبیر ونوسەرانی کورد و جێگەی خۆی نەگرتووە ،لە جیاتی ئەوەی رەهەندەکانی فراوانتر بن وهەموو لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵگە بگرنەوە لە هەندێك دابونەریت و بیروباوەڕی کۆندا کورت دەکرێتەوە وتایبەت دەکرێت بە لایەنی نێگەتیفی ژیانی کۆمەڵایەتی ،ئەمەش لە راستیدا دەگەڕێتەوە بۆ ئامادەنەبوونی (غیاب)ی کلتوری شارنشینی وتێنەگەیشتن وقوڵ نەبوونەوە لە پانتایی چەمکەکان .



د. فوئاد ڕەشید
بەشی کوردی – کۆلێژی پ.ز- بنیات
زانکۆی سەلاحەدین

# ئایدیۆلۆژیا
# لە گوتاری ڕەخنەی ئەدەبیدا

ئامادەبوون و نەبوونی ئایدیۆلۆژیا لە نێو گوتاری ڕەخنەی ئەدەبیدا بابەتێکی کێشەداری نێو میتۆدەکانی ڕەخنەی ئەدەبییە ، هەڵبەتە ئەمەش لەلایەک لە جۆری تێڕوانینیان بۆ خودی چەمکی ئایدیۆلۆژیا سەرچاوەی گرتووە و لە لایەکی دیکەشەوە پەیوەندە بە چۆنێتی بیرکردنەوەیان دەربارەی پێوەندی نێوان ئەدەب و ئایدیۆلۆژیا ، دواتر هەر لێرەیشەوە هەر میتۆدێك هەڵوێستی خۆی هەبووە لە بەرامبەر دەقی ئەدەبی و مامەڵەیەکی ڕەخنەیی تایبەتی لەگەڵ دەق کردووە .

بەشێوەیەکی گشتی ڕەخنەگران تا کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمیش گرنگییەکی زۆریان بە ڕەهەندی ئایدۆلۆژی و سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژییەکانی دەقی ئەدەبی داوە ، بە شێوەیەك گرنگیدانەکە پتر خودی کەسایەتی نووسەری گرتبووە – نەك کەسایەت دەقەکە





– ئەمەشیان لەو ڕوانگەیەوە کردووە ، کە دەق ڕەنگدانەوەی ئەم ڕەهەندانەیە و شیکردنەوەی ئەم ڕەهەندانەش ، دەقەکەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە و پتر پێی ئاشنا دەبین ، بەڵام زێدەڕۆییکردن لەم جۆرە گرنگیدانە ، فەرامۆشکردنی بنیاتی ئیستاتیکییانەی خودی دەقە ئەدەبیەکەی لێکەوتەوە . لەم چوارچێوەیەدا ( میخائیل باختین ) لە پێشەکی کتێبەکەی خۆیدا ( شیعرییەتی دیستۆڤسکی ) ڕوویەکی ئەم مەسەلەیەی بەدیارخستووە و کاتێك دەڵێت ( ئەو لێکۆڵینەوانەی لەسەر بەرهەمەکانی دیستۆڤسکی کراون ، پتر چەند بابەتێکی ئایدیۆلۆژییەتی گرتۆتەوە .. تا . بەشێوەیەك لایەنی هونەریی دەقەکانی فەرامۆشکراوە و ئەو ڕاستییە لە بیر کرا ، کە ( دیستۆڤسکی ) بەر لە هەموو شتێك هونەرمەندە ، نەك فەیلەسوف و هزرڤان ) ١ .

دیارە ئەم جۆرە مامەڵەکردنە لەگەڵ دەقی ئەدەبی ڕووبەڕووی ڕەخنە و گازاندەی چەند ڕەخنەگر و قوتابخانەیەکی ڕەخنەیی بووەوە ، لە سەرووی هەموویانیشەوە ، لایەنگرانی ( ڕەخنەی نوێ ) ئەمان ئەم گرنگیەیان بە ( ئایدیۆلۆژیا و سایکۆلۆژیا و سۆسیۆلۆژیا ) ی نووسەر بە ڕەخنەیەکی دەرەکییان لە قەڵەمدەدا ، بەو مانایەی ئەم ڕەهەند و هۆکارانە لە دەرەوەی جیهانی ئیستاتیکییانەی دەقەکەن . لەم گۆشە نیگایەوە باڵە جیاوازەکانی ڕەخنەی نوێ تەنها گرنگییان بە ڕەگەزە هونەرییەکانی دەق دەدا وەك ( زمان ، وێنە ، شێواز ، هونەری ڕەوانبێژی ) .

لە نێو میتۆدە ڕەخنەییەکاندا ( ڕەخنەی مارکسی ) پتر لە هەر میتۆد و ئاراستەیەك گرنگی بە دید و هزر و ڕەهەندی ئایدیۆلۆژیی دەقی ئەدەبی داوە . دیارە ڕەخنەی مارکسی لە سەر بنەمای فەلسەفەی مارکسیزم مامەڵەی لەگەڵ دەق کردووە . ئەگەرچی نە کارل مارکس ( ١٨١٨ – ١٨٨٣ ) ڕەخنەی ئەدەبی بووە و نە مارکسیزمیش سەرانسەر تیۆرێکی ئەدەبی بووە ، بۆ دارشتنی دیدێکی تایبەت بە هونەر و ئیستاتیکای ئەدەب ، بەڵام مارکسیزم لە ڕێگای لێکدانەوەیەکی گشتگیرییانەی سەرجەم دیاردەکانی نێو ( مێژوو ، جڤاك ، سروشت ) قسەی لە ئەدەب و هونەریش کردووە . ئەم قسەکردنەی مارکسیزم لە سەر بنچینەی یاسا و ڕیچساکانی ( مەتریالیزمی دیالکتیك ) و ( مەتریالیزمی مێژوویی ) ئەم دوو بنچینەش – بە بۆچوونی مارکسیزم – هەوڵێکی زانستیانەیە بۆ لێکدانەوەی ڕەهەندە جیاوازەکانی بوون و ژین . هەڵوێستی نووسەری دەق دەکات و ئەمەش گریچدەداتە ململانێی چینایەتییەوە . لێرەوە مارکسیزم پتر لە بازنەیەکی ئایدیۆلۆژیدا دەخولێتەوە .

ئەگەرچی لە ڕووی تیۆرییەوە هەندێچ لە ڕەخنـەگران و تیۆریزەكـارانی ڕەخنـەی ماركسی ئاماژەیان بە گرنگیی فۆرم و ناوەڕۆكی دەق كردووە و ئەوەیان ڕوونكردۆتەوە كە پێویـستە بونیادی هونەریش فەرامۆش نەكرێت ، بەڵام لە ڕووی ڕەخنەی پراكتیكییەوە ماركسیزم پتر سەرقاڵچی ئایدیۆلۆژیا بووە . تەنها بۆ نموونە تەماشای ئەو وتارانە بكەین كە ( لیـنین ) لـە سەر ( تۆڵستۆی ) نووسوە ، تیبینی دەكەین بە ناونیشان و نـاو . ڕۆكـەوە پـتر لـە بازنـەی هزر و دیدی ئایدیۆلۆژیدا دەخولێتەوە ، بایەخی بە بونیادی ئیستاتیكی نەداوە .

لە نێـوان دوو هەڵوێچـستی ڕەخنـەیی جیـاوازەوە ، یـەكێكیان تـەنها دەق بـە ( گەمەیـەكی زمانەوانی ) دەزانێت ، بۆیە هەر سەرقاڵچی لایەنەزمانەوانییـەكانی دەبـێـچت . ئەویتریـشیان دەق تەنها بە ( هزر و ئایدیۆلۆژیا ) دەزانێت ، بۆیە هەر خەریكی ئەم ڕەهەندانە دەبێت . لە نێوانی ئەم هەڵوێستەدا دەكرێ بڵێین :

١– ئەگەر مەبەست لە چەقی ئایدیۆلۆژیا هەر هزر و دید و ڕوانینێك بێت لە بەرامبەر ژیاندا ، ئەوا دەق نییە خاڵیی بێت لەم جۆرە ڕوانینە .

٢ – كەواتــە دەكــرێ هــزر و دیــد ڕەهەنــدێكی پێكهاتــەی دەق بێــت ، ئەمــەش لــەو سۆنگەیەشەوە كـە مـرۆڤ بوونـەوەرێكی ( نووسـەر ) فـرە ڕەهەنـدە و دەقـیش – كـە مـرۆڤ نووسەرەكەیەتی – جۆرێك لە فرە ڕەهەندی بە خۆوە دەگرێت .

٣ – كەواتە باسكردنی هزر و ئایدیۆلۆژیا لە نێـو گوتـاری ڕەخنەییـدا ، كـارێكی نازانـستی و ناڕەخنەیی نییە . پێم وایە لە ئاست ئەم كێشەیەدا پرسیار ئەوە نییە : ئەرێ ئایدیۆلۆژیا لە كاری ڕەخنەییدا هەبێت یان نەبێت ؟؟ بەڵكو باشتروایە ڕەخنەگر لە ئاست ئەم مەسـەلەیەدا ئاگاداری ( چۆنێتی ) و ( چەندایەتی ) ئامادەبوونی ئایدیۆلۆژیا بێت لە گوتاری ڕەخنەییدا . مەبەسـت لـە ( چـۆنێتی )باسـكردنی ئایـدیۆلۆژی بەشـێوەیەك بێـت لـە هـەناوی تێكستەوە سەرچاوەی وەرگرتبێت . بۆ ( چەندایەتی ) یەكەش مەبەست ئەوەیە ، هێندەی باس بكـات لە خزمەتی كارە ڕەخنەییەكەدا بێت و نەبێتە مایـەی فەرامۆشـكردنی بونیـادی ئیـستاتیكی دەقە ئەدەبییەكە . خودی ڕەخنەگریش دەتوانێت بابەتیانەو هاوسەنگانە دیدی ئایدیۆلۆژی خۆی دەربڕێت ، بە شێوەیەك لە هەر دوو ئاستی هونـەریی و هـزری دەقەكـە شـیكردنەوە و بڕیاری خۆی هەبێت ، بە مەرجێك بە تەنها هزری خـۆی پێـوەری هەڵـسەنگاندنی نـەبێت بـۆ هەر دوو ئاستی دەقە ئەدەبییەكە #.





**پەراوێزەكان :**

**١– میخائیل باختین ، قضایا الفن الابداعی لدی دیستوفسكی ، ت و جمیل نصیف التكریتی ، ص٦ .**

**٢ – بڕوانە : لینین : لینین ، مقالات حول تولستوی ، دار التقدم ، موسكو .**

**# بۆ زیاتر ڕوونبوونەوەی ئەم لایەنە بڕوانە : محمد البستانی ، فی النظریة النقدیة ، ل ١٤١–١٤٢ .**



حەمەکەریم عارف

# ئەدەبیاتی منداڵان و نەوجەوانان

"١"

بــەو بەرهەمانــە دەوتــرێ کــە بــۆ ســەرگەرمی وفێربــوونی منــداڵان ومێرمنــداڵان دەنووسرێن.دیارە ئەم بابەتە بەرهەمە دەبێ لە رووی زمان وگوزارشـت و تیمـەو نێـوەرۆك و بابەتەوە دەگەڵ قۆناغە جیاوازەکانی تەمەنی منـداڵ ومێرمنداڵدا بگونجێت.ئەگـەر هەنـدێ ورد سـەرنج بـدەین دەبیـنین بەشـێکی فـرەی ئـەدەبیاتی جیهـان ئـەو تایبەتمەندیانـەیان تێدایـە.ولـە نـاو دنیـای ئەدەبیاتـدا، زیـاتر ئـەو بەرهەمـە فۆلکلـۆری وئەفـسانەیی و نـەقڵ وحیکایەت و چیرۆکە خەیاڵی و پڕ لە ڕیسك وسەرکێـشی وسـەیرو عەنتیکانـەی کـە هەسـتی فزوڵیەت وکونجکاوی دەهاڕوژێنن،لە جـەم منـداڵ ومێردمنـداڵان پەسـندن.ئەگـەر تەمەشـای مێژووی تیرەی بەشەر بکەین دەبیـنین لـە دێـر زەمانـەوە، کـەم وزۆر بایـەخ بـە ئـەدەبیاتی منداڵان ومێردمنداڵان دراوە.ودەکرێت مێژووی ئەم ئەدەبیاتە بەسـەر چـوار فۆناغـدا دابـەش بکرێت:قۆناغی کۆن، قۆناغی سەدەکانی ناڤین،قۆناغی داهێنانی چاپ وچاپکاری تا سەدەی





نۆزدە،قۆناغی تازە لە سەدەی نۆزدەوە تا ئیـستا.کۆنترین بەرهـەم بۆ منداڵان،چـیرۆکێکی کۆنی میسریە بە ناونیـشانی (کەشـتیوانی کەشـتی شـکاو)کـە دەگەڕێتـەوە بـۆ دەوروبـەری ساڵی ٢٥٠٠پ.ز، گوایە لە روسیادا پارێزراوە.ئەمـە نموونەیەکـە لـە چـیرۆکی میـسری کۆن، وەکـو بـاس دەکرێـت لــە چـیرۆکی رۆبنـسن کـرۆزۆ دەچـێت.پاشـان یۆنـانی وئێرانـی و هیندیەکانیش لەم بوارەدا خۆیان تاقیکردووەتەوە. ئەمە بە باشی لەو کاراکتەر ودیمەنانـەدا کـە هۆمـەر دایهێنـاون بـەدی دەکرێـت، هـەروەها لـەو فابیلانـەی(چـیرۆکی گیانلەبـەران)کـە دراونەتە پاڵ ئیزۆپ،کە سەرچاوەی زۆربەیان ئەدەبیاتی کۆنی میـسریە..ئیـدی ئـەدەبیاتی منــاڵو مێردمنــداڵانیش بــە گــوێرەی قۆنــاغ وســەردەمان،بوژانەوەو قاتوقڕی،بــەخۆوە دیتووە..ئیدی کە هونەری چاپ و چـاپکاری لـە دەوروبـەری ١٤٣٦دا داهێنـرا، بـووە مایـەی بڵاوبوونەوەی ئەدەبیاتی هەر وڵاتێك لـە وڵاتـانی تردا،ولـەم رێگەیـەوە ئـەوە ئاشـکرابوو کـە گەلێك لەو تیمەو نێوەرۆکە فۆلکلۆریانەی لـە ئـەدەبیاتی منداڵانـدا بـەکار هاتوون،یـەك ڕەگ وریــشەیان هەبووە،وتــەنیا گێڕانــەوەکانیان جیــاواز بــووە..بەهــەرحاڵ لــە هــەرقۆناغ وســەردەمێکدا خــەڵکانێك هــەبوون لــە مەیـدانی ئـەدەبیاتی منـداڵ ونەوجەوانانـدا کـاری شایستەیان کردووەو جێدەستیان دیاربووە.لە سەدەی نۆزدەوە کتێبانی وێنەدار، رەونەق و رەواجی باشی پەیداکردو ئەمە گوڕو تەکانێکی باشـی بـە ئـەدەبیاتی منـداڵان بەخـشی و تـا ئیـستاش بەردەوامـە..لێـرەدا تـەنیا بـۆ نموونـە نێـوی بڕێـك لـەو نووسـەرانە دەبـەین کـە راستەوخۆ لـە مەیـدانی ئـەدەبیاتی منـداڵان و نەوجەوانانـدا کـاری باشـیان کـردووە یـان لـە بەرهەمەکانی ئەوانەوە، ئەدەبیاتی منداڵان هەڵێنجراوەو ئامادەکراوە، لەوانە:

سێرڤانتس،لافۆنتین،دیڤۆ،سویفت،ئاروینڤ،ئەندرسن،م.ئالکت،ر.ل.ستیونسن،م.توین،ر.کـپلینگ،س.لاگرلۆف..

ئەو بەرهەمە رۆژهەلاتیانەش کە چیرۆك و بەرهـەمی منـداڵانیان لێـوە هـەڵێنجراوە دەکرێـت نێوی کلیلەودمنە، هەزارو یەك شەوە، توتی نامە،چل توتی، مشك و پـشیلە، شـانامە...هتـد ببرێت

هەڵبەتە کورد بەداخەوە لەم بوارەشدا هەر قڕەی میللەتانەو هێشتا لـە دوای دواوەیـەو زۆر لە کاروان بە جێماوە..بەڵام بەم حاڵەشەوە سووکە هەوڵی خۆی هەیـە، خـەڵکانێکی دڵـسۆز لەقـەد توانـای خـۆ هـەوڵێکیان داوە کـە جێگـەی رێـزو دەستخۆشـیە وئەگـەر بمانـەوێ و بەرنامەمان هەبێت رەنگە بتوانین لە رۆژگاری ئەمڕۆدا،کە لەسایەی گلۆبالیزمدا،دنیا بووە بە

گوندێکی چکۆلە، ڕێگاکان قەدبڕبکەین و بۆشاییەکان زووتر پڕبکەینەوە..بەهەرحاڵ ئەوەی بە ئەدەبیات دەوترێ ودەگەیەنرێت ونیشاندەدرێت، بەکایە ڕۆشنبیری و ئەبستمۆلۆجیەکانی تر ناوترێت،ئەگەر بشوترێ ئەدەبیانەو ئەدیبانە ناوترێ.مرۆڤ لە ڕێگەی ئەدەبیاتەوە هەم مرۆڤ دەناسێت و هەم زمانی مرۆڤ دەناسێت،واتە ئەدەبیات لە ڕێگەی زمانێکی هونەریی بالأوە مامەڵە لە تەك تەبع و تەبیعەتی مرۆڤدا دەکات،ساتە مرۆڤانیە زندووەکان دەهونەرێنێ وبەرجەستە دەکات،دەکەوێتە توێکاری و شیکاری سایکۆلۆجی و سۆسیۆلۆجی مرۆڤ، هەوڵدەدات هەموو رازو ڕەمزەکانی هونەریانە کەشف بکات..واتە دۆزی سەرەکی ئەدەبیات مرۆڤ وئازادی مرۆڤە..بۆیە دەگەڵ خوێندنەوەی جدی هەر دەقێکی ئەدەبی ڕەسەندا،بە نهێنییەکی تازەی ناخ و دەروونی ئینسان ئاشنا دەبین،وئەفسوونی تەکنیك و وردەکاریەکانی زمان دەبین،کە داهێنانێکی مرۆڤانی هێندە گەورەیە، دەتوانین بڵێین هیچ شتێك لە دەرەوەی زماندا نیە.وزمان ئەو داهێنانەیە کە مرۆڤ دەتوانێت لە ڕێگەیەوە هەم خۆی بناسێنێ و بسەلمێنێ،هەم دیاردەکانی دیکەش بناسێت و پتر ئاشنایان ببێت. ئەدەبیات دەتوانێت قولأیی زەین و دڵ ودەروون ونیهادی بنیادەم فەتح و کەشف بکات وهەست وسۆزەکانی بەرجەستە بکات.ئەدەبیات چرایەکی ئەفسووناوی یەجگار کاریگەرو بەشەوق و پڕشنگدارە،وتیشك بۆ دوورترین وتاریکترین گۆشەی پەنهان و کەناری نادیاری جیهانی بەرین و بێ مەرزو سنووری دەروون و ناخی بنیادەم دەهاوێت.دەقی ئەدەبی ، بە تایبەتی چیرۆك،بەزەبری خەیاڵ خۆی بە کون و کەلەبەرو پەناو پەسێوی هێندە قوڵ ونهێنی نیهادی مرۆڤدا دەکات، کە هیچ هونەرو زانستێکی دیکە ناتوانێت بیگاتێ..زمان یەکێکە لە داهێنانە هەرە گەورەکانی بەشەرو بە درێژایی مێژووی بەشەر خزمەتی کردووەو خزمەتکراوە، پوختەکراوە، مشت ومالٚ دراوە،تا هەم دنیای بەرینی دەرەکی باشتر بنوێنێ وبناسێنێ و هەم دنیای ئالۆزی دەروون ونیهاد باشتر وێنە بگرێت و بەرجەستە بکات..ئەدەبیات یەکێك بووە لە فاکتەرە هەرە گرینگەکانی پوختەکردن و خەملأندن وکاراکردن و چالاکاندنی زمان.ئەگەر زمان بۆ زانستەکانی دی کەرەستەیەکی خاو بێت و هۆیەك بێت لە هۆیەکانی تێگەییشتن و تێگەیاندن، ئەوا بۆ ئەدەبیات هەوێن و ماکی هەرە زندووە،وشێوەو جوڵە بە گشت وێنە دیارەکان و خەیاڵە پەنهانەکان دەبەخشێت..یانی ئەدەبیات دەکاتە مامەڵەیەکی یەجگار هونەریانە دەگەڵ خودی زماندا،واتە بەرهەمهێنانەوەیەکی هونەریانەی زمانە..لێرەوە ئەوە دەردەکەوێت کە







ئەدەبیات بۆ نەوجەوانان یەجگار پێویستە..بە تایبەتی چیرۆك کە ئاوێتەیەکە لە فانتازیاو واقیع، لە حەقیقەت و خەیاڵ، ڕێك پڕ بە پێستی واقیعی تەمەن و تەبیعەتی نەولاوان و لاوانە،کە تەمەنێکی دەڵەمەی نەمەیوی ئاوێتەیە لە واقیع وخەیاڵ.جا ئەدەبیات وەکو ئەوزارێك کە هەردوو جیهانی واقیع و خەیاڵ بە وردی دەخاتە روو وبە روونی دەناسێنێت وبەرجەستە دەکات،یەکێکە لەو خۆراکە واقیعی و ڕۆحیانەی نابێت منداڵاٚن بە گشتی و نەولاوان و لاوانی لێ مەحرووم وبێبەش بکرێت.هەڵبەتە دەبێت ئەوەش بگوترێت کە خوێندنەوەوبایەخدان بە کتێبان بە زۆری لە قۆناغی نەوجەوانی و سەرەتای لاویەوە دەست پێدەکات وئەم قۆناغە نەك هەر لە دیاریکردنی دوا شێوەی ژیانی تاکدا، بەڵکو لە دیاریکردنی ڕێگەو ڕەوشی ژیانی ئایندەشدا دەوری گرینگ و سەرەکی دەبینێت..کەچی لە وڵاتی ئێمەدا وەکو پێشتریش ئاماژەم کردێ، بایەخێکی ئەوتۆ بە کتێبانی تایبەت بە نەولاو ولاوان نەدراوە،جا لەو گۆشەنیگایەوە کە منداڵ بە گشتی و نەوجەوانان بە تایبەتی ئاوێنەی کۆمەڵن،هەرچەند سەیری ئەم ئاوێنەیە بکەیت و بیر لە کۆمەڵگەی داهاتووی کورد بکەیتەوە بە داخەوە تەنیا وێنەیەکی تەڵخ و لێڵ و تاریك دەبینرێت....

تێبینی:بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

*–برنوبتلهایم/کودکان به قصه نیاز دارند(کاربردهای افسون) مترجم:کمال بهروزکیا/چاپ اول ١٣٨٤

*–دایره المعارف فارسی/به سرپرستی:غلامحسین مصاحب/جلد اول/چاپ پنجم/١٣٨٧ ص٧٢

*– ناودارانی ئەدەب/ئا:حەمەکەریم عارف/چ١/٢٠٠٩/دەزگای موکریانی



## هاینریش بۆڵ

# خاڵە فرێد

و: حوسێن عەلی

خاڵە فرێد تەنیا مرۆڤە کە یادەوەرییەکانی ساڵانی دوای (١٩٤٥)م لا سانا دەکات.

پاش نیوەڕۆی هاوین گەڕایەوەو جلێکی سادەی پۆشی، تەنیا قوتویەکی پلێتی نەبێت کە بە پەتێك کرد بۆیە ملی هیچی تری پێ نەبوو. هەروەك پاشماوەی سیگارە بێ بایەخەکانی زۆر بەچاودێرییەوە لەناو قوتویەکی بچکۆلەدا هەڵیگرتبوون وەکو باریان قورس کردبێ زۆر بەگرانی بەرێوە دەڕۆیشت. دایکمی لە ئامێز گرت، من و خوشکەکەمی ماچ کرد، ئینجا بەپەلە قسەی کرد: "نان، خەوتن، نووستن"، لەسەر "قەنەفە" تەختەکە ڕاکشا. ئێستاش وێنەکەی وەك ئادەمیزادێك باڵای زۆر لە تەختەکەمان درێژتر بێت لەبەر چاومە. ئەمەش





زۆری بۆ دەهێنا هەردوو لاقی بنوشتێنێتەوە، یاخود وەکو خۆیان بیانهێڵێتەوە — بەئاسانی— بە هەڵواسراوی لە هەوادا، هەروەها بارەکە پاڵیان پێوەنا کە قسەکانی بە توڕەییەوە دەربارەی بنەی باپیرانمان دەربڕێت کە زۆر قەرزاری چاکەیانین لە هەڵبژاردنی وەك ئەو پارچە بیتاکە بەنرخانە. ناوی وەکو "بۆگەنە شێواوەکانی" لەو نەوە چاکە دەنا، ئینجا تووڕە بوون و ڕسوایی بەسەردا دەرشتن بەهۆی ئەو قوماشە سوور و تونەی کە تەختەکەی دەپۆشی. بەڵام ئەمەش بەهیچ شێوەیەك ڕێی لێنەدەگرت زۆر بەقوڵی بخەوێت و ئیتر وەخەبەر نەیەت.. بەڵام من ئەوکات — لە تەمەنی چواردە ساڵیدا بووم و بە کارێکی زۆر ئاڵۆز کە هیچ کەسێکی ئەندامانی خێزانەکەم ڕشکی لێنەدەکردم و بەڕۆڵی تەنیا هۆی پەیوەندی نێوانمان و ئەو دەزگا گەورەیەی کە ناوی بازاڕی ڕەشمان لێنا بوو هەڵدەستام. باوکم لە جەنگدا مرد، و مووچەی دایکم زۆر لاواز بوو، بەم جۆرە لەسەرم بوو هەموو ڕۆژێك پارچەیەکی بچووك لەو داراییانەی کە توانیمان ڕزگاریان بکەین یاخود بەرامبەر نان و خەڵوز و توتن بیانگۆڕینەوە و بفرۆشم. ئەوکات خەڵوز هۆیەك بوو بۆ سەرپێچییەك لەڕادەبەدەر بۆ چەمکی خاوەندارێتی، ئەو سەرپێچییەی ئەمڕۆ ناوی وشەیەك بێ بەزەیی لێدەنێن، کە ئەویش: دزیە.

بەم شێوەیە هەموو ڕۆژێك یان بۆ دزی یان بۆ فرۆشتن دەچوومە دەرەوە، سەرەڕای ئەوەی دایکم —لە پێویستی ئەو کارە ناشیرینە دزێوە تێدەگەیشت بەیانیان کاتێك بۆ ئەنجامدانی کارە ئاڵۆزەکە چووم بەچاوی پڕ لە فرمێسکەوە نیگای ئاراستە کردم— سەرینێکم بە نانێك گۆڕییەوە، فنجانێکی شوێنەواری بەرامبەر هەندێ ساوەر، یاخود سێ بەش لە دانراوەکانیگۆستاف فرایتاغ بەرامبەر پەنجا گرام قاوە —کارەکان هەرچەندە بەشێوەی سەرگەرمیی وەرزشکارێك پێیان هەڵدەستام، بەڵام من لە هەستکردن بەتوڕەیی و ترس ڕزگار نەدەبووم. چەمکی بەهاکان— گەورەکان لەو ڕۆژانەدا بەم شێوەیە ناویان لێنا— لە شوێنی خۆی لەق بوونێکی گەورە لەق بوو، لەبەر ئەوەی دەست ناپاکی زۆرجار دەوروخولی دەدام، چونکە نرخی ئەو شتانەی من بۆ فرۆشتن پیشانم دەدا هەمیشە لەگەڵ ئەو نرخانەدا پڕاوپڕ نەبوو کە دایکم بەشیاوی دەزانی. ئای چ کارێکی تاڵ و سەختە بکەوێتە نێوان دوو

جیهانی جیاواز لە بەهادا.. بەڵام وادیارە ئێستا لەیەك نزیك دەبینەوە.

گەیشتنی خاڵە فرێد پەرۆشی بۆ دەستی پیاوێکی بەهێز بۆ یارمەتیدانمان لە هەمووماندا وەخەبەر هێنا، بەڵام هەرزوو نائومێدی کردین. بەهۆی پەرۆشیی بۆ خواردن هەر لە رۆژانی یەکەمەوە خەمێکی گەورە دایگرتم، لە کاتێکدا دوودڵ نەبووم لەم بارەیەوە قسە لەگەڵ دایکم بکەم، تکای لێکردم هەندێ کاتی پێبدەم تاوەکو دەگەڕێتەوە سەرخۆی خاڵم تا گەڕایەوە سەرخۆی نزیکەی هەشت هەفتەی پێویست بوو. سەرەڕای هەموو ئەو نەفرەتانەی کە لە بچوکی تەختەکەی دەکرد، بەنوستنی لە سەری شاد دەبوو و ڕۆژگاری بە خەوتوویی بەسەر دەبرد، یاخود بەدەنگێکی پڕ لە چەرمەسەری سەرقاڵی راڤەکردنی ئەو بارەی بۆ دەکردین کە لە کاتی خەوتندا حەزی لێیەتی.

بڕوام وایە ئەوکات باری پێش ڕاکردن بەسەر هەموو بارەکانی تریشدا زاڵ دەبێت. دەبوو پاش نانخواردن لەسەر پشت پاڵکەوتایە، هەردوو لاقی کۆبکردایەتەوە و زۆر بەچێژەوە پارچەیەکی نانی گەورەی هەڵدەلووشی، ئینجا دوای ئەوە سیگارێك بۆخۆی دەپێچێتەوە و بۆ چاوەڕێی نانی شێوان بەقووڵی دەنوێت، خاڵم باڵا بەرز و ڕەنگ پەڕیو بوو، جێ برینێك لە شێوە تاجە گوڵینە لەسەر چەناگەی بوو، ڕوخساری کرد بووە شێوەی هەیکەلێکی مەڕمەڕی. سەرەڕای ئەوەی تامەزرۆی و پێویستی بۆ خەو هەر سەرچاوەی نا ئارامیم بوون من خاڵم زۆر زۆر خۆش دەویست. بێ ئەوەی شەرمان ببێت خاڵم تەنیا ئادەمیزادێك بوو بەلای کەمەوە مشتومڕی دەربارەی بازاڕی ڕەشی لەگەڵدا بکەم. وادیار بوو کە ئەو ئاگاداری ئەو جیاوازییەی بەهای هەردوو جیهانەکە هەبوو.

بۆ پێداگرتنمان لەسەر ئەوەی باسی جەنگمان بۆ بکات خۆی نەدەدا بەدەستەوەو خۆی وا پێشان دا کە شایەنی ئەوە نییە. تەنیا شتێك کە وەختە ناوەختێك باسی لێوە دەکرد ئەو پشکنینە پزیشکیە بوو کە بۆ لێهاتوویی پزیشکی بوو، زۆربەی تەنیا ئەو فەرمانە بوو کە ئادەمیزادێك دەریدەکرد کە جلی سەربازی دەپۆشی، ئەوەش ئەوەبوو میز بکاتە لوولەیەکی شوشەییەوە، ئەوەش کارێك نەبوو بەخێرایی بۆی جێبەجێ بکرێت، بەو شێوەیە و هەر لە سەرەتاوە بەدبەختی باڵی بەسەر دواڕۆژی سەربازیدا کێشا. بیانووی ئەوەبوو کە گوێپێدانی





یەکجار زۆر بە میزەکەی لەلایەن "رایخی ئەڵمانیە"وە پڕ گومانێکی ترسناکی کرد، ئینجا گومانەکان لە ماوەی شەش ساڵانی جەنگدا بەشێوەیەك کە جێی نائارامی بوو بەڵگە نەویست بوون.

پێش جەنگ ژمێریار بوو، پاش بەسەرچوونی یەکەم چوار هەفتە لەسەر تەختەکەمان، دایکم بە نەرم و نیانی خوشکێك داوای لێکرد هەواڵی کۆمپانیا کۆنەکەی پرسیار بکات. خاڵم زۆر بە نەرم و نیانی ئەم داوایەی لەمن کرد. هەموو ئەوەی توانیم ئەوەبوو گەیشتمە کۆمەڵێك لە داروبەرد و کە بەرزییەکەی نزیکەی هەشتا مەتر بوو و بەردی بەسەر بەردەوە نەمابوو، پاش پێوانەیەکی پڕ لە شەکەتی کە کاتژمێرێکی خایاند لە یەکێك لە گەڕەکەکانی شارە وێران کراوەکەدا دۆزیمەوە.

خاڵە فرێد ئاکامی پشکنینەکەمی بەدڵنیاییەکی تەواوەوە وەرگرت و پاڵی دایەوە، سیگارێکی بۆخۆی پێچایەوە، سەرکەوتووانە هێمای بۆ دایکم کرد، تکای لێکرد بۆ شتەکانی بگەڕێت. لە یەکێك لە سووچەکانی ژووری نووستنماندا سندوقێکی لێبوو زۆر بەتوند و تۆڵی بەبزمار داخرابوو، بەچەکوش و گیرەی دەستی، بە چاوەڕوانییەکی زۆرەوە کردمانەوە. هەموو ئەوەی تێدا بوو (٢٠) ڕۆمانی قەوارە و ڕێژە مامناوەندی، کاتژمێرێکی ڕەنگ زێڕینی خۆڵ دایپۆشیبوو، بەڵام کاری دەکرد، دوو پانتۆڵ هەڵگر، پەڕاو، بڕوانامەی دیبلۆم لە ژووری بازرگانی دەرچووە، دەفتەرێکی پاشەکەوت کردن کە ١٢٠٠ مارکی تێدا تۆمار کرابوو. دەفتەرەکەیان دامێ بۆ ئەوەی پارەکە بێنم و شتەکانی تریش بفرۆشم، بە بڕوانامەی دیبلۆمی ژووری بازرگانیەکەوە کەسێ نەبوو بیکڕێ، چونکە ناوی خاڵە فرێدم بە مەرەکەبی ڕەش نووسرابوو. بەم جۆرە بۆ ماوەی چوار هەفتە لە هەموو خەمێکی دەستکەوتنی نان و توتن و خەڵوز حەواینەوە و ئەمەش کارێك بوو باری منی زۆر سووك کرد، بەتایبەتی قوتابخانەکان سەرلەنوێ دەرگەیان واڵا کردەوە و بانگەوازیان بۆ قوتابیان دەکرد کە پەیوەندی بکەنەوە، بۆیە داوایان لێکردم خوێندنەکەم تەواو بکەم. تا ئەمڕۆش هەر بەردەوامم– هەرچەندە ماوەیەکی خوێندنم تەواو کردووە– یادەوەری وردم دەربارەی ئەو شۆربایەی کە دابەشیان دەکرد هەڵگرتووە. بەتایبەتی ئێمە ئەم ژەمەمان بێ هیچ

هیلاکیەك شایەنی باس بێت دەست دەکەوت، ئەمەش کەش و هەوایەکی دڵخۆشکەری سەردەمی بەسەر قۆناغی خوێندنەکەدا دەبەخشی. بەڵام گەورەترین ڕووداو لەو ماوەیەدا خاڵم پاش بەسەرچوونی هەشت هەفتە لە گەڕانەوە بەختیارەکەی بۆ نیشتمان ئەو دەستپێشخەرییە بوو کە پێی هەڵسا. لە بەرەبەیانی دوارۆژی هاوین خاڵم لەسەر تەختەکە هەڵسا و بەشێوەیەك سەرقاڵی ڕیش تاشین بوو کە تووشی ترسی کردین، ئینجا داوای پۆشاکی پاکی کرد و دوو پێیەکەی لە من خواست و لە چاو ون بوو. گەڕانەوەی شەویشی قیژە و ژاوەژاوێکی تۆقێنەر و بۆنێکی بەهێزی شەرابی لەگەڵ بوو- بۆنەکەی لە دەمی خاڵمەوە دەهات، بەڵام ژاوەژاوەکە لەنێو ئەو دەستە سەتڵە تەنەکەیەوە دەهات کە پێکەوەی بەستبوون. هەتا سوور بوونیمان نەزانی کە دەیەوێ بازرگانی گوڵ لە شارە وێرانەکەدا دووبارە زیندوو بکاتەوە سەرسووڕمانمان نەبووە هەڵم. دایکم- کە بەرامبەر جیهانی بەهای نوێ پڕ گومان بوو- هێرشی کردە سەر پرۆژەکە بەبیانووی ئەوەی کە هیچ پێویستییەك بەکوڵ نییە. بەڵام هەڵەی کرد. بەیانییەك کە شایەنی باس کردن بوو، کاتێك کە خاڵم لە هەڵگرتنی سەتڵە پڕ لە گوڵە سوورەکان بۆ وێستگەی "ترام" یارمەتی داین چونکە لەوێ دەستی بە بازرگانیەکەی کرد، تا ئەمڕۆش هێشتا دیمەنی گوڵە دالیای زەرد و سوور و گوڵە مێخەکی شەونم لێ بارییووم لە بیردا پاراستووە. هەرگیز ئەوە لەیاد ناکەم کە چۆن خاڵم لەنێو ڕەنگە خۆڵەمێشی و کۆمەڵە پاشماوەکان بەدیمەنێکی نایاب و قەشەنگ دەرکەوت، ئینجا بەدەنگێکی زایەڵەدار هاواری بۆ گوڵەکانی کرد.

پێویستم بەوە نییە باس لە گەشەکردنی بازرگانیەکەی بکەم: قازانجێکی خەیاڵی هێنایە دی. خەریك بوو چوار هەفتەی بەسەردا تێپەڕێ، بووە خاوەن سێ دەستە سەتڵی تەنەکە، ئینجا بووە خاوەنی دوو لق، دوای تێپەڕ بوونی مانگێك بووە یەکێك لە خاوەن سەرمایە و باجی بە دەزگای باج دەدا. وام بۆ دەرکەوت کە ڕوخساری شارەکە بەتەواوی گۆڕاوە. کۆشکی گوڵ دەستی کرد بە رامالینی قوڕنە و گۆشەکان، لە توانادا نەبوو هەموو داواکاریەکان جێبەجێ بکرێن. ژمارەی ئەو سەتڵانەی خاڵم کڕینی زیادی کرد، هەروەها کۆشك و عارەبانەی دارەکە داوای لە دارتاشەکان دەکرد بۆی دروست بکەن.

بەهەرحاڵ خاڵم تەنیا هەر گوڵی سوورمان پێشکەش ناکات، بەڵکو نان و خەڵوزیش، توانیم





کە لە چالاکی لایەنداری بوەستم، ئەمەش کارێك بوو زۆر لە ڕەوەشت و خووی بەرزمدا بەشداری کرد. لە ماوەیەکی زۆرەوە بارودۆخی خاڵە فرێد جێگیر بوو. لە گەشەسەندندان، خاوەنی ئۆتۆمبێلەکە، منیش هەر چاوەڕوانم، لەبەر ئەوەی داوایان لێکردم ئابووری بخوێنم تاوەکو بتوانم پێش ئەوەی میراتییەکە بۆ من بگوێزرێتەوە- ڕای باج پێشکەش بە کۆمپانیاکە بکەم.

کەچی ئەمڕۆ دەبینم ئادەمیزادێکی کەتەیە و لە پشت سوکانی ئۆتۆمبیلە سوورەکەیەوە دادەنیشێ، هەست بەشتێکی زۆر سەیر دەکەم کە کاتێك لە ژیانمدا تامەزرۆیی بۆ خواردن دەبووە هۆی خەوزڕان و بێخەویم.

**سەرچاوە:**

**کتێبی "وكان مساء" نووسینی هاینرش بۆڵ سمیر جرجیس کردوویەتی بە عەرەبی.**



## نازك مەلایكە 1923 - 2007

# ژنێکی سەردەمیانە لەسەردەمی نەبوونی ژندا

### بانگەوازێك بۆ كامەرانی

ئەی تەمتومانی بۆنخۆشی رەنگرێژ ..
ئەی سیمای جوانی بێ سنوور ..
ئەی بەچێژترین بۆنی پەخشان بەلێوارەکانەوە
کە بوون درکی پێ ناکات .
تۆ لەکوێی ؟!
لەشەبەنگی ئەو هەورانەدای
کە دەستی خەیاڵیان ناگاتێ،
یان لە زەریای بێ پایانی ئەستێرەکاندا ..
چۆن بەلەمێک سوجدە بۆ ئەندێشە ببات
سنگی فەزا دەبڕێت .



عەبدولرەحیم سەرەڕۆ





ژنی ئەمرۆی جەنجاڵ بە ژیان و لێوانلێو لە بەرپرسیارێتی، هەڵپەکەر لەنێوان هەردوو جەمسەری ئازادی و کۆیلایەتی، کامەران بەبوون و ناشاد بەپەراوێزخستن و وونبووی ناو تارماییەکانی پیاوسالاری و کولتوورو چەندین رێسای دەقبەستووی بێ بنەماو ناتەواو. بەڵام بەهرەمەندیی ئەوسیحرەی گوێناداتە رەگەز و چین و هیچ یەك لەجیاوازیەکان و بەهەموو مرۆیەتی دەڵێت من هەم و پێویستیم بە هەستێکی مرۆیی ناسکە تاباوەشم بۆبکاتەوە.

لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ۲۰۰۷دا نازك مەلایکەی ژنە شاعیری عێراقی لە تەمەنی (٨٤)ساڵیداو پاش ململانێیەکی زۆر لەگەڵ نەخۆشی شێرپەنجەی مێشك، لەقاهیرەی پایتەختی میسر، لە تاراوگەدا کۆچی دواییکرد.

مەرگ لە تاراوگەدا بۆ ژنە شاعیرێك لەتەمەنی (٨٤)ساڵیدا کە پێشەنگی نوێگەری ئەدەبی بووە لە شیعری عەرەبیدا . بەڵگەیەکی تەواوە کە نازك نەك هەر شاعیرو نوێگەر بووە، بەڵکوو ژن بووە لە سەردەمی نەبوونی ژندا. لەو سەردەمەی ژن بەدرێژایی تەمەنی دووجار دەرگای ماڵی جێدەهێشت یەکەم گواستنەوەی بەبووك کە دەوروبەری شاییان دەگێراو ئەو لە پرسەی چارەنووسیدا بوو ، دووەم کە بەسەر تابووتێکەوە بەرەو قەبرستان دەچوو لەوەشدا دەوروبەری شیوەنیان دەگێڕاو خۆی کەیفمەند بوو بەوەی کۆیلایەتی تەواوبوو، ئەگەرچی ژیانیشی لەگەڵ خۆیدا تەواوکرد.

نازك لەخێزانێکی شەش منداڵیدا کە چوارکچ و دوو کوڕ بوون نۆبەرەی دایك و باوکێکی خوێندەوار و رۆشنبیروکراوەبووە .

شیعر یەکەم چەکی تەمەنی منداڵی یان هەرزەکاری بووە بۆ بەرەنگار بوونەوەی ئازارو سەختیەکانی ژیان، لەتەمەنی دوازدە ساڵیدا ئەوکات رادیۆی بەغدا لەسەرەتای پەخشکردنیدا بوو لەساڵی۱۹۳٥رۆژانە هەواڵی مردنی سەدان کەسی بەهۆی نەخۆشی کۆلێراوە لەولاتی میسر بەخش دەکرایەوە. بەیانیەکیان کە دەبیستێ ژمارەی مردووانی ئەم نەخۆشیە گەیشتۆتە سەرووی هەزار کەسەوە ئیتر خۆی پێناگیرێت و دەست دەداتە قەڵەم و بە هەستێکی مرۆیی وەك بەرەنگاربوونەوەیەك بۆ دەردی کوشندەی ئەو سەردەمەو دەربڕینی خەم بۆ مرۆڤەکانی میسر شیعری لە دژی مەرگدا نووسی، بەبێ ئەوەی بزانێت کە دوای تەمەنێکی دوورودرێژ بە نەخۆشیەکی کوشندەتر.. مەرگ لە تاراوگەدا هەر بەخاکی میسری دەسپێرێ.

نازك لەسەردەمێکدا کچە شاعیرێکی پەپولە ئاسابووە و بەشیعر گوزارشتی

لەروبەروبونەوەی مەرگ كردۆتەوە جگە لەشیعر هیچ قەلغانێكی تری شك نەبردووە بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو دەردەسەریە، لەسەردەمێكدا بووە كەژنانی نەخوێندەواری وڵاتەكەی هەر بەتەنها جنۆكەو شەوەو ئاڵیان ناسیوەو چارەسەری هەموو دەردەكانیشیان لەرێگەی فاڵچی و نوشتەوە جادووگەرو خورافاتەوە كردبووە پیشە ، ئەو هەڵسوكەوتە تائیمرۆش لەناو زۆربەی ژنانی ناوچەكەدا ماون، وەك لەلای هەندێك مرۆڤی كراوەدا مایەی گاڵتەجاریە .. بەڵام لەلای زۆریش كە لە سەر عەقلیەتی دەقبەستووی جاران ماونەتەوە مایەی رێزو تەقدیرەو وەك ئەمرۆش باسكردن و بەدرۆخستنەوەیان لەسەر بەرپەری رۆژنامەكانی خۆشماندا گەورەترین بەڵگەی ئەو نەهامەتیەن. نازك لە سەردەمێكا بەشیعرو گوزارشتكردن لەبەرەنگاربوونەوەی مەرگدا بووە، نەك بەتەنها ژنانی كۆمەڵگەكەی ، تەنانەت سەرانسەری كۆمەڵگەی عێراقی تا قامەتی هامەت تژی بوە لە خوارافەو سیحری حەرامكراو ، بەڵام ئەوان هەر بە تەنها هەر شیعریان لەلادا تابۆو حەرام و قەدەغەكراو بووە .

نمونەیەك لە شیعری كۆلێرای نازك وەك یەكەم قەسیدەی كە لە تەمەنی دوازدە ساڵیدا لە بەغدای پایتەختەوە بۆ قوربانیانی نەخۆشی كۆلێرای نووسیوە لەخاكی میسردا.

**وا شەو داهات**

**لە دەنگدانەوەی هاواری مێینەكان گوێبگرە .**

**لە قووڵایی تاریكیدا**

**لە ژێرساپیتەی بێدەنگیدا**

**بەسەر جەستەی مردووەكانا ....**

**زریكەكان بەرز دەبنەوەو پێكدادەچن**

**خەمێك هەڵدەقوڵێ ، گڕدەگرێ**

**سەدای نووزەكانی تێدا پەرش و بڵاودەبنەوە**

**تادەگاتە**

**مەرگ .. مەرگ .. مەرگ**

**مرۆڤایەتی سكاڵا لە تاوانەكلانی مردن دەكات.**

نازك لەنووسینی یەكەم قەسیدەیدا بڕوای تەواوی بەخۆی هەبووە كە بەردەوام دەبێت و لە روبەروبونەوەی ئەو بانگەشەیەی كە لە ئەندامانی خانەوادەكەی خۆیەوە دەكرا بەوەی شاعیرێكی شكستخواردوەو تەنانەت نازانێت وشەش ریزبكات و بە تەنها گوزارشت لە





مەرگدۆستی دەكات .. دەڵێت پێیانم وت " چی دەلێن .. بۆ خۆتانی دەڵێن ، بەبڕوای خۆم من نەخشەی شیعری عەرەبی بە رێڕەوێكی تردا وەردەچەرخێنم".

ساڵی ١٩٤٩..واتە پاش كۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی بەچوار ساڵ دووەمین كۆمەڵەی شیعری نازك بەناوی ﴿پارچەتۆپ و ژیلەمۆ﴾ كەوتە بازاڕەوەو چەندین كارو لێكۆڵینەوەی ئەدەبی زۆر پێشكەوتووی لەدوای ئەو دیوانەوە بڵاوكردەوە،

نازك خولیای زۆرو هەمەلایەنەو ئامادەسازو بەتوانا لەراپەڕاندنی ئەركەكان و زیرەك و سەركەوتوو لەهەموو ئەو بوارانەی كەخۆشی دەویستن.

لەقۆناغی دووەمی خوێندنی خانەی مامۆستایانی باڵا، پاش تەواوكردنی دەوامی فەرمی خۆی وەك بینەرێك دەچووە پەیمانگەی هونەرە جوانەكان و لەبەشی مۆزیك تایبەت بەئامێری عوود خۆی فێری موزیكژەنی دەكردو وێرای ئەوەی بەدانەبراوی زمانی لاتینی و ئینگلیزی و فەرەنسی دەخوێندەوە.

لەماوەی دوای جەنگی دووەمی جیهانی وڵاتێكی وەك عێراق سەراپا تژی بەگرفت و كێشەی مرۆیی و وشكەساڵی و نەهامەتی و كوللەهات و برسێتی، نازك بەوپەڕی هیواوە دەیڕوانیە ژیان.

لە سەردەمێكدا كەموزیك یەكێك بوو لەو حەرامكراوانەی هەموو كۆمەڵگە نەفرەتی لێدەكردن و پیاوو ژنی هاونەتەوەكەی خۆی لەو سەردەمەدا بەدەگمەن نەبێت رۆشنبیرو تێگەیشتوو كراوەبوون ، هەرچی ئەوانی ترە وایان دەزانی رەبابە یەكەمین و دواهەمین ئامێری موزیكەو "دەگوڕەگس" دوا هونەرە. نازك بڕەوی بەژەنیاری عوود دەدا تا بزانێت هارمۆنیای نێوان خوێندنەوەی قەسیدەو ئیقاعی دەربڕین چی و چۆنەو روانینی گشتی بۆ پەیوەندیەكانی هونەرو بەستنەوەی بەئاسوودەیی هەست و تەواوكاری ژیانەوە لەكام دونیای شیعر ئامێزەوە سەرچاوەدەگرێت.

رۆحی سەردەمیانەی نازك لە خۆشەویستی ژیانەوە سەرچاوەی گرتووە ، ئەگەرچی لە رووی كولتووریەوە لەگەڵ سەردەمەكەی خۆیدا نەگونجاوە، شیعری حەرامكراوو موزیكی حەرامكراوو زمانی بێگانەی حەرامكراو كە هەر هەمووی كولتووری رۆژاوان و لەو سەردەمەدا بیستن و وتن و بینینیان كوفرو تاوان بووە ، نازك لەمپەری بڕیوەو رچەی شكاندوەو خۆی لەناو جوانیەكانی دونابینیدا دۆزیوەتەوەو خۆی فێری هەموو شتێكی جوان و بەسوود كردووەو گوێی نەداوەتە توانج و تەفرەی دەوروبەرێكی شەلال بە نەزانی و تەوار ئاسا

هەموو ئاسۆی بینینی دونیای جوانی پەی کردووە.

خولیاکانی نازك بۆ فێربوونی زمانی ئینگلیزی.. دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی خوێندکاری لەخانەی باڵای مامۆستایان لەبەغداو سەردەمی خوێندنەوەی شانۆنامەکانی شکسپیرو قەسیدە بەناوبانگەکانی بایرۆن و چیللی، ئەم خولیای خوێندنەوەی شیعری ڕۆژاوایە لەساڵی ١٩٥٠، واتا لەتەمەنی (٢٧) ساڵیدا دەروازەی خولی یەکەمی پەیمانگەی کولتووری بۆ خوێندنەوەی شیعری ئینگلیزی بۆکردەوە. پاش تەواوکردنی خوێندن لەم خولدا لەزانکۆی کامبێردیج بانگهێشتکردنێکی تایبەتی بۆهات بەمەبەستی تەواو کردنی ((لێکۆڵینەوەی ڕەخنەی ئەدەبی ئینگلیزی))، بەڵام بانگهێشتنامەکەی ڕەتکردەوە ، چونکە لەلایەن دەزگای ڕۆکفلێری ئەمریکیەوە بە داوەتنامەیەکی تر داوەتکرا بۆخوێندنەوەی ڕەخنەی ئەدەبی لەزانکۆی برگستن لەویلایەتی نیوجێرسی ئەمریکیدا.

ئەم زانکۆیە تایبەتمەندیەکی سەیری هەبوو بەوەی وەك نەریتێکی ڕەها خوێندن لەم زانکۆیە بۆ ڕەگەزی مێینە قەدەغەبوو ، بەڵام نازك بەهۆی زیرەکی و لێهاتوویی خۆیەوە یەکەم ئافرەتی ڕۆژهەلاتی بوو هاوکات یەکەم ئافرەت بوە لە هەموو جیهاندا کورسیەکی خوێندن لەو زانکۆیەدا بگرێت و سەرکەوتنیش یاوەری بێت، ئەمەش بوە مایەی سەرسورمانی هەموو بەرپرسانی ناو زانکۆو ناوەندە ئەدەبیەکەش ،دوابەدوای ئەوەش ڕاستەوخۆ بڕیاری ڕێگەپێدان بەژنان بۆ خوێندن لەو زانکۆیە دەرچوو، چونکە نازك جگە لە خوێندکارێکی زانکۆکە نووسەرێکی بێ هاوتای بواری ڕەخنەی ئەدەبی ئینگلیزی بوو، کە لەزۆربەی گۆڤارو ڕۆژنامەکانی ئەو وڵاتەدا چەندین بەرهەمی بە پێزی بڵاوکردۆتەوە.

بەمشێوەیە نازك دووپاتی دەکاتەوە کە نەك لەسەر ئاستی کۆمەڵگەو نەتەوە، بەڵکو وەك ژنە عەرەبێکی عێراقی لەسەر ئاستی جیهانی ڕچەی شکاندوەو بۆتە کەسایەتیەك کە لە مێژووی زانکۆیەکی ئەمریکیدا ڕۆڵی لە وەرچەرخاندنی بڕیارە گشتیەکاندا هەبێت .

لە ساڵی ١٩٥١ بە بڕوانامەیەکی ترو بەرۆحیەتێکی بەهێزترەوە گەڕایەوە بۆخاکی نیشتمان و ڕووی کردە نووسینی پەخشان و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، لە ساڵی ١٩٥٣ لە یانەی یەکێتی ژنانی عێراق لە مەڵبەندی سەرەکی لە بەغدا سیمینارێکی بە ناونیشانی" ژن لە نێوان دوو جەمسەی نەگەتیف و ئەخلاقدا" سازکردووە ، ڕەخنەی لە بارو دۆخی ژنانی سەردەمەکەی گرتوەو باسی نەزۆکی عەقڵیەتی کۆمەڵگەی پیاوسالاری عەرەبی ئەوسای کردووەو داوای ئازادبوونی ژنانی کردوە لەو بارودۆخە نێگەتیف و بێ بزاوتەی ئەو





سەردەمە.

ئەم سیمینارە کە بۆ یەکەمجار بوو لە عێراقدا ئافرەتێك سازیبکات هەڵایەکی گەورەی لێکەوتەوەو ئێزگەی ڕادیۆی بەغدا ڕاستەوخۆ پەخشیکردو بۆچەندین جاریش دووبارەی کردەوە ، پاش ئەوەش زۆر بەخێرایی لە چەندین گۆواری لوبنانیدا بڵاوکرایەوە کە یەکەمیان گۆڤاری (ئاداب)ی بەیرووتی بوو. دوا بەدوای ئەوەش هەردوو گۆڤاری ناوداری (ئەدیب)و(ئاداب)ی لوبنانی چەندین شیعرو وتارو لێکۆڵنەوەی بۆ بڵاوکردۆتەوەو چەندین ڕەخنەو لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بەگشتی و ئەدەبی بەراودکاری بە تایبەت لەوگۆڤارانەدا نووسی.

لە ساڵی ٢٠٠٧دا لە یەکێك لە ئامارەکانی یۆنسکۆ تایبەت بە ڕێژەی نەخوێندەواری لە جیهانی سێیەمدا دەرکەوت کە ٦٩٪ی عێراقیەکان نەخوێندەوارن و بەرێژەی ٧٨٪ی ژنان لە عێراقدا ئەلف و بێ نازانن و لە ٩١٪ی ئەو ژنانەش ژنانی گوندنشینن. کارەسات لەوەدایە کە لەساڵی مردنی نازك مەلایکەی کچە شاعیری عێراقی نەخوێندەواری و خورافەو خۆشباوەری بەجەهل و جادووگەری بەم ڕێژە بەرزە لەوڵاتەکەی و لەناو نەتەوەکەی و ئینجا زۆرتریش لەناو هاورەگەزەکەی خۆیدا بووە.

نازك یەکەمین ژن و دوایین شاعیری قافڵەی یەکەمی شیعری ئازاد و نوێگەربوو، کە کۆچی دوایی کردوەو لە تاراوگە لە قاهیرەی پایتەختی میسردا نێژراوە، هەروەك هەموو شاعیرانی نوێگەریی بەهۆی خراپی باری سیاسی عیراقەوە ڕووەو دەرەوەی وڵات هەلاتن و هەر لە تاراوگەشدا بەبێنازی مردن . بەدر شاکر سەیاب لە کوەیت کۆچی دوایی دەکات و وەك غەریبێك بەخاکەکەی خۆی لە بەسرای زێدی خۆیدا دەنێژرێت، عەبدولوەهاب بەیاتی لە دیمەشق کۆچی دوای دەکات و هەر لەوێش دەنێژرێت، محەمەد مەهدی جەواهیریش هەر لە دیمەشق لە تاراوگەدا دەنێژرێت و بەمردنی نازك کە ئەویش لە قاهیرە بەخاك دەسپێردرێت، قافلەی یەکەمی شیعری ئازاد کەسیان لەژیاندا نەمان و کۆتاییان پێهات.

دەبێت ئەمرۆ ژنانی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی .. نازك بەرزراگرن و شوێن پێی ئەو هەڵگرن و لەنەریتی قاوغدراو بەکلسەکانی نەزانی دەرچن و سنوورێك بۆ پیاوسالاری دیاریبکەن و ڕابەرایەتی کۆمەڵگەو ژیانی هاوچەرخ بگرنە ئەستۆی خۆیان .

نازك مەلایکە (٨٤) ساڵی تەمەنی لەخەبات و خولڤاندن و داهێنان لەسەردەمێکدا کە ژن بوونی نەبوو .. نازگ ژنێکی سەردەمیانەی دەگمەن و بێهاوتابووە.

# پێنج قوتابخانەی ئەدەبی
# لە دوای ڕۆمانسییزم

**لە فارسیەوە: هیمداد شاهین**

## ڕیالییزم (واقیعگەرایی)

وشەی ڕیالییزم، بە مانای واقیعی بنەچەو ڕەسەن، واتا قوتابخانەی واقیع بینی، ڕێباز و قوتابخانەی ڕیالییزم خاڵ و ئەنتی قوتابخانەی ئایدیالییزم بوو، چونکە بە بڕوای پەیڕەوانی ڕێبازی ئایدیالییزم هەبوونی جیهانی دەرەوە هەمیشە ڕەتکراوەتەوە، وە هەموو شتێکیان بە سەرچاوەی تێڕوانین و خەیاڵاتی مێشکی مرۆڤ ئەزانی، بەڵام قوتابخانەی ڕیالییزم بە واتای بڕوا هەبوون بە جیهانێکی ڕاست و ڕەسەنی دەرەوە، (کە تەواو پێچەوانەی یەکترن،، وەرگێڕ)وە ئەم قوتابخانەیە بڕوای بە بوونی جیهانی دەرەوە هەیە و بەڵام بە پێی بیرو بڕوای ئەم قوتابخانەیە، جیهانی دەرەوە سەربەخۆیە و ئەوە مرۆڤەکانن کە درکی پێ ناکەن، هەرچی ئایدیالیستەکانە، هەموو بەدیهێنراوەکان و ئەوەی لە گەردوون دا هەیە، بە ئەندێشەو وێناکردنی مێشکی مرۆڤی دادەنێن و هەموو ئەوانە هۆکارەکەی مێشکی مرۆڤ خۆیەتی، کە بڕوای ئەوان وایە ئەگەر من درك بە شتەکان بکەم کەواتە شتەکان هەن، بەڵام





بەڵام ئەگەر من نەبم ناتوانین بزانین چ شتێك وجوودی هەیە، واتا ئەوە مرۆڤە کە درك بە شتەکان ئەکات، بەڵام ئەوەتا لە بیر و ڕای ڕیالیستەکان دا دەبینین بڕوایان وایە :ئەگەر ئێمەی مرۆڤ هەموو لە نێو بچین و فەنا بین، دیسان جیهانی دەرەوە بەدیهێنراوی تر پەروەردە ئەکات، بەشێوەیەکی گشتی ڕیالیستێك پێی وایە جیهانێکی شاراوەی سەربەخۆ هەیە کە (جیهانی دەرەوە) یە، بەڵام ئەم جیهانە بەشێك نیە لە عەقڵی مرۆڤەکان.

بۆیە ئەتوانین بڵێین، ڕیالیست لە ناو واقیعی هەموو مرۆڤەکان دا هەیە، لەبەر ئەوە هەموو مرۆڤەکان بە گشتی بڕوایان بە جیهانی دەرەوە هەیە، هەتا ئایدیالیستەکانیش لە هەڵسوکەوت و ژیانیان دا ڕیالیستن!

لەبەرئەوە ئەبێت جیهانی دەرەوەی مرۆڤەکانمان هەبێت، تا بتوانین کار بکرێت، یان هەر هیچ نەبێت بتوانین شتانێك بڵێین وەکو مرۆڤ، لە ڕاستیدا وشەی ڕیالییزم، بە درێژایی مێژوو بە مانای جیا جیا هاتووە و تەنها هەر ئەو مانایە نیە کە واتای واقیع گەرا ئەگەیەنێت، گرنگترین ئەو ماناو بەکار بردنە، وە مانای لە فەلسەفەی قوتابخانەیی یان سکۆلاستیکی تەواو ڕەواجی پەیدا کرد، لە نێو فەلسەفەی ڕێبازەکان دا، وشەی ڕیالییزم هەراوهۆریایەکی زۆری دروستکرد، لەسەر ئەوەی کە دەڵێت (ئایا جیهانی دەرەوە خۆی وەکو وجوود هەیە یان بونی ئەم جیهانە تەنها لە ناو مێشکی مرۆڤەکان دا هەیە؟

ئەو کەسانەی کە بڕوایان بە جیهانێکی هەبوو و سەربەخۆ هەبوو پێیان دەووتن ڕیالیستەکان، وە ئەو کەسانەی کە بە گشتی بڕوایان وابوو ئەوەی کە هەیە ئەوەیە کە لە نێو زیهن و مێشکی مرۆڤەکان دا هەیە، ئەوانە پێیان دەوترا ئایدیالیستەکان، یان بە ئایدیالیست دەخوێندرانەوە.

دوای ئەوەی کە لە لە ئەدەبدا دا جیاوازی هەبوو لە نێوان ئەم دوو ڕێبازە، بە هەمان شێوەیش جیاوازی کەوتە نێوانیان لە هونەردا، واتە دروستبوونی هونەری ڕیالییزمی و هونەری ئایدیالییزمی یان ئایدیالی، واتە لە ئەدەب و هونەریش دا ڕێبازی ڕیالییزم ئەنتی ڕێبازی ئایدیالییزمە، چونکە ڕیبازی ڕیالییزمی واتە ڕێبازی گفتو گۆ و نوسین دەربارەی واقیعی کۆمەڵایەتی، بەڵام ڕێبازی ئایدیالییزم تەنها بریتیە لە خەیاڵی شاعیرانە لە نوسین و لە ووتندا.

ڕیالییزم (واقیع گەرایی) لە ڕۆمان و شانۆ کە تەنها تەعبیری لە خەیاڵی تاکگەرایی ڕێبازی ڕۆمانسیزم دەکرد، توانی بارودۆخی ئەم جۆرە نوسینەی ڕۆمانسییزمەکان لە بەیین ببات و

لە جێگا یدا وێنایەکی واقیعی ژیان پێشکەش بکات و توانی خراپی نالەباریەکانی ناو کۆمەڵگا دیاری بکات و هەروەها چاکسازیشی خستە ڕوو.

ئامانجی ڕاستەقینەی ڕێبازی ڕیالیزم دیاریکردنی کاریگەری ژینگە و کۆمەڵ لە سەر واقیعی ژیان و شیکردنەوە و ناساندنێکی وورد دەربارەی ئەو گروپ و ئێتنیانەی کە لە ناو کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا هەن، وە هەوڵی نوسەرانی ئەم ڕێبازە ئەوەیە کۆمەڵگای خۆیان شرۆڤە بکەن و ئەو گروپ و ئێتنیانەی کە لەو کۆمەڵگایە دا هەن دیاریان بکەن. وە هەروەها (بەلزاك)ی فەرەنسایی کە نوێنەری ڕیالیستەکان بوو، لە کتێبەکەی خۆی دا(کۆمیدیای ئینسانی) باوەڕی تەواوی بەو خاڵە هەیە کە دەڵێت: بە ڕێکخستنەوەی چاك خراپیەکان و وە بە بیرهێنانەوەی زادەی غەریزە و عیشق و وە لێکۆڵینەوە دەربارەی ڕەوشت و ڕوداوە سەرەکیەکانی ناو کۆمەڵگا و یان دروست کردنی گروپ و ئێتنیەکان ئەتوانین وەکو نوسەرێکی مێژوویی باش بم بۆ نوسینەوەی کۆمەڵگا، بەڵام مێژوو نوسان لە(مێژوو و فەرهەنگ و ڕەوشتی کۆمەڵگا)هەمیشە غافلگیر و بێ ئاگان.



لە نوێنەرە بە ناوبانگ و گەورەکانی ڕێبازی ڕیالیزم لە فرانسا(بەلزاك) و (ئیستاندال) لە ئینگلتەرا (چارلزدیکنز) و لە ڕوسیا (لیو تۆڵستۆی) و (داستایۆڤسکی) ناوبانگیان دەرکرد.

ناتورالیزم :

(لە نیوە دووهەمی سەدەی نۆزدە لە ئۆروپا سەری هەڵدا، وەرگێڕ) لە ناودارەکانی ئەم



ڕێبازە زۆرژ یوئلیە و ئوژن مونفور، شاعیرانی ناتورالیست، ڕق و ساردو سڕیی ڕێبازی پەڕناسیستان ڕەت ئەکردەوە، وە هەروەها یەکرێزی و وردبینی ڕێبازی سیمبولیزمیشیان بە هەمان شێوە بەر پەرچ ئەدایەوە، بەڵام لە گەڵ هەبوون و پەروەردە کردنی ژیان وسروشت و عیشق و ئیش و کار و ئازایی دا بوون.

هەرچەندە پەیڕەوانی ئەم ڕێبازە نەیانتوانی ئەم ڕێبازە بە باشی بڵاو بکەنەوە، بەڵام لە دەرەوەی ئەم قوتابخانەیەدا، شیعر و نوسینی جوان نوسران، وە کو شیعرەکانی ئانا دونوای و فرانسیس ژامز باشترین شایەدی ئەم ڕاستیەن.

## پەڕناس

لە ئەفسانەی یۆنانیدا، ناوی کێوێکە کە کچی زێوس خودای جوانی بوە، لە گەڵ براکانی (ئەپۆلۆ)گوایە لەوێ دا ژیاون، وە هەروەها شاعیرانی ئەم قوتابخانەیە زیاتر بایەخیان بە شیعری ناخی داوە، واتا ئامانجیان نەبوە جگە لە جوانی و لاپ (تەواو هەبوون).

### دروست بونی قوتابخانەی پەڕناس

### هونەر لە پێناوی هونەر



**تئوفیل گوتیە**

فیگتۆرهۆگۆ شاعیر و نوسەری فەرەنسایی لە کتێبە بە ناوبانگەکەی خۆی دا بە ناوی(لویس ئۆرێنتس)توانی بۆ یەکەمجار بناغەی هونەر لە پێناوی هونەر بێنێتە ناو دونیای ئەدەبیاتەوە، وە ئەو بەرهەمەی بوە هۆی ئەوەی کۆمەڵێك گەنج لە دەوری خۆی کۆ

بکاتەوە، وە ئەو گەنجانە دروشمیان (هونەر لە پێناوی هونەر) بوو، وە هونەریان وەکو خودا سەیر ئەکرد، کە تەنها لە بەر خۆی بپەرستن نەوەك لە پێناوی سود و قازانج، وە هەروەها هونەریان لە سەرووی هەموو شتێکەوە دائەنا، وە ئامانجی سەرەکی و کۆتاییان بوو، جگە لەمەش بەرزترین ئامانجیشیان تەنها هونەر بوو، بۆیە نەشیان ئەتوانی هونەر بکەن بە وەسیلە بۆ گەیشتن بە ئامانجی تر چونکە هونەر خۆی ئامانجە پیرۆزەکەیان بوو، لە سەروی ئەم گەنجانەوە تۆفیل گوتیە بوو کە بەم شێوەیە پێناسەی ڕێبازی پەرناس ئەکات و ئەڵێت :هونەر لە پێناوی هونەر، بە واتای ئازاد بوونی هونەر لە هەر جۆرە نیگەرانی و مژووڵی و سەرقاڵیەك جگە لە جوانی، هەڵبەتە ئەم ڕێبازە شاعیری ناوداری تری هەبوو ئەویش وەکو تیۆدۆر دو بانیوێل



نزیکی ساڵی ١٩٦٠، کۆمەڵێك لە گەنجان، دژی ڕێبازی ڕۆمانسییزم هەڵسانەوە، کە لە ژێر کاریگەری (هونەر لە پێناوی هونەر) ئەم شۆڕشە بەرپا کرد دژی ڕێبازی ڕۆمانسییزم، وە کۆمەڵەیەکی ئەدەبی یان پێکهێنا، کە پێشەواکەیان لۆگنت دولیل بوو، کە جوانی شیعر لە لای ئەو کۆمەڵەیە بە یەکەمین پێوانە گرنگی خۆی هەبوو، وە شێوەی شیعر نوسینی ئەو کۆمەڵەیە، شێوە قەسیدەی چواردە بەیتی وتەرجیع بەند بوون، وە لە ساڵەکانی ١٨٦٦ و ١٨٦٧ و ١٨٧٤ سێ بەرگە دیوانە شیعری شاعیرانی پەرناسییزم بڵاو بویەوە، لە ژێر





ناونیشانی ((پەرناسی هاوچەرخ))، وە لە دوای نەمانی لوگنت دولیل، ناودارترین شاعیری ئەم ڕێبازە ژوزە ماریا دوهێردیا یە.




**داداییزم یان (دادا) :**

دادا، داداییزم یان قوتابخانەی داداگەری، یەکێك بوو لەو بزوتنەوە بەرجەستە هونەریانەی کە گرنگی بە، پەیکەر سازی، ئەدەبیات(بەتایبەت شیعر) و شانۆ و شێوەکاری دەدا، وە ئەم بزوتنەوەیە لە کاتی جەنگی جیهانی یەکەم سەری هەڵدا لە شاری ویوریخ لە وڵاتی سویسرا، ئەتوانین بڵێین داداییزم زادەی ئەو بێ ئومێدی و پەرێشانی و شەڕ و شۆڕەی جەنگی جیهانی یەکەم بوو کە لێوان لێو بوو لە مرۆڤ کوشتن.

ڕێبازی داداییزم زمان حاڵی ئەو کەسانە بوو کە هەرگیز بڕوایان بە پایەداری و بەردەوامی ژیان نەبوو، لە لە واقیعیەتی داداییزم دا، دادایزم لە هەموو شتێك ناکۆکە تەنانەت لە گەڵ خودی داداییزم دا، وە ئارەزووی پەیڕەوانی ئەم قوتابخانە یاخیگەری یە، دژایەتی کردنی هونەر و ڕەوشت و(مۆراڵ) و کۆبونەوەیان دەکرد، ئەوان ئەیانویست مرۆڤ و ئەدەبیاتەکەی لە ژێر دەسەڵاتی عەقڵ و مەنتق و زمان ئازاد بکەن، وە شاعیرانی ئەم ڕێبازە شێوازی شیعریان بەم شێوەیە بووکە هەندێ وشەیان لە ڕۆژنامەکان دەردەهێنا و هەمو وشەکانیان

دەدایە پاڵ یەکتر و کۆمەڵێك ڕستەی بێ مانایان لێ دروست دەکرد، وە ئەمەش شیعری داداییزمێکە کە دەڵێت :

لە کاتژمێری فلان
دوای پاش نیوەڕۆی فلان ڕۆژ
لە ژورەوە لە پشت مێزەکە
یەکێکم بینی خەریك بوو دەستی ئەکردە دەمیەوە

داداییزمی ئەوروپی سەرەتا لە ساڵی ١٩١٦ لە زویریخ لە لایەن کۆمەڵێك لە هونەرمەندان و نوسران بونیاد نرا، کە تریستان تزارا و شاعیری ئەڵمانی مارسل ژانکۆ لەو کۆمەڵەیە بوون، وە زۆرێك لە ڕۆشبیرو بیریارانی ئەوروپی بە درێژایی جەنگی جیهانی یەکەم لە سویسرا بوون و لەوێ خۆیان هێشتبوە وە، چونکە ئەم وڵاتە بە درێژایی جەنگ لایەن گری هیچ کام لەو وڵاتانە نەبوو کە لە جەنگەکەوە تێوەگلابوون، وە بۆیە لە ئەنجام دا فەزایەکی هونەری لەبار لەو وڵاتە لە دایك بوو، وە دانانی یەکەم کتێبی دادایی لەلایەن تریستان تزارا وە بوو لە زویریخ لە ساڵی ١٩١٧ لە وڵاتی سویسرا.

شوێنی چالاکی ئەم ڕێبازە

شوێنی چالاکی داداییستیەکان لە زویریخ(کابارە ولتر)بوو، (مەیخانەی ولتر لە زویریخ،، وەرگێڕ)لە یانەیەکی شەوانە دا کە لە فێبریوەری ١٩١٦ لەلایەن هۆگۆ باڵ شاعیر و مۆسیقاری ئەڵمانیەوە دامەزرابوو، شەوانە ئەو یانەیە شیعری بێ مانای تیادا دەخوێنرایەوە وکە زۆر جار هەر دووبارە دەکرانەوە، لە گەڵ دەنگی مۆسیقایەکی بێزارکەر، ئەمە بەشێکی سەرەکی بوو لە بەرنامەکانی ناو مەیخانەیە، لە هاوینی ساڵی ١٩١٦ ئەم گروپە ناوی (دادا) یان هەڵبژارد(دادا واتە ئەسپی داری بچوکی منداڵانە،، وەرگێڕ) لە جێگەی ناوی ولتەر کە پێشتر ناوی ئەم گروپە بوو، ولتەر نوسەرێکی گەورەی بواری (ڕەوشت و تەنزئامێز)ی بوو، بەڵام کار و کردەوە نەشیاوەکانی ئەم گروپە لەو یانەی شەوانەیە دا، وە سکاڵاکردنی ئەوانەی نزیکی ئەو یانەیە بوون، بوو بە هۆی ئەوەی لە ساڵی ١٩١٧ ئەم یانەیە بە زۆرداری دابخرێت،

کۆتایی و کاریگەریەکانی ئەم ڕێبازە

داداییزم وەکو بزوتنەوەیەکی هونەری یاخیگەرلێوان لێو بوو لەگەڵ نهامەتی و





دەردەسەریەکەی جەنگی جیهانی یەکەم دا، وە ئەم ڕێبازە تا ساڵی ١٩٢٢ بەردەوام بوو، دادایزم هەر چەندە تەمەنی کۆتایی پێ هات و تەنها لە چەند شارێك جێ ی و سەنگی خۆی هەبوو، بەڵام کاریگەریەکی زۆری لە دوای خۆی بەجێ هێشت، وە بوو بە هۆکار و پێشەنگی ڕێبازەکانی تری دوای خۆی، وە داداییزم لەو کۆمەڵەبزوتنەوە گرنگانە بوو کە بوو بە هۆی سەرهەڵدانی ڕێبازی (سوریالیزم) کە لە پاریس سەری هەڵدا.

بڵاو بونەوەی داداییزم لە ناوچەکانی تری جیهان:

بەرلین: داداییزم لە کۆتاییەکانی جەنگ گواسترایەوە بۆ ئەڵمانیا و بە تایبەت لە بەرلین وێنەیەکی سیاسی وەرگرت، وە بە تەواوی هێرشی ئەکردە سەر میلیتاریزم و ناسۆنالییزم.

نیۆرك : نیۆرك هاو کات لە گەڵ زیوریخ دا بە یەکێك لە بنکە چالاکە کانی داداییزم ئەژمار دەکرا، مارسیل دوشان، من ڕێ و فرانسیس پێکابا، لە کەسە چالاکەکانی ئەم بوارە بوون.

پاریس : لە پاریس، فرانسیس پیکابا، ئارتۆر کراوان و ژاك واشە، قوتابخانەی داداییزمی فەرەنسیان بوونیاد نا.



**سوریالییزم :**

وشەی سوریالیزم یان (سەرووی واقیع)، یەکێکە لەو بزوتنەوە ناسراوە هونەری یەی کە لە سەدەی بیستەم دا دروست بوو، لە کاتێکدا بوو کە ڕێبازی دادایزم(دادائیسم)لە ناوچوون و

فەوتان دا بوو، پەیڕەوانی ئەم ڕێبازە (سوریالیزم) هەموو لە دەوری ئەندرێ برتۆن کۆ دەبونەوە، کە خۆی پێشتر یەکێك بوو لە پەیڕەوانی ڕێبازی دادایزم، بۆیە کۆبونەوە و پێشنیاری داڕشتنەوەی قوتابخانەیەکی ئەدەبی تازەیان کرد کە ساڵی ١٩٢٢ بە شێوەیەکی فەرمی ئەم ڕێبازە ناوی نرا ڕیبازی (سوریالیستی).

وە دەستپێکی ئەم بزوتنەوەیە، لە گەڵ بڵاو بوونەوەی ڕۆژنامەی( شۆڕش) دا دەستی بە کاری خۆی کرد بە ڕابەرایەتی ئەندرێ برتۆن.

مێژوی ئەم ڕێبازە : مێژوی سوریالیزم، دوای دەسهات و گۆڕانکاریەکانی دوای جەنگی جیهانی یەکەم و پشتگوێ خستن و فەرامۆش کردنی ڕیبازی دادایزم دەست پێ دەکات، کە دەکاتە ساڵی ١٩٢١، دەرکەوتنی ڕێبای سوریالیزم لە ساتە وەختێکدا بوو، کە تیۆرەکانی فرۆید ی نەمساوی دەربارەی سایکۆلۆجیا و کارە نا ئاسییەکانی نەست و میتافیزیك و غەریزە، تەواوی داهێنەر و زاناکانی ئەوروپای بە خۆیەوە سەرقاڵ کردبوو،

ئەندرێ برتۆن و لیوی ئەرەگۆن کە هەردووکیان پزیشکی نەخۆشیە دەرونیەکان بوون، لە لێکۆڵینەوەکانی سیگمۆند فرۆید تەواو سود بەخش بوون و ئیلهامی تەواویان لێ وەرگرتبوو، وە بناغەی ئەم قوتابخانە تازەیەی خۆیان لە سەر بنەمای تیۆرەکەی فرۆید(کارە نا ئاساییەکانی نەست)بناغەیان نا.

وە یەکەم کتێبی سوریالیستی بە ناوی (گۆڕەپانی موگناتیسی) ە وە بوو، کە لە ساڵی ١٩٢١ لە لایەن ئەندری برتۆن و یەکێکی تر لە هاوکارەکانیەوە بڵاوکرایەوە.

**بنەماکانی سوریالیزم:**

سوریالیزم دوای ئەوەی جێگەی دادایزم ی گرتەوە، تێگەیشتنی واقیعی پێ باشتر بوو لە شوێنی( سڕینەوەی بوون و یاخی گەرێتی ) کە پێشتر بنەمای داداییەکان بوو،

یەکێك لە کێشەکانی ناو ڕێبازی سوریالیزم ئەوە بوو کە تەنها ئەندا م لایەنگرانی خۆیانیان پێ قبوول بووە، جگە لە لایەنگرانی خۆیان کەسی تریان پێ قبوول نەبووە.

ئەم ڕەوشتەش شێوەیەکی جیاوازتری وەرگرت لە فەلسەفەکانی تر و ئەم سێ خاڵەی خوارەوەی تیا بەدی دەکرا :

یەکەم:فەلسەفەیەکی زانستی کە هاوشێوەی فرۆید بوو، بۆ تێگەیشتن لە سایکۆلۆجیا(دەرون زانی مرۆڤەکان).

دووهەم:فەلسەفەیەکی ئەخلاقی(ڕەوشتی)کە لە هەر جۆرە ئەڕەوشتێکی تر جیاوازە.





سێهەم:فەلسەفەیەکی کۆمەڵایەتی کە ئەیەوێت لە ڕێگەی سوریالیزمەوە شۆڕشێك بەرپا بکات، کە بتوانێت هەموو مرۆڤایەتی ئازاد بکات.

شیعر لە ڕێبازی سوریالیزم دا پلەو پایەی تایبەتی خۆی هەیە و پەیڕەوانی ئەم ڕێبازە، کۆششیانکردوە کە جیهانبینی خۆیان لە ڕێگای شیعرەوە دەربخەن و بگوازنەوە، وە لە ڕاستیدا شیعر بە بەشێکی سەرەکی لەم ڕێبازەدا دا دەنرێت، وە هەر بۆیە شاعیرانی ئەم ڕێبازە بروایان وایە، کە شیعر ئەبێت و ئەتوانێت کێشەکانی ژیان چارەسەر بکات.



فەلسەفەی کۆمەڵناسی سوریالیسم دروشمی خۆشبەختی بۆ مرۆڤەکان هەڵگرتوە، ئەیەوێت مرۆڤەکان لە زنجیر و کەلەپچەی سووخواردنی ئێستایی ڕزگار بکات، وە لە هەمان کات دا، گەڕانەوە بۆ ڕابردووش بە هەموو شێوەیەك ناکرێت و قبووڵ نیە، بنەچەی کەرەستەی ئامانجی بڵاو کردنەوەی نامەی قوتابخانەیە، بە باشی توانی پەی بە شتەکان ببات و وە ئەم قوتابخانەیە توانی ببێتە هۆی دەرکەوتنی ئەندێشەی ئازادی لە هەر جۆرە کۆت و بەندیەك، وە وە یەکەم هەنگاو لە ئامانجەکانی پڕژاندنی ئاوێك بوو بەسەر ئاگری جەنگ دا.

سەرچاوە /ئەنتەرنێت

ویکی پدیا، دانشنامه ازاد

**http//fa.wikipedia.org**

# ئارسەر ڕامبۆ
# ئەو شاعیرەی سەفەر بەمەرگی سپارد



شاهۆ عەبدولقادر

ژیانی ئارسەر ڕامبۆ پڕە لە سەرکێشی و کۆچ و ڕووداو  شیعرەکانی ڕەنگدانەوەی ژیانی خۆی بووە، شیعر لای ڕامبۆ تۆماری تایبەتی خەونەکانێتی، هێماگەری بەشێکی گرنگی شیعرەکانی بووە، قسە کردن لە سەر شاعیرێکی وەك ڕامبۆ قسەکردنە لە کۆی ئەو دونیا فراوان و سەرکێشییە ئەدەبییەی کە لەو سەردەمەدا تێدا ژیاوە، هەڵبەتە یەکێك لە لایەنە هەرە سەرەنجڕاکێشەکانی ژیانی ئەدەبی باسی دەرکەوتن و کوژانەوە خێراکەی و ئیلهامە سەیر و دەگمەنەکانێتی کە لە سەرجەم شاعیر و نووسەرە گەورەکانی جیهان جیای دەکاتەوە، هەندێك لەوانە چیرۆکی ئیلهامی شیعری ڕامبۆ بە جۆرە جادووگەرییەك لە قەڵەم دەدەن، وەلێ زۆربەیان ئەو ئیلهامە بە ئیلهامێکی هاوشێوەی پێغەمبەرایەتی دەشوبهێنن و لەو میانەدا ئاماژە بە گووتەیەکی خودی ڕامبۆ دەکرێت کە زۆرجار گوتوویەتی من نەبووم دەمنووسی، بەڵکو بە سەرمدا دەسەپا، بەڵام زۆربەی نووسەر و شاعیرەکان لە سەر بلیمەتی ڕادەبەدەری ئەم شاعیرە کۆکن، جان ئارسەر ڕامبۆ لە ٢٠ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٨٥٤ لە شارۆچکەی شارلفیلی کەناری ڕووباری (موز) لەباکووری ڕۆژهەڵاتی  فەرەنسا





هاتۆتە دونیاوە، ڕامبۆی ساوا لە باوەشی دایکە کریستیانە ئاینپەروەرە توندڕەوەکەی (فیتالی) گەورە بووە  و (کاپتن ڕامبۆ)ی باوکی ئەفسەری تۆپخانە بووە و کەسێکی یەکجار بەرەڵاو بەدخوو بوو، تەنها ناو بە ناو خانەوادەکەی بە سەر دەکردەوە، لە ساڵی ١٨٦٠ کاپتن ڕامبۆ بە یەکجارەکی لە فیتالی خێزانی جیادەبێتەوە و فیتالی دەچێتە لای کەس و کارەکەی، بەڵام زۆری نەبرد باوکی فیتالی، کویڤی باپیری ڕامبۆ دەمرێت، فیتالی لە شەقامێکی نزیك لای ماڵی کەس و کارەکەی خانوویەك بە کرێ دەگرێت، هەر لەو کاتەدا (جورومی) خوشکی ئاسەر ڕامبۆ بە منداڵیی دەمرێت و ئەمەش لە ناخەوە هەستی ڕامبۆ دەهەژێنێت، فیتالی شێوازێکی زۆر توندوتیژی پەروەردەیی بەرامبەر بە منداڵەکانی دەگرتە بەر و ڕێگای بە منداڵەکانی نەدەدا



تێکەڵاوی منداڵانی گەڕەك بن و یاری بکەن، لەم کەشە زیندان ئاسایەدا هەر زوو هەستی یاخیبوون و سەرکێشی لە ناخی ئارسەر ڕامبۆدا چەکەرەی کرد، ئەوە بوو هەر لە تەمەنی ٧ ساڵیدا دەستی دایە فرت و فێل کردن لە دایکی و تێکەڵاوی منداڵان دەبوو و یاری لە گەڵیاندا دەکرد، گەڕەك و شەقامەکان دەگەڕا، ڕامبۆ لە قوتابخانە بەڵایەك بوو بۆ خۆی، ئاژاوەی دەنایەوە و لاسایی مامۆستاکانی دەکردەوە و نەفرەتی لە کتێب و خوێندن دەکرد، هاوکات قوتابییەکانیشی فێری یاخیبوون و ئاژاوەگێڕی دەکرد، ڕۆژێکیان لە وانەی داڕشتن نووسیبووی:

( وا باش نییە دەرپێکانمان لە سەر کورسی خوێندن برزێنین)

ئەمە جێگای سەر سوڕمانی مامۆستاکەی بوو، هەرچەندە قوتابییەکی سەرەڕۆ و هاروهاج بوو کەچی قوتابییەکی گەلێك زیرەك بوو، تەنانەت ڕۆژێك بەڕێوبەری پەیمانگاکەی (مسیۆ دیدودت) پێی دەڵێت ( ئەمە فریشتەیە یان شەیتانە)، ڕامبۆ لە یاخیبوونەکەی چووبووە سەرباوکی ولە توندڕەوییەکەشی بە دایکی دەچوو، بەهۆی نزیکی پەیمانگاکەی لە کەناری ڕووباری (موز) ڕامبۆ دەچووە سەر لێواری ڕووبارەکەو بە تاسەوە سەیری دیمەنی ڕووبار و

بەلەمە لەنگەرگرتووەکانی دەکرد، لە تەمەنی ١٤ ساڵیدا ناوی رامبۆ کەوتە سەر زاری گشت خەڵکی شارلفیل کە هەر هەمووی باسی بلیمەتی ئەو لاوەیان دەکرد، لە ساڵی ١٨٦٩ چامەیەکی بە پێزی هەشتا دێری خەڵاتی شیعری لاتینی پێ بەخشرا، بۆ ساڵی دواتریش لە سەری ساڵ چامەیەکی بە ناونیشانی (دیارییەکی سەری ساڵ بۆ هەتیووەکان) نووسی کە بریتی بوو لە سەد دێرە شیعر کە یەکێکە لە شیعرە هەرە قەشەنگەکانی رامبۆ، لە ساڵی ١٨٧٠ مامۆستای رەوانبێژی (جۆر ئیزامبارد) دێتە پەیمانگای شارلفیل ناوبراو گەنجێکی زیرەکی هاواداری شۆرشی فەرەنسی بوو، هەر لە سەرەتاوە رامبۆ بەم مامۆستاییە سەرسام بوو، نزیکبوونەوەیەکی باش لە نێوان مامۆستا ئیزامبارد و رامبۆ درووست بوو کە هاندەرێکی باشی رامبۆ بوو،رامبۆ کەوتە خوێندنەوەی کتێبی شۆرشی فەرەنسا و کتێبەکانی بۆدلێر و هۆگۆ و سان سیمۆن و برۆدۆن وبەنفیل، جارێکیان فیتالی دایکی بەهۆی خوێندنەوەی کتێبێکی کتێبخانەکەی ئیزامباردی مامۆستا نامەیەکی توندی ئاراستە دەکات و بە تۆمەتی تێکدانی خورەوشتی کورەکەی تۆمەتباری دەکات و لای بەرێوبەری پەیمانگاکەی سکاڵای لێدەکات، بەلام ئەو نامە و سکاڵایە پەیوەندییەکانی رامبۆ و ئیزامباردی پتەوتر کرد ! ئێواران رامبۆ و مامۆستاکەی لە سەر رووباری موز پیاسەیان دەکرد و بیروراکانیان دەگۆرییەوە، هەر لە ژێر کاریگەری هاندانی مامۆستاکەی رامبۆ بریاریدا ببێتە شاعیرێکی گەورەی فەرەنسا، لە هەمان ساڵدا هۆنراوەی (ماتەمینی) نووسی کە راستگۆترین گوزارشتی بوو لە گیانی شۆرشگێری و شەنگستەکانی سۆسیالیستەکانی ئەو سەردەمە، هەر لەم ساڵەدا ساڵی ١٨٧٠ لە پێشبرکێی شیعری لاتینیدا بە هۆنراوەی (ئامۆژگاری سانشوپانزا بۆ گوێدرێژەکەی) کە چیرۆکێکی بە ناوبانگی دۆنکیشۆتی سێرڤانتسی ئیسپانییە خەڵاتی یەکەمی وەرگرت، بەلام کاتێك بانگیان کرد بۆ خەڵاتەکە بەم شێوەیە لە بەردەم ئامادەبووواندا خەڵاتەکەی رەتکردەوە : (( ئەم جۆرە شتانە پڕ و پووچ و بێ بایەخن))

بەلام راستییەکەی ئەوە بوو رامبۆ رقی لە دەسەلاتدارانی ئەو سەردەمە دەبووەوە و حەزی نەدەکرد خەلات لە هیچ لایەنێکی فەرمی حکومەت وەربگرێت، خەڵکی شارلفیل ئەم رەفتارەی رامبۆیان بە نامۆ و گەوجانە وەسف کرد و دایکیشی لەوبارەیەوە سەر زەنشتی کرد،زۆری نەبرد شەری نێوان فەرەنسا و ئەڵمانیا هەڵگیرسا کاتێك رامبۆ یەکەمین لیستی قوربانییەکانی ئەو جەنگەی بەرچاوکەوت تووشی شۆك بوو، چونکە قوربانییەکان لە چینی





هەژار و چەوساوەکان بوون کە ئەمەش رەنگدانەوەی لە شیعرەکانی پێوە دیارن،کاتێك ئیزامبارد دەگەرێتەوە بۆ شارەکەی خۆی (دوی) کتێبخانەکەی بۆ رامبۆ بە جێدەهێڵێت پاش ماوەیەك رامبۆ نامەیەکی بۆ دەنێرێت و دەنووسێت ( گشت کتێبی کتێبخانەکەم خوێندەوە، ئێستا هیچ کتێبێك نەماوە بیخوێنمەوە )، لە ٢٥ی شوباتی ساڵی ١٨٧١ شارلفیل جێدەهێلێت بەلام ئەمجارە کیژۆڵەیەکی باریکەڵەی ئەسمەری لە گەڵدا دەبێت، لە بەر ئەوەی بلیتی سەفەری شەمەندەفەرەکەی پێ نابێت کاتژمێرەکەی دەستی دەفرۆشێت و لە گەڵ یارە نەناسراوەکەی بەرەو پاریس دەرۆن، لەوێش پارەی ئوتێلیان پێ نابێت و شەو لە سەر شۆستەکان دەخەون کە رۆژ دەبێتەوە کیژۆڵە دەست بە گریان دەکات و داوای پارەی بلیتێکی شەمەندەفەر لە رامبۆ دەکات تا پەنا بباتە لای کەس و کاری لە دەرەوەی پاریس،پاش ئەوەی کیژۆڵە رامبۆی بە جێ هێشت رامبۆ لە سەر شۆستەکان دادەنیشت و دەگری، ئەمە یەکەمین تاقیکردنەوەی خۆشەویستی رامبۆ بوو لە ژیانیدا، هەر ئەم خۆشەویستییەش بوو وای لێکرد شیعرە بە ناوبانگەکەی (پیتە دەنگییەکان) بهۆنێتەوە،لە ١٠ی ئاداری ١٨٧١ پاریس جێ دەهێڵێت و دەگەرێتەوە شارۆچکەکەی خۆی، رەنگی زەرد هەڵدەگەرێ و جلەکانی شر و لە سەرما دەلەرزی و دایکی بە میهرەبانییەوە پێشوازی لێدەکات، دایکی و مامۆستا ئیزامبارد زۆر ئامۆژگاری دەکەن تا واز لەم جۆرە رەفتارانە بهێنێت بەلام گوێ نادات بەم ئامۆژگارییانە، رامبۆ پێی وابوو پەیامێکی هونەری و سیاسی پیرۆزی لە ئەستۆ دایە دەبێت بیهێنێتە دی، بەیانییەکیان کاتێك رامبۆ لە ماڵەوە دەچێتە دەرەوە دەبینێت کیژێکی ئەسمەری جوان لە پەنجەرەی بەرامبەر ماڵیاندا سەیری دەکات، ئیتر سلاو لە یەکتری دەکەن و پاشان رامبۆ غەزەلێکی لیریك بۆ کچەکە دەنێرێت و هەروەها بەڵێنی لێوەردەگرێت کە لە گۆرەپانی وێستگەی شەمەندەفەری شارلفیل یەکتر ببینن، کچەکە بە یاوەری کارەکەرەکەی بە جل و بەرگێکی قەشەنگەوە دەگاتە شوێنی ژوان و لەوێ رامبۆ بە جل و بەرگێك وسیمایەکی ناقۆلا دەبینێت، یەکسەر کچەکە رامبۆ پشتگوێ دەخات و بە لایدا تێدەپەرێت و بە جێی دەهێڵێت بەمەش رامبۆ تووشی شۆکێکی چاوەروانەکراو دەبێت، بەم جۆرە لە دوو خۆشەویستی سەرنەکەوتوودا خراپترین وێنەیان لە مەر ئافرەتەوە لای رامبۆ دروستکرد،هەر ئەمەش بوو وای لە رامۆ کرد لە ئافرەت دوورەپەرێز بێت و پەیوەندی هۆمۆسێکسی لە گەڵ شاعیری گەورەی فەرەنسا ڤێرلین ببەستێت، رامبۆ بە هەردوو چامەی (ئەوەی بە شاعیر

دەگوترێت لە مەڕ گوڵەوە- بەلەمی سەرمەست) کە هێشتا تەمەنی ١٧ ساڵی تێپەڕ نەکردبوو گەیشتە پلەی مەزنترین شاعیرانی فەرەنسا، لە ساڵی ١٨٧٣ رامبۆ بە تەواوەتی لە ئەدەبیات دابڕا و هەرخەریکی سەفەر کردن بوو بۆ ئەڵمانیا و ئینگلتەرا و دانیمارك و قوبرس و ڤییەننا وسۆماڵ و سوید و و عەدەن و هەندێك لە وڵاتانی تری جیهان، لە ساڵی ١٨٨٥ ڤێرلینی گەورە شاعیر کتێبێکی بە ناونیشانی (شاعیرە نەفرەتلێکراوەکان) بڵاوکردەوە کە تێیدا ڕامبۆ بە دامەزرێنەری قوتابخانەی هێماگەری وەسفکرد، کە ئەمەش هەڵایەکی گەورەی لە ناوەندە ئەدەبییەکاندا نایەوە،جا لەو سەردەمەدا فەرەنسا باسی بیلمەتی رامبۆیان دەکرد و ڕامبۆیان بە پەرجوی (موعجیزە) شیعری لە قەڵەم دەدا، کەچی خۆشی لەو سەردەمەدا لە کیشوەری ئەفریقا خەریکی بازرگانی و قاچاغچێتی بوو، هەرچەندە ڕامبۆ پێویستی بە پارە نەبوو تەنها مەبەستی گەشت کردن بوو تا دونیا ببینێت، لە شوباتی ١٨٩١ ئێشێکی قورس دای لە ئەژنۆی و ئۆقرەی لێ بڕی، ئەو پێی وابوو ئازارەکە ئازارێکی ئاسایی و کاتییە و زۆر ناخەیەنێت و دەتوانێت گەشتێکی تر دەست پێ بکاتەوە بەڵام پاش ئەوەی لە جێگادا ڕاست بۆیەوە و دوو هەنگاوی نا یەکسەر کەوتە زەوی و ڕەنگی مردووی لێنیشت و هەر سەفەرە دوور و درێژەکانی دونیا بوو ئارسەر ڕامبۆیان ماندوو کرد و بە مەرگییان سپارد، لە ٢٢ ی ئەیلولی ساڵی ١٨٩١ ئیزابێلی خوشکی نامەیەك بۆ دایکی دەنوسێت و دەڵێت :

(هەرگیز چاك نابێتەوە وا شێرپەنجە بە گشت لەشیدا بڵاوبۆتەوە)

بەم شێوەیە رامبۆ لە سەرەمەرگدا مانگێکی قورس و دژواری بردە سەر، بە درێژای ئەو مانگە ئیزابێلی خوشکی بەوپەڕی میهرەبانییەوە شەونخونی بۆ دەکرد،بە گوتەی ئیزابێل جارێکیان رامبۆ پێی دەڵێت : ( ئایا من بچمە گۆڕی تەنگ و تاریکەوە تۆش لە بەرتیشکی گەرمی هەتاو بێیت و بچیت)

ئیزابێل پێشنیاری هێنانی قەشەیەکی بۆ رامبۆی کرد تاوەکو لە سەردەستی قەشەدا دان بە تاوانەکانیدا بهێنێت، بەڵام ڕامبۆ بە توندی ڕەتیکردۆتەوە تا ڕۆژێکیان لە ئاکامی شەپۆلێکی ئازاری سەخت پێشنیاری خوشکەکەی قبوڵ دەکات، ئیزابێل لە نامەیەکی بۆ دایکی بەم جۆرە مزگێنی دانپێدانانەکەی ئارسەر ڕامبۆ دەکات

((قەشەیەك هاتە نەخۆشخانەکە، ڕامبۆ دانی بە تاوانەکانیدا نا پاش دانپێدانانەکەی ڕووخساری ئارسەر ڕامبۆ کاریگەربوونی پێوە دیاربوو، لەو ساتە بە دواوە هەرگیز





نەدەگریا، غەمێکی ئارام دایگرت کە پێشتر پێمەوە نەبینی بوو، ئیدی یەك وشەی کفری دەرهەق بە یەزدان و مەسیح بە دەمدا نەدەهات، بەڵکو هەردوو دەستی دەنووساند بە یەکەوە و نوێژی دەخوێند، بەڵێ نوێژی دەکرد ! ))، چیرۆکی بڕوا هێنانی ڕامبۆ مایەی گومان بوو، زۆر لە خەڵکی وای بۆ دەچن خوشکە ئیماندارەکەی بەو چیرۆکە ویستوویەتی ناوبانگی براکەی و خانەوادەکەی بپارێزێت، بەرەبەیانی تشرینی دووەمی ساڵی ١٨٩١ ڕامبۆ داوای لە ئیزابێل کرد پێنووس و کاغەزێکی بۆ ئامادە بکات و ئەم نامە کورتەی بۆ بنوسێت : (( ئاگادارم کە کاتژمێر چەند دەبێت لە بەندەردابم)) دوای ئەمە لە هۆشی خۆی چوو تا ئەو کاتەی هەناسەی لێبڕا و گیانی لە دەستدا، بۆ ڕۆژ دوایی تەرمەکەی لە پاریسەوە دەگوازرێتەوە بۆ شارلفیل لەوێ خەڵکەکە بە سەرسوڕمان و بەزەییەکی زۆرەوە جەنازەیەکی یەکجار سادە لە سەر شەقامە گشتیەکەی شارلفیل دەبینن کە جگە لە دوو ئافرەتی ڕەشپۆش (فیتالی کویف)ی دایکی و (ئیزابێل ڕامبۆ)ی خوشکی کەسی تری بە دواوە نەبووە !.

**وەرزێک لە دۆزەخ[٣]**

**ئێوارەیەکیان جوانیم خستە سەر ئەژنۆکانم بینیم تاڵە**

**جنێوم پێداو لەدژی دادوەری خۆم پڕ چەک کرد**

**ڕام کرد، ئەی سیحربازەکان، ئەی کوێرەوەری، ئەی ڕق و قین**

**ئێوەن خەزنەی گەنجینەی من**

*********

**گەیشتمە ئەوەی کە هەموو هیوایەکی مرۆیی**

**لە دەروونمدا مەحو کەم**

**هەموو دڵخۆشییەک بخنکێنم و وەک وەحشێکی دڕندە**

**قیت بوومەوە**

سەرچاوەکان
رامبۆ و چەند ئەفرێنەرێکی دی : عومەر عەلی شەریف
وەرزێك لە دۆزەخ : کەریم دەشتی



## حەمزاتۆف

# هەشتا ساڵ خۆشەویستی بەسە بۆ ئەوەی پشوویەك بدەی!

**خالید کاوێس**

– ( مرۆڤ پێویستی بەدوو ساڵان هەیە بۆوەی فێری قسان بێت و بەشەست ساڵان هەیە فێری بێدەنگی بێت، من نە کوڕی دووساڵان و نەشەست ساڵانم، لە نیوەی ڕێدام، وێڕای وەش واهەستدەکەم نزیکم لە شەست ساڵانەوە، چونکە ئەو وشانەی نەمدرکاندوون لەدڵمدا بەهایان لەو وشانە زێترە کە گوتوومن).

ئەمە قسەی ڕەسوڵ خەمزاتۆفی شاعیری داغستانە، ئەو شاعیرەی لەساڵی (١٩٢٣-٢٠٠٣) لە گوندی (تسادا) هاتۆتە دونیاوە، کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی جۆرجیاوە، باوکیشی بەهەمانشێوە شاعیرێکی ناسراوی داغستانە.

ڕەسوڵ خەمزاتۆف سەرەتای ژیانی بە مامۆستایی بردۆتە سەر، پاشئەوەی پەیمانگای





گۆرگی لە ئاداب تەواوکردووە، لەساڵی ١٩٥٠ یەکەمین دیوانی شیعری بڵاوکردۆتەوە، کە پتر لە (٤٠) بڵاوکراوەی هەیەو بەزمانی زگماکی خۆی (ئاڤاری ) بڵاوی کردوونەتەوە.

(شاعیران باڵندەیەکی کۆچەری نین، شیعریش بەبێ خاکی دایك درەختێکە بێ ڕەگ و پۆ، باڵندەیەکی بێ لانەیە، من دەمەوێ ئەگەر بەدێرە شیعرێکیش بێت، شتێ نوێکار بخەمە سەر گەوهەری شیعری وڵاتەکەمەوە، دەمەوێ سروودەکانی دایکم بەگوێی هەموو کەسێکدا بدەم، سەبارەت بە خانووچکە بەردینەکەمان و گوندەکەم (تسادا) کە تێیدا چاوم کردونەتەوە، سەبارەت بەزەریاو کەنارەکانی).

عەشقی خەمزاتۆف بۆ داغستان عەشقێکی ئەبەدییە، داغستان بەلای ئەوەوە کلیلی فەرهەنگێکی شیعرییەو لەهەست و سۆزیدا گیرساوەتەوە، ئەو لەوێستگە ئەستەم ودژوارەکانی خۆشەویستیەوە کە خاك و وەتەنە ئیلهام وەردەگرێت، تەنها زەوی دەتوانێ ئەو جیاوازییە دیاری بکات کە کێ خۆشەویستی و خەون و شیعرەکانی خۆی پێشکەش دەکات و کێش ئیعدعای ئەوانە دەکات.

وەك خەمزاتۆف دەڵێت ( ئەو شاعیرەی کە خوێنەرانی وڵاتەکەی بە وتە بێژی خۆیانی دەزانن، ئەوانە شاعیرانێکن کە بەختەوەرن، باشترین پێوانەش بۆ مرۆڤ کاروکردەوەکانیەتی).

لەیەکێ لە چاوپێکەوتنە ڕۆژنامەوانیەکانیدا، ڕەسول خەمزاتۆف سەبارەت بەشیعر دەپەیڤێ: ( پێویستە جیاوازی بکەین لەنێوان شاعیری باش و شاعیری دلگیر، شاعیری دلگیر شاعیری نەوەکانە، بەڵام شاعیری باش شاعیری گەلە، ئەم دووەش لێکدی جودان، شاعیری دلگیر دەچێتە دڵ و دەروونی خەڵکەوە، لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت : ( چ پێویست دەکات شیعرێ بنووسینەوە کە خەڵکی لێی حاڵی نەبن، ئەرکی ئێمە وەك شاعیر ئەوەیە بیرۆکە و هەست و سۆزەکان بەخەڵکی بگەیەنین، نەك پێچەوانەکەی، دەزانم دڵەڕاوکێ بنچینەی کاری ئێمەیە وەك شاعیر، بەڵام بەتەنێ دڵەڕاوکێ بەس نیە بۆئەوەی شیعرێك لەدایك بێت، پێویستە هەست بە ئەندێشە و ئازارەکان بکەین و ڕوونیان بکەینەوە، بەڕای من قورسترین و ئەستەمترین شیعر ئەو شیعرانەن کەزوو لێیان حاڵی دەبین، چونکە پێویستی بەوردەکاری و سادەییەکی ڕووکەشی هەیە، ئومێدەوارم ئەمە بەوە لێکنەدرێتەوە

کە هەڵمەتێکی دژی تازەگەرییە، من باوەرم بە لە قالبدانی هونەر نیە، بەڵام دەکرێ بەشێوازێ بنووسینەوە، کە خەڵکی سوودی لێ وەرگرن.

رەسووڵ خەمزاتۆف لە داغستانی مندا دەڵێت : من نابێ بەهیچ کەس بچم ( نە عومەرو نە پۆشکین و نە بایرۆن )، هەندێ دز هەن کە گایەك دەدزن شاخی لێ دەکەنەوە، یان کلکی دەبڕن، هەندێ دزی تر هەن کە ترۆمبیلێکیان دزی، بەرەنگێکی تر بۆیاخی دەکەن.

بەڵام دزی هەرچەندە زیرەکانەش بشاردرێتەوە هەر دزییە.

ئەوەم لە هەموو شتێك پێ خۆشترە کە گوێم لێ بێ خوێنەرەکانم بڵێن : ( رەسوڵ کتێبێکی رەسولآنەی نوسیووە ).

هەر لەدرێژەی قسەکانیدا پەندێکی رووسیمان بۆ دێنێتەوە :

ئەگەر لەبیست ساڵیدا هێزت نەبوو، بەتەمای مەبە، چونکە نایە.

ئەگەر لەسی ساڵیدا زیرەك نەبووی، بەتەمای مەبە، چونکە نایە.

ئەگەر لە چل ساڵیدا سامانت نەبوو، بەتەمای مەبە، چونکە نایە.

چیاکانیش دەڵێن : پیاو لەچل ساڵیدا هەڵۆ نەبێ قەت نافڕێ.

من ئەم ژیانەم خۆشدەوێ
ئەم دونیا گەورەیەم خۆشدەوێ
هەموو کونجێکی ئەم وڵاتە گەورەیەی
بنیادەمم خۆشدەوێ
بەڵام وڵاتی سۆڤێتم لەهەموویان خۆشتر دەوێ
تابتوانم بەزمانی خۆم گۆرانی پێ هەڵدەڵێم
لە (جوکۆتکا ) وە تا دەریای بەلتیك
ئەم وڵاتە سەربەست و گولینەم بەلاوە ئازیزە
لەهەر کوێ پێویست بوو بۆی بمرم
بەڵام کە مردم بالێرە بنێژرێم
کەلە گۆڕستانی نزیك گوندەکۆنینەکەم
ئاڤارە ئازیزەکانم ناوە ناوە کۆدەبنەوە





بابە ئاڤاری ناوی رەسول بهێنن
کە هاو نیشتمانێکیانە
میراتگری هەمزەی تسادایە

خەمزاتۆف سەبارەت بەخۆشەویستی دەڵێت ( کاتێ شاعیر باس لە خۆشەویستی دەکات، مەبەست لەخۆشەویستی ماڵ..زەوی.. ئەوکەسانەی لە دڵیەوە نزیکن و ئەو تاقە ئافرەتەی خۆشی دەوێت ).

هەروەها سەبارەت بەئافرەت دەڵێت ( دووشت لەدونیا دا پێویستە ململانێی دژواریان بۆ بکەیت، نیشتمانێکی بە سۆزو ئافرەتێکی ژیکەڵانە ).

لەسەرەتای ژیانییەوە خەمزاتۆف ئەوەی دیاری کردبوو کە نیشتمان پێویستی بەوە نیە زۆربڵێی بکەین بۆ ئەوەی عەشقی خۆمانی بۆ بەیان بکەین.

خۆشەویستی لە چرکەیەکدا ناخمان دەگەشێنێتەوە، هەروەك ئەو دەڵێت : لەسەفەرەکەمدا سێ ئافرەت ماڵئاواییان لێکردم.. یەکەمین کە پاڵی بە درەختێکەوە دابوو، بێئەوەی سەری دابخات وتی : گەر فەرامۆشت کردم هەرگیز ناگریم، دووەمیان لەدەروازەی ماڵەکەیان بە گۆزەیەکی پڕەوە هەڵوەستەیەکی کردو گوێم لێ بوو دەیوت : خێرا بگەرێوە، سێیەمیان پەژارە دایگرتبوو، بێئەوەی وشەیەك بڵێت.

یەکەمیانم لە پشتێنەی چیاوە فەرامۆش کردو لە پێچی دووەمی چیاوە بە هەناسەیەکی ئاسوودەوە دووەمیشم بیرچۆوە، بەڵام بەدرێژایی چیاو بەندەنەکان نەمتوانی ئافرەتی سێیەم لەبیر بەرمەوە و بەتەنێ هەر ئەو لەنێوان هەمواندا خەونانی پێوە دەبینیم ).

کەواتە خۆشەویستی ئەو چرکە ساتەیە کە ناخمان دەگەشێنێتەوەو سەرلەبەری شتەکانی بەر لەوی لەزەینمان دەسرێتەوە، کێ هەیە لە ئێمەو مانان ساتەکانی یەکەمین دیدار، یەکەمین زەردەخەو تا دەگاتە یەکەمین ماڵئاوایی لەبیرە خۆ بباتەوە ؟

ئەمە ئەو عەشقە گەورەیەیە لە دڵ و هۆش و زەینی خەمزاتۆفدا، گەشانەوەی نیشتمان و یەکەمین زەردەخەنەی خاك، کەئەمە وای کرد لەنێو هەمواندا خۆشەویست بی و عەشق هەموو ئەو چرکەساتانە بێت و خۆزیا بخوازێ کە ژیانێکی درێژتر بژێت، بۆ ئەوەی رەگ و ریشەی ئەو عەشق و خۆشەویستیەی بەشی هەموان بکات.

خەمزاتۆف دەڵێت ( ئێمە تەنیا جارێك دەژین، ئەگەر بمتوانیبا لەو ژیانە زێتر بژیم،

وامدەکرد بەشی هەمووان ئەو عەشقە بچەنم، هێندەم بەسە کە ئەو خۆشەویستیە لە شیعرەکانمدا دەژین، بەشی ئەوە ژیانم لەبەردەمێدا نەماوە، قسەی پروپووچ بڵاوبکەمەوە).
خەمزاتۆف بەدەر لەعەشقی وڵات و ئافرەت، هاورێی گیانی بەگیانی فەرامۆش نەکردووە، ئەو لە هاورێیەتیەوە سەرچاوەی گەرمی و هێزی بۆ دێت : (ئەگەر هاورێیەکی دڵسۆز دەستانی گوشیت تەنیا دەستت لەنێو دەستیدا ناتوێتەوە، بەڵکو گەرمترو پڕ هێزتر دەبێت.
لە شیعری موسافیر، یان میوانێکی نامۆدا دەڵێت :

– ئەی موسافیر
ئەگەر لەبەردەم ماڵەکەمان گوزەرت کردو
نەهاتیتە ژووری
بەفرو برووسکەت بەسەردا بباری
بەفرو بروسکە ئەی میوان
ئەگەر ماڵەکەم میوانداری نەکردی
بەفرو بروسکە بەسەری مندا
موسافیر کە بۆ گەشتێ دەڕوات... چی لەگەڵە خۆی دەبات ؟
شەراب لەگەڵ خۆی دەبات ؟
نان لەگەڵ خۆی دەبات ؟
بەڵام ئەی موسافیری ئازیز تۆ لە ڕێزلێنان بێ بەش نابیت
پێویستیت بە توێشوو نابێت
ژنی چیایی نانی گەرمانت بۆ دەکات
پیاوی چیایی شەرابت دەداتێ
موسافیر کە بۆ گەشتێ دەڕوات.. چی لەگەڵ خۆی دەبات ؟
گۆرانی لەگەڵ خۆی دەبات ؟
بەڵام ئەی موسافیری ئازیز.. گۆرانی سەرسوڕهێنەر لای ئێمەیە
گۆرانی بێ ئەژمار لە چیاکانە





بەڵام قەیدی چیە...
گۆرانیەکانی خۆت با لەگەڵدابێ
چ قورسیەکی نیە
گۆرانی و شیعری باب و باپیران.

شیعرەکانی خەمزاتۆف ئەو زەویە بەبەراوەن، هەموو جۆرە گوڵێکی جوانی تێدا دەروێت، ئەو لە چاوەڕوانی گوڵێکدایە کە تائێستاکە نەچێنراوە.
هەروەها سەبارەت بەبێ لایەنی و دۆستایەتی لە ئەدەبدا دەڵێت : ( من باوەڕم بە پێڕکاری و دەستەگەری نیە لەئەدەبدا، ئەم مۆدەیە لەشێوازی ژیانی منەوە دوورە، هەر هونەرمەندێ بۆ خۆی دەوڵەتێکی سەربەخۆیە.. بچووك یان گەورە... بەڵام لەئەدەبدا دۆستایەتی هەیە.. بەڵام پێڕو پێڕکاری نیە.. چ پێویستیەکمان پێ نیە.. پێڕو پێڕکاری ئازادی ڕادەربڕین دەکوژێ.. هەر شاعیرێ باوەڕی بە پێڕو پێڕکاری هەبێت.. بەستەزمانە ناتوانێ بنووسێ، کەواتە ئەو دەوڵەتە بێ هێزو لاوازە پێویستی بە یارمەتیدان هەیە، ئەوەی زانراوە کە تۆڵستۆی و دیستوفسکی هیچیان کەیفیان بەیەکدی نەدەهات، بەڵام لەو باوەڕەشدانیم کەهەردووکیان سەراپای ژیانیان کە بۆ ئەدەب تەرخان کردبوو، دژایەتی یەکدی بکەن.
کەچی ئێستا دەبینین هەندێ لە نووسەرانمان تا سەرئێسقان دژایەتی یەکدی دەکەن و بەرامبەرەکەیان دەسڕتەوە، کەچی لەبەرامبەردا سەبارەت بە چاپەمەنی و شاکارەکان نادوێن، ڕەخنەگران گوێ بەلایەنی هونەری و جوانکاری نادەن.. بەڵکو موجامەلەی یەکدی دەکەن و بەلیستی ناوەکاندا دەچنەوە.. کە ئەمەش زیانێکی گەورە بە ئەدەب دەگەیەنێ.
ئەوەتا سەبارەت بەشیعر ڕەسوڵ خەمزاتۆف پێمان دەڵێت :( ئەی شیعر من بەبێ تۆ هەتیوم، خۆت لەهەموو کەس باشتر دەزانی کە باسکردنت هیچت لێ گەورەترو زیتر ناکات، چما قسە گۆرانی ناسکتر دەکا ؟ ئاخۆ کتلیە ئاوێك جۆگەلەی شاخان بەئاوتر دەکا ؟ ئایا دەتوانی بەفووی دەم هاژەی با تیژتر بکەی ؟.

– بەمنداڵی تۆم بەدایك دادەنا
ئێستا وەك دەزگیران وایت

که پیریش بووم
وەکو قەیرە کچێکی نازدارت لێ دێ
که مردیشم گیانی زیندووم پیشانی خەڵك دەدەی
هەندێجار وەکو زنجیرە شاخ وایت
هەندێجار وەکو باڵندەی کەوی و دەستەمۆ وایت
تۆ ئەو باڵانەی که پێیان دەفڕم
تۆ ئەو چەکەی کەپێی دەجەنگم
ئەی شیعر !
تۆ بێ پشوویت، بێ بەرگریت، سەرکێشیت
تۆ هەموو شتێکی منیت
منیش بەڕاستی خزمەتت دەکەم

سەبارەت بەفۆرم رەسول خەمزاتۆف دەڵێت : ( پیاو دەبێ خاوەنی ئاگردانی خۆی بێ و بتوانێ ئاگری تێدا بکاتەوە، یەکێك سواری ئەسپی خەڵك بووبێ، چ زوو چ درەنگ هەر دەبێ لەئەسپەکە دابەزێ و بیداتەوە خاوەنی خۆی، قەت بیری خەڵکیتر زین مەکە، هەردەم خاوەنی بیری خۆت بە...

حەز ناکەم وەکو ئەو راوکەرانە بکەم کە دەچن کەلەشە بزنەکێوی لەبازاڕ دەکڕن و کە گەڕانەوە ماڵێ دەڵێن نێچیری خۆمانەو خۆمان کوشتوومانە.

هەروەها سەبارەت بە لێکدی نزیك بوونەوەی ئەدیبان لەیەکترو ڕاستگۆوی و دڵپاکی لەگەڵ یەکدی دەڵێت : خەڵکی هەوڵێ دەدەن بۆ ئەوەی بە ئەستێران ڕابگەن، بەڵام ئەگەر ئێمە نەتوانین ڕێگای لێکدی نزیکبوونەوەی نێوان خۆمان بدۆزینەوە، چلۆن دەگەینە ئەستێران ؟ دەڵێن (محمد ) پێغەمبەری خودا کاتژمێرێکی هەبوو لەگەڵ خودا دەدوا (کاتژمێر سێ ) کە ناونیشانی یەکێك لە پەرتووکەکانمە، کەچی ئێمە هەر پەلەپەل دەکەین، جوێنان بەیەکدی دەدەین، لەگەڵ گەمژان چەنە لێ دەدەین و بەدووی سەلماندنی ڕاستیەکانی خۆمانەوەین، هەموو سەرقاڵی خودی خۆمانین، ماوەمان نیە بۆ نووسینی نامەیەك بۆ دۆستێ، بۆ ڕامووسانی دەست دایك (کاتژمێر سێ ) هەرگیز لای ئێمە وجودی نیە، پاشان پەژیوان





بوونەوەدێت، کاتێك دێت شتێ نەماوە بۆ چاککردنەوە و ڕاستکردنەوەی کارەکانمان و هەڵسوکەوتە کەسییەکانمان.

شاعیران دەتوانن پەژارەو ئازارەکانیان بکەن بەهی گەل، دەتوانن ئەو چرکە ساتانە ئەبەدی بکەن، بەڵام ئەگەر حەکیم و هونەرمەندان نەمان، پێچەوانەکەی ڕاست دەبێ و ئەبەدییەت دەگۆڕدرێ بۆ چرکەسات.

**سەرچاوە:**

**١-الثقافة العربية -العدد (٤٩) ١٩٨٩**
**٢-داغستانی من**
**٣-ئینتەرنێت**

# ڕۆمانی شەماعیە، جیهانێك لە تاوانکاری

**یوسف محەمەد**

ئەمڕۆ وەرگێڕان بۆ کوردی پێویستییەکی ژیارییە و کردنەوەی پەنجەرەیەکە بەڕووی کلتوور و ڕۆشنبیریی میللەتاندا. تەنیا لە ڕێگەی وەرگێڕانەوەیە بەئەدەب و کلتووری میللەتانی تر ئاشنا دەبین و لە ئەوانی دی دەگەین. بەڵام ئەفسووس ئەمڕۆ هەر بابایەك هەڵدەستێت و شتێك لە زمانێکی تر بزانێت خۆی لە قەرەی وەرگێڕان دەدات، بێگومان دەبێتە ئەگەری لاوازکردنی زمانی کوردی و بەئەمانەت نەگواستنەوەی دەقە وەرگێڕاوەکە. ئەمەش دەست بردنە بۆ حورمەتی هونەری وەرگێڕان و دەرپۆست نەهاتنیەتی، لە شێوەی ئەو سەربازە بێ چەکەی کوێرانە مل دەنێتە مەیدانی جەنگێکی بێ بەزەییانەوە. مخابن یەکێك لە هۆیەکانی زۆر و بۆر بوونی وەرگێڕان لە ناو کورددا نەبوونی سانسۆری هونەرییە.

کتێبێکی وەرگێڕدراوی ناوازەی نووسەر و وەرگێڕ سەباح ئیسماعیل، ڕۆمانی شەماعییەی عەبدولستار ناسرە، ئەم ڕۆمانە تابلێی بەزمانێکی پاراو و کوردییەکی ڕەوان وەری گێڕاوە.





سەباح ئیسماعیل ئەزموونێکی زۆر باشی لەم بوارەدا هەیە، ئەمە شەشەم ڕۆمانیەتی وەریدەگێڕێت و دەزگەی ئاراس بەچاپێکی قەشەنگ چاپی کردووە و وەرگێڕی ناوبراو یەکێکە لەوانەی زۆرترین ڕۆمانی ڕاستەوخۆ لە زمانی عەرەبییەوە بەکوردی کردووە. تا ئێستا ئەم ڕۆمانە عەرەبییانەی بەکوردی کردوون (وەرزی کۆچ بەرەو باکوور)ی ئەلتەیب سالحی سوودانی، (درێژترین ساڵ)ی ڕۆماننووس زوهدی داودیی عێراقی، (شیکاگۆ) و (باڵەخانەی یاقووبیان)ی ڕۆماننووسی میسری عەلا ئەسوانی، (مرۆڤێك ناوی لە ناواندا نییە)ی واسینی ئەلئەعرەجی جەزایری.

عەبدولستار ناسری نووسەری ڕۆمانی شەماعیە، یەکێکە لەو نووسەرانەی چیرۆکێلێکی زۆری نووسیون و کاتی خۆی هەر لەسەر چیرۆکێکی بەناوی "سیدنا الخلیفه" خراوەتە زیندانەوە و ئەشکەنجە و ئازارێکی زۆر دراوە، ڕێی تێدەچێت ئەم ڕۆمانەی ڕەنگدانەوەی ئەو قۆناغەی ژیانی بێت. چونکە هێند زیرەکانە و وردبینانە باس لە زیندان و ئەشکەنجەدانەکانی دەکات محاڵە کەسێك بەخۆی ئەو ئازارانەی نەچێشتبێت و هێندە بەکاریگەری باسیان بکات.

عەبدولستار ناسر لە ساڵی ١٩٤٧دا هاتۆتە دنیاوە. پتر لە ٤٠ کتێبی بڵاوکردووەتەوە، وەکو (ژیانی شەریف نادر بەکورتی، تکایە گوڵەکە مەدزە، کۆماری قەیرەکان، سندووقی هەڵەکان، شەقامی موتەنەبی، دوای کاولبوونی بەسرە، بازاڕی سەرای، نیوەی خەمەکان، حەکایەتخوان، توێکڵی باینجان...) بەرهەمەکانی بۆ چەندین زمانی وەك (ئینگلیزی، ئەڵمانی، ئیسپانی، ڕووسی، سربی، کوردی) وەرگێڕراون.

لە ساڵی ١٩٩٩وە لە پایتەختی ئوردن نیشتەجێیە. هەدیە حوسێنی ڕۆماننووس هاوسەریەتی. بەداخەوە ئێستا عەبدولستار ناسر بەهۆی شەپلەوە دەستەکانی لە کار کەوتوون.

نووسەر لە پێشەکیی دەقە وەرگێڕاوەکەی بۆ کوردی، دەڵێت "وەرگێڕانی ئەم ڕۆمانە بۆ کوردی شادمانی کردم، چونکە هەندێك لە ڕووداوەکانی لە کوردستانی عێراقدا ڕوودەدەن...." پاشان دەڵێت "شەماعیە شتێکی سەیرە، بەکاتێك نووسیم لە ژەنینی کەمانچە دەچوو، لەو دەمەدا نووسیم لە دەریایەکی تەزیودا مەلەم دەکرد، تەنیا چەند مانگێکی برد، هەینێ لە سەرەتای زستاندا پەنجەرەکەم خستە سەر گازی پشت، ڕۆمانەکە بەدوماهی هاتبوو..".

پاشان وەرگێڕ پێشەکییەکی کورت و چڕی بۆ ڕۆمانەکە نووسیوە و باس لە ئەدەبی زیندان




و چۆنێتی وەرگێڕانی ڕۆمانەکە دەکات.

لە پێشەکیی وەرگێڕیشدا هاتووە: ڕۆمانی شەماعیە باس لەو کەس و هێزە کۆمەڵایەتییانە دەکات، کە ناخوازن ڕیتمی ژیان بەو شێوە قەتیسماوەی بەڕێوە بچێت. خاڵی دەستپێکی ڕۆمانەکە لەگەڵ ڕۆژی کۆتایی هاتنی ڕێژیمی دیکتاتۆریی بەعسدا دەست پێ دەکات. لەم ڕۆمانەدا پێنج کاراکتەری سەرەکی بەشێوازێکی تۆکمەی هونەری ڕۆمانەکە بەڕێوە دەبەن، هەر یەکە و کارەساتی تایبەت بەخۆی بەدەستی ڕێژیمی لەناوچووەوە دەگێڕێتەوە. دەکرێت بڵێین ڕۆمانەکە کۆمەڵە چیرۆکێکە و کۆلاژ کراون و بەسەریەکەوە ئەم ڕۆمانەیان لێ بەرهەم هاتووە.

ڕۆماننووس لەم ڕۆمانەدا باس لە کەسانێك دەکات بوونەتە قوربانیی ڕێژیمێك هیچ کات ڕای جیاوازی قبووڵ نەکردووە و زیندانی وەکو دەزگەیەکی چاوترسێن تەماشا کردووە و مێژووی لای کاراکتەرەکانی وەستاندووە. کەسانێکی ژیر و وریا، کەسانێك لەپێناوی ئەوی بروایان پێیەتی گیانبازی دەکەن و ڕووبەڕووی یەکێك لە ڕێژیمە هەرە دیکتاتۆرییەکانی جیهان دەوەستنەوە. سەرەنجام یا بەشێتی زیندان جێدەهێڵن، یاخود ژووری زیندان دەبێتە گۆڕستان و تێیدا سەردەنێنەوە. یانیش کەسانی سەر بەڕێژیمی وای تێدایە خۆی زیندانەوانە و لە زیندانییەکان زیاتر خۆی بەزیندانی دەزانێت. زیندانییەکان کەسانی وایان تێدایە لە شێوەی سوێرەکیی فەڵەستینی تەنیا لەبەر ئەوەی ژنەکەی جوانە و چووەتە دڵی یەکێك لە بەرپرسە چاوبرسییەکانی حزبەوە، دەیانگرێت و سووك و ڕیسوایان دەکات و تۆمەتی سیخورییان بۆ حزبی بەعسی سووری دەداتە پاڵ و بەزۆر لەژێر ئەشکەنجەداندا وایان لێ دەکات دان بەو تاوانانەدا بنێن، کە ئەنجامیان نەداوە.

هەڵبەت ڕژێمێلێك، کە ژیانیان لەسەر ترس و دڵەڕاوکێ لە بەرامبەر میللەتدا بیەنە سەر هەرگیز بەردەوامییان نابێت و دەبێت لە کۆتاییدا هەر هێزی خێرخواز بەسەر هێزی





شەڕخوازدا سەرکەوێت.

خۆی لە خۆیدا ئەم ڕۆمانە بەشێکی پەنهان لە مێژووی عێراق دەگێڕێتەوە، تەنیا ئەوانە دەتوانن بینووسنەوە، کە بەخۆیان سات بەسات لەگەڵ ئەو ڕووداوانەدا هەڵیان کردووە. ماوەتەوە بڵێم دەستخۆشی لە وەرگێڕ دەکەم بۆ ئەو وەرگێڕانە بەتام و چێژەی پێی وەرگێڕاوە و لە کاتی خوێندنەوەدا ئەو هەستەت لە لا دەڕوێت، کە زمانی کوردی دەکرێت هەموو دەقە جیهانییەکانی پێ وەربگێڕرێت و هیچی لە زمانەکانی دی کەمتر نییە.

**سەرچاوە:**

**عەبدولستار ناسر. شەماعیە. دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس. هەولێر ٢٠١٠/ ١٨٧ لاپەڕە.**



# سەیاب

## قەسیدەیەك لەنێوان جوانی و سیاسەت

**مەحمود نەجمەدین**

بەدر شاکر سەیاب شاعیری عێراقی ساڵی ١٩٢٦ لەگوندی جیکور لە باشوری بەصرا لەدایکبووە، ساڵی ١٩٦٤ لە بیمارستانی ئەمیر لە کوێت دەمرێت وتەرمەکەی دەهێننەوە بۆ شاری بەصرا،خوێندنی سەرەتایی لە خوێندنگای باب سلیمان تەواوکردوە،پاشان چوەتە خوێندنگای مەحمودیە وساڵی ١٩٣٨ تەواوی کردوە وپاشان ناوەندی لە شاری بەصرا تەواوکردوە، پاشان چوەتە بەغداد بۆ خوێندنی پەیمانگای مامۆستایان وبەشی عەرەبی وئینگلیزی خوێندوە،لێرەوە دەرفەتی خوێندنەوەی ئەدەبی بەئینگلیزی بۆ هەڵکەوتوەسەرەتا بە بابەتی رۆمانسی پەرەی بەشیعرداوە پاشان بابەتی سیاسی ومرۆڤدۆستی،کاریگەری ئەلیوتی لەسەربوە،لەشەستەکاندا دیوانی ئەنشودە المگر ی بڵاوکردەوە،بەدر شاکر سەیاب ژیانی منداڵی قۆناغێکی خۆشبوە بۆ ئەو تا ئەو کاتەی دایکی دەمرێت لەساڵی ١٩٣٢،لێرەوە سەردەمی ناخۆشی وحوزنە بۆ سەیاب،ئیدی پەنا دەباتە بەر نەنکی دایکی باوکی،هەرچی باوکییەتی ژنی دووەم دەهێنێتەوە لە سەیاب دوردەکەوێتەوە، ئیدی سەیاب وبراکەی دەچن بۆ لای نەنکیان دایکی دایکیان لەگوندی جیکور کە گوندی دایکیانبوە،ئیدی سەیاب بەبێ دایکی گەورە دەبێت وخوێندن تەواودەکات،هەر زوو دەست بەنوسینی شیعر دەکات بە شێوە زاری عێراقی، بەشێك





لەشسیعری سەیاب لە ژێرکاریگەری ژیانی گوند دابوە، سۆز وخۆشەویستی ژیانی گوند وشیعری عاشقانە،لەساڵی چلەکاندا دەست بە بڵاوکردنەوەی شیعرەکانی دەکات،لەبڵاوکراوەکانی بەغداد،لەنەوەی نازل مەلایکە وبریکانە،بەهۆی مەیلی بۆ سیاسەت لەخوێندنی زانۆدەردەکرێت وپەلکێشی زیندان دەکرێت لەساڵی ١٩٤٦- لەدوای بڵاوکردنەوەی دیوانی ازهار ذابلة لەساڵی ١٩٤٨ جارێکی تر پەلکێشی زیندان دەکرێتەوە،ساڵی ١٩٤٩ جارێکی تر بریاری گرتنی دەردەچێ ولەجیکور دەگیرێت بۆ مابوسخانەکانی بەغداد دەگوێزرێتەوە،ئەمە لە دوای بڵاوکردنەوەی قەسیدەیەکی رووی دا وپاش چەند هەفتەیەك لەزیندانی بە کەفالەت ئازاد دەکرێت وبەڵام لە وانەگوتنەوە دوردەخرێتەوە بۆ ماوەی دەساڵ وسەیاب دەگەڕێتەوە بۆ گوندەکەیان، بۆ بژێوی ژیان لەکارگەی خورما ئیش دەکات وهاوکات لە کۆمپانیای نەوت کار دەکات، بەرهەمی شیعری سەیاب بریتین لەدیوانی ازهار ذابلة ساڵی ١٩٤٧-اعاصیر ١٩٤٨-ازهار واساطیر ١٩٥٠-فجرالسلام ١٩٥١-حفار القبور ١٩٥٢-المومس العمیاء ساڵی١٩٥٤-الاسلیحە والاطفال ساڵی ١٩٥٥-انشودە المطر ساڵی ١٩٦٠-المعبد الغریق ساڵی ١٩٦٢-منزل الاقنان ساڵی ١٩٦٣-الشناشیل ابنە الجلبی ساڵی ١٩٦٤ و...سەیاب لەو شاعیرانەیە کەزۆر کەبەهۆی شیعرە سیاسی بۆچونە سیاسیەکانەوە چەندین جار رووبەرووی زیندان بوەتەوە، تەواوی بەرهەمە شیعریەکانی سەیاب لە عێراق و لوبنان چاپکراوە،سەیاب بەیەکێ لەباشترین شاعیرەکانی عێراق دادنرێ،شعرەکانی بۆچونەکانی بەرەو زیندان پەلکێشیان کردوە،سەیاب گەرچی کەم ژیا ومردن مەودای نەدا بەڵام وەك شاعیرێکی ناوداری عێراقی دەناسرێت،سەیاب هێشتا تەمەنی شەش ساڵ بوو دایکی مرد ولە سۆزوخۆشەویستی دتیك بێ بەش بوو،ژیانی بەهەژاری ونەداری بەسەربردوە ولەگوندێکی بەصرا وە دەچێتە بەغداد وورده ورده دەست شیعر نوسین دەکات ولەبۆنە ئەدەبیەکاندا شیعر دەخوێنێتەوە،لەشیعرەکانیدا بەشێوەیەکی هونەری ئەفسانەی تەوزیف کردوە سەیاب شاعیری تازەگەر ئەفسانە کۆنەکانی تێکەڵ بەتازەگەری کرد،لەشیعری سەیابدا ئاراستەی جوانی وئاراستەی سیاسی هەیە کە بەهۆیەوە توشی گرتن وزیندان بوو.سەیاب بەیەکێ لەشاعیرانی تازەگەری عێراقی ناودەبرێت ولەگەڵ ئەو تەمەنەکورت وکەمیدا توانی داهێنان بکات وەك شاعیری هاوچەرخ وتازەگەری عێراقی دادەنرێت ولە ژێرکاریگەری شیعری ئەلیوت وئەدەبی رۆژئاوادا ئەزمونی خۆی نوسیەوە،لەپاش خۆشی کاریگەری لەسەرچەندین شاعیری عێراقی وعەرەبی دروستکرد،سەیاب لەجیکورەوە بۆ بەغداد بەشێك لەمێژووی شیعری هاوچەرخی عێراقی.



**حەمە مەنتك**

# هەوڵی پاکبوونەوە لە چیرۆکی (گوناه)ی (سەلاح عومەر)دا

بابەتی ئەدەبی بریتییە لە مرۆڤ. واتە مرۆڤ لەناو بابەتی ئەدەبیدا دەبێتە کەرەسەیەکی خاو بۆ ئەوەی نووسەر بتوانێ ستوونی بابەتەکەی لەسەر بنووسێ.هەروەك دەزانین مرۆڤی کورد و ئازار و کێشەکانی بوونەتە بابەتی نووسەرانی کورد. (سەلاح عومەر) یەکێکە لەو چیرۆکنووسانەی دەمێکە خەریکی نووسینە هەر لە ناوەڕاست و کۆتایی حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە تاکو ئێستاش هەر درێژە پێدەری هەمان شێواز و فۆرمی حەفتاکانە. ئەم چیرۆکەی (سەلاح عومەر) (گوناه) لەساڵی (١٩٩٢) نووسراوە، نارەزایەتیەکی قوڵی نووسەرە دژی ئەو زوڵم و ستەمەی لە کچ و ئافرتی کورد دەکرێت. ئازار و ژانی ڕاستەقینەی چیرۆکنووسە، ئەو هەموو ئازار و ژانەی لەلا کۆبۆتەوە لەئەنجامدا بووەتە هەڵچوونێك و هەوێنی ئەم بەرهەمە ، ئەمەش کاتێك سەیر دەکات هیچ دادپەروەریەك و ئازادیەکی کۆمەڵایەتی نیە. ئەم دیاردە کۆمەڵایەتیە (کوشتنی ئافرەت و کچ) لەناو کلتوری ئێمە بەشێوەیەکی بەرفراوان بوونی هەیە، ئەمەش چیرۆکنووسی وروژاندووە و هەڵچوونی



لەلا دروستکردووە کە بووەتە هۆی داهێنانی ئەدەبی وەك لەم هێڵکاریە روونی دەکەینەوە:




کەواتە چیرۆکنووس سوود لە کێشەکانی ناو کۆمەڵ وەردەگرێت و لەوێوە وروژاندنێك لەناوەوەی دروست دەبێت و بەرەو هەڵچوونێکی سەیری دەبات ئەمەش پێویستی بەبەتاڵکردنەوە هەیە، چونکە هەر کەسێك لە ڕووی دەرونیەوە ناخی ئاڵۆز بێت پێویستی بە خۆ بەتاڵکردنەوە هەیە. بۆیەش بەرەو بەرهەم و داهێنانی دەبات.

ئەم چیرۆکە باس لە باوکێك دەکات کە بە قسەی کەسانی تر کە لە ڕاستیدا قسەی هەڵبەستراو بوون لەسەر ئەم قسە هەڵبەستراوانە کچەکەی خۆی دەکوژێت ئەویش بە هەڵدانی لە شاخێکی بەرز. دوای کوشتنی کچەکەی هەست بە پەشیمانی و گوناهێکی گەورە دەکات. هەست دەکات وەکو دڕندەیەك ئەو کارەی کردووە، هەرچەند دەکات ناتوانێ چۆن خۆی پاك بکاتەوە، بۆیە وەکو زاهیدێك دەچێتە ئەشکەوتێك بەرامبەر ئەو شاخەی کە کچەکەی لێوە فرێداوە بەهیوای ئەوەی خوای گەورە لێی خۆشبێت و بەهیوای ئەوەی کچەکەی بگەڕێتەوە و بیگرێتە باوەش.

ئەم چیرۆکە باس لە دیاردەیەکی دواکەوتووی ناو کۆمەڵگا دەکات. کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکی داخراوە تیایدا ئازادیەکانی ئافرەت سنووردارە. دیاردەی کوشتنی ئافرەت و کچی کورد ڕەگێکی قوڵی لەناو کلتوری کوردیدا هەیە تاکو ئێستاش ڕۆژانە دەبینین دەیان کچ و ئافرەتی کورد خۆیان دەسوتێنن پێشتر کوشتنەکە لەسەر دەستی کەسانی نزیك ئافرەتەکە ئەنجامدەدرا، بەڵام ئێستا ئەمە لەسەر دەستی خودی ئافرەتەکە ئەنجامدەدرێت. ئەوەش وەکو هەڵوێستێکە دژی هەموو کلتورێکی دواکەوتووی ناو کورد، تا ئێستاش نەتوانراوە ڕێی لێ بگیرێت.

تیۆری دەربڕین یەکێکە لەو تیۆرانەی کە لەناو ڕەخنەی ئەدەبیدا کاری پێدەکرێت بۆ ئەوەی ڕاڤەی هەر دەقێکی پێ بکرێت.ئەم تیۆرە لە ڕەخنەی ئەدەبیدا لە دوای سەدەی هەژدەوە لەژێر کاریگەری بۆچونەکانی کانت و هیگڵ سەریهەڵدا. هەروەها کۆمەڵێ هۆکاری تر کاریگەریان لەسەر سەرهەڵدانی هەبوو وەکو سەرهەڵدانی ڕێبازی ڕۆمانسیەت و

بوژانەوەی گیانی تاکگەرایی و دیموکراتی، سەرهەڵدانی ئەم تیۆرە کاریگەری خۆی هەبوو لەسەر گۆرین و لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی دەق و تا ئێستاش کاریگەری خۆی هەیە ئیشی پێدەکرێت. تیۆری دەربڕین بڕوای وایە هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی لە ئەنجامی هەست و سۆز و هەڵچوونەوە دێتە بەرهەم. هەروەها ئەم تیۆرە پێی وایە لێرەوەیە ئەدەب کاریگەری سۆز و هەڵچوون لای خوێنەر بەجێ دەهێڵێت، ئەمانە هەڵچوون دەکەنە بنەمای داهێنان. وای دەبینن کە داهێنان بەهۆی هەڵچوونی ناوەوە و دەرەوەی نووسەر و هونەرمەند دێتە دی.هەروەک شاعیری ئینگلیزی (وۆردز وۆرپ) دەڵێت:" هەموو شیعرێکی باش دابارینی بەهێزی هەستەکانە" ئەمە بەسەر ژانرەکانی تری ئەدەبیش پەیڕەو دەکرێت، چونکە هەڵچوون کاریگەریەکی ویژدانییە لەلایەن نووسەرەوە کە ئەگەر لەگەڵ عەقڵ ئاراستە بکرێت داهێنانێکی نایابی لێ دەکەوێتەوە.

بۆیە ئێمە لەبەر ڕۆشنایی تیۆرەی دەربڕین لە ڕەخنەی ئەدەبیدا هەوڵدەدەین ئەم چیرۆکەی (سەلاح عومەر) پرۆسە و پراکتیك بکەین. بابزانین هەڵچوون چ کاریگەریەکی لەسەر چیرۆکنووس هەیە؟ چیرۆکنووس دەیەوێت لە ڕێگای ئەم چیرۆکەوە پەنجە لەسەر چ ئاریشەیەکی کۆمەڵایەتی دابنێت؟ ئایا چیرۆکنووس تەنها ویژدان و هەست و سۆزی بەکارهێناوە، یان عەقڵیشی بەکارهێناوە؟ ئایا لە دوای خوێندنەوەی چیرۆکەکە هیچ کاریگەریەك لای خوێنەر بەجێ دەهێڵێت لەژێر ڕۆشنایی ئەم تیۆرە؟

لەم چیرۆکەدا هەڵچوونی ناوەوە و دەرەوەی چیرۆکنووس دەورێکی سەرەکی دەگێڕێت لە لەدایك بوونی ئەم بەرهەمە. هەرچەندە نووسەر لەخودە هەڵچوونەکەی دێتە دەرەوە بۆ ئەوەی نەکەوێتە ژێر کاریگەریە خودی و کەسیەکانی ناوەوەی خۆی بۆیەش ڕەخنەیەکی توند ئاراستەی هەموو تاکێکی کۆمەڵگا دەکات کە مافەکانی ئافرەتیان سنووردار کردووە. هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد چیرۆکنووس پەنجە لەسەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دادەنێت، هەرچەندە بکوژەکانی ئافرەت لەناو کۆمەڵگا باش دەزانن کە ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە بەرامبەر مرۆڤ، بەڵام بەبیانووی سەندنەوە و کڕینەوەی شەڕەف ئەم کارە دەکەن وەك (نەوال سەعداوی) نووسەری عەرەب دەڵێت:" شەڕەف لە ڕۆژهەڵات لە (٧) سانتیم کورتکراوەتەوە" مەبەستی ئەم نووسەرە ئەوەیە هەموو شەرەفی مرۆڤ تەنها لە ئەندامی زاوزێی ئافرەت کورتکراوەتەوە، دای دەماڵن لەهەموو ئەخلاقیەتێك و بنیاتێکی مرۆڤایەتی.چیرۆکنووس کاتێك گوێ بیستی کوشتنی ئافرەتێك دەبێت، دەبینێت ئەم





دیاردە و نەخۆشیە کۆمەڵایەتیەبەردەوامی هەیە و ڕۆژانە دوبارە دەبێتەوە ئەمەش هەڵچوونێك لەناوەوەی نووسەر دروست دەکات بەرەو ئەوەی دەبات کە هەڵوێست وەرگرێت و بێدەنگ نەبێت، چونکە ئەرکی نووسەر و ڕۆشنبیران لەناو کۆمەڵگاکەی ڕەخنەگرتنە و لەئەنجامدا چاندنی تۆوی جوانی و خۆشەویستیە لە دڵی تاك. دەبینین کەسایەتی ناو چیرۆکەکە ئەو تاوانەی لەوپەڕی هۆشمەندی و بەئاگاییەوە ئەنجامدەدات تەنها بۆ ئەوەی بە قسەی هەڵبەستراوی خەڵك شەڕەفی خۆی بستێنێتەوە هەروەك چیرۆکنووس لەناو چیرۆکەکە دەڵێت:" لەکاتی ئەنجامدانی تاوانەکەشدا لە عاقل عاقمەندتر و هۆشمەندتر بووی، لەوەش بە ئاگا بووی بۆ ئەم تاوانە دەکەی و بۆچی دەیکەی" ئەمەش ئەوپەڕی ناهۆشیاری تاکی کورد نیشان دەدات، چونکە چ لە ڕووی ئایینەوە بێت، یان لەڕووی مرۆڤایەتی و هەر لایەنێکی ترەوە بێت هیچ ڕێسا و یاسایەك ڕێگە بەکوشتنی مرۆڤ نادات، بەتایبەتی لەسەر قسەی ناڕاست و هەڵبەستراو. ئێمە بۆیە ئەم چیرۆکەمان هەڵبژاردووە چونکە تا ئێستاش کە (١٧) ساڵ بەسەر نووسینی تێپەڕیوە ئەم نەخۆشیە کۆمەڵایەتیە بەردەوامی هەیە و ڕۆژانە گوێمان لە چەندان چیرۆکی لەم شێوەیە دەبێت، ئەمەش هەستیاری و بەئاگایی چیرۆکنووس نیشان دەدات بەرامبەر ئەو بابەتانەی کە دەیکاتە کەرەسەی نووسینەکانی، ئەمەش بۆ ئەوەیە تاکو بەهەر شێوەیەك بێت کاریگەری دروست بکات لەسەر تاکی ناو کۆمەڵ بۆ ئەوەی بەئاگای بێنێتەوە لەم کلتوورە دواکەوتووە.

کلیل و کۆدەکانی ئەم چیرۆکە ئەوەیە کە کەسایەتی ناو چیرۆکەکە تاوانێك ئەنجام دەدات لەسەر چەند قسەیەکی ناڕاست و هەڵبەستراو، بۆیە دواتر هەست بە پەشیمانیەکی لەڕادە بەدەر دەکات و هەوڵی ئەوە دەدات کە خۆی لەو گوناهە پاك بکاتەوە بۆ ئەوەی ویژانی ئاسوودە بێت، پێمان دەڵێت هەموو کردەوەیەك کە بێ بیرکردنەوە و گفت و گۆ لەسەرکردن و لێکدانەوە و بەدواداچوون ئەنجام بدرێت سەرەنجامی هەر پەشیمانییە، ئالێرەدایە کۆدی چیرۆکەکە. هەرچەندە چیرۆکەکە لە ڕووی گێڕانەوە و زمانەوە سادەیە و هەمان فۆرمی حەفتاکانی هەیە، چونکە زمانی چیرۆکەکە زمانێکی بێ کۆد و گرێ و گۆڵە. هەرچەندە زمان هۆکاری گواستنەوە و گەیاندنی فیکرە لە نێوان مرۆڤەکان ئەمەش بەڕێگای جیاواز ئەنجام دەدرێت.چیرۆکنووس بۆیەش وای کردووە تاکو ئەم نەخۆشی و دیاردە کۆمەڵایەتیە لەنێو ئەم چیرۆکە زۆربەی تاکی کورد تێی بکات، چونکە ئەم نەخۆشیە زیاتر لەنێو تاکە سادە خێڵەکیەکان زۆر بوونی هەیە ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تر بۆ ئەوەیە تاکو بەزووترین کات

هەڵچوونێك لا خوێنەر دروست بكات و بەخۆیدا بچێتەوە و خۆی لە ئاژەڵ جیابکاتەوە، بەڕاستی کاتێك مرۆڤ لە قاڵبی مرۆڤایەتی دەردەچێت دەبێتە دڕندەترین دڕندە، ئەم بوون بە دڕندیە لە زۆربەی کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵات بوونی هەیە و بەردەوامە بەڕای ئێمە مرۆڤ دڕندەیەکی پیسی سەر زەویە، گەر لە مرۆڤایەتی دەرچێت پیسترین و بۆگەنترین دەروونی هەیە و زۆر خۆپەرستە تەنانەت بۆ بەرژەوەندی خۆی بەزەیی بە ڕەگەزی خۆیشیدا نایەت. ئەم زەویە و سروشتەی پێشتر کێ وێرانی کرد، کێ دەستی هەبووە و هەیە لە گۆڕینی سروشت؟ کێ بۆتە هۆی قەتیس بوونی هەوای گەرمی کە ئێستا هەموو دنیای بەخۆیە سەرقاڵکردووە و پێیان چارەسەر ناکرێت.لەم چیرۆکەشدا مرۆڤ دەبێتە دڕەندەیەکی بێ بەزەیی و جەرگی خۆی دەکوژێت. چیرۆکنووس لەم چیرۆکەیدا ڕاستەوخۆ پەیامەکەی خۆی دەردەبڕێتبەبێ ئەوەی زمانێکی تەمومژاوی بەکاربهێنێ بۆ ئەوەی پەیامەکەشی کاریگەری خۆی هەبێت دێت چەندان وشە و دەستەواژەی کاریگەر بەکاردەێنێ وەك: " تاوانبار، دڕەندەی خوێنڕێژ، وابێ ویژدانانە بەرەو دۆڵێکی ترسناك ڕەوانەی بکەی" وەك گوتمان لێرەدا ئەو دەربڕینانەی بەکارهێناوە کە جێگای سەرسوڕمان و سەرنج ڕاکێشانی خوێنەرن. بۆیە لەم چیرۆکە بەهۆی هەڵچوونەوە بەرەو دەروەی خۆی هەنگاو دەنێت و دەبێتە جێگای پرسیار دروستکردن لەلای خوێنەر و خوێنەریش دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو هەڵچوونە و کاریگەریەکەی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەسەرەوە دیاردەبێت.

هەر لێرەدا کەسایەتی ناو چیرۆکەکە کە بەدیوێکی تر تاکی ناو کۆمەڵی کوردەواریە، پەنجەی پەشیمانی دەگەزێت و هەوڵدەدات خۆی لەم گوناهە پاك بکاتەوە ، ئەوەش بۆ گەڕانەوەی کەسایەتیەکە بۆ قالبی مرۆڤایەتی، چونکە کاتێك مرۆڤ لەو قالبەی خۆی دەردەچێت ئیتر لە هەموو سیفاتێکی مرۆڤبوون دەشۆرێت و دەبێتە دڕندەیەك هیچ جیاوازیەکی لەگەڵ ئاژەڵە دڕندەکان نابێت. بۆیە دوای ئەوەی عەقڵی دێتەوە سەرخۆی هەوڵدەدات خۆی پاك بكاتەوە، بەڵام ڕەنگە پاك نەبێتەوە وەك لە چیرۆکەکەدا هاتووە" نەبۆت هەیە ببیەوە ئادەمیزادەکەی جاران و نەئەویش دەگەڕێتەوە"

لەبەر ئەوەی کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکی زۆرینە موسڵمانە بۆیە تاکەکانی دەیانەوێت لەڕێگای ئایینیەوە هەوڵی خۆ پاككردنەوە بدەن ، بەمەش پەنا دەبەنە بەر ئەوەی کە خوای گەورە کە خوای گەورە لێیان خۆش بێت و لەو گوناهە پاکیان بکاتەوە، تەنانەت پەنا بۆ چاك مەزارگەکان دەبن بۆئەوەی خوای گەورە لەبەر خاتری ئەوان لە گوناهیان خۆش





بێت. هەروەها وەکو زاهیدەکان ئەو کەسایەتیە دەیەوێت خۆی لەناو ئەشکەوت بەند بکات و خۆی بخاتە خەڵوەت و خواپەرستی و بەردەوام بێت تاکو خوای گەورە پاکی بکاتەوە، بەو هۆیەشەوە دەتوانێت دەروون و دڵی خۆە پاك بکاتەوە لەو گوناهەی کە کردویەتی. ئەم خۆ بەندکردنە لەناو ئەشکەوتێکی تاریك خۆ دۆزینەوە و هەستکردنە بەشەرمەزاری لەناو خەڵك تەنانەت نەك خوداوەند بەڵکو خۆشی لەخۆی خۆش نابێت، هەوڵی پاك بوونەوە بۆ ئەوەیە تاکو لەو ژیانە دۆزەخیەی کە تێدا دەژی ، ژیانێك کە لێی بۆتە ژەهر، بۆ خۆ ڕزگارکردنە لەو پرسیارانەی کە خەڵك لێی دەکەن.

سەرچاوە/ لێك ترازان، کۆ بەرهەم، سەلاح عومەر، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٢٣٧.

# دوو دەقی شیعری



ئەحمەد تاقانە

## پەیڤی مەلان
## " منطق الطیر "*

زیندەخەونم بە ڕاگوزارییەکەوە دەدی، یاوەرم بێ.. زێدم دەری دەکردم، کامە زێد؟! بە تەنێ.. دەمارە مارەکانم گیانیان لە قەفەس نابووم. مەل دەهاتن نوێنەران، باڵیان دەدامێ بۆ فڕین بۆ کوێ؟ لەوێ لە دوور، دوور دوور هەرێمێکی وا هەس، چووم...

زیندەخەون شاعیرێکی پیشان دام خۆم ئاسایی بۆ کازیوە چووبوو.. بە کازیبە ئەوینێك تەمەن و بینایی لە دەست دابوو، هێشتا دەقێکی جوانی پێ نەنووسرابوو، لەبەر شووری میدیای بووننادیاردا دەرۆزەی دەکرد. هۆمیرۆس کردیە حەیرانێك و بەجێی هێشت.

بیست هەزار جارم پتر بیستبوو، پەپووە سلێمانکە هات نەچووم، ئێرە ئەوێ نییە، " بە تەنێ بە بێ ڕێبەر دەبێ بەم ڕێیەدا بڕۆی! "، من بە ڕاستیم بوو.. ساڵانێك لەبەر دەروازەیەکدا وەستام تا جلم ونجڕ ونجڕ بوو، پەپووە سلێمانکە پێی گوتم: منجڕ بڕوا بکە ئەمە شوورەی میدیا نییە!! ئەم بەرگە دانێ، قەوزەی خورپەیەك لەبەرکە چاترە، لە غەڵبەغەڵبی چڕە دووکەڵی چاخانە تەریکەکەی لاڕێدا خۆم شاردەوە. پەپووە سلێمانکە هات ناسیمیەوە... من نەچووم، ئێرە ئەوێ نییە!!





هەزارئاوازیش لە تەنیی سەدەکاندا منی دیتەوە، زەردەیەکی پێ بەخشیم و گوتی: گوڵزارەکەت جێ مەهێڵە، لە تەلاری بەرامەدا بژی و بمرە، هیچ ناگاتە جوانیی ڕەنگی پەڕەی گوڵێك، ئەمڕۆ لەدەس دەی سبەی دەتکوژێ!!

لێی نەوەستام. پەپووەسلێمانکە هەر کە دەرکەوت بواری پەیڤم نەدایێ، ئێرە ئەوێ نییە!!... نەچووم، لە پەیڤی مەلان تێناگەم!! پووزەوانەم بەست، لبادم لەپێ کرد و دەرچووم...

دارستانی ئەمجارە پڕ لە تووتی بوو، هەرچی دەڵێی هەرچی بڵێی دەیڵێنەوە، هەرچی پەیڤێك خۆی دەردەخاوناخا یەخەگیر دەبێ، ئەوەی ناگوترێ ناناسنەوە، ئەوان وەك ڕەوە نێرییەك بوونە گەواڵە و منیان کردە تەم لە ئامێزیان گرتم و نازانم چەند سەدەی پێ چوو. هەر ڕۆیین و هەر ڕۆیین.. نەمزانی ناحەزن؟.. خۆیین؟!.. لە باخێکدا هەڵنیشتنەوە نە بەهیچ چاوێك بینراوە، نە بە هیچ گوێیەك بیستراوە!! ئێرە کەوشەنی تاوسە! پەڕەکانیان، نەخۆر نە مانگ، نە پەڕەی شاگوڵترین گوڵ توانای مەیدانخوازییان هەس..

تاوس دەبێژێ ئەمن بەهەشتم دەوێ، لە بەهەشتدا گەشتم دەوێ.. ئیدی چی دەبێ بابێ. بەهەشت و بەس، ئیدی من چیم داوە لە کەس. پەپووەسلێمانکە تۆ هاتیتەوە؟!

پەپووەسلێمانکە دەبێژێ، هاوڕێیەکی نەگۆڕم من. ناچم.. نەچووم.. ئێرە ئەوێ نییە و نییە..

کڵاشی ئاسنین دڕیا، دینی هوما بە من بڕیا، بەڵام.. لە دوورەوە، دوور دوورەوە. هومام بینی هەزارەها ملیۆنەها چاوەڕوانی سێبەری بوون.. تۆش...

من بە تەمای بینینت بووم، هەرچییەکم کرد و نەکرد، پێیان گوتم: " خان بە خەزایە مەشغووڵە! ". نەکراو نەکرا تۆ ببینم!!.. زانیم تۆش هیچ.. سێبەری سێبەری هومات بەرکەوتبوو... سێ بەر چوار بەر ملیۆنێك، بە من چی!!! کەتۆ لەناو وشەکاندا چرپە و خورپە ناناسیەوە..

گەڕامەوە! بەردەکانی شوورەی میدیا لە ڕۆخی خڕی ئەدهەمدا قەوزەلەبەر، دۆش دامابوون، لەسەر یەکێکیاندا نوێژێ پایزەم کرد و ئەسرێکی بەرامە بەهەشتم کردە قوربانی. کە دیواری کۆنکریتی جیاکەرەوە ڕما و ڕووخا.. گەردەلوولێکی وەها بوو خۆت لێ تێك چوو.. دەرگات تەنیا و تەنیا بۆ پەپوقژە و کوندەبوو و سیسارك و هی دیکەو دیکە واڵادەکرا.. بەنگکێشێك فرمێسکەکانی سڕیمەوە، قومارچییەکی مەست هەموو شتێکی

دۆڕاندبوو زمانمی نەناسییەوە ئاوی بەڕوومدا پرژاند و ڕەت بوو.. تۆش هیچ!!

ئێستاکە بەردە قەوزە لەبەرەکانی شوورەی میدیا لێم دەپرسن، من دەڵێم: چاوەڕوانی پەپووەسلێمانکە دەکەم بێتەوە، دا پێی بڵێم لەگەڵت دێم، ئەوێ ئێرە نییە.. بمبە لەگەڵ خۆتدا بمبە...

بەڵام کێ دەڵێ جارێکی کە دێتەوە.....

**کەرکووک ٢٤ / ٧ / ٢٠١٠**

* **منطـق الطـير** = لۆجیکی مەل.. ناوی گەورەترین و بەناوبانگترین شاکاری شیعریی سۆفییانەی "فەریدەددین عەتتار" ە.. لەم شیعرەدا سوود لە بیرۆکەی ئەو شاکارە بینراوە.

* *

# دەروازە

بەخۆی زیندەخەونێك بوو، نوخانی لە گشت ماسوولکەیەکدا چاندبوو، کەسانێکی زۆری کردبووە کامێرا، دەیگوت: کۆمەڵگە هەرچاوە، بۆیە جاروبار ملپێچێکی ئاوریشمینی دەکردە ملبەست. شارەدڵەکە دڵئاسایی بەزۆر کرابووە چوار پارچەوە. چونکە دیواری جوداکەرەوەی تێدا نەبوو سەریان لەخۆ شێواندبوو. لەدوورەوە هاتبوون دوورییەکان زۆرن شوێن کات مەبەست سنووری دەسەڵات... تاد. لغاویان بە ریمۆنت گۆڕیبووەوە. ریمۆنت باشترە زۆر ناچیتە پێش. لغاوکراویان بە باشی نەدەناسی، پایزە شارێکی کەوەیی بێ چڵ و گەڵایان کەوانەیی بەدەوری شاردا هەڵڕشتبوو, خەونیان بەوەوە دەبینی شلە ڕەشە زەیتوونیباوەکە بە شەقام و کووچە و کۆڵانیدا بڕوا، لە دڵیاندام ناویان لێ نابوو ڕاوکە نەوت, ملبەست ئاوریشمینەکە جار و بار لە وەنەوشەوە پیادە دەبوو، بۆنی وەنەوشەی کیژانی شارەکەشی نەدەناسی. کە پیشانگایەکی بۆ تنۆکە ئارەقە لە شووشە نەقشینە بە بەهاکەدا هەڵگیراوەکەی خۆی دەکردەوە ، چاوێکی دەگێڕا لە دڵیدا دەیگوت کەمن، کامێراکان کەمن. شارەکەی نە دەناسییەوە. دانیشتوانیش ئەویان هەر نەدەبینی!

دەروازەی تۆپ زاری مێژوو وای دەچرپاند، ئەشکەوت ئاسایی هەرچیی تێدابوو ڕێچکەیان بەست مرۆ ئۆتۆمبێل گالیسکە لەناوچووەکان لەشکری میروولە رژانە خوارەوە تەلەسمی





چاکی خڕنووکاوی بە زیخ و چەوی وەرگێڕان لە خڕی ئەدهەمدا بەبەر خۆرەوە خەویان لێ کەوت – ئەرێ بەڕاست ئەو ئەدهەمە دەبێ کێ بێ؟! – ڕەنگە ئاشنای بابە فەتحی بووبێ.. ملپێچ ئاوریشمین کە دەخواتەوە دەپرسێ ئەرێ گۆڕستانی بابە فەتحی نافرۆشن شوێنێکی چاکە بۆ تەلار!! کە دێتەوە سەرخۆ دڵی کرمێ دەبێ خۆی ئامادە دەکا بکشێتەوە.. دەتەوێ بیانژمێری چەند جار کشاوەتەوە و هاتووەتەوە؟.. بۆت نایەتە ژماردن بچۆرەوە پاڵ زیخەکانی خاسە بنوو هێشتا ماویەتی شارە زەردەواڵەکە بورووژێ.

جوانووەکەش دەیگوت چونکە من ئەوەکەی ئەتیللا نیم جێسمانم ڕووەکیان لێ نەڕوێتەوە، من ڕسکاوی خاکێکم چیی بەرکەوێ هاڵاوی دەگاتە لووتکەی گەردوون، تەنیا خوێش نەبێ کەسی دی ناسووتێنێ، بپرسە لە چاکی باڵابەرزی نووستووی پارکی شانەدەری هەولێر، من پێت دەڵێم دەروازە تەلیسماوییە، من بازووبەندی خوداییم پێیە کە پێیدا چوومە ژوور ئەولای بیابانێگە تا بنی گەردوون، من خۆ – چاکی باڵابەرزی نوستووی پارکی شانەدەری هەولێر – ئاگادارە، بە دووی خورپەمدا کەوتمەڕێ، دڵبەرم خەریك بوو، سەرقاڵ – خان بە خەزایە مەشغووڵە – نە ئەو مەبەستی بوو من ببینێ نە من توانیم ببینم، کەچی لغاویشی کردم، ڕۆژی خۆی دێ... هەر نەمبینی.. دەروازە پێی گوتم: هەو نییە نا!! گەڕامەوە سەر گەندەمووی لاڕۆخی خڕە وشکەکە، چاوەڕوانی " دانیار " ی پەیامبەرم بوو، فاڵێکم بۆ بگرێتەوە، پێم پێکەنی: تۆ خۆت فاڵی ، هەچی لاپەڕەی بەرپووت و پەرتم هەبوون لەلای تۆن و تۆ چیت دەوێ؟!

ئاگادار بە!!.. گەڕەلاوژە دەستی پێ کردەوە، بوو بە گەردەلوول، بوو بە ڕۆژی پەسڵانی ئەم دیو، " کەوڵمەڕلەبەر " نەما نەچن نەیبینن، دەستیان بەسەردا نەهێنێ!! هەر من نەبم.. لغاوەکانم لە ژەنگدا داڕزان و ساڵانێکیان بەسەردا چوو گەڕامەوە سەدەکانی بەر لە دەرچوونی ئاپۆراکەی دەروازە..

ئەمێستا لەسەر گەندەمووی ڕۆخی خڕە وشکەکەدا دانیشتووم چاوەڕوانی ڕێژنەی شیعرێکی تازەم، پەندە نادیارەکانی بابافەتحییان تێدا بێ، بەرامەی بە هەموو لایەکی جیهاندا بنێرم..

**کەرکووک ١٦ / ٨ / ٢٠١٠**

. . .

# کورتەیەك لە ژیانی محەمەدی قازی

قانع شکور

گەورە وەرگێڕی ئێرانی محەمەدی قازی لە بنەماڵەی قازییەکانی مهابادە، کە یەکێك لە ناودارترین بنەماڵـە ڕەسەنەکانی ئەو شارەن. لە ساڵی ١٩١٤دا هاتۆتە دنیاوە و لە ساڵی ١٩٩٩دا کۆچی دوایی کردووە. گەلێ شاکاری لە زمانی فڕەنسییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی فارسی. هەروەها لـە زمـانی کوردیشەوە ڕۆمـانی (ژانی گەل)ی ئیبراهیم ئەحمەدی کردۆتە فارسی. هەندێك لەو شاکارانەی وەری گێڕاون بـۆ فارسـی: نـان و شەرابی ئینیاتسۆ سیلۆنە و زۆربا و مەسیح لە خاچ دەدرێتەوە و ئازادی یـا مـەرگی نیکـۆس کـازانتزاکی و دۆنکیشۆتی سرڤانتس و دان چـەرمووی جـاك لەنـدەن و شـازادە و گـەدای مـارك تـوین و مـەدام بۆڤـاریی فلۆبێر و دەیان شاکاری دی.

نووسەر لە دوادوایی ژیانیدا تووشی شێرپەنجەی قوڕگ هات، کاتێـك پزیـشکە نەشـتەرگەرە ئەڵمانییەکـەی بەر لە نەشتەرگەری پێی دەڵێـت پـاش نەشـتەرگەری ئیـدی قـەت ناتوانیـت قـسان بکـەیت، ئـەو دەڵێـت: پێویستم بەزمان نییە، چونکە ئەو شوێنەی منی تێـدا دەژیـم شـوێنێکە وەك خوێندنگـە یـا نەخۆشـخانە و پاراستنی بێدەنگی یەکێك لە مەرجە سەرەکییەکانی مانەوەیە لەو شوێنەدا.

نووسەر دەڵێت: ئەو ڕۆژەی نەمتوانی کاری وەرگێڕان بکەم ئەوا ڕۆژی مەرگی منە و هیـوادارم بـەم زووانـە ئـەو ڕۆژە نەیـەت. بەڕاسـتییش هـەر وابـوو، پـاش تـەواوبوونی وەرگێڕانـی "ڕازی ناوچـەی ئاسمـانی"ی بەرهەمی میکیا ڤاڵتاری، کتێبی " نووحـەی دەروون" ی لەگـەڵ ئەحمـەدی قـازی وەرگێـڕا و ٤٨ کاتـژمێر پاش نووسینەوەی ئەو وەرگێڕانە کۆچی دوایی کرد.

قازی زیاد لە حەفتا بەرهەمی نووسەرە گەورەکانی وەرگێڕا. جەلال ئال ئەحمەدی گـەورە ڕۆمـاننووس بـە "باوك" ناوی دەهێنا. ئیحسان تەبەری لەسەر ئەو بڕوایە بوو، کە محەمەدی قازی " ڕاسـتگۆی گۆڕەپـانی وەرگێڕانە". بوزورگی عەلەوی بە"پیاوێکی گەورە و ئینـسانی دەروەسـت" نـاوزەدی دەکـات. جـەماڵزادە



دەیگوت: "محەمەدی قازی خاوەن چەمکێکی تیـژ و کاریگـەردارە کـە نـاوی پێنووسـە" ئەگـەر چـی قـازی بەساڵا چووبوو و چاوەکانی کـز بووبـوون، بـەڵام بەگـەرمی و تامەزرۆییـیـەوە و بەشـێوەی بـەردەوام کـاری دەکرد و بەئیرادەیەکی ورووژێنەرانە لە کـۆڕ و کۆمـەڵی دۆسـتان و ئـەو کۆبوونەوانـەی لەبـەر شـانازی ئـەو دەگیران بەشداری دەکرد و بەشدارانی دەخستە ژێر کاریگەریی کەسایەتیی خۆیەوە.

لـە پێناسـەی وەرگێڕانـدا دەڵێـت: بەگـشتی وەرگێـران بریتییـە لـە وەرگێڕانـی چـەمکێك چ بەنووسـراو و چ بەزارەکی لە زمانێکەوە بۆ زمـانێکی دیکـە و بـەو مەبەسـتەی کـەڵکی لـێ وەربگـیرێ. ئـەو وەرگێـڕان هـەم بەهونەر و هەم بەتەکنیکیشی ناو دەبات.

پێویستی وەرگێڕان لە جیاوازیی زمانەکان و زاراوەکانی خەڵکی نیشتەجێ لە ناوچە جۆراوجۆرەکـانی سـەر زەوییەوە سەری هەڵداوە و دۆزینەوەی زمانێکی ستاندارد، کە هـەموو خـەڵکی دنیـا ئاشـنایەتییان لەگـەڵی بێت و بیزانن و چیدی پێویست بەوەرگێڕان نەبێت، یەکێك لە خەونەکانی مرۆڤایەتییە.

لەبارەی وەرگێڕیشەوە دەڵێت:

وەرگێــڕ بەوێنــەی کلیلێکــە کــە دەرگــای خەزێنــەی زانــست و زانیــاریی نەتــەوە خــاوەن شارســتانی و پێشکەوتووەکان بۆ نەتەوەی خۆی دەکاتەوە، بۆ ئەوەی کـەڵکی لـێ وەربگـرێ و بـەبێ بـوونی ئـەم کلیلـە دەست پێڕاگەیشتن بەو خەزێنەیە ئەستەم دەبوو.

بۆ مەرجەکانی وەرگێڕی باشیش دەڵێت:

بۆ وەرگێڕێك لە پلەی یەکەمدا زانینی زمانی زگماکی پێویستە. تەنانـەت بەچـەندین پلـە گـرینگتر لـە زمانـە بیانییەکەی کە دەیزانێت. ڕۆڵی تێرکردنی زگیش نابێ لەبیر بکات. وەرگێڕ، نووسەر یان هەر هونەرمەندێکی تـر لـە کۆمەڵگـەی ئێمـەدا قـەت نـەیتوانیوە جگـە لـە نـان وەدەسـت هێنانەکـەی، تـەنیا تواناییەکانیـشی پەروەردە بکات.

جارێکی دی سەبارەت بە مەرج و تایبەتمەندییەکانی وەرگێڕان دەڵێت:

١. زانینی زمان. واتا ئەو دەقەی مەبەستە بۆ وەرگێڕان دەبێ وەرگێڕ باش لێی گەیشتبێت و چـەمکێکی دژ بەو شتەی لە دەقەکەدا هاتووە نەهێنێت.

٢. لە وەرگێڕانەکەدا زمانی نووسەر بپارێزێت. واتـا وەرگێـڕی بـاش دەبـێ کـەموکووڕی مەبەسـتی نووسـەر دەربڕێت.

٣. وەرگێڕ لە زمانی تایبەتی دەق باش گەیشتبێت.

٤. وەرگێڕ وشەگەلی ڕاست و دروست و خۆش و ئاهەنگی لەجیاتی وشەگەلی دەقی بنەڕەتی هەڵبژێرێت.

٥. دەبێت وەرگێڕ ڕێزمان لەبەرچاو بگرێت.

٦.لە وەرگێڕاندا درێژی و کورتی وتەی نووسەری سەرەکی لەبەرچاو بگیرێت.

٧. گرینگی پێویست بەخاڵبەندی بدرێت.

**سەرچاوە:**

**محەمەدی قازی و پەیامی وەرگێڕ. و: ئیسماعیل زارعی. دەزگای وەرگێڕان. هەولێر**



سوارە نەجمەدین

# دیوی نهێنیی چیرۆكی یوسف

**وەك هەر جێگایەکی دیکە، بۆ چوونە ژوورەوە پێویستم بە کردنەوەی دەرگا و دەروازە نەبوو، نا.. لە پەنجەرەشەوە نەدەرۆیشتم، من بۆ دزی ناچم، حەقێك هەیە و وەری دەگرمەوە، ئامانەتێکە و دەبێت بگەڕێتەوە جێگای خۆی.**

لە هەموو کۆشکدا تەنها چرای ژوورێك داگیرسابوو، بێدەنگیەکی قوڵ تەواوی ئەوناوەی گرتبووە، تەنها یوسف بە خەبەر بوو، لەسەر کورسی و مێزی تەنیشت چرپاکەیەوە دانیشتبوو، دەستی دەجولاَیەوە وەکو ئەوەی خەریکی نووسین بێت، دیاربوو پەلەیەتی، لە دوورەوە کەمێك چاوەڕێم کرد، تاوەکو تەواو بوو، ئینجا رووخسەتم لێوەرگرت و دانیشتم.

من هیچکام لەوانە ناناسم، کە رووحیان دەکێشم، خەڵکی هەموو رقیان لە منە، نازانن من هیچ نیم، جگە لە فەرمانبەرێك، کە ئەمری خوا جێ بە جێ دەکەم، هیچ دۆستێکم لەسەر زەوی نییە، بۆیە کەسێك نییە بەزەییم پێدا بێتەوە و نەیکوژم.

یوسف منی ناسی و وتی (من و براکەت پەیوەندیەکی کۆنمان هەیە، بە منداڵی کاتێك براکانم ویستیان بمکوژن و بمکەنە ناو بیرەکەوە، جوبرائیلی برات ئامۆژگاری کردم وکارێکی وایکرد، کە لە مردن رزگارم بێت).





بەلامەوە چیرۆکێکی سەیر بوو، پێشتر شتی وەهام نەبیستبوو، من تەنها چیرۆکەکانی مردن دەزانم، دەزانم هەرکەسێك چۆن و لە کوێ و کەی مردووە، حیکایەتی هەموو مردنەکانم لایە، بەڵام ئەوە یەکەم جاربوو، حیکایەتێکی ژیان ببیستم، بۆیە بە وردی گوێم بۆ دەگرت و دەموویست تەواوی چیرۆکەکەی بگێڕێتەوە.

یوسف چووە بەر بەلەکۆنەکە و لە مانگی روانی و بەردەوام بوو لەقسەکردن:

(ئێمە دوانزە برا بووین، من و برا بچوکەکەم دایکمان جیا بوو، باوکم بەری ئەم ژنە بچووکەی خۆشتر دەویست، هەر ئەمە بوو وایکرد ئەو دە برایەی دیکەمان پیلان بۆ کوشتنی من دابنێن، منیان کردە بیرێکەوە و جێیان هێشتم، چاوەڕوانی تۆ بووم، بێیت و رووحم دەربکەیت، بەڵام جوبرائیل هات و ئاراستەی قەدەرەکەمی گۆڕی، تاکو کاروانچیەکانی وڵاتی میسر رێگەیان کەوتە نزیك کەنعان و وەکو کۆیلە لەگەڵ خۆیان بردیانم، چارەنووس منی گەیاندە کۆشکی پاشایەتی و دواتر زیندان و دەردەسەری ناعەدالەتیم چەشت، بەڵام جارێکی دیکە بە هۆی لێکدانەوەی خەونەوە چوومەوە کۆشك و تاکو پلەی فەرمانڕەوا رۆیشتم)

بەسەرهاتەکەی زۆر بە چێژ و درێژبوو، نەمدەتوانی رووحی بکێشم و بڕۆم، ئەمە وایکرد لە کارەکەم دوابکەوم، لەو ماوەیەدا هیچ کەسێك نەمرد، خودا لەسەر ئەمە سزای دام و متمانەم لاوازبوو، ئەو رێزەم نەما کە پێشتر هەمبوو.

(ئەوانەی پەیوەندیان بە مردنەوە هەیە، نابێت هیچ لەسەر ژیان بزانن، چونکە نهێنی ژیان مەترسی هەیە بۆ سەر مردن، هەرچۆن مردن مەترسیدارترین پلەیە لای مرۆڤ)، کە ئەمەم بە یوسف گوت، تەیدی کردم و وتی لەژیانیشا وایە (ئەوانەی خۆیان دەکوژن، دەبێت بەر لە هەر شت، بیر لە ژیان نەکەنەوە، چونکە ژیان مەترسی هەیە بۆ سەر مردن، کە براکانم منیان کردە بیرەکەوە، ئەوەی بیریان لێ نەکردەوە، ژیانی من بوو)

من لە هابیلەوە رووحکێشم، ئەمە یەکەم جار بوو، بێ ویستی خوا، کارێك دوا بخەم، وەلێ دواجاریش بوو، چونکە خودا گومانی لێکردم و ئەگەر کەسێکی دیکەی دەستکەوتایە، دڵنیام لە جێگای من دایدەنا.

*　　　*　　　*

ئەوکاتەی رووخسەتی دانیشتنم لێ وەرگرت، مانگ لە نیوەی ئاسمان لایدابوو، هەموو لمی کاتژمێرەکە هاتبووە بەشی خوارەوە، لە نووسینی سێ نامە ببووەوە، دوانیانی لەسەر مێزەکە دانا و ئەویدیکەیانی دایە دەست من، تکای کرد، کە نەیخوێنمەوە وتی(ئەم

دوانەیان لە سەر مێزەکە جێ دەهێڵم، دەگەنە جێگای خۆیان، بەڵام ئـەمیان لەسـەر ڕێگـای تۆیە، ئەگەر دەتوانیت، بە صدقەوە بۆم بگەیەنە)

لاری نەبوو لە خوێندنەوەی دوو نامەکەی دیکە، حیکایەتەکەش تەواو بـە لای خۆیـدا کێشی کردبووم، نامەکان یەکێیان درێـژ و پـڕ بـوو، ئەویدیکـەیان کـورت و شـپرزە، ڕەنگـە ترسـی هاتنی من شپرزەی کردبێت و نەیتوانیبێت بە ئیسراحەت بینووسێت.

لە نامە درێژەکەیا ئەوەندە گوێی بە جوانکاری و دەست و خەتەکەی نـەدابوو، تەنانـەت لـە هەندێ شوێنا ئەوەندە پەڕەکـەی بـە سـەغتەوە لەسـەر کاغەزەکـە دانـا بـوو، مرکەبـەکانی تێکەڵببوو، لەگەڵ ئەوەی نەیدەویست قەرزاریان بکات، هاوکـات هـەموو بەسـەرهاتی ژیـانی خـۆی بۆیـان نووسـیبووەوە، لەگـەڵ ئەوەشـدا کۆمـەڵێ نهێنـی گرنگـی بـاس کردبـوو، کـە مەترسی ئەوەی هەبووە، تا سەردەمانێك کەس نەیزانێت.

مەبەستی لەو نامە درێژەی کە بۆ هەر دە براکەی پێکەوە ناردبووی ئەوە بـوو، کـە هەنـدێك نهێنی بە هەڵە نەڕوات، هەرچەند گومانی لـەوەش دەکـرد براکـانی لەمەشـدا ناپـاکی لەگـەڵ بکەن و حیکایەتەکەی بە هەڵە بگەیننەوە خەڵکی و دەماودەم هەر بەو ناڕاستیە بڕوات.

* * *

نامە شپرزەکە بۆ زولەیخا بوو، بە بێ سەلام و بێ پێشەکی بە "خۆشم دەوێیت" دەست پێ دەکـات، وەك ئـەوەی کـاتی ئـەحواڵ پرسـین و مـاڵاوای نـەبێت، ویـستم داوای لێبـووردنی لێبکەم، کە بوومە هـۆی شـڵەژانی، بـەڵام ئـەو وتـی(نامـەکانی عەشـق هـەموویان شـپرزەن، عەشق خۆی پرۆسەیەکی شپرزەیە)

راسـتی دەکـرد، مـن لـە مردنـەوە هەسـت بـە مرۆڤـی عاشـق دەکـەم، تـا دوا خولـەك لـە دڵەڕاوکێدان، کە رووحێك دەکێشم ئەگەر عاشق بێت هەستی پێدەکەم، سیفەتێکی سەیر لـە مردنەکەیاندایە کە بۆم تەعبیر ناکرێ.

* * *

زۆر مەراقی نامـەی سـێهەمی بـووم، بـەڵام نەمپرسـی بـۆ کێیـە. دەبـوو وەك رووحـەکان بـە ئامانەتەوە بیگەیەنم، بەڵام خۆ دەبێت ناونیشانەکەی بزانم تاوەکو بیگەیەنمە ئەو شوێنە.

* * *

ئەوەی بۆی گێڕامـەوە، لەگـەڵ ئـەوەی لـە نامـەی براکانـا نووسـرابوو، جیـاوازبوو، زۆر لـەو لێکدانەوانەی پێ راست نەبوو کە بە ناوی حیکایەتی یوسفەوە بڵاوبووبەوە:

(برایانم



دەزانم ئێوە هێشتا لە من بە قینن، ئـەو حیکایەتـەی بڵاوبووەتـەوە راسـت نییـە، حـەق بـە ئێوەیە نەك من، خەڵکی وا دەزانن ئێوە تاوانتان دەرهەق بە من کردووە، بـەڵام دەبێـت دان بەوەدا بنێم، باوکم ئـەم کـارەی کـرد، بـەوەی مـن و براکـەمی لـە ئێـوە جیـاکردەوە،(ئەمـە سیفەتی پێغەمبەری نییە) مامەڵەی خۆشتری لەگەڵ دەکردین، هەموو سۆزی ئێـوەی دابـوو بە بەری ئەم ژنە بچووکەی، باشە ئەگەر بۆ من پاساوی پێغەمبەری هەبوو، ئەی براکەمی بۆ لە ئێوە خۆشتردەویست؟ببوورن باوکمان ببو بەهۆی ئەوەی برایەتی ئێمە تێکبچێت.)

نامەکە زۆر لەوە درێژتر بوو، کە بە جارێك خوێندنەوە، لە هەمووی تێبگەی، زۆر لایەنی هـی لەسەر وەستان بوو، لە هەموویان گرنگتر پەیوەندی بە پێغەمبەرایەتیەکەیـەوە هـەبوو، مـن بۆ رووحی پێغەمبەرێك هاتم، بەڵام کەوتمە گومانـەوە، بـۆ سـاتێك دوو دڵ بـووم کـە کەسـی مەبەستم لێ تێك چووە:

(خەڵکی من بە پێغەمبەر دەزانن، راستە جوبرائیلم بینییەوە، بەڵام هیچم لێ وەرنـەگرتووە، کتێبێکم نییە، یـان ئاسـەوارێکم نییـە، بەڵگـەی پێغەمبـەریم بـسەلمێنێت، دوای ئـەوە هـیچ عەدالەتێك لەوەدا نییە، لە قەبیلەیەکدا حـەوت پێغەمبـەر هـەبێت و چـەند قەبیلـەش هەیـە پێغەمبەریان بۆ نەهاتووە، بە تەنها یەکێکمان بەس بوو، دەیتوانی باوکم و باپیرمی بناردایە بۆ مەملەکەتەکانی دیکە، یان بۆچی منی نارد بۆ میسر؟ چما لە میسرا کەس نەبوو، وا منـی لە خاکی کەنعانەوە کرد بە پێغەمبەری ئەوان؟

<u>برایانم</u>

بمبوورن لێرەدا وەسفی خۆم دەکەم، من جەمالەت و زیرەکی و عەدالەت و تەنانـەت توانـای شیکردنەوەی خەونیشم هەیە، رەنگە زانایەکی گەورەی ئابووری بم، بەڵام هیچ پەیامێکم پی نەدراوە، تاوەکو بیگەیەنمە مرۆڤایـەتی، رەنگـە زۆر راسـتر ببوایـە، کـە وەکـو زانایـەك یـان شـیکەرەوەیەکی خـەون نـاوم دەر بکردایـە، یـاخود ببوومایەتـە ئەفـسانەی جـوانی و خۆشەویستی، هیچ مەعقولیەتێك لەوەدا نییە، ئەوەی سیفەتێکی جیاوازی هـەبێ، ببێـت بـە پێغەمبەر،بەڵێ دەسەڵات و پێغەمبەری پێکەوە ناگونجێت، گەرچی خەڵکی بە هـەردووکیانم دەزانن، لەگـەڵ ئەوەشـدا ئەگـەر سەرپـشکمکەن لـە نێـوان عاشـقبوون و پێغەمبەریـدا، بـێ دوودڵی (زولەیخا) هەڵدەبژێرم...)

* * *

لەبەر ئەوەی نەمدەتوانی دەست لە حیکایەتەکان هەڵبگرم، خوێندنەوەی نامەکەی زولـەیخا زیاتر دوای خستم.

لە راستیشدا حیكایەتەكانی عەشق لە هەمووشت زیاتر سەرنجم رادەكێشن و تێیان ناگەم، زۆردەمێكە سەرنجم بەلای ئەو پەیوەندیە نهێنییەدا دەڕوات و لەو سیحری كێشكردنە تێناگەم، رەنگە لەبەر ئەوە بێت هیچ كەسێك لە رەگەزی من نییە، تاوەكو عاشقی بم، یاخود هەستی پێبكەم، سەیرە ئەم مرۆڤانە لەگەڵ كەسێكدا عاشق دەبن و لە هەموو كەس خۆشتریان دەوێت، بە بێ ئەوەی هیچ پەیوەندیەكی خوێن و خێزانیان پێكەوە هەبێت، بە بێ ئەوەی بیر لە بەرژەوەندی بكەنەوە، زۆرجار مرۆڤێك لە پێناوی كەسێكدا كە یەكجار بینیویەتی هەموو تەمەنی خۆی بۆ دادەنێت، ئەمەش ناو دەنێن عەشق، من لەبەر ئەوەی هیچ لەم عەشقەی ئەمان نازانم، نازانم چ خاڵێكی گرنگە و لەسەری بووەستم، ناچارم هەموو نامەكەم پێ گرنگ بێت:

(خۆشم دەوێیت

ئێستا لە هەموو كات زیاتر، لە بەرزەخ چاوەڕێت دەكەم، دەزانم بەدواما دێیت، دەڵێن لە بەهەشت سێبەر و كانیی خۆشی لێیە، بەڵام بە ئێمە چی؟

جەهەنم بۆ عاشق غوربەت نییە،

ئەزیزەكەم دەزانم خۆشت دەوێم، ئەوەی تۆ كردت بە راستی عەشقە، ئا عەشق رێك ئەمەیە، واتە قوربانی دان، بیرم ناچێتەوە دەستت لە هەموو سەروەتی میسر هەڵگرت و منت هەڵبژارد، تۆ لە باخەڵی (عەزیز)دا گەلێك خۆشتر دەژیایت، بەڵام منت بۆ فەرامۆش نەكرا.

من لە منداڵیەوە باجی جوانییەكەم دەدەم. عەشقیش سزای جوانی بوو وەرم گرت

ئەزیزەكەم

منیش بەم ئاخیری عومرەوە قوربانیم بۆ تۆ دا، دەست لە سیفەتی پێغەمبەرایەتی هەڵدەگرم و خیانەت لەو كەسە دەكەم كە لە ماڵەكەیا گەورە بووم، بەڵێ ئەوە دان بەوەدا دەنێم كە خۆشمدەوێیت

یان دەبوو پێغەمبەر بم، یان دەبوو تۆم خۆش بووێت.

بەڵام پەشیمان نیم)

* * *

لە كۆتای نامەی براكانیا ئاماژە بە خاڵێكی سەیر دەدات، كە بووەتە هۆكاری نووسینی ئەم سێ نامەیە، ئەویش ئەو خەونەیە، كە چەند شەوێك بەر لە رووحكێشانی دیبووی، خەوەكەی باس لەوە دەكات، كە دەستی بە سەفەرێكی درێژ كردووە، بەڵام بە بێ خۆ





ئامادەكردن و بە بێ ئەوەی پێویستیەكانی سەفەری پێبێت، تا دەگات بە شوێنێك (بە بۆچوونی خۆی زەمەنەكەشی جیاوازە) یان بەواتایەكی تر ئەمە سەفەرە بە زەمەندا، خەڵكی ئەو شوێنە چیرۆكی سەیر دەربارەی یوسف دەگێڕنەوە، هەر چەند هەوڵ دەدات كەس باوەڕی پێناكات، كە ئەو یوسفە، جگە لە گەنجێكی كەركوكی كەس گوێی بۆ ناگرێت، ئەو گەنجە چیرۆكنووسەش دەیەوێت بەسەرهاتەكەوی بكاتە چیرۆك، بەڵام لەبەر ئەوەی خەبەری دەبێتەوە و فریا ناكەوێت بەسەرهاتەكەی بۆ چیرۆكنووسەكە بگێڕێتەوە، بیرۆكەی نووسی ئەو سێ نامەیەی بۆ دێت.

* * *

گەر لەوە زیاتر لە كۆشكەكە بمامایەتەوە، رەنگە كارەساتێك روویدایە، لەوانە تێكچوونی هاوسەنگ بوونی مردن و ژیان، یاخود ئاشكرابوونی نهێنی مردن، یان وەكو نهێنی ئەو دونیام بدركاندایە، كە هیچ مرۆڤێك نایزانێت, بۆیە بە ناچاری كۆتایم بە چیرۆكی یوسف هێنا.

لەبەر ئەوەی یوسف لە كاتی دیدارەكەی مندا تەواو ئاگای لە خۆی نەمابوو، هیچ بیری ئەوەی نەبوو، كە كاتژمێرە لمیەكە هەڵاودیوبكات، هەر نیوە شەوی دەنواد، هەر سێ نامەكەم لەگەڵ خۆم هێنا، گەیشتمە بەردەم كۆشك و مانگم بینی كە بەرەو خوار دەكشا، لەبەر ئەوەی نامەی سێهەم هیچ ئاسەوارێكی لەسەر نەبوو، ناچار هەڵم بچڕی:

لە كۆتاییەكەیدا نووسرابوو:

یاعقوبی كوڕی ئیسحاق

* * *

من سوارەم كە ناوم دەچێتە سەر ئەم چیرۆكە، شەوێكی هاوین، لەبەر هەیوان بە دیار كتێب و وەرەقەكانمەوە خەوم لێكەوت، ئیزرائیل هاتە خەوم، وامزانی سەرەی مردنمە، بەڵام وتی كاتێكی تر بۆ رووحت دێم، سێ نامەی پێدام و وتی بیخوێنەرەوە چیرۆكێكی سەیری تیایە، كاری تۆ ئەوەیە بینووسیتەوە.

بەیانی كە خەبەرم بووەوە، خەوەكەم بە هەند وەرنەگرت، بەڵام كە ویستم شتەكانم كۆبكەمەوە، لە ژێر سەرینەكەمدا سێ نامەم بینی پەڕەكانیان زەردبووەوە، لەو رۆژەوە لێم بوون بە بار، نازانم چیان لێ بكەم، دەبێت چاوەڕوانی هاتنەوەی ئیزرائیل بكەم، بۆ ئەوەی بیانگەیەنمە خاوەنەكانیان، لەگەڵ ئەوەشدا دەزانم ئەم جارە ئیزرائیل بۆ مردنم دێت.



موعەممەر ئەلقەزافی

# شار

و: محمد عبدالرحمن زەنگنە
موکەرەم ڕەشید تاڵەبانی

لە دێرزەمانەوە شار چی دەڵێیت، مێردەزمەی ژیانەو وەکو تێدەگەن خۆشی نییە، ئەگەر خۆش بووایە لە بناغەوە بەو جۆرە دادەمەزرا، بەڵام شار هەرگیز بۆ خۆشگوزەرانی یان ڕابواردن جوان نییە.. شار تێکرژانێکی گوزەرانییە، خەڵکی بە ناچاری خۆیانی تێدا دەدۆزنەوە. هیچ کەسێك بۆ گەشتوگوزار بۆ شار نەهاتووە، بەڵکو لەبەر ژیان و پارە و ئیشکردن و پێداویستی فەرمانبەرایەتی کە ناچاری کردوون لە شاردا بژێت. شار گۆڕستانێکی بەیەکەوەنووسانی کۆمەڵایەتییە. هەر کەسێك بێتە ناوییەوە، ناچار دەبێت لەسەر شەپۆلەکانی مەلە بکات و لە شەقامێکەوە بۆ شەقامێکی تر، لە گەڕەکێکەوە بۆ گەڕەکێکی تر بڕوات.. لە ئیشێکەوە بۆ ئێشێکی دیکە. لە برادەرێکەوە بۆ یەکێکی دیکە بەو جۆرەی کە ژیانی تێدایە. ئامانجی سوود و هەڵە. ئاکاری دووزمانییە (ومن أهل المدينه مردوا على النفاق) قورئان — هەر شتە و نرخێکی بۆ دانراوە، ژیانی شار وای دەوێت، هەر چەندە شار پێشکەوت و زیادیشی کرد، ئاڵۆز دەبێت و لە گیانی خۆشەویستی و کاری





کۆمەڵایەتی دوور دەکەوێتەوە. بە جۆری دانیشتووانی نهۆمەکانی یەکدی ناناسن، بەڵام خۆیان لە شەقامێکدا دۆزیوەتەوە.. لە کۆڵانێکدا.. لە پانیۆنێکدا.. بەبێ ڕێککەوتن.. خزمایەتیش کۆی نەکردوونەتەوە. بەڵکو شار بە زۆر خزمانی پەرت و بڵاوکردۆتەوە.

باوك و کوڕ.. دایك و کوڕ بەیەك دەگەن. هەندێ جاریش پیاو و ژن. شتی پێچەوانە لەگەڵ پێچەوانەدا تێکەڵاو دەکات. دوور لەگەڵ دووردا. چۆن خزم پەرت و بڵاو دەکاتەوە شار تەنیا ژیانێکی کرمییە (بیۆلۆژییە) مرۆڤ بەبێ مانا و واتا لە ناویدا دەژیت و دەمرێت.. بەبێ بینین.. بەبێ لەسەر خۆ.. دەژیت و دەمرێت.. لەناو گۆردایە لە هەردوو حاڵەتەکەدا.. لە شاردا سەربەستی و حەسانەوە نییە.. دالان نییە.. دیواری زیادە، دیوار لە ماڵدا.. لە دەرەوە لە نهۆمەکاندا، لە شەقامەکاندا، لەئیشدا. ناتوانیت وەکو دەتەوێت دابنیشیت، بەرەو کام لا دەتەوێت بڕۆیت یان هەر کاتێك ویستت بووەستیت. ئەو کاتەی دەتەوێت تەوقە لەگەڵ خزمێکدا بکەیت کە بە ڕێککەوت دەیبینیت، هاتوچۆکەران پاڵت پێوەدەنێن و دوور ڕات دەکێشن دوور لە برادەرەکەت، یاخود دەکەونە نێوانتانەوە، ئەو دەستەی کە درێژت کردووە، بۆ ئەوەی تەوقەی لەگەڵدا بکەیت، دەبینی یەکێکی ڕێڕەوی بێ ئاگا لە ڕیزی هەڵوێستەکە ناکات و پێشی نازانێت لێی دەکەوێت. ئەگەر ویستت لە شەقامەکە بپەڕیتەوە ئاسان نییە، بەڵکو دوور نییە ژیانت یان قاچێکت لە دەست بدەیت، تەنیا بۆ ئەوەی لە شەقامەکە بپەڕیتەوە، ئەگەر ئاگات لە خۆت نەبێت و وریا نەبیت، یاخود چەند جارێکیش بەڕاست و چەپدا لابکەیتەوە، دوور نییە لە ناوەڕاستی شەقامەکەدا چوار دەورت بگیرێت و لەنێوان مەترسیی شاردا لە جێگەی خۆتدا ڕەپ ڕاوەستیت، لە چوار دەورت ئۆتۆمبێل و عارەبانە و شەمەندەفەر هەبێت.. سەرگوزشتەی کۆمەڵایەتی خۆش و دۆستایەتی لەنێوان قەرەباڵغی شاردا وەکو نەبێت وایە، ئەگەر ڕووی دا ئەوە جۆرێکە لە ستەم، هەندێك جاریش لە سەرووی دەروونەوەیە، جارێکی دیکەش دوو ڕوویی خود، لە شەقامەکانی شاردا مرۆڤ و پشیلە یەکسانن.. لە بازاڕی هات و چۆ و پیادەکاندا کاتێك گوێت لە برێکی ئۆتۆمبێلێك دەبێت، یەکسەر دەوەستیت و لە خۆتەوە دەڵێیت: ئەوە مرۆڤە یان ئاژەڵە، چونکە یەکێك لەوانەت بە بەردەمدا بڕوات، ئەمە ڕوو دەدات. لە هەمان کاتدا ئۆتۆمبیلەکەت ڕادەگریت، نەوەك یەکێکیان بشێلیتەوە. تەنانەت پۆلیسی هاتوچۆی شار بە نووسین یان بە دەم ئاگادارت دەکاتەوە چ ڕووداوێك بەهۆی پەڕینەوەی مرۆڤێك یان پشیلەیەك لە یەکێك لە شەقامەکانی شاردا ڕوویداوە.

ئەمە شارە، لە شاردا (فەرموو)نییە، بەڵکو دەبێت پارە بدەیت، بە شانت بەدەستت، پاڵ

بنەیت، لە گیرفانت بدەیت، هەر شتێکی کۆمەڵایەتی بوو دەبێت بیدەیت. لە شاردا پارەدانە، فەرموو نییە، لە شاردا دیوار پتر لە مرۆڤ ڕێزت دەگرێت.

دوور نییە پاڵ بە دیوارەوە بدەیت، دیواریش ئەو جێگەی مەبەستە پیشانت دەدات، ئەگەر ئاماژە و پیشاندان و بڵاوکەرەوەی لەسەر هەبێت، زۆر بۆ مرۆڤێك گرانە کە لە شاردا بژێت یاخود ئەو کەسەی کە بۆ شار دێت بیدات بەو کەسەی کە پێویستی پێ هەیە.

ئەگەر لە شاردا لە مرۆڤێکت پرسی ئەوا پێت دەڵێت: ببوورە کاتم نییە.. ببوورە زۆر بە پەلەم، داوای لێبوردنت لێدەکەم، شەمەندەفەرەکە یان ئۆتۆمبێل یان شتێکی دیکە بەجێیهێشتم.. هتد.

پێت دەڵێت ئەوە تۆ و ئەوە دیوار، تەنیا دیوار لە شاردا ڕاوەستاوە، بەڵام خەڵکی ناتوانن لەگەڵ دیواردا ڕاوەستن. شار دوو کەڵە.. پیسییە. شێدارە. تەنانەت ئەگەر لە بیاباندا بیت و ئیشەکەیشت پاك بێت، ئەوا پیس دەبێت، ئەگەر بێ زەوق و سەلیقە و پوختیش نەبیت. لە پەراوێزی ژیانی شار ئەوەیە بە ناچاریش بووە دەبێت بە پیسایی قایل ببیت و یەخەی کراسەکەت بدەیتە بەر تۆز و گەرد و دووکەڵ. بەبێ ئیشی دەبێت ئارەقە دابدەیت ئارەقێکی شێدار، خۆت لە شاردا دەدۆزیتەوە، چەند وشە و دەستەواژە و ئامادەی سارد فێر بوویتە، بەڵام چاریش نییە، دەبێت وەڵامی ئامادە فێربوو بیت بۆ پرسیاری چاوەڕوان کراو وەڵامی یەکسەر بدەیتەوە.. ئەوەی تێدایە.. ئەوەی تێدا نییە.. خوا گەورەیە.. هەر ئەمەیە.. نا مامە.. نا براڵە.. گوتوویانە.. سەردەمێك بوو.. بڕۆ قازانج دەکەیت.. ڕێگەم بەردە.. خۆت لادە.. ئەگەر یەکێك لێی پرسیت یان لە خۆت بپرسیت: پێش دەقەیەك چیت گوت؟ ناتوانی وەڵام بدەیتەوە، بە بیرت نایەتەوە ئەم دەستەواژانەت گوێ لێ بووبێت، چونکە بەشێکە لە ژیانی شار.. لە خۆوە دەگوترێت، تا بیچەسپێنیت لە ژیانی شاردا بێ هوودەیە و، هیچ ناوەڕۆکێکی نییە. ئەوە چییە تێیدا نییە، ئەو شتە چییە تێیدا نییە..؟ ئەو شتە چییە کە ئەمەیە؟.. بۆچی گوتت نا؟ مامەت کێیە؟ کێ براتە..؟ سەردەمی زوو چی ڕوویداوە؟ چییان وتووە..؟ ئەوانە کێن؟ چی کاتێك..؟ چی کاتێك بوو..؟ لە شاردا کامە ڕێگەتە!!؟ ئەگەر گوشاردرایت و ئەو پرسیارانەیان لێکردیت، لەناویاندا دەخنکێیت، ناتوانی وەڵامی هیچ بدەیتەوە.. ئەوە قسەی شارە.. بە ڕێخستنی حاڵە.. ونبوونی کاتە.. بەڕاستی ژیانی شار تەنیا ونبوونی کاتە، تا کاتێکی دیکە.. کاتی ئیش یان خەو.. یان بێداری شار، جۆرە بانگێکە.. خۆشییەکە.. لاساییکردنەوەیەکی کوێرانەیە.. سەرفکردنێکی نەفرەت لێکراوە.. داواکردنێکی بێ وەدەستهێنانە.. بوونێکی بێ واتایە.. لە هەموویشی





خراپتر ئەوەیە توانای بەرگریکردنت لە شاردا نییە.. دانیشتووی شار توانای بەرگریکردنی ئاسایی نییە.. ئەگەر بەدڵیشی نەبێت.. توانای بەرگریکردنی ون بوونیشی نییە.. بگرە توانای بەرگری کردنی سەرقکردنی زۆری کوشندەیشی نییە.. ئەگەر خۆت تێهەڵقورتاندبێت.. تازە بیت لە شاردا.. لە دانیشتووە سەرەتاییەکانی نەبیت و لەگەڵ ڕاهاتووەکاندا ڕانەهاتبێت، ئەوە دەبێتە جێگەی پێکەنینی شار لە هەموو حاڵەتێکدا.. ئەگەر بتەوێت دەستبەرداری ئەو واتا و نەریت و ڕەفتار ناشارییانەت بیت، ئەوە شاز دەبیت، کەسێك نادۆزیتەوە قسەی لەگەڵدا بکەیت. کە دۆخی خۆت دەگۆڕیت، بۆ ئەوەی ببیتە شاری، ئەو کاتە لاواز دەبیت.

لە شاردا لەوانەیە کوڕ باب و، باب کوڕی خۆی بکوژێت.. کە بە خێرایی لەناو شەمەندەفەر، یان ئۆتۆمبیل، یان هەر عارەبانەیەکدا تیژ تێپەڕێت. بێ ئەوەی مەبەستی بێت، ئەمە خێرایی شارە، قەرەباڵغیی شارە، خۆپەرستی شارە، کوڕیش بە باوکی دەدات لە شاردا بێ ئەوەی بیناسێت، کە لە ڕێگەیەکی قەرەباڵغدا تووشی دەبیت بە تووشییەوە، یان ڕووناکیی ئۆتۆمبێلەکەی لە چاو دەدات.. بگرە زۆر جاریش لەم شارەدا حەڵاڵ و حەرام، بەهۆی زۆری خەڵکەوە تێکەڵاو دەبن، کە بێ گوێدان، خێرا خێرا تێکەڵاو دەبن و لێك جودا دەبنەوە.

دانیشتووانی شار عەیبەیان لا نییە. خەڵکی، ئەو خەڵکەی شارن، یان لادێی، لە شتێکدا لە یەك دەکەن، لە ڕەوشت و ئاکاردا، بەتایبەتی ڕۆڵەی یەك میللەت یان یەك ئایین. نەنگیی رەفتاری شار ئەوەیە کە لە خودی شاردا هەیە و، بەسەر خەڵکیدا دەسەپێنێت، کە وردە وردە ڕەفتارەکە ببێتە ڕەوشتێکی ئاسایی بە تێپەڕبوونی کات، خەڵکی شار بۆ پێویستی زەروورەت دروست دەکەن.. بەڵام پاش ئەوە شار دەبێتە مۆتەکەیەك بۆ ئەو کەسانەی کە دروستیان کردووە و تێیدا نیشتەجێ بوونە.. هەموو شتێك لە شاردا بە پارەیە و هەر پێداویستییەکیش پێویستە و هەر نرخێکیش نرخێکی ماددی یان مەعنەویی هەیە.. لێرەوەیە تەنگژەی گوزەران لە شاردا دەست پێدەکات.. شار دژ بە کشتوکاڵە.. لەسەر زەویی کشتوکاڵ دروست دەکرێت.. درەختە بەردارەکان دەبڕدرێنەوە.. جووتیاران ڕادەکێشێت و هەڵیان دەخەڵەتێنیت، تا واز لە کشتوکاڵ بهێنن و، بە تەمبەڵی و تەوەزەلی بکەونە سەر شۆستەی شار بەبێ کاری وەکو دەرۆزەکەر لە هەمان کاتدا، شار هەموو بەرهەمی کشتوکاڵی هەڵدەوەشێنێتەوە و داوای پتر دەکات، ئەم بەرهەمە کشتوکاڵییەی کە لەلایەن دانیشتووانی شارەوە دەخوازرێت، پێویست بەوەرزێر و جووتیار و زەوی دەکات، شار دژ بە بەرهەمهێنانە، چونکە بەرهەمهێنان پێویست بە ڕەنج و ماندووبوون دەکات،

شاریش دژ بە ئۆقرە و ڕەنج و کاری ڕاستەقینەیە، بۆیە دەیەوێت هەر بخوات و هیچ نەبەخشێت.. دەخوات و هیچ بەرهەم ناهێنێت، بە هەموو لایەکدا پاڵی داوەتەوە و ڕاکشاوە و دەعەجانەی خۆی بڵاو دەکاتەوە و ژاری خۆی دەڕژێنێت و، هەوای خاوێن دەکوژێت و ئۆکسجین دەکاتە دووەمین ئۆکسیدی کاربۆن.. دوەەمین ئۆکسیدی کاربۆنیش دەکاتە یەکەمین ئۆکسیدی کاربۆن و سروشت تێکدەدات و ئاوێنەی سروشت لێڵ دەکات و، دووکەڵ و هەڵم و گاز بە با دەدات و، خەڵکی دەخنکێنێت و، هەموو شتێك پیس دەکات و بەری ڕووی ئەستێرە و مانگ و بگرە هەتاویش دەگرێت.. دەخوێنێت و.. هاوار دەکات و زوڕنا دەژەنێت و.. دەقیژێنێت و.. گوێ کەڕ دەکات و.. سەر ئێشە بڵاو دەکاتەوە و.. دەمار گرژ دەکات.. درێژ دەبێتەوە، تا زەوی کشتوکاڵی هەڵدەوەشێتەوە و گوندەکانی دەورووبەر قووت دەدات و دەیانخاتە ژێر باڵە چڵکنە گەروو کپ کەرەکەیەوە، ئاشقی ددانەکانی خۆی دەبێت کە بریتین لە ڕێگەوبان و خانوو بەرەو داو و دەزگا و شان و قۆڵ، لەو گوندە بچووکە گۆشەگیرە ئارامە کپانەدا ئاشقیان دەبێت، کە تەماشا دەکەیت دەبێتە گەڕەکێك، پاشان لایەك و پاشان بەشێك لەو لێی جودا نەبێتەوە، بۆیە بە چەکوشی قورسی شار دەهاڕدرێت و، دەبێتە گوندێکی لەسەرخۆ و هێمنی و بەرهەمهێنەر و.. ئارام و.. پێوەبەند و.. تەندروستیانە و گەشەسەندوو.. دەبێتە شانەیەکی تاریکی زۆر ڕەشی نەخۆش، بەشێك لە گشتێکی قورس.. نەخۆش.. ماندووی بێ بەرهەم.. ماندووی بێ کار.. ژیاوی بێ ئامانج.. کە بەبێ هیچ مەبەستێك لە ژیاندا بێت.

شار هەستی کۆمەڵایەتی و مرۆیی دەکوژێت، گێژی و گوێ پێ نەدان دروست دەکات، ئەویش بەهۆی فێربوونی دانیشتووان بە تەمبەڵ و دوور لە ڕەوشت و دیمەنی سەرنج ڕاکێش لە دێ و بیابان و لادێکاندا لە شاردا. مەپرسە لە بارەی جووڵەی خێرایان و کۆبوونەوە و جووڵەی لەسەرخۆ، یان لێت ناپرسن، لەبەر ئەوەی ڕاهاتوویت ئەوانە ببینیت.. ئەنجامیش سەرنجت ڕاناکێشێت تا پرسیارت لێدەکەن.. پێکداهەڵپڕژان.. یان گریانی مرۆڤێك.. یا کەوتن لە شەقامدا.. بگرە هەتا ئاگرکەوتنەوە لە شوێنێك.. بەمەرجێك لە ماڵی تۆوە نزیك نەبێت یان تێپەڕ بوون بەسەر بەستەزمان و نووستووانی سەر شۆستە و ڕاوەستاوی سەرکۆڵان و.. ئەوانەی پاڵیان بە دیوا.. یان لە لقە درەختەکانی شارەوە داوە بگرە ئەگەر قسەیان لەگەڵ کردبێت.. یان ئەگەر دەستیان بۆ درێژکردیتەوە دەرۆزەت لێبکەن یان لێت بپاڕێنەوە، ئەم دیمەنە بەردەوام لە شاردا دووبارە دەبێتەوە، بۆیە بە تێپەڕبوونی هەست و سۆزی بەرانبەر دەبێت بە هەستێکی ڕەق و، دەبێتە وێنەیەکی تەواوکەری وێنەی شار، ئاسایییە ئەم جۆرە





دیمەنانە کاتێك دووبارە ببنەوە سەرنجت ڕاناکێشن، تەنانەت ئەگەرچی لە سەرەتاوە پێویستە لای ڕابوەستیت.. یان چارەسەری بکەیت، یان بەشداریی تێدا بکەیت، بەڵام ژیان لە شاردا بوار بەوە نادات، ئەو کەسەی بۆ ئەم جۆرە ئیشانە بوەستێت ناتوانێت ئیش و کاری ڕۆژانەی لەم شارەدا بکات، چونکە ئەوە دووبارە دەبێتەوە. ئەگەر هەموو جارێکیش لە دووبارە بوونەوەیدا چاوەڕوانی بکات. کەواتە بەردەوام پێوەی سەرقاڵ دەبێت. لەبەر ئەوەی دانیشتووانی شار زۆرن و لە چەند جۆرێکن و پایەی جۆراوجۆر و ڕۆشنبیر و کۆمەڵایەتین، پێوەندی و پێوەست بوونی کۆمەڵایەتی بەهۆی ژیانی شارەوە دەردەبڕێت. تەنانەت هاوسێ نازانێت دراوسێکەی کێیە؟ لەبەر ئەوەی دەگۆڕێت و سەری قاڵە. هیچ کەس بەشداریی خۆشی و شادی کەسێکی تر ناکات.

یا خودحاڵی سەرقاڵت دەکات، ئەوانە خەڵکانێکن بایەخ بەتۆ نادەن کە تۆ چۆن بایەخیان پێدەدەیت؟ لەبەر ئەوە شار بەرپرسێتی ئەم شتەی داوە بە کۆمەڵە ڕێکخراوەکان تا چارەسەر ئەم جۆرە ڕووداوانە بکەن، ئاگر تێبەربوون ئیشی تۆ نییە، ئەوە ئیشی ئاگر کوژێنەرەوەکانە. ئەمیش بەڵگەیەکە بۆ دانیشتووی شار کە گوێ بەوە نادات لێرە یان لەوێ ئاگر بکەیتەوە. چونکە بەربرسێتی ئاگر کوژێنەرەوەکانە. من ئاگرکوژێنەرەوە نیم، سەرم قاڵە.

سواڵکەی بەرپرسیەتی کۆمەڵایەتییەکانە. ئەگەر هەرچی پارەم هەیە بە هەر سواڵکەرێکی بدەم لە شەقامەکانی شاردا، ئەوە تەنیا ئەوە نییە کە لە بەردەممدا لە هەموو شەقامەکاندا هەیە. کەواتە گوێ بە بەرپرسیارێتییەکە مەدە، پاشان کێ دەڵێ ئەمە پێویستی بە پارەیە و بەڕاستی نەدارە؟! دوور نییە تەمبەڵێك بێت لە تەمبەڵەکان یاخود ساختەچی بێت. ڕواڵەت کارت تێ نەکات.. هەموو دیمەن و ڕواڵەتەکانی شار فرپوفێڵن..!! ئەوەی پیشانت دەدات ناوەوەی نییە.

شەڕکردن بەرپرسیاریەتی پۆلیسە. منیش پۆلیس نیم کە بچمە نێوان شەڕکەرەکانەوە. تەنانەت لە بەردەم دانیشتووانی شاردا دەست درێژیش دەکرێتە سەر نامووس، ئەوەیش بەرپرسیاریەتی ئاسایش یاخود پۆلیسی ڕەووشتەکانە. یاخود کۆمەڵەی ئەوانەی دژایەتی خراپە دەکەن.

ئەگەر لەلای ئاگر کەوتنەوەو شەڕ و دەست درێژیی کردنە سەر نامووس و سواڵکەر و ئەوەی دەگریەت و سکاڵاکەر و داماو رادەوەستێت، کە ئەمانە دیمەنێکی ڕۆژانەن لە هەموو لایەکی شارەوە ڕوو دەدەن. ئایا دەتوانیت بگەیتە ئەو جێگەیەی کە بۆی دەڕۆیت یان بۆ

ماڵەوە بگەڕێیتەوە، دەتوانیت هەموو ئەو گیروگرفتانە چارەسەر بکەیت.

لێرەوەیە لە شاردا بەرامبەر بەم ئیشانە وردە وردە هەست نابزوێت قەناعەتیش پەیدا دەبێت کە بەرپرسیارێتی ئەو نییە. بێ ئەقڵیشە لە هەموو شارەکانی جیهاندا ئەگەر بەم جۆرە نەکرێت.

فەرمانبەرێك لەسەر ئیشەکەی دەردەکرێت چونکە نووسینگەکەی بەجێهێشتووە و ڕۆیشتووە یارمەتی یەکێکی داوە کە لە یەکێك لە شەقامەکانی شاردا لێی دراوە. بە تاوانی ئیش بەجێهێشتن و دەست فریاگوزاری و هەموو ڕێکخراوەکانی شار سوپاست ناکەن کە لە خۆتەوە و لەجیاتی ئەوان یارمەتیت داوە. بگرە گرژ و مۆن دەبێتەوە و چاڕ دەکێشێت (تغار) چونکە تۆ لە شاردا کێ بەرکێی بژێویی ئەو دەکەیت.

ئا ئەمە شارە، ئاشێکە دەهاڕێت، بۆ دانیشتووانی مێردەزمەیە بۆ ئەوە دروستی کردووە، ناچارت بکات و دیمەنت بگۆڕێت. پلە و بەهات بگۆڕێت، وەك یەکێکی خەڵکی شارەکە نەڕەنگی هەیە و نە چێژ نەبۆن و نە مەعنا. ژیانێکی کرمانەیە.. بیۆلۆژییانە. ناچارت دەکات کە هەناسەی کەسانی دیکە هەڵمژێت، لەگەڵ ئەوەیشدا گوێیان پێ نەدەیت، خۆت دەدەیتە پاڵیان. ناتپارێزن و تۆیش نایانپارێزیت، شار ناچارت دەکات گوێت لە دەنگی خەڵکانێك بێت، هەرچەندە تۆ قسەت لەگەڵدا نەکردوون. بەتەواوەتی گوێت لە دەنگی هەموو ماتۆڕ و چەکوش دەبێت، لەگەڵ ئەوەیشدا ئەو دەنگانە پێوەندییان بەتۆوە نییە، بەڵام منداڵی شار لە گەورەکان بەدبەختترن. ئەوانە لە تاریکاییەکەوە بۆ تاریکاییەکی دی، لە سێ تاریکاییەوە بۆ چوار. خانووبەرەکانی شار خانوو نین، بگرە کونە گورگ و ئەشکەوتی دەورگیراو بە هات و چۆ و ژاوەژاوی شەقام و کۆڵانەکانی شارە.. بۆیە شار خەڵکەکەی لەو گوێچکە ماسییانە دەچن کە لە قاوغدان، ئەویش لە ترسی شەپۆلی دەریاو تەوژمەکانی.. بۆیە شار دەریایەکە لە تەوژم و شەپۆل و پاشەڕۆ و زبڵ و کەفچەرێن و گوێچکەماسی، گوێچکە ماسییەکان خەڵك و منداڵە بەستەزمانەکانیانە ئەوانەی هەموو شتێکی شار پاڵەپەستۆی خستوونە سەر، باوك و دایکیان لە ناوەوە بەرەو قاوغەکە پاڵیان پێوە دەنێن لەبەر مەترسییان لە شەقام ئەو تەوژمەی کە لێ پەڕینەوەی هیچ سوودێك نابەخشێت چونکە چەند قاوغێك و ئەشکەوتێکی دیکە و هاوڕێی نەحمیو، ئەوانیش لەوپەڕی شەقامەکەوە راوەستاون، کەواتە ئەی منداڵە بەستەزمانەکان ئێوە بۆ کوێ دەچن، ئەوانە ماڵی خەڵکین.. ئێوە نایانناسن، ئەوانەی لێرە بوون یارییان کرد، ئەوانە نوێن، پاشان شەقامیش تەنیا هی ئێوە نییە. بۆ هەموو هات و چۆکەرانە. کوڕەکانم شەقام هی یاری





کردن نییە. شەقامیش پاڵتان پێوەدەنێت.. دوێنێ منداڵێك لەو شەقامەدا بوو بەژێر ئۆتۆمبیلەوە چونکە دەیویست یاری تێدا بکات.. ساڵی پاریش پێچکە خێراکان بەسەر لاشەی کیژۆڵەیەکدا تێپەڕین، کە دەیویست لە شەقامەکە بپەڕێتەوە.. گیانە بچکۆڵانەکەی پارچە پارچە بوو.. کوت.. کوت.. گردیان کردەوە و لە کراسەکەی دایکیان نا.. یەکێکی دیکەش کەسانێك رفاندیان چەند ڕۆژێك بزریان کرد. پاشان لەبەردەم ماڵی خۆیاندا دایاننا و دوای ئەوەی گورچیلەکەیان دزی!! منداڵێکیش کە منداڵانی شەقام خستبوویانە نێو کارتۆنێکەوە ئۆتۆمبیلێك پێی لێ نابوو بێ ئەوەی بزانێت منداڵی تێدایە بەرەو ناوەوە.. بەرەو تاریکایی.. بەرەو ژوورە ساردە تاریك و ژوورە گەرمەپیسەکان بگەڕێنەوە.. خوا گەورەیە.. شار پڕ بووە لە پیسی و پاشەڕۆك.. نەکەن هەوڵبدەن لەم لاو لەو لای شەقام یاری بکەن ئەوانە پاشەڕۆك و زبڵن.. کاتێکیش هەموو ڕێگەکان لەبەردەم منداڵاندا دادنخرێت.. بە چەشنێکی ترسناکیش.. مردن بە شێلان تا مردن بە پارچە پارچە بوون.. تا ڕفاندن و دەست لاق بڕین، بۆیە زبڵ لە هەموو شتێك باشترە بۆیان.. پاشەڕۆکان.. ئەوە لە زیندانی و بێزاری و تاریکایی ماڵەوە باشترە.. ئەنجامیش هەر مردنێکە بەڵام بە جۆرێکی دیکە.. بەڵێ ڕاستە دەریای شار وەك هەر دەریایەکی دیکە مەترسیدارە و گێژنەگ و نەهەنگی ترسناکی تێدایە.. چۆن منداڵان دەتوانن تێیدا بژین.. کەچی ئەوان لەناویدا دەژین و ئەی چارە چییە!؟ چارەسەر ئەوەیە پاڵە پەستۆ بخرێتە سەر منداڵان و لێیان بدرێت و ناچار بکرێن بچنە قاووغی خۆیانەوە و لە ناخەوە بشکیزێنەوە و .. هەنگاو هەڵهێنانیان سەرکوت بکرێت و لە ڕووناکی و هەناسەدان بێبەش بکرێن.. ئەمە ژیانی شارە، ئاپوورەی ئۆتۆمبێل.. بکەوە.. دایخە، دۆستان لەپشتی دەرگاوەن.. باخچەی ساوایان ئاپوورە و کاری ڕەسمی و بەڵێندانە.. هەروەها فێرگەیش بەو جۆرە.. تیمارگە و بازاڕیش، هەموویان.. بکەوە.. دایخە.. پاڵنێ ریزببەستە.. خێراکەن.. منداڵی شار بایۆلۆژییانە گەورە دەبێت کەچی لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە دەفرێکە هەموو ئەو سەرکوت کردنانەی تێ ئاخێنراوە.. هەر لە بێزاری و ناڕەزاییەوە بگرە تا سەرکوت کردن.. ئەو نموونەیەکی باشی مرۆڤی ئالۆز و نەخۆشی دەروونی و گۆشەگیری و سەرکوت کراوە.. ئەمەیش نهێنی سیس بوونی نەریتە مرۆییەکان و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و هەست نەکردن بە کەسانی دیکەیە.. نەبوونی پێشوازی لێکردن و ڕێز لێگرتن و چارە سەختی.

هەرچی گوندیشە ئەوە جیهانێکی دیکەیە لە ڕواڵەت و جەوهەردا جیاوازی هەیە.. لەوێ پێویستە بە سەرکوت کردن و مەکە و مەڕۆ نییە.. لەوێ هاندان و ڕێزگرتن لە ئارادایە بە

هەنگاو هەڵهێنان و دەرکەوتن لەبەر ڕووناکیدا.. نە شەقام و نـە پاشـەڕۆك.. نـە نەناسـراوان لەوێ نین، هەموو خەڵکی گوند و لادێ و ئاوایی تا هەتا هەتایە پێوەستن، هەموو پێوەندییە ماددی و مەعنەوییەکان پێکەوەیان دەبەستیت بـا لـەوێ هـەن.. ناترسـن هـەنگاو هـەڵێنن.. تەوژم نییە شنە باو ڕەشەبا لەوێ هەن.. ناترسن.. هەنگاو هەڵێنن.. تەوژم نییە بکـەوە و.. داخە نییە، هەموو شتێك والآیە لە سروشتدا.. پێویست ناکـات سروشـت دابخرێـت.. چـونکە ژینگـەی سروشـتی کـە منـداڵی تێـدا پـەروەردە دەبێـت ڕووەکـی تێـدا گەشـە دەسـێنێت.. سەرکوت ناکرێت.. پاشان مرۆڤێکی بێ گرێ کوێرەیە.

ئەی تێگەیشتوون.. ئەی بە بەزەییان ئەی مرۆڤ پەروەران بە زەییتان بە منداڵاندا بێتـەوە.. بە گوزەران کردن لە شار هەڵیان مەخەڵەتێنن. بەوە ڕازی مـەبن منداڵـەکانتان بکەنـە مـشك هەر ڕۆژە لە کونێکەوە بۆ کونێکی دیکـەیان ببـەن و.. لـە شۆسـتەیەکەوە بـۆ شۆسـتەیەکی دیکە.. دانیشتووانی شار دووڕوویـی لەگـەڵ منداڵـەکانیان و لەگـەڵ خۆیانـدا دەکـەن کاتێـك خۆشەویستی خۆیانیان بۆ دەنوێنن... لە هەمان کاتیشدا گوریس و قەفەسـیان بـۆ دروسـت دەکـەن تـا دەنگـی منداڵـە خۆشەویـستەکانیان لـە خۆیـان دوور بخەنـەوە.. کەواتـە ژیـانی کەسـوکاری منـداڵ — لەبـەر ئـەوەی دانیـشتووی شـارن — وایـان لێـدەخوازێت خۆیـان لـە جگەرەگۆشەکانیان قوتار بکەن فێڵیان لێبکەن.. ئەوان بۆ ئەوەی بەرەنگاری ژیانی شار کە مۆتەکەیەکە بۆخۆی ببنەوە بۆخۆ خەریك کردنێك دەگەڕێن و پارەی لێ سەرف دەکـەن کـە هیچ سوودێکیان نییە.. چەند بۆنەیەکی پەرە واژن چـەند بێدارییـەکی دروسـت کـران چـەند دۆستایەتییەکی درۆکینانەن.. لێرەشدا منداڵان دەبنە کۆسـپێکی ئـەوتۆ لەبـەردەم کـەس و کاریان دا، ڕێگـەیان لێـدەگرن ئـەو کارانـە بکـەن، ئـەوانیش هەوڵـدەدەن خـۆ لەگـەڵ ژیـانی دۆزەخینەدا بگـونجێنن و بـە سـەریدا زاڵ بـبن و لەگەڵیـدا بـڕۆن، ئـەو ژیانـەی شـار بەسـەر دانیشتووانە چەوسێنراوەکانی خۆی دادەسەپێنێت. بۆیـە باخـچەی ساوایان و، چاودێری و سەرپەرشـتی باخـچەکانی منـداڵان، بگـرە باخـچەی سـاوایان و بگـرە فێرگـەکانیش جـۆرە فێڵکـردنێکن لـەو منداڵـە بەسـتەزمانانە تـا بـە ڕێگەیـەکی هاوچـەرخانەی زیندەبەچاڵکردن خۆیان لێ قوتار بکەن.

شار چەند دڵڕەق و بێ نرخە دانیشتووانە بەستەزمانەکانی خۆی ناچاریان دەکـات سـەر بـۆ ناماقووڵ شۆڕ بکەن و.. هەرسی بکـەن و بـە ژان و ژۆری قـووتی بـدەن وەك ئـەوەی گوایـە قبووڵ کراو و ماقووڵە.. بەڵگەی ئەمەش ئـەو بایـەخ پێدانـە بـێ نرخانەیـە کـە شار بەسـەر دانیشتووانی خۆیدا دەیانسەپێنێت.. لەوانەیە چەندین هەزار کەس ببینێت تەماشای شەڕە





دەنووکی دوو کەڵەشێر بکەن!! سەرەڕای ملیۆنەها کەس کە تەنیا چاویان لـە دوو بـست و دوو کەسە بێ مەعنایانە لە دووی کیـسەیەکی بچووکی لـە چەشـنی کاڵـەکی پـڕ لـە هـەوای ئاسایی هەڵتـەك هەڵتـەك هـەڕا دەکـەن.. هـەمان ئامـادەبووان تـەنیا بـۆ ئامـادە بـوون وەك لاساییکردنەوەیەکی پووچەڵی شارستانیانە دێن لەبەردەم تەنیا یەك کەس دا ئامادە دەبـن، ئەویش وەکو بینیومە شـێوازێکی نـا دروسـت و نارێـك چـەند قـسەیەکی هەڵـەق و مەلـەق و هەندێك جار تێکەڵ بەدەنگی ئامێر بە گوێیان دا دەدا هیچ شتێکی لێ تێ ناگـەن.. لەوانەیـە سەرخۆشێك یان شتێك چەپڵە لێ بدات، بۆیە هەموو دانیشتووە بـێ مێـشکەکان چـەپڵە لـێ دەدەن بۆ دەربڕینی ئەوەی کـە لەگەڵیـدا گونجـاون ئەمـەیش دروسـت نییـە دوو ڕووییـەکی هاوچەرخانەی کولفەت دارە، خەڵکی لە ژیانی شارستانیانەی دا ناچارە ئەنجامی بدات.

هەروەها ملیۆنەها کەسی دیکە تەماشای شەڕی نێوان دوو پیاوی کامڵی تیگەیشتوو دەکـەن کە زۆرن دەگرن و بە شەق و شەپازلە لە یـەك دیکـە دەدەن بـێ ئـەوەی ناوبـژییان بکـەن و لێکیان بکەنەوە و ئەم شەڕە دڕندانەیە ڕابگرن کە دەتوانن کۆتایی پـێ بهێـنن، بـەڵام ژیـانی هاوچەرخانەی شار ڕێگەی ئەوەیان لێ دەگرێت لەبەر ئەوەی شەڕە نامـاقووڵ و خوێنـاوی و زۆر گەرم و گوڕە کە خۆی لەخۆیدا مەبەستدارە، بەم چۆنییە دڕندانەیەی لەبەر ئەوەی شـار ئەوەی دەوێت.. بۆیە ئازاردانی گیـان لەبـەران لـەو پێـشبڕکێ هێـز لێبڕانـەی بۆیـان ئـەنجام دەدرێت.. سەپاندیان بەسەر یەکدا بۆ سوود وەرگرتن لە سروشتە گیانلەبەرە کوێرانەکـەیان و.. هـەروەها ئـازاردانی ئـادەمیزادیش و داخ پێـدانیان و گاڵتـەپێکردنیان و، گـرەو لەسـەر کردنیان چەند هۆیـەکی ڕابـواردنی درۆودەلەسـەی دانیـشتووانی شـارە.. شـەڕ و کوشـتاری نێوان هەردوو زۆرانباز و بۆکس وەشێن هیچ پێویست نییە و.. چـونکە پـاش لـێ پرسـینەوە دەردەکـەوێت هـیچ دوژمنایەتییـەك لەنێوانیانـدا نییـە.. بـەڵام لـە ژیـانی شارسـتانیی هاوچەرخانەدا پێویست بەمەدەکات!!

سەرچاوە:

لە کتێبی القرية القرية الأرض الأرض وإنتحار رائد الفضاء مع قصص أخرى معمر القذافي



**سالار ئیسماعیل سەمین**

# نهێنییەکی ونبوو

لە رۆخی دەریایەکی ونبوودا، لەگەڵ ئاوازی شەپۆلە شێتەکانی سەرلەئێوارەیەکی پڕ لە ترسی بێ سنووردا، لەنێو کۆلیتە شڕێکی ئەم زەمەنە قێزەوونەدا. سەرقاڵی هەتوانکردنی برینە قوڵەکانی خۆم و خۆتبووم ماوەیەکە من بەدووی تۆدا وێڵم، وا دەگێڕنەوە هەردوو دەستی تۆ لەنێو کەلەپچەی زەمەنێکی پڕ لە درۆدایە، ڕوون و ئاشکرایە ئەو کەسەی دەستی بگاتە تۆ. بێ بەش نابێ لە ژیانی پڕ لە ئاسوودەگی ئەمڕۆ.

لەمێژەوە لەگەڵ هەموو شەپۆلێکی ڕۆخی ژیانی ڕۆژگاردا، ڕادەچڵەکێم. چاریشم نییە ئەبێ چاوەڕوانی شەپۆلی ڕاچڵەکاندنی تریشبم، گەڕای پڕ لە درۆی شاخدار لە هەموو کونجێکی مەملەکەتی لە غەم ئاوسبوودا شەپۆل دەدا، گەرای درۆی تازە لەدایکبووشی بەڕێوەیە. من هەرچەندێ لە ڕەگەزدا دانیشتووی مەملەکەتی درۆزنستانم، چاوەڕوانی نهێنییەکی شاراوەم پەیکەری پڕ لە درۆی ئەم زەمەنە سەقەتە تەفروتوناکا.

ئەی ئەو نهێنییە چاوەڕوانکراوە.. ئەی ئەو گەنجینە بەهایەی ڕووی ئەم سەرزەمینە. دانیشتووانی ڕووخی دەریای رۆژگاری سەخت چاوەڕوانی تۆیە. دەستی من و دامێنی تۆ، هەڵمکێشە و ڕزگارمکە، لە شەپۆلە خوێناویە بێ ڕەحمەکانی کورسی خەنجەر بەدەستان.





ماوەیەکە ئاڵای بەچەترسێنی بەسەر بەرزترین لوتکەی ئەم ڕووبارەدا هەڵکراوە. ماوەیەکە وێڵم بەدووی شاری پێکەنیندا. ئەو شارەی کە دانیشتوانەکەی پێدەکەنن. کاولستانەی رۆخی شەپۆلە شێتەکان، تەنها بارگیرە قەمبورەکانی ژێر عارەبانەکان پێدەکەنن. شەو لەنیوە لایدابوو. بەڕۆخی دەریای پڕ لە شەپۆلە شێتەکاندا. هەنگاوەکانم دەپێچایەوە بەخەیاڵێکی بێ هودە بەرەو شاری پێکەنین. بەڕێگایەکی دژوارو پڕ لە مەترسیدا هەڵدەکشاو بەرەو ژوور. لەنێو گەنکاوی زەمەنێکی بێ شەرمدا، بەسەر بەردەبازی پڕ لە مەترسیدا، ئەسپی خەیاڵم سینی گرت.

دەنگی پڕ لە توڕەبوونی شەپۆلە نەحلەتبووەکانی ئەم کاولستانە لە مێژەوە بەچەنجسێنیان کردبوون. ئەو نهێنییەی کە چەندەها ساڵە بەدوویدا وێڵم پاش نەمانی سوڵتان لەدایکبوو.

هەر ئەو ساڵە کۆرسی گەڕسەنە قەزەمە بستە باڵاکان ڕێگای زبڵدانی مێژوویان گرتەبەر، ئاڵای بەرزی پڕ لە پێکەنین. بەڕووخی دەریای پڕ لە مەترسیدا چەقێندرا. پێکەنین و گڕوگاڵی مناڵە ساواکان لەنێو کۆڵانە تەنگەبەرەکانی شاردا بەتەواوی دەبینرا. زۆری پێنەچوو پێکەنینی پاش چەندساڵی پڕ لە ترس زووبەزوو لەبارچوو.

جارێکی تر کۆرسی خەنجەر بەدەستان بەشێوەیەکی تر لەدایك بوو مەرگ بوو بەنازناوی هەموو شتێك، هەموو شتێك بۆنی مەرگی لێدەهات، رێگای مەرگ، شەپۆلی مەرگ، بازاڕی مەرگ، شەوی مەرگ. بەرەو هەرکوێیەك هەنگاوت بنایە مەرگ پێشوازی لێدەکردی. پاش پرۆسەی مەرگ کۆرسی خەنجەربەدەستان بەسەر ڕێگای مەرگەوە لە بۆسەی ئەنجامدانی مەرگدابوون. وەك پەتای ڕشانەوە گەرای (ئەبێ بمری) بەنێو بازاڕ و قوتابخانە و نەخۆشخانەو موسافیرخانە و هەموو جێگا گشتییەکاندا هەتا دەگاتە نێو جەمعی خواپەرستانی نێو مزگەوت و کەلیسە و پەرستگاکاندا بڵاو بووەوە. سەیر لەوەدابوو دوای نەمانی سوڵتان. پرۆسەی مەرگ و درۆ پێکەوە لەدایکبوون. پاش پرۆسەی مەرگ لە هەموو شارێکدا درۆ بوو بە شاسواری مەیدان بنەماڵە نەبوو درۆزنێکی تێدا نەبێ، خۆم سەرۆکی درۆزنەکانم. هەموو بەیانییەك ئاوێنەی هۆڵەکە بەنقەیەکی پڕ بەدەم و بەوشەی درۆزنی کوڕی درۆزن بەجێ دێڵم. خەڵکانی ئەم شارە لەمنەوە فێری درۆی شاخداربوونە. ئەوەی ئەمڕۆ درۆزن نەبێ لەگەڵ کۆرسی درۆزناندا هاوپەیمان و ئولفەتگیر نەبێ کاری ڕۆژانەی مەیسەر نابێ.



**دڵشاد عەبدوڵڵا**

# لەبن خێوەتێکی قرووە

بن چادر پڕ بوو لە ئاو
ثەڵە ئێرگسێک مپوانە







**درێخا! بۆ ئەو شارەی بەجێماوە لە دوور**
**گەروو هیشک بوو هێندەی بانگی بکەم**
**هەر گەڕەکێکی حەسرەتێک ئاڵاوە لە پەرچەمی**
**هەر ماڵەو خولیایەک کوژراوە لەبەردەمی**
**باڵندە دەگەڕێنەوە لە باشوور**
**دەپرسم لێیان**
**کەس شتێکی ئەوتۆ لەبارەیەوە نازانێ**
**سوور هەڵدەگەڕێ ئاسۆ لە حەزمەتان.**

**وەکی چەلۆیەک بەدیار ژێیەکانییەوە**
**هەر پەنجەی بایە دەیلەرێنتەوە**
**هەر دلۆپی بارانە دەیژەنێ**
**هەر شەوقی منە نووساوە بە دەنگییەوە**
**لەبن خێوەتێکی قرووە**
**دانیشتووە ژنەکەم**
**بەدیار چوار منداڵییەوە**

**لەکەیەوە چۆتە ناو نۆتەی مۆسیقا؟**
**لەکەیەوە ئەو هەموو ئاوازە ڕادەکێشێ بە دوای خۆیدا؟**
**لەکەیەوە چۆتە دۆخی فریشتەوە؟**
**لەکەیەوە پەڕ و باڵی دەسووتێ و وەڕس نابێ لە ژەنین؟**
**خەریکە دەبمە داری پەلک**
**هێندەی**
**بەرد بگرنە میوەکانم**
**شەو تان وپۆیە پێمەوە لکاوە**
**وەکی دێوانە خۆم دێتە پێش چاو**

یان تەشییەک لە خۆیدا لوول بدا داوی تاریکی
من و ئەو هەتا دێ غەریبیمان بە دوایدا دەچێ
کازیوە شل بووە ئەوەندەی ڕابکشێ
لە نێوانمان.

بە شەیدای ئازادییەوە دەربەدەری کێوانم
ئەو وەهمە کەی دەبڕێتەوە چوزانم
ئازادی بێ شار کوانێ؟
لە بن بەرد و گوێ ئاو و تەڕاشان
بیگەمێ، چۆن بیناسمەوە؟
وام دیوە لە خەوما،
ڕیشێکی درێژ و سپیکەلانە
تەبەش پان، ئاکار وردیلە
دەستم خستۆتە ناو دەستی هێسکی نەبووە
لۆکە بووە هەمووی
کەچی لە ڕاگەیاندنەکاندا دەڵێن،
گەنجێکی تێک سمڕاوە
قەفی سمێڵی بۆ سەرێ باداوە
خەنجەرێکی دەسک شووشەی لەبەر پشتە
دەستی لەسەر مشتی داناوە
لەو نێوانەدا نەخشی خۆم گێڕاوە
هەموو ژیانم گرێداوە بەو وەهمە
ناوی چی بنێم لەو کۆچە؟
خولیای شار جیاوازە
لە هی چیاو ناو دۆڵان







من و ژنەکەم چوار چمکی دانیشتووین
دەکوتینەوە ڕابردوو لە سندۆڵان
ئەو ماڵەی خۆمان گۆڕیەوە بە خێوەتێک
سەبرت هەبێ،
ئەو چادر و ئەو ستوونە
ساتێکی تر باڵ دەگرێ
دەمانباتەوە ئەوێ
ئەو لمە گەرمە فێنک دەبێتەوە
ژنەکەم دەستی لەسەر دادەنێ

لەکەیەوە ئازادیت شاردۆتەوە لەبن پێست؟
لەکەیەوە ڕەفیقی دزو شەریکی قافڵەیە ئازادی؟
هەروا لە تەمەنمان دەدزێ
ڕیسوایە بە دەست بەڵێنەکانییەوە
لێوم هیشک بووە هێندەی بینی پێوە بنێم
ئاوی چاوم داهاتووە ئەو هەر نەهاتووە.

کچەکەم تازە پێ دەگرێ
دەستی دەگرێ بە ئەستوندەگی چادرەوە
گاز لە سێوێکی زەرد دەگرێ
وا دێتە بەرچاوم ئەو سێوە ڕۆحی منە
چەند دڵگیرە بەسەر لێویەوە
جارجارە شەوقی نیگایەک دەگرێتە ڕووی سەرسام
هەتا دێ تاریکییم دەبڕێ
دنیا کە لە چاو نووقانێکدا دەبڕێتەوە



له چاو ترووکانێکی ئەودا دەست پێ دەکا
دڵنیام خەونێکە ئەوەی دێ
خەونی تۆ چییە کچی خۆم؟
هانا دەبەم بۆ چاوی ئەو
بەڵکو گەواڵەی سەرنجێک دابکا
تەڕ بکا دڵی وشک هەڵاتووم
دەزانم من مایەی ئەو هەموو دەربەدەرییەم
ئەگینا، دەبوو ئەو ئێستا



لەناو نوونێکی گەرمدا بخەوتبا
هەرچی فریشتەی گەردوونە
باوەشێنی بۆ کردبا
نەکو سەرمای سەر سنوور پەنجەیان گەستبا
درێخا! شەمی بابە
ئەو شەوە درێژە هەر نەبڕایەوە
کوێر بام ئەو شەوەم نەدیبا
ئەگەر دەسەڵاتم هەبایە
دوو باڵم دروست دەکرد بۆت
هەتا فڕیبای
کوێت ویستبا بۆ ئەوێ چووبای
نووکی خەیاڵ دەژەنمە زمانم
حیکایەتێکت بۆ دەگێڕمەوە
خۆشم ئەنجامی نازانم
دەتبەمە کۆشکێکی سپی لە پشت ئەو چیایانە
دەتکەمە دڵخوازی یاران
فەرشی چی حەز و ئارەزوو هەیە هەمووی ڕادەخەم...





خەوێکی قووڵ دەتباتەوە
دەنگی لێدانی دڵت دەبیستم
دەڵێی شەرابە دەڕژێتە ناو پیاڵە
کێ ئەو پیاڵەیە هەڵدەدا، ئەو شەرابە دەخواتەوە؟
ئەو دڵە بۆ کێ لێ دەدا؟ بۆچییە خولیای؟
چاوم لێبایە ئەو ڕۆژەی دەبووە جێگای
ئەڤینی بێ سنوور
ئەو کاتەی باڵندەی کێوی کوڕێکی کەڵەگەت
دەیکردە هێلانە



لە قووڵایی دارستانێکدا بە جووت خەوتان لێ دەکەوت
ئەوجا ڕۆحی بابە دەسرەوت

لە هەوری ئەرخەوانیدا دەرمەکەوە کچم!
تۆ چیت داوە لەو ڕەنگە خەمگینانە
بۆ ئەوە نەخۆڵقاوی
دەست بگێڕێ لە ناو ئەو کونە مارانە
ژیانی تۆ تۆپێکە هەڵی دە بەو هەڵدانەوە جوانی
ئەوە منم نووساوم بەخاکەوە
چاوەڕێم تۆپەکەم بکەوتە خوارێ
ئەوەی دڵخۆشی دەبەخشی پێم سیحری ئەو چاوانەیە
کە ئیلهامی پاشە ڕۆژی دێوانەیە
چەند جوان تەماشای ناوچاوم دەکەی
دڵنیام ڕۆژێک دێ لێم تێ دەگەی.
باخی هەرچی شاعیرانە میوەی وا جوانی نەداوە
فڵچەی هەموو هونەرمەندان نەخشی ئاوهای نەکێشاوە

ئەو دیمەنە وردیلانەی
قەتیس ماون لەسەر ڕوو
هێشتا لێڵ نەبوون
بە فرمێسکی نائومێدی هێشتا زەرد نەبوون.
ئاوازێک دێتە گوێم لەنگە قافیەی
کێشی لاسەنگی دەکێشێ بەرۆحمدا
ڕەنگێک دیارە زۆر دوور
مەلی ناو سنگت دەخوێنێ بۆ ئەو ڕەنگە
ئاخ، خۆزگە دەگەیشت پێی.
من نەمتوانی ئەو مەلەبم وەکی ئەو بخوێنم
من گەرووی گرتووم گۆرانی تفت و تاڵ
بێ مەیلی کردووم
چۆنم بووێ بۆم ناوترێ ئاوازی مەزەدار
هەرچی بۆن و بەرامە لە سۆزمدایە
خەفیە و ئەغیار شێلاویانە هەرچی گیایە لە گیانم
شیعرم ئەگەر تامێکیشی هەبێ
هی ئەوەیە دەستەمۆ نەبووە زمانم
بەو حوشترەم کردووە وشەی فەرهەنگم
کە بەرگەی بیابان دەگرێ
بێ خۆراک ڕێگاوبان دەبڕێ.

پێچەوانەی هەموو چیاکان ترۆپکم لە نەویاندایە
حیکمەتی سەفەرم بێ کۆتایە
درێخا بۆ مەملەکەت شێواوە عەرشی
هەموو ئاوارەین لە بن خێوەتان
کێ لەوێ ماوە بە دیار گەنجینەوە؟





ئای لە بۆ ئەو ڕۆژەی دەبینم
توووند دەستت گرتووە پێیەوە
بووی بە خاوەنی ئەو هەموو سەروەت و سامانەی
شار بە تۆ بناسرێتەوە
شەرتی من و تۆ ئەوەیە.

قرووە خەریکە دەنووێ
خێوەت باڵ دەگرێ
هەموو شەوێک دەگەڕێینەوە
چەند ترسم هەیە شەوێک لە شەوان بەجێ بمێنم
لەو سەفەری خولیایە لەگەڵدا نەبم
بێ من چۆن ڕێگا دەگرن دەگەنەوە شار؟
کچی خۆم، بەو پاکییەی خۆت
تۆ پێشڕەویان بە.



# شەباقەی گرە هەمیشەییەکان

موحسین ئاوارە

(١)

شمشاڵ وتی
قامیشێک بووم
لە خاک هەڵکێشرام
لە نزرگە و نیشتمانی خۆم دابڕام
جەستەم لە چەندین لاوە
داخی پێوە نرا.. کون کون کرا
ناوی شمشاڵم بەسەر دابڕا
خەم و ئازاری خۆم بەس نەبێ
ئەوەیشی بێتە سەر
کەوتوومەتە سەر لێو و ژێر پەنجەکانی
عاشقێکی سەوداسەر
ناڵە و ئاهەکانی خۆی بە گەرووما دائەکا







خۆی لە من بەتاڵ ئەکا
ئێوەش گوێگرانی هاودەردی ئێمە
لە هەنجەتێکی دەگەڕێن بۆ گریان
حەزتان لە گریانە
زۆریشن زۆر کە هەن
گوێ ڕادێرن بۆ غوربەتی من و
کۆژانی شمشاڵ ژەن

(٢)

جام و شانە.. ئاوێنە و گۆزە
بەهەڵپە بوون
پەریخان هەڵیانگرێ بۆسەر کانی
خۆی جوانتر کات.. لە جوانیەوە بۆ جوانی
(کوڕ دێ)یش کاکۆڵ قیت
خۆی تەیار دابوو
لە بۆسەی لاریێ دا
چاو مەلاس، چاو لە چاوەڕوانی
ڕووەو قیبلەگای ماڵەکەیان ئاڕاستە
کەی تێدەپەڕی ئەو چاومەستە
ئەفسووس کت و پڕ
کوڕ خرایە زیلێکی سەربازی
کچ لە زیلێکی تر
چۆن لێک ترازان
ترازان و
ترازان و



ترازان!!

(٣)

شوانەکە مرد

گۆچانەکەی درایە دەست شوانێکی دی

مەڕەکان ڕۆژ بەڕۆژ دەبنیسان

لە گۆچانەکە ڕادەمان

ئەو بلوێرەی لێی دەدا

ئاوازە سیحراوییەکە جارانی لێ نەدەبیسترا

هەتا ئەمڕایش کە بێوەیە و کەسادە

ئاژەڵێکە ساویلکە و سادە

پەی بە سیمای مرۆڤ و ئەوین دەبا

لە سۆزی بلوێر و ئاماژەی گۆچان و ئاورینگ و گریان دەگا!!



(٤)

بەڕۆژ جلی شۆڕاو.. جلی تەڕ

بەتەنافی حەوشەکەمانی هەڵدەواسی

تا خۆر وشکی کاتەوە

شەویش چرای پیا شۆڕ دەکردەوە

تا تاریکی دەبووە خۆراکی هەتاو

لە دەمی گورگی پەنهان و نیازی داخراو

دوورمان خاتەوە

باوکیشم بالیفێکی خڕ

لە سەرینگانی لبادێکی نەخشداری دائەنا

دەیخستە بن باڵی و لێی ڕادەکشا





میلی ڕادیۆیە سەندوقیەکەی دەسوڕاند

لەتەک رادیۆکەدا پاترییەکی (بێرک)

ئاقڵانە دانیشتبوو خۆی نەدەجولاند

بە هێوری گوێچکەکانی بۆ ئێزگەی دەنگی کوردستان

ڕادەخست

ئەی باوکە گیان

چ ڕێکەوتێک بوو گەڕایتەوە نێومان



نێو حەوشەکەی شیعر و

خەیاڵی ئەوسامان!!

(٥)

خەیاڵان دەکەم.. خەیاڵم باڵی لێ دەڕوێ

لەلای منەوە نامینێ و دەفڕێ

چەند خۆشە کە لەو سەردا دەگەڕێتەوە

لە خەیاڵگەی خۆیدا بنیشێتەوە

لەگەڵ خۆیدا شتگەلێ زیاترم بۆ بێنێ

( ٦ )

لە کێودا دوو تاوێر گلۆر دەبنەوە

دوو تاوێر پێکدەکەون

شەباقەی گرێکیان لێ بەرز دەبێتەوە

وەک ئەوەی لە ژوانگەیەکا دوو دڵدار

باوەش بە یەکتردا بکەن

هەڵاوەی حەسرەت و ئۆفاوێک بۆ ئاسمان

سەربخەن!!




ئەو شەوانەی وردە ئەستێرەمان کۆدەکردەوەو

دەمانکردنە کۆشی دوو وردیلەوە، تا دەرنگانێ گەمەیان پێدەکردن‌و ..

قۆشمەمان دەکردو بەرووی مانگ پێدەکەنین..

تاوێ لە ئامێزی دەگرتین‌و تاوێکی دیش چاوشارکێی لەتەکدا دەکردین

هەتا ماندوو دەبوین .. هەر بەدەم بزەو پێکەنینەوە خودای خەو پێڵوەکانی دادەخستین..

*　　*　　*

سکالاّ .. لە ئازارەکانم ناکەم.. من لەگەڵ ئازارو ژان‌و برین،

پێکەوە شیری مەمکی.. یەک دایکمان خواردەوە ..

خەم‌و ئازارو برین .. هەمو بەیانییەک دایکم، دەیکردن بە بالولەو،

لە توێی نانێکی گەرم‌و..

لە سەفەرتاسێکدا.. کە دەچوم بۆ (ئەحمەد ئاغا)*

بە پریاسکێکەوە بۆی دەپێچام.

ئێوارانیش کە بلۆک‌و سەتڵە چیمەنتۆ .. گیانیان لە نێو لەپەمدا تەواو دەبوو،







سەفەرتاسەکەم پڕ لە سرودەکانی شاخ دەکرد بۆ مناڵە هەژارەکانی شار

*　　*　　*

ئەوسا ..

رۆحم تەڕی بوو لە نێرگز، لە سپێدە..

ئەسپی سەرکێشییەکانم خۆشبەز، سپی‌و یاڵشۆڕ

وەلێ ئەمێستا، بێ تۆ .. چەندە گوناهو بەستەزمانم

چەندە کڵۆڵ‌و .. بێدەرەتانم.. لە پاسارییەکی بێهێلانەو بێ دایک دەچم..

((چەندە حەزم لە گریانە .. چەندە گەروم تاڵەو زریانی ناخم توڕەیەو

دەناڵێ‌و دەنرکێنێ..

ئای .. چەندم لەلا شەرمە فرمێسک لەچاوانمدا بێنە خوارێ

چەندان ئەوەندەش بۆ گریان دەگریم!))

*　　*　　*

پاش ماڵئاواییت.. ئیتر ئەستێرەکان نادرەوشێنەوە..

مانگ خەرمانە ناکا.. چۆلەکەی سەر دار زەیتونەکەمان ناجریوێنن..

گوڵەکانی باخچەکەمان بۆنیان لێنایە.. ئیتر شنەبای بەیان هەڵناکا .. رۆحم هەرگیز ناحەسێتەوە.

*　　*　　*

ئەمێستا..

دەرگاکان واز کەن .. پەنجەرەکان والاّ .. کاتژمێرێکی تر دەگەڵ نەورەسەکان،

بۆ هەوار دەچینەوە ..

وا.. دوو هەناری روومەت ئاڵ .. لە رێگادا، چاوەڕێن بگەڕێینەوە

لەگەڵ شنەبا دەچینەوە بۆ مەنزڵگە ..

دوا گلەییم

(ئازیزان .. چۆڕێ سۆزم دەویست دەگەڵ پەرەسێلکەیەک بینێرن ..

بەغیلیتان کرد، دۆستان بەغیلیی..)

# ئەدەبی جیهانی

**لە عەرەبییەوە:**

**بورهان ئەحمەد**

"١"

**(پۆلات ئاکود چاڤا)**

شاعیرێکی ڕووسییە، لە ساڵی (١٩٢٤) لە ناوچەی (ئەربات) لەناو جەرگەی شاری مۆسکۆ لەدایکبووە.

لە ناوەڕاستی حوزەیرانی ساڵی (١٩٩٧) دڵی لە لێدان کەوت، لەبەر سادەیی و ناسکی شیعرەکانی، گەلێك لە شیعرەکانی کراونەتە گۆرانی و لەگەڵ ئامێری گیتاردا خەڵکی ڕووسیا دەیلێنەوە، بۆ ڕێزلێنان لەم شاعیرە حکومەتی ڕووسیا لە پاش مردنی بڕیارێکی دەرکرد بەوەی پەیکەرێکی لەناوچەی (ئەربات) لەناو جەرگەی مۆسکۆ بۆ بکرێ.





**گۆرانییەکی بچووک بۆ (ئەربات)***

**وەک ڕووبارێک، ڕێگا دەبڕی**
**- ئای کە ناوێکی غەریبی -**
**چیمەنتۆکەش زۆر ناسکە**
**وەکو ئاوی ڕووبارەکە**
**ئاه .. ئەربات، ئەبارتەکەم**
**تۆ نامەمی**
**بەختیاریمی**
**تۆ ئازارمی**

*  *  *

**ئەو پیادانەی بەسەر تۆدا**
**ڕێگا دەبڕن**
**هیچ مەزن نین**
**کاتێک بەرەو کاریان دەڕۆن**
**بە پاژنەی پێڵاوەکانیان**
**زرمە لە چیمەنتۆکەت هەڵدەسێنن**
**ئاه.. ئەربات، ئەباتەکەم**
**تۆ بڕوامی**

*  *  *

**لە خۆشەویستی تۆدایە**
**کە هەرگیز ناتوانم**
**چاک ببمەوە**
**سەرەڕای ئەوەی**
**کە من خۆشەویستی**

**چل هەزار شۆستەی ترم لەدڵدایە**
**ئاه.. ئەربات، ئەرباتەکەم**
**تۆ نیشتیمانمی**
**من ناتوانم بەسەر تۆدا**
**بەپێ ڕێ بکەم**
**تۆ ببڕم**

* ئەربات: ناوی شەقامێکە لە مۆسکۆ.

لە گۆڤاری (الموقف الثقافي)– ژمارە (١٠)ی ١٩٩٧.

**"٢"**

**یاسنا شامیچ**

ژنە شاعیری یۆگسلافیا، لە ساڵی (١٩٤٩) لە شاری سەراییڤۆی پایتەختی بۆسنە و هێرسك لەدایکبووە، دەرچووی کۆلێجی بەشی فەلسەفەی هەمان شارە، ئەم شیعرە لە کۆمەڵەی (پیاوێك لەخوێنمایە) یە، کە بریتییە لە بیست پارچە شیعر:

**پیاوێک لە خوێنمایە**
**پیاوێک لە خوێنمایە**
**وەک ڕێبوارێک**
**لە فارگۆنی شەمەندەفەر**
**هەناسەی سوار**
**هەوری دوکەڵ بیخنکێنێ**





**لەگەڵ هەموو جووڵەیەکی بەردەوامدا**
**پتر هەناسەی سوار**
**تۆ و.. خۆم**
**لە جەستەمدان**
**تۆ هەوڵ دەدەی**
**تاکو هەناسە بدەی**
**منیش ئارەزووی دوکەڵ دەکەم**
**دوکەڵ و تەمی زیاتر**
**لە وشە و تۆ..**
**تا لە ئێسکمدا حەشارت بدەم**
**بتشارمەوە**
**تا بە هەنیەمدا سەرت بخەم**
**هەر بە پێستی ڕەقی جەستەم داتدەپۆشم**
**بەبێ وچان**
**تۆ هەوڵ دەدەی**
**تاکو هەناسە بدەی**
**کەچی من ناتهێڵم**
**لە چوارچێوەی فام و بیرم**
**تۆ دەردەچی**
**ڕێگەی ئاگر**
**وەکو ئەوەی لە فارگۆنی شەمەندەفەر**
**تاسێنرابێ**
**من و.. تۆ**
**تەنیا و دابڕاوین**

**ملکەچی ڕۆژەکانین**
**شەو و ڕۆژمان ون کردووە**
**تۆ بەردەوام هەوڵ دەدەی**
**تاکو هەناسە بدەی**
**وەلێ من ناتهێڵم**

**"٣"**

**(عیزەت سەرابلیتس)**

شاعیرێکی یۆگسلافییە، لە ساڵی (١٩٣٠) لەدایک بووە، لە ناوەڕاستی حەفتاکان جێگری سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی یۆگسلافیا بووە.

**نموونە لە شیعرەکانی**

**لە نێو شاری لاوێتیماندا**
**پیاسەم دەکرد**
**بە دوای شەقامێکدا وێڵ بووم**
**ناوی منی هەڵگرتبێ**
**شەقامە چڕ و گەورەکان**
**بۆ مەزنەکانی مێژوو جێی بهێڵە**
**کاتێک دیرۆک ڕێگەی دەبڕی**
**من چیم دەکرد؟**
**بەساکاری، ئەو کاتانە تۆم خۆشدەویست**
**بە دوای شەقامێکدا بچووک، سانا، سادە**





**من دەگەڕێم..**
**دوور لە چاو و نیگای خەڵکی**
**تا پاش مەرگیش**
**پیاسەی تیادا بکەین**
**گرنگ نییە ئەو جادەیە**
**لەسەرەتا**
**ئاوەدان بێ**
**بەسەوزایی، بە باڵندە**
**گرنگ لەوەدایە پەنابەر بێ**
**بۆ مرۆڤ و ئەو سەگانەی**
**کە ڕاو دەنرێن**
**باشتر وایە قیر ڕێژ بکرێ**
**گرنگتریش هەر ئەوەیە**
**لەو شەقامەی**
**کەوا ناوی من هەڵدەگرێ**
**کەسێ تووشی بەلا نەبێ**



## کازیوە ساڵح:

# خەیاڵ، دەکرێت هۆشبەر بێت، بەڵام لە دواجاردا چارەسازی کێشەکان نییە

سازدانی: ئایندە شێخ محەمەد





پرسی داهێنان و هەر یەکێکی تریش لە پرسە ڕۆشنبیرییەکان، پێویستیان بە ئێستگەلی فرەڕەهەند هەیە، بۆ ئەوەی بتوانین لایەنە نادیار و فەرامۆشکراو و نەدیتراوەکانیان کەشف بکەین. هەڵبەتە میللەتی کوردیش بە دەر نییە لە دەقگەلی ئەدەبیی گرنگ، بەڵام پرسی داهێنان لە ئێستەدا باسگەلی جۆراوجۆری وروژاندووە و ئەنجامێك لە بەردەستدا نییە. لە بارەی ئەم پرسە و پرسگەلی تری پێوەست، هاوکاتیش جوایەز، لێرەدا (کازیوە ساڵح)ی نووسەر و چیرۆکنووس، لە هەمبەر پرسەکاندا دەدوێت و لە وەرامەکانیدا پەل بۆ گەلێك بابەتی دەرەوە، هاوکاتیش پێویست، دەهاوێژێت.

*** ڕۆشنبیرانی کورد توانیویانە بە کەرەسە مۆدێرن و چەمکە جیهانییەکان دۆخی گشتیی ئێستەی کوردستان بخوێننەوە و قەیرانەکان بەرەو چارەسەر بە کێش بکەن؟**

– بۆ تێگەشتن لە چەمکە جیهانییەکان و بەکارهێنانیان لە چارەسەری کێشە و داهێنانەکاندا – بە گشتی– ڕۆشنبیر پێویستی بە زانینی زمانی جیهانی و تێگەشتن لە کەڵچەری جیهانی و زانستی نووسینە" ئەمانە چەمکی بەهێزی ڕاڤەی تەندروست و مۆدێرنن. جگە لە پێویستبوونی خوێنەری جیهانبین و بالاّ بۆ تێگەشتن و وەرگرتن. ئەم پێویستییانە لە ئێستای کورددا بوونیان زۆر دەگمەنە، ئەو دەگمەنانەش لە نێو خەیاڵە فەنتازی "نەك لۆژیك"خوازەکانی خوێنەری ئێستا و زەپۆشی دەستکرد و پارادۆکسی ڕۆشنبیری کوردی، نادیارن.

*** لە نێو ڕۆشنبیرانی ئێستەی کوردستاندا کۆمەڵێك گرووپ ئامادەییان هەیە، ئێمە دەتوانین بڵێین ئەمانە بنەمایەکی تەندروستیان هەیە بۆ درێژەدان بە کارەکانیان؟ بۆچی ئەم گرووپانە هەردەمێك و کەسێك وەکوو (ڕۆشنبیری گەورەی کورد)، یان (شاعیری گەورەی کورد) دەناسێنن؟ ئەم (گەورەییـ)ـیە دەستەواژەیەکی لۆژیکییە، یان هەڕەمەکیی؟**

– ئەم پرسیارەت دوو جەمسەرە. لایەك داوای ڕاڤەی لۆژیکبوون و نەبوونی دەستەواژەی گەورەمان لێ دەکات وەکو پاشگر بۆ داهێنەر لە قۆناغێکی ژیاندا، لایەك دەخوازێت لە گەورە دەستکردەکان گەورەیی داماڵێت. بۆ وەڵامدانەوە، بە وتەیەکی (ت. ئەلفرێد دی مۆسیە) دەست پێ دەکەم: "هیچ شتێك مەزنمان ناکات، ئازارێکی مەزن نەبێ".

هەندێك بە تەواوی دژی ئەوەن ئاجەکتڤی گەورە هاوتای ناوی داهێنەر بکرێت. من پێم وایە ئەمانە زیاتر خەڵکانێك کەوتوونەتە ژێر کاریگەری ئایینەوە و پێیان وایە گەورە تەنیا هاوتای ناوی خوداوەندە و کەسی دی شایانی نییە. دەنا ئەو پاشگرانە لە هەموو زمانە جیاوازەکانی جیهاندا هەیە و هەموو میللەتانی دیش لەئێمە زیاتر بایەخ بەم چەمکی نازناوی

جەماوەر دەدەن بۆ نووسەر و هونەرمەندانیان.

ئەگەر پرسیارەکە وابێت: ئایا ئێمە خاوەنی نووسەرانێکین شیاوی ئەو نازناوە بن؟ بێگومان بەڵێ، ئایا شاعیرە کلاسیکەکان، بۆ نموونە: شێرکۆ بێکەس و لەتیف هەڵمەت و ئەوانەی وەکو ئەوان بەو چڕییە مێژوویان لە هەناوی شیعر و وێژەدا هەڵکۆڵیوە، شیاوە بگوترێت شاعیری گەورە؟ یان عەباسی کەمەندی هونەرمەندی گەورە، یان فرەبەهرەیە؟ شیاوە بە ڕێبین هەردی و مەریوان وریا قانع بڵێین نووسەری مۆدرێن؟ هەندرێن فەیلەسووفنناس و قوبادی جەلیزادە شاعیری ڕۆمانسی و بەختیار عەلی و د. ئەحمەدی مەلا و کاروان عومەر کاکەسوور بە توانا و ئەحلام مەنسوور و نیگار نادر بوێر نین؟ ئەمانە هەموویان نووسەری باشی ئەدەبیاتی کوردین، زۆری دیکەیش هەن، کە ئێستا لە بیرم نین. ئێمە ژمارەیەکی باش لە نووسەر و هونەرمەندمان هەیە لە کۆمەڵێکدا مێژوویان بەرجەستە کردووە و هەنگاویان ناوە، کە جێگەی تێڕامانە، ئەمە وەکوو هەبوونی نازناو و لۆژیکبوونی هاوتاکردنی چەمکی لۆژیك.

بەڵام کاتێك ئەو چەمکانە وەکوو خەڵاتێکی حزبی بە کەسێك ببەخشرێت و هەندێ جاریش وەکوو سزا لێی وەربگیردرێتەوە، ئەمەیان مایەی پەسنەدکردن نییە و نووسەر پێویستە خۆی ئاگای لە داسەپاندنی لۆژێکی حزب بێت و هەر خۆشی خود– خودایی خۆی پەسەند نەبێت. بەڵام ئەفسووس هەندێ گروپ دەبینم وەکوو سیاسییەکان مامەڵە لەگەڵ خوێنەردا دەکەن، نەك وەکوو نووسەر" یەك دەگرن" بە یەکدا هەڵدەدەن" ناوی قەبە بۆ یەك دەدۆزنەوە و هێزی فەنتازی دەدەنە پاڵ یەکتر. . . وەکوو چۆن سیاسیەکان بەرژەوەندیی پۆست و پارە و ژن کۆیاندەکاتەوە و تەنیا لەو سێ فاکتەرەدا یەکگرتوون، ئەم تەنزە نووسەر و بە ناو ڕۆشنیرانەش ناووبانگ و دەستکەوتی ژێر سێبەری ئەو ناووبانگە و خود – خوداییکردن کۆیان دەکاتەوە" هەمان مامەڵەی سیاسیەکان لەگەڵ ناوندەکە دەکەن، ئەمەش کولتووری حزبی کوردی بوو لە پاش ڕاپەڕین، کە قوتابییە سەرەتاییەکانی ئەو حزبانە لە هەموو کەس زیاتر کەوتنە ژێر کاریگەرییەوە. زۆرجار ئەم هاوارانە وایان لێکردووم دەست بکەم بە خوێندنەوەی نووسینی نووسەریەکی دیاریکراو، کە چانسی شێری بەرکەوتبێت لە پیاهەڵدانەکاندا، بەڵام پاش خوێندنەوەی چەند لاپەڕەیەك، ئیتر نەمتوانیوە تەواوی بکەم و دڵگران بووم بەوەوی کە ئەو نووسەرە پاش ساڵانێکی زۆری کارکردن، نە ئەدەب و ڕۆشنبیری جیهان ئاگادارە، نە تەکنیکی ڕۆژئاوایی و نە تەکنیکی زانستییش، ئیدی بەوە گەشتووم کە نووسین بوونی نییە لە لای، بەڵام زمانی چەواشە و کوتلەی حزبی،





ڕۆشنیری حزبی، خاترجەمی هێزێکی جیاوازی پێ بەخشیوە، بەڵام دواجار ڕۆژێك هەتاوی ڕاستی مانگی دەستکردیان دەشارێتەوە.

ئەگەر مەبەستیش ناوەڕۆکی مرۆڤ بێت، بە بەراورد بە ناوەڕۆکی نووسین، ئەوا بە داخەوە ژمارەیەك گەورەکراو و گەورەپاڵدراو، خاوەنی ئەو ئازارە نین، کە مۆسیە باسی دەکات و خۆم زۆرجار بایەکوتی خوێندنەوەی نووسەرێکم کردووە، لە کاتێکدا زۆر سەرسامی نووسینەکانیشی بووم، چوون ئەو نووسەرە توانیویەتی ببێت بە دیاردەیەکی ئەدەبی، بەڵام نەیتوانیوە ببێت بە دیاردەیەکی ئەخلاقی. لەگەڵ فرەپێناسیی ئەخلاقدا، بەو واتایەی هەر یەك لە ئێمە بە جۆرێك لە شووناسی ئەخلاق تێ دەگات و پێناسی تایبەتی خۆی هەیە بۆی، بەڵام هەمووشمان لە واتایەکی گشتیدا کۆ و یەکدەنگین. هەر نووسەرەیەك لەو شووناسە گشتییەدا ئەخلاقی دۆڕاند، نازناوەکانی هەرچییەك بن، دەرەنگ بێت، یان زوو، دەدۆڕێت.

*** کەسانێك هەن زۆر بە داخراوەیی و سانایی پێکهاتە و لایەنەکانی مەجازیی دەق هەڵدەسەنگێنن، بە واتەیەکی تر: تەنیا دەڵێن (ئەم دەقە جوانە)، (ئەم دەقە ناشیرینە)، بە بی ئەوەی بپرسن: بۆچی جوانە؟ بۆچی ناشیرینە؟ هۆکاری ئەم جۆرە هەڵسەنگانانە بۆ چی دەگەڕێنیتەوە؟**

– من پێم وایە ئێوە زیاتر مەبەستتان لە سیمبول، مەبەستی نەوتراوی نێو دیرە سپییەکانە، تا مەجاز، چونن مەجاز لەوە فرەڕەهەندترە بتوانین گشتگیرانە و لە میانەی دەقێکی تەشبیهی و نادیارەوە ڕاڤەی بکەین. . . لە هەمان کاتدا دەکرێ لاوازیی ڕاڤە و دۆزینەوەی سیمبول و نەبوونی هێزی دۆزینەوەی بنیاتی دەق، لای ڕەخنەگرانی کورد ئامادەگیی بە هێزی هەبێت، ئەمەش بە ڕادەی یەکەم هۆکاری مەعریفیی لە پشتەوەیە، پاشانیش هۆکاری دەروونی و کۆمەڵایەتی و کولتوری ڕۆڵیان گێڕاوە. . . هەندێ جاریش گرووپگەل شەرعیەتی ئەو دەربڕینە ساکار و سەرپێییانەیان درێژ کردوەتەوە. بۆ نموونە کە یەکێکیان بە دەقێکدا، یان تەنانەت بە کەسێکیایدا هەڵداوە و وەکوو دەقێکی جوان، یان ناشیرین کەسێکی جوان یان ناشیرین پێناس کردووە و ئەمەشی کردووە بە کولتووری گفتوگۆی ڕۆژانە و تەنانەت بۆ ئاستی فۆرماڵتریش، کە نووسینە، لە سەروو ئەمانەشەوە نەستی کولتووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی ئێمە ئەوەندە بیرکردنەوە لە دۆخە سیاسی و لۆژیکیەکە کۆنترۆڵی کردووە و وزەی هەڵمژیوە، ئەوەندە لایەنی جوانناسیی دەق و ئەفراندنی پەلکێشی نەکردووە.

*** چی لەو واقیعە تاڵە بکەین کە خەیاڵ و فەنتازیا ناتوانن بیگۆڕن؟**

– نازانم کام واقیعت مەبەستە" واقیعی کۆمەلایەتی و سیاسی، یان واقیعی ئەدەبی؟ بە هەرحالْ، چەقبەستنی هەموویان لە دۆخێکی هاوچەشندا دەگوزەرن، ئەوەیان پۆلێنی جیاوازی پنتە ژیانی و کۆمەلایەتییەکان و ڕاڤەی ئەرێنی و نەرێنیی خەیالْ لەسەر هەر چەمکێك دیاری دەكات.

خەیالْ جێگری نێوان عەقلْ و فکرە و درێژکراوەی لۆژیکێکی درکاوە. لە ڕوانگەی جوانخوازییەوە خەیالْی بۆ سەربار دەكات بۆ جوانترکردنی ئەو بەشانەی بە ئاسانی لە ڕووی لۆژیکییەوە جوان ناکرێن. ئەم وێنانە پێشتر چاو نەخشی کێشاون، هێزی خەیالْ هاوبەشی و پێوەندی هەیە بەو وێنە درکاوانەی هەست دەیگرێت و ئەو وێنانەش یادەوەری جێگەیان بۆ دەكاتەوە چوون لە کۆتاییدا خەیالْ مالْ لە نەستدا زیاتر جێگیر دەكات و ئەو وێنانە دەکێشت نەست دەیخوازێت و هەست بە ئاسانی پێیْ ڕاڤە ناکرێت، لێرەشەوە داهێنان و کاری فەنتازی دروست دەبن، خەیالێش لە جەوهەردا خواستی گۆڕانی واقیعە.

کاری فەنتازیش و خەیالْیش کاریگەریی بە هێزی خۆی هەیە لەسەر گۆڕانکارییە جیاوازەکان بە هەردوو جەمسەری نەگەتیڤ و پۆزەتیڤەدا. دەکرێت خەیالْیکی جوان کە کاریکتەرێکی جوانی بە بەرابەر ناساندووە، کاریگەریی ئەرێنیی هەبێت لەسەر ئاکاری ئەوی بەرابەر، یانی بۆ گۆڕان ڕیشە دروست بکات لە ژیانیدا و بیەوێت ببیْ بە نموونەیەکی وەکوو پالەوانە خەیالْییەکە، یان دەکرێت خەونێك ببەخشێت جیاوازتر لە خەونە نەرێنییەکان، یان فێری بەرێوەبردنی خەونت بکات، ئەمە بەشیکی چەمکە زۆرەکانی کۆمەلْ و ژیانە، کە وێژەیە، بەلام ئایا خەیالْی کوردی ئەم جۆرە وێژەیەی بەرهەم هێناوە؟ دیارە مەبەستم سەرپەڕە، نەك گشتگیر، بەلْکوو ئاستێکی پەسەندکراو.

هەمان چەمك خەیالْ یان فەنتازیا، لە ڕووی ئایینیەوە دەکرێت ڕاوێژی کۆمەلایەتی یەك جەمسەری بە تاکێك ببەخشیت و بیکات بە تاکێکی ئاکتیڤ، دەشکرێت خەیالْێکی ئایینی کەسێك بکات بە بکوژ و تیرۆریست، ئەمەش بۆ گەشتن بە خەیالْێکی فەنتازیانەتر.

بە هەمان شێوە، خەیالْی زانستی زۆر شتی نالۆژیکیی کرد بە لۆژیك و ئەوانیش تەنیا سوودیان بۆ مرۆڤ نەبووە، بەلْکوو لە هەندیْ دۆخدا زیانیشی پێگەیاندوە. کەواتە دەرئەنجام خەیالْ و فەنتازیا بە تەنیا ناتوانن فاکتەری گۆڕانکاری بن، چونکە دواجار خەونە یاخود خەیالە و پێویستی بە لۆژێکی چارەسازکار هەیە، لەگەلْ ئەوەی زۆربەی خەیالْ لە ئازاری واقیع و خەونی گۆڕینی واقیعەوە سەرچاوەی گرتووە. . . دیارە لە هەموو میللەتێکدا سەرپەڕ و گشتی هەیە، ئەگەر ئێمە تەرجەمەی خەیالْی کوردی بە گشتی بکەین،





دەتوانین پۆلێنی خەیالْی کوردیش لە نێو هەردوو جۆری خەیالْی ئەرێنی و نەرێنی پۆلێن بکەین و دان بەوەدا بنێین، کە زۆربەی خەیالەکانی بەر بەشی دووەم کەوتوون، کە ئەگەر نەیکات بە بکوژەکە، دەیکوژێت. بۆیە من خەیالْ بۆ کۆمەلْی کوردی وەکوو خەیالْی ئەو مندالە دەبینم، کە سکی دەئێشێت، بەلام کە خەیالْ دەكات ئازارەکەی سووك دەبێت. . .

ئەمە هاوکێشەیەکی زانستییە، بەلام ئایا نەخۆشییەکەی چارەسەر دەكات؟ بێگومان نەخێر" خەیالْ، دەکرێت سڕکار بێت، هۆشبەر بێت، بەلام لە دواجاردا چارەساز نییە. چارەسەر زیاتر لە دەستەبەرکردن، داڕشتن و پراکتیك– سیستمێکی زانستییە بۆ ژیان، بەلام دەکرێت بۆ وێژە، ئاسوودەیی بە خوێنەر ببەخشێت.

*** دەتوانین بلێین کولتووری ڕۆژهەلات، کولتوورێکە دەکریْ ببیْ بە کەرەسلە هێنان. بەلام ڕۆژهەلاتییەکان سوودی ئەوتۆیان لێی وەرنەگرتووە لە بەرانبەر ڕۆژئاواییەکاندا. ئەوە نووسەرانی ئێمەن کە جیهانبینییان تەسکە و ناتوانن لە کولتوور دەقی ئافرێنەرانە بەرهەم بهێنن، یان بینینی هەر کولتوورێك لە دوورەوە باشتر قوولاییەکانی دیار دەکەون؟ یان چیی؟**

– ئەمەشیان بە داخەوە پرسیاریەکی ناڕوون و فرەجەمسەرە و پێویستی بە کۆکردنەوەی جەمسەرەکانێتی. ئەگەر ڕۆخست بفەرموون، پێویستە ئەوەیان زیاتر ڕوون بکەینەوە بەرابەر بە چەمکی "ڕۆژئاوا"، یەکسەر "ڕۆژهەلات" خۆی دەناسێنیْ، بەلام بەرابەر بە چەمکی "ئەوان"، هەرسیْ چەمکی "ئێمە" و "من"– "منی ڕۆژهەلاتی– ڕۆژئاوایی" ئامادەییان هەیە. . .

ئەگەر مەبەستیشت ئێمەیە، کە ڕۆژهەلات هەمووی دەگرێتەوە، من پێم وانیە داهێنانی ڕۆژهەلات بەرابەر بە ڕۆژئاوا، زۆر دەستەوسان بێت" بە هەزاران بەرهەمی نایاب و دانسقە لە ڕۆژهەلاتدا نووسراون و بە باشترین شێوە گوزارشتیان لە ڕۆژهەلات کردووە و تەنانەت هەندێکیان بوون بە وانەی زانکۆکانی ڕۆژئاوا. دەیان ڕۆژهەلاتی خەلاتی نۆبلْ و خەلاتە بەهادارەکانی تری جیهانییان وەرگرتووە" بە دەیان زانستی تێدا دۆزراوەتەوە، لەگەلْ هەموو کەم و کوڕیە ژیانییەکانی ڕۆژهەلاتی، بەراورد بە ڕۆژئاوایی.

ئەگەر مەبەستت لە "من"ە، ئەم چەمکەیان لۆکالە، واتە تەنیا مەبەستت کوردە. . . ئایا کورد بۆ نەیتوانیوە وەکوو ڕۆژئاواییەك گوزارشت لە کێشە و خەونی خۆی بکات و داهێنان بەرهەم بهێنێت؟ بۆ دەقەکانی ئافراندنی تێدا نییە؟ بۆ مرۆڤی نەریەتین؟ بۆ. . . بۆ. . . و بۆ، دواجار وەلام پێمان دەلێت مرۆڤی ئازاد دەتوانێت ڕاست، جوان بیر بکاتەوە و جوان

بیرکردنەوەش داهێنان دەبەخشیت، مرۆڤی کۆیلەش تەنیا بە ڕەش و سپی بیر دەکاتەوە، کە هەردوو بێ ڕەنگن، بێ ڕەنگیش جیهانی مردوو بەرهەمی دەهێنێت و مەرگ و داهێنانیش پێکەوە کۆنابنەوە.

دیسانیش: "منی ڕۆهەلاتی – ڕۆژئاوای" هەیە، ئەویش ئەو نووسەرانەیە پاش ئەوەی ولاتیان بە جێهێشتووە و بە دیدەبینییەکی جیاوازتر، یان داهێنانەتر دەنووسن و ئەوان لە دوورەوە توانیویانە واقیعی کۆمەلایەتیی خۆیان باشتر بخوێننەوە، لەوانەی لە نێو واقیعەکەدا دەژین، ئەمەیان کۆمەلێ فاکتەری هەیە، یەکەمیش فاکتەری دەروونی، پاشان ڕۆشنبیری و مەعریفە و کولتور، قەبارەی دیاری دەکەن.

بەلێ، لە دوورەوە باشتر قوولاییەکانی هەر کولتوورێك دەردەکەون و لە دیداری دیکەشدا باسی ئەم مەسەلەیەم کردووە و وتەیەکی (ئەبسن)یشم هێناوەتەوە کە دەلێت: "باشترین وەسفی زستان لە هاویندا دەکرێت". بەلام بە براوی من، بۆ خۆشی سەفەر جیهانییەکی ئەفسووناوی لە دنیابینی و بەرفراونبوونی دیدەبینیی دەبەخشیت، واتە ئەوی ڕۆژهەلاتی–ڕۆژئاوایی، تەنانەت ئەگەر فێری زمانێکی دیکەی جیهانیش نەبێت و سوود لە بەرهەمە جیهانییەکان نەبینێت، کە بەو زمانە نووسراون، بۆ قولبوونەوەی دیدەبینی سەفەر، تەنیا بۆ خۆی ڕۆشنبیریەکی کەمهاوتای پێ دەبەخشێت.

*** بەردەوام کۆمەلێك کەس هەن پێیان وایە ئایین نەبێت باشترە، ئەم ڕوانینە بنچینەیەکی تەندروستی هەیە؟ هیچ کۆمەلگەیەك دەتوانێ بە بێ ئایین درێژە بە ڕەوتی پێشکەوتنی خۆی بدات؟ لە هەموو ولاتێك و ئایینەکاندا، کۆمەلێك یاسا و تایبەتمەندیی هەن، کە پێویستە ئەو مرۆڤانەی قبوولیان دەکەن بچنە ژێر ڕکێفیانەوە، ئەگەر ئەم کۆمەلە یاسا و تایبەتمەندییانە نەکەم مێنن، مرۆڤ دەتوانێت بە شێوەیەکی قوول و تۆکمەتر باس لە هەبوون و ژیان و ئاوەزی خۆ بکەن.**

– هەمنگوای ئەلێت " هەموو مرۆڤێکی خاوەن فکر بێ باوەڕە –بێ ئایینە " ڕۆبەرت ئەنگرسۆلیش بۆ ئەوەی ئەم وتەیە لە ڕەهەندێکی فەلسەفی دەرباز بکات بۆ ڕەهندێکی گشتی ئەلێت " ئەو دەستەی بە شێوەیەکی باشتر هاوکاری دەکات لەو لێوە زۆر باشترە کە دەپاڕیتەوە لە یەزدان "پرۆسەی ئایینی لەوێدا بۆ دۆڕان ئەگەڕیت لە بری دەستی هاوکاری،لێوی پاڕانەوە و دەستی توندوتیژیت ئاراستە دەکات، گەر مەرجە ئایین بە من بلێت تۆ ڕەنگی ڕۆناکی بە هەلە دەبینیت و تەنها مافی منە ڕەنگی خوداوەندت پێ بناسێنم،ئەوا هەموو ڕەنگەکانی خواداوەند لە تاریکیدا دەتوێنمەوە. ئەو تاریکیەی بەرەو





یادگاریەکانی ئیمۆ فلیپی کۆمیدیمان دەبات کە ئەلێت " کە منالێ بووم هەموو شەوێك لە خودا دەپاڕامەوە پاسکیلێکم پێ ببەخشیت، پاشان تێگەشتم خودا بەو شێوەیە کار ناکات، بۆیە دانەیەکم دزی و لە خودا پاڕامەوە بمبەخشێت" ئەمە دەرئەنجامی بە زۆر سەپاندنی پنتێکە، ڕوونتر کاتێك ئایین لە شتە تایبەتیەکان دەبرێتە دەرەوە بۆ گشتیەکان، واتە دەبێت بە بەشێك لە ژیانی گشتی و هەموو کەس مافی ئەوەی دەبێت پێت بلێت بۆ ئاییندار نیت یان دیسکرمنەیتت بکات بە هۆی جیاوازی ئایینی یان بیرو باوەڕ ئەو کات نەبوونی بەهادارترە، کاتێك ئایین جوانە کە تەنیا تایبەتمەندێکی نێوان تاك و خودا بێت لە دەرەوەی ئەو پێوەندیە دەبێت بە ڕیایی. دیارە ئەمە ڕیایەش بۆ هەندێك پێویسترە لە ژیان چوون دەروازەیەکی دی نادۆزنەوە بۆ ڕازی کردنی خود و لە میانەشیەوە ڕازیکردنی ئەو هێزە گەردونیەی باوەڕی پیەتی. لە هیچ گۆشەیەکی جیهان نەتوانراوەو ناشتوانێت ئایین بسڕێتەوە و نەبوونیشی چارەسەر نیە بۆ کێشە مرۆیەکان، من پێم وایە گەر ئایین مرۆڤ بکات بە کەسێکی پۆزەتیڤ و بە کەلك بە هەموو وزە با ڕووبکاتە ئایین،گەر فەلسەفە،زانست و هەر باوەڕێکی دی دەیکات بە مرۆڤێکی بە کەلك یان لانی کەم بێ زیان بۆ بەرنبەر با ڕوو لەو باوەڕە بکات و مرۆڤەکان ئازابن لە دەستنشانکردن و نەخشەکێشانی ئەو هونەرانەی بەرەو ڕەزامەندی لە خودی دەبات. بەلام چۆن سڕینەوەی ئایین چارەسەر نیە بە هەمان شێوە سەپاندنی بە زۆری وەکو یاسا کار پێکردنیشی چارەسەر نیە و دروست نیە و گورزی گەورەشی لە ئایین داوە، ئایین پێویستە ببرێتە دەرەوەی بەڕیوەبردنی کۆمەلێ و یاسا. یاسایەکی مۆدێرن،ڕەچاوی بەندەکانی مافی مرۆڤی تێدا کرابێت " سەرەوە بێت بە سەر ئایین و هەموو باوەڕ و ڕێبازەکانی تردا نەك تەنها ئایین.

*** بە درێژاییی مێژووی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی کوردی، داهێنان و تێپەڕاندن هەبووە و بەردەوامیش دەبێت، ئەمەیش لە (حاجی قادری کۆیی) و (نالی) و (مەولەوی) و (سالم) و (کوردی)یەوە بگرە، تا (مەسعوود محەممەد) و (شوکور مستەفا) و سەردەمی ئەمڕۆمان، کە تۆش یەکێکی لەوانەی جێدەستت دیارە لە ڕەوتە گەشەکەی ڕۆشنبیریی کوردیدا. لێرەشەوە ئەمە دەلێم کە ئافراندن پێوەندیی بە هەبوونی مرۆڤەوە هەیە، واتە: تا ژیانکردن لە سەر زەوی بەردەوام بێت، ئەم ڕەهەندەیش درێژە دەکێشێت. ئایا کۆمەلگەی کوردیی تا چەند کراوە بووە لە بەرانبەر قبوولکردنی دەقە نەمرەکاندا؟ هاوکات ئێمە دەزانین مەگەر چۆن، ئەگینا دەقی ڕەسەن هەردەم دژ دەکەوێتەوە لەگەلێ مێژوو، بۆیە لە پالێ ئەم پرسانەی سەرەوەدا، دەپرسم: دەوری مێژوو چییە لە ناساندن و پەردەپۆشکردنی**

**داهێناندا؟**

— من هێندە نائومێدم بەرانبەر ئەو فەوزا ئەنتی ئەخلاقیەی دروست بووە، دەروێشانە لە گەڵ کارل ئەگاتۆندا ئەڵێم " ئەمە ڕەتکردنەوەی خودایە، چوون تەنها لە توانای خودا دا هەیە ڕابردوو بگێڕێتەوە " ڕۆڵی مێژووم لەم سەردەمەدا وەکو پێوەندی نێوان فرۆشیار و کڕیار دێتە بەرچاو، ئێمەی مرۆڤ ڕەش بین یان سپی یان سوور، هەر ئایین و نەتەوە و کولتووریەك بین یەکین چونکە مرۆڤین، ئامانجەکانیشمان لە سەدا نەوەد وەکو یەکە بەڵام بەرژەوەندیەکانمان جیاوازە، وەکو چۆن بەرژەوەندی تۆ ئەوەیە بە نرخێکی هەرزان کاڵایەك بکڕیت و دوکاندارەکەش بە پێچەوانەوە فرۆشتنی بە تۆ بە نرخێکی گران لە بەرژەوەندی دایە، دەکرێ چەندین جۆری قۆڵبڕین و کاری نامرۆڤانە بەکاربهێنرێت لە پێناوی ئەو دەستکەوتەدا، بەڵام دواجار کە دەوڵەمەند بوو خەڵك ڕێزی دەگرێت بۆ گێرفانی نەك بەهای، ئەم ڕێزەش دەچێتە مێژووە. ئەمە بازاڕی مێژووی ئەمرۆیە. دەبینین خەڵکێك حزب مێژووی بۆ دەکڕێ و بە ئەندامەکانی مێژووی داهێنان و گەورەیی بۆ دروست دەکات بۆ دەنووسیتەوە، هەندێکی دی مساوەمەی سیاسی دەکات لە پێناوی وەدەست هێنای ئەم مێژوەدا،دەیانی دی دەبن بە حزبی چونکە دەزانن بچکە حزبەکان بەر لەوەی سەر لە هێلکە دەربێنن مێژوویان بۆ کڕاوە، یەکێکی دی پۆستەکەی بەکار دەهێنێت بۆ دەست هێنانی ئەو مێژووە، یەکێك بە پارەی سازشکارانە دەست کەوتووە لە دوکاندارە وردەڵەکانی بازاڕی ڕۆشنبیری دەکڕێت، یەکێکی دی مێژوو بە پارەی میللەت کە بەر دەستی کەوتوە دەکڕێت،کۆمەڵێك گروپێك دروست دەکەن و وەکو بەستەی فۆلکلۆری یەکێکیان دەڵێ و ئەوی دی بۆی دەسەنێتەوە.

لە ساڵی ١٩٩٨دا بابەتێکم لەسەر ئەنفال نووسی، یەکێك لەوانەی بە گرووپگەل مێژوو دەکڕنەوە، هەمان بۆچوونی منی دووبارە کردبووەوە، دەیان وردە دوکانداری ڕۆشنبیری هاواری نرخ و بەهای کاڵای ئەو کاکەیان دەکرد، کە لە کەسێکی دەرەوە بازاڕی کڕینی فرۆشتنی مێژووی وەرگرتبوو... ساڵی پاریش ٢٠٠٨ کتێبێکی دیدارم سەبارەت بە ئەنفال چاپ بوو، دیسان کاکەیەکی دی کۆمەڵێك شتی منی لەوێوە وەرگرتووە و وەکو خۆی گوتونیەوە، وەردە بازرگانەکانی ڕۆشنبیری بۆ ئیمیلی نووسەرانی دەنێرن و باس لە داهێنانی ئەو کەڵە نووسەرە کاکەیە دەکەن، من کە پێشتر باسی ئەوەی ١٩٩٨ م کردووە و ئێستاش ناڕاستەوخۆ ئاماژەم بە شتی دی کردووە، کە ڕۆڵی مێژوو و مێژوونووسان بۆ ئەو





کەسانەی دەرەوەی بازنەی مێژووفرۆشی و مێژووکڕی، چی بوون.

هەتا نەهاتمە دەرەوە ناوی ئەحمەدی مەلام نەبیستبوو، کە بەرهەمەکانیم خوێندەوە داهێنەر بوو، هەروەها د. موحسین ئەحمەد عومەر، ئینتەرنێت نەبووایە، کێ بوو لە مێژوونووسان ئەمانە و دەیانی تر، کە مێژوویان لە مێژووی مێژووکڕان باڵاترە، بەو نەوەی ئێمە دەناساند، کە دەمێك بوو بە کارەکانیان نامۆ بووین.

گەرچی زۆر لە زانایان پێیان وابووە مێژوو مرۆڤ دروست دەکات و دەینووسێتەوە، بەڵام پێم وایە بۆچوونێکی فەنتازییە و زۆر هەڵەی مێژوویی، بە تایبەت کاری سیخوڕی و یاری سیاسی دەکرێت مێژووی پەردەپۆشی نەکات و درەنگ بێت یان زوو پەردەی لەسەر لابدات، بەڵام لە لۆژیکدا مرۆڤ مێژوو دەنووسێتەوە،لە بەر ئەوەی مرۆڤێش داهێنەر و هەڵگری کەم و کوڕی و پارادۆکس و ئەو دۆخە نالەبارەیە کە دروستی کردوە مەرج نیە هەموو مێژوو نەسەکانیش مێژوویەکی ڕاستگۆ بنووسێتەوە. با بڵێین لە نێو ئەو هەموو مێژووە نووسراوە ساختە و دروستکراوانەدا کەسێك دێت بە ویژدانە و وەکو خۆی مێژووی ئەم قۆناغە دەنووسێتەوە ئایە پاش سەد ساڵی دی لە نێو کەسێك مێژووی ئەم قۆناغە بنووسێتەوە بۆ کوێ دەگەڕێتەوە؟ بێگومان بۆ نووسراوەکانی ئێستا، ئەوانەش چەندین بە ویژدان و ڕستگۆی نووسراون یان بۆ کەسێك یان دژی کەسێك نووسران ئەو دۆخە لە ئێستا لەبەرچاوە. من پێم وایە زۆرجار دۆڕانی مێژوو بەرابەر بە ڕاستی، وای بەشێك بووە لە هۆکارەکانی خۆکوشتنی نووسەریەك، ئیتر خۆکوشتنێکی فیزیکی بووبێت، یان مەعنەوی و دوورکەوتنەوە و بێدەنگی. هەر یەکێك لە جۆرەکانی کوشتن، مێژوویەکی کوژراو لە دەروونیانەوە حەشار دراوە.

*** پێم وایە پێویستە زۆر بە وردی وەرامی ئەو پرسیارە بدرێتەوە لە لایەن ڕۆشنبیران و وەرگێڕان و نووسەرانمانەوە: بۆچی لەم بیست ساڵەی دواییدا ڕۆماننووسین و وەرگێڕان، بە شێوەیەکی لێشاو لە نێو کولتووری کوردیدا سەر هەڵدەدەن؟**

— ئەم دیاردەدیە بە پێێ نووسەرەکە و ئاست و مێژووی لێکدانەوەی و هۆکاری جیاواز پشتگیری لێ دەکەن. بەڵام کاتێك دەبێت بە دیاردەیەکی گشتگیر ئا ئاقاری گشتگیری پابەندە بە ڕەهەندە جیاوازەکانی ڕەخنە و ڕەخنەگرتن. لە نائامادەیی ڕەخنەدا هەموو جۆرە فەوزایەك دروست ئەبێت، بەشێکی زۆری پێوەندی بە ڕەخنە و ڕۆڵی ڕەخنە دوورکەوتنەوەی ڕەخنەگرەوە هەیە لە وەزیفە ڕاستەقینەکەی خۆی. بەشێکی پێوەندی نوێی چەمکەکە هەیە لە ناو کوردد، لە بەر هەر هۆکارێك بووبێت دیاردەی ڕۆمان نووسین

مێژوویەکی چڕ و پڕی لە مێژووی کورردا هەڵنەکەندووە، هەموو نوێیەکیش سەرنجڕاکێش و پەلکێشکارە. نووسین لە جەوهەردا پێوەندیە لە گەڵ خود، ئاستی پێوەندی لە گەڵ خود ئاستی نووسین پێناسە دەکات، هەموو نووسینەکان و هەموو ڕۆمانەکان شوناسی ڕۆمان و نووسینی نیە، ئەو کاتەش نووسینێکی شوناسی دۆڕاندوە تەنها ڕەشکردنەوەی لاپەڕە سپیەکان دەگەیەنێت. ئەوەی لە نووسەریەك ناگەیەنێت کری نووسینی بەرچاوی خوێنەر خستووە، یان کۆمەڵێ وشە ڕیزکراو، ئەوەی شوناسی نووسەربوون، نووسەر نەبوون بەوی بڵاوکەرەوە دەبەخشێت، ڕەخنەگرە، کە نووسەر خۆی ناناسێت ئاستێکی بەرزی گوناهی ڕەخنەگرە و بەشەکانی دی پێوەندییان بە خواستی نووسینەوە هەیە بۆ شوناسێکی گشتگیر، کە دەکرێت کەسانێك دەیان پەرتووك بخەنە کتێبخانەکانەوە دواجاریش بێ بەش بن لەو شوناسە.

هۆکاریەکی دی ئەو دیاردەیە ئەزموون وەرگرتنە، ئێمە وەکو کورد ماوەیەکی کورتە توانیومانە بە ئازادانە بیر بکەینەوە یاخود بە زمانی خۆمان بیر بکەینەوە و بنووسین، کاردانەوەی ئەو دیاردەیە هەمیشە سەرەتا بە ترس و شەرمنانە دەست پێ دەکات، واتە بە بابەتی کورت زیاتر زاڵ دەبێت، ئەمڕۆ کە نزیکەی بیست ساڵ بە سەر ئەو شەرمەوە سڵاوکردنە تێپەڕیوە، لەو ماوەیەدا کۆمەڵێ نووسەر ئەزموونی باشیان پەیدا کردوەو بوون بە پرۆفێشناڵ، یاخود ئەزموون و کاریگەریەکانی نووسینیان چی دی پێ کۆنترۆڵ ناکرێت و نەفەش درێژتر بوون چ لە دەربڕین بێت یاخود ڕاڤەکردن بۆیە ئاسایە ڕوو لە نووسینی ڕۆمان دەکەن یاخود لێکۆڵینەوەی درێژ و ژی دی جێگەیان لە ڕۆژنامەکاندا نامێنێت چونکە ناتوانن بابەتی کورت بووسن،بەڵام گوتمان ئەمە بۆ کەسانێك ئەزموونی درێژ و دانەبڕان لە نووسین بەرەو خواستی تاقیکردنەوەی ڕەگەزی جیاوازی نووسینیان دەبات. بەڵام بە گشتی لە ناو کورد و نەتەوەکانی دیشدا و لە جیهانی ڕۆژئاواشدا مانگانە بە سەدان ڕۆمان دەکەونە سەر ڕەفەکانی کتێب بە بێ ئەوەی خوێنەریان هەبێت و بچنە ڕیزی کتێبە پڕ فرۆشەکانەوە.

*** لە ئێستەدا ڕۆمان بە لێشاو وەردەگێڕدرێت، خوێنەرانی و نووسەرانیشمان بە ڕێژەیەکی ئێجگار زۆر ڕوویان لەم ژانرەی نووسین کردووە تۆ بڵێیت ڕۆمان ئەڵتەرناتیڤی هەموو بۆشاییەکانی ئەدەبی کوردیی بێت؟**

– بە بوچوونی من بەشێکی زۆر لەوانەی لە جیهاندا تووشی شۆکی تەکنەلۆژی بوون پێیان وایە ڕۆمان ئەلتەرناتیڤی هەموو بەشەکانی دی ئەدەبە. تەکنەلۆژیا جیهانی نووسینی کرد





بە جیهانی پێکەنین و کات بە سەربردنی خۆش، جیهانی بابەتی کوردت و بێ لۆغز، بابەتی ساکار کە پێویستی بە بیرکردنەوە نیە، بابەتی کات کوژ. ئەمەش واتای ئەوە نیە زۆر بابەتی بە پێز و بەهاداریشی بە ئێمە نەناساندوە، بەڵام بە سروشتی مرۆڤی بنووس زۆرە و داهێنەر کەمە، ئەمە وای کردووە زۆر نووسەر پێی وابێت تەنها ڕەگەزێك لەو کوشتنی تەکنەلۆژی دەیپارێزێت و خوێنەرەکانی لێ ناتەکەێنێتەوە ڕۆمانە، چ بە نووسینی بێت یان وەرگێڕان. چوون ڕۆمان پێویستی بە کات تەرخانکردن هەیە بۆ خوێندوە و ناتوانێت بە سڵاوێکی کاتی بە لایدا تێپەڕیت. بەڵام لە ڕاستیدا زۆری ڕاگەیاندن و زۆری بڵاوکراوە کە ناوی نانێم ڕەگەزی ئەدەبی یاخود ڕۆژنامەوانی چونکە ڕێژەیەکی ئێجگار بەرچاویان نە دەچنە خانەی ئەدەبەوە نە ڕۆژنامەوانی، تەنها بڵاوکراوەن بە هەر مەبەستێك بێت،ئەم دیاردەی زۆری بڵاوکراوە خوێنەری تووشی سەرگەردانی کردوە و باش و خراپەکان بە ئاستێك تێکەڵاوبوون خوێنەر وازی لە وێندنەوە هێناوە بە هۆ نەبوونی گایدیەك بەروە خوێندەوەی باشی بەرێت، لە سیستمی کتێبخانە گشتی وتایبەتیەکان و دەزگاکانی چاپ و دەزگاکانی ڕاگەیاندن هەتا ڕەخنەگر ئەم زەپۆشەیان خولقاندوە، کە سەراپای لە بەرژەوەندی نووسەر و دنیانی نووسین وخوێنەر ومێژووی نووسینی میلەتێکیش نیە. بەڵام دواجار ئەوە ڕوونە کوشتنی هەر ڕەگەرزێکی ئەدەبی تەنها بە زیانی ئەدەب دەکەوێتەوە و دواجار پێویستی بە شۆڕشێك هەیە لە نێو ئەو جەنجاڵێدا بۆ زیندووکردنەوەی و مردنی تەواویشی لە ڕووی مێژوویەوە قبولْ ناکرێت، کوشتنی هەر ڕەگەزێکی ئەدەبی بە جەستەیەك دەچوێنرێت، کە لە گەشەکردن کەوتبێت و ئیتر نە سنوورەکانی منالْی لای خۆی بهێڵێتەوە، نە سنوورەکانی گەورەیش وەریبگرێت.

*** بۆچی خوێنەرانی ئێمە لە سەروەختی خوێندنەوەی کاریگەرترین و گەورەترین ڕۆمانی دنیادا، وەها هەرەمەکی پێشوازی لەم ژانرە دەکەن؟ تۆ بڵێی ڕۆمان ئەڵتەرناتیڤی هەموو بۆشاییەکانی (ئەدەب)ی کوردی بێ؟**

– خوێندنەوە، کۆمەڵێك پێوەندیی دەروونی و فەرهەنگی و ڕۆشنبیری و مێژوویی، نەخشەی دەکێشن. خوێنەریش دابەش دەبێت بە سەر خوێنەری چێژوەرگر– خوێنەری ڕەخنەگر و خوێنەر کاتکوژ... پێشتر لە دیداری دیکەدا باسی ئەم سێ فاکتەرانەم کردووە و لێرەدا نامەوێ هیچ شتێك دووبارە بکەمەوە، تەنیا ئەوەی بۆ سەربار دەکەم، کە تێپەڕین بە لای کارێکی داهێنەرانە و سڵاو نەگۆڕینەوە لەگەڵیدا، واتە زۆری خوێنەری کاتکوژ و چێژ وەرگر دەکات، نەك ڕەخنەگر. کەسانێك ئەگەر لە بنەمادا خوێنەر بن، نەك ئەوانەی سەرەتا و

کۆتایی کتێبێك دەخوێننەوە و هەندێ پەرەگراف لێ دەردەهێنن و بۆ خۆیان بەکاری دەهێنن. جگە لەوەش دەبێت ڕای خوێنەریش بە هەند وەربگرێت لەوەی کە دەکرێت ئەوەی من و تۆ بە داهێنان و بابەتێکی نایابی دەبینین، ئەو پێچەوانە ببیینێت و ئەو چێژەی لێ نەبینێت.

لە سەروو هەموو ئەمانەشەوە، ئێمە پێشتر باسمان لە گەندەڵیی دنیای نووسین و سازشکردن و مێژووکڕین کرد، زۆر خوێنەری ڕەخنەگر، بەر لەوەی نووسەرێك بەرهەمێك بنووسێت، ئەو چەند سەرچاوەی خوێندوەتەوە و خۆی ئامادەکردووە، ئەگەر ئەو نووسەرە بەرهەمێکی نووسی، ئەو خوێندنەوەی بۆ دەکات و بە سانایی بە سەریدا تێناپەڕێت، ئەمەش جۆرێکە لە یاریی گرووپگەرایی و مێژووی ساختە دروستکردنە. بە کورتی، وەکوو هەموو بوارەکانی تری جیهانی کوردی، بە دنیای نووسینیشەوە گەندەڵن.

*** لە ئێستەدا، داهێنان و ڕێکلام هاوئاستن لە خستنەڕووی ئاستی دەق لە کوردستاندا، ئەو ڕێکلامەی لێرەدا مەبەستمە دابەشبووە بەسەر خوێنەر و ڕاگەیاندن و دەسەڵاتی سیاسیی حیزبەکان. بۆ ئەوەی نووسەری ئیبداعکار پردێك دروست بکات، بۆ بە یەکتر گەییشتنی داهێنان و ڕێکلام، ئەوە چییە لە وەها وەختێکدا دەبێت بە کۆمەکاری تەندروست؟**

— من بە پێچەوانە دەیبینم. ئەو ڕێکلامە نابینم بۆ بەرهەمی نووسەر، بە تایبەت نووسەری ناحزبی، کە بۆ بەرهەم و کارەکانی بکرێت. پێشم وایە کورد لە مەسەلەی ڕێکلامدا زۆر لاوازە و پێی وانییە بەشێکی گەورەی بازاڕی بەرهەم و کاڵا بێت. زۆر جاریش گلەییم ئاراستەی هەندێ دەزگەی چاپ کردووە سەبارەت بەم مەسەلەیە. بەرهەمی نووسەرێك "دیارە نووسەرێکی بێ ناونیشان ناڵێم" لە هەموو شت زیاتر بە بێدەنگی و بێ بایەخی تێدەپەڕێت. نووسەرانی دنیا بەر لەوەی کتێبەکانیان بکەوێتە بازاڕەوە، کۆنگرەی ڕۆژنامەنووسییان بۆ دەگیرێت و پروپاگەندی زۆر بۆ بەرهەمەکە کراوە و دەیان کەس ئامادە دەبن و لەوێدا کتێبەکانیان دەکڕن و نووسەر بۆیان واژوو دەکات و دەیان مۆدێلی دی، کە کورد هێشتا شارەزایان نەبووە. ئەوەی من بەدیی دەکەم، ڕێکلامی حزبییە بۆ ئەو نووسەرانەی نووسینەکانیان بەرزیان ناکەنەوە، ئەگەر ڕێکلامی حزبی هاوشانی دەقەکانیان نەبێت.

*** ئێستە دوو چوون هەن سەبارەت بە پرۆسەی وەرگێڕان، یەکێکیان پێی وایە "وەرگێڕان داهێنانە"، ئەوی دیکەیش پێی وایە "وەرگێڕان داهێنان نییە". تۆ کە یەکێکی لەو ئافرەتانەی کارت لە نێو پرۆسەی وەرگێڕاندا کردووە، ئەم بۆچوونانە چۆن**





**هەڵدەسەنگێنیت؟**

— داهێنان وەکو واتا کۆنکرێتییەکەی، واتە داهێنانی شتێك کە پێشتر بوونی نەبووە و لە دەرەوەی مەئلوفەوەیە، ئەمەش مەگەر تەنیا لە داهێنانی شتە کیمیاوی و فیزیاییەکانی جیهاندا هەبن، دەنا لە ئەدەب و نووسیندا هەمیشە پێشینەیەکی مێژوویی هەبووە، بۆ لە دایکبوونی دەق. لێرەوە، وەرگێڕانیش دەچێتە خانەی ئەو جۆرە داهێنانەی، کە پێشینەیەك هەبووە بۆ لە دایکبوونی، ئەویش بوونی دەقێکە بە زمانێکی دیکە، بەڵام لەبەر ئەوەی هونەری وەرگێڕان تەنیا وەرگێڕانی دەقی زمانێك نییە، بۆ سەر زمانێکی دی، بەڵکوو وەرگێڕانی فیکر و بۆچوونێك و گرێ و ئاڵۆزییە، بۆ فیکر و بۆچوون و ئاڵۆزیی جیاواز، ئەویش بە گواستنەوەی کۆنکریتی نا، بەڵکوو بە وەرگێڕانی سۆز و ئاواز و ڕۆحی ئسلوب لە ڕێگەی فاکتەرە زمانەوانییەکانەوە... کاتێك ئەم مەرجانەی لە خۆ گرت، نزیکە لە داهێنانەوە، چونکە وەرگێڕان لە بنەمادا کردەیەکی مەعریفیە، نەك داهێنان. زۆرجار وەرگێڕ لەوە زیاتر ماندوو دەبێت، ئەگەر خۆی دەقەکە بنووسێتەوە. وەگێڕ پێویستە ئەوەندە نزیك و پابەند بێت بە دەقەکەوە، تا ئەو ئاستەی وا هەست بکات خۆی دەقنووسە.

*** هەر ئینسانێك کە دێتە دنیا، لە سەفەرگەلێکدایە، تۆ وەکوو (کازیوە ساڵح)، کە یەکێکیت لە نووسەر و ڕۆشنبیرانی کورد، لەم سەفەرگەلەدا بە کوێ گەییشتوویت؟**

— لە ژیانی مندا کۆتاییی هەموو سەفەرێك سەرەتای سەفەرێکی نوێم دەداتە دەست، لەبەر ئەوەی سەفەرەکانم سەفەری خۆناسین و خۆدۆزینەوەن، بۆیە هەرگیز کۆتاییان نایە. من ئافرەتێکم هەموو ڕۆژێك خۆم نوێ دەکەمەوە و ئەژنۆ بە ژیان دادەدەم، هەر بۆیە ئەو نووسینەی لە کات و ڕۆژی خۆیدا بڵاوی ناکەمەوە، ڕۆژی دواتر، دەیگۆڕم، چونکە لە کازیوەی ئەمڕۆ ناچێت. پێشم وانییە هیچ سەفەرێك هێندەی سەفەری خۆدۆزینەوە ئەفسووناوی و بێت لە بەردەم ئەم جۆرە سەرسەختیانەدا.



# سینەما و چەمکی زمانی بینراو

**و: کــاردۆ**

دوای ئەوەی ئەدەب بۆ ماوەیەك بەند بوو بە کۆمەڵناسیەوە و پاشان کەوتە ژێر کاریگەریی دەروونناسی و زمانناسیەوە ،لە ئێستایشدا لـە ژێـر کاریگـەریی سـیمیۆلۆژیا دایـە ، ئەمـە وایکرد تێڕوانینی فۆرمالیستەکان سەبارەت بەوەی ئـەدەب خاکێکـە کـەس خـاوەنی نییـە بـەهێزتربێت ، ئـەم چـەند دێـڕەیش بـەرەو ئاراسـتەیەکی نـویێ سـیمیۆلۆژیامان دەبـات سەبارەت بە لێکدانەوەی زمان کە نەك بەتەنها کاریگـەریی هەیـە بـۆ سـەر دەقـی نووسـراو بەڵکو زمانی بینراویشی گرتوەتەوە کە بریتیە لە وێنەی فۆتۆگرافی و سینەمایی ، لە زمانی بینــراودا ســیمیۆلۆژیا گەشــەدەکات و ئاماژەبینراوەکــانی شوێن،شــێوەگەلێکی هونــەری ئایکۆنی بەرهەمدەهێنن،

بۆیە لە ئێستادا ئەتوانین بلێین سینەما سیستمێکە لە ئاماژە کە ناکرێت نـاوی (زمـان)ی لێ بنەین بە واتا بەرتەسکەکەی ،بەڵکو دەبێ بە زمانێکی تێبگەین بەڵام لە جۆرێکی تر، جێی سەرنجە سیمۆلۆژیا لە کاتێکدا ئەم زمانە دەهێنێتە کایەوە کە دەرهێنـەرەکان کـار لەسـەر فیلمێکی ریوائی Narrative film دەکەن ،بۆیە کاتێـك برایـانی لـۆمیر لـە سـەرەتای





کاری سینەماییاندا ویستیان دیمـەنی شـەمەندۆفێرێك لـە کـاتی گەیـشتنی بـۆ وێـستگەکەی خۆی نیشانبدەن پەنایانبردە بەر گرتەی سادە و پڕ لە جموجۆڵی نێو وێستگەکە ،ئەمان لە وێنەگرتنی گرتە قورس و دژوارەکانـدا بـەم جـۆرە مامەڵـەیانکردووە ،ئەمـەیش سـەرەتایەك بووە بۆ وێنگرتنی زمانی بینراوی شوێن

## سیمیۆلۆژیای سینەما

لەسەرەتادا زۆرێك لە مێژوونووسان و رەخنەگران بەرئەنجامی کاریگـەربوونیان بـە سـینەما باسیان لە زمانی سینەما کردووە ،لـەم رووەوە تیۆریـستی سـینەمایی کریـستیان میتـز ئـەو شـێوازانەی پراکتیزەکـرد کـە پێـشتر زمانناسـەکان لـە سـینەمادا کاریـان لەسـەرکردبوو ،داوتریش لە بەرگی یەکـەمی کتێبەکەیـدا(ئامـاژەی سـینەما_١٩٦٨) بـە روونـی باسـی لـەو شێوازانە کردووە ،ئامانج لە نووسینەکانی ئەوکاتەی میتز بەرپاکردنی شۆڕشی سـیمیۆلۆژیا نەبوو،بەڵکو کاریگەرییەکی گشتی بە جێهێشت لەسەر ئەوەی کە سینەما هـەڵگری زمانێکـە وەك هــەر زمـانێکی دیکـە کـە زمانناسـان لێکۆڵینـەوەی لەبارەوەدەکـەن ئـەمیش دەبێـت خوێندنەوەی بۆ بکرێت و لێکۆڵینەوەی لەبارەوە ئەنجامبدرێت لە پێنـاو گەیـشتن بـە نهێنـی ئەو بنەمایانەی

لەسـەریان بونیـاد دەنرێـت، لـە راسـتیدا مەسـەلەی زمـانی سـینەما زۆرێـك لـە پـسپۆڕان و تەنانەت خەڵکێکی ئاسایی هێنایە قسە ، رەنگە هەندێك پرسـیاری ئەوەبکـەن چـی ئـەم دوو لایەنە کۆدەکاتەوە ،لایەنێکی پسپۆڕ و ئەوی تریان کە رەنگە تەنها ئارەزوویەکی سـینەمایی هەبێت،یان هەر نەیبێت؟

ئەوەی کۆیاندەکاتەوە سیمیۆلۆژیایە ،کە لـە زۆربـەی بوارەکانـدا لـە برەودایـە (ئەنـدازیاریی ،موزیك، شانۆ، راگەیاندنەکان و کایەکانی تری رۆشنبیری)

سیمیۆلۆژیا بووبـە ئـامرازێکی زمانناسـان بـۆ ئافەریـدەکرنی زمـانی سـینەما ،لـەم رووەوە جولیا کرستیڤا بە شێکی کتێبەکەی (زمان ئەو شتە نادیارە) تەرخانکردووە بـۆ سـیمیۆلۆژیا و تێیدا باس لە زمانی سینەما ئەکات ،بۆیە نووسەر لە وێنەی فۆتۆگرافییەوە دەسـپێدەکات تا لە کۆتاییدا دەگاتـە وێنـەی سـینەمایی ، کـە بـەپێی بۆچـوونەکانی رۆڵان بـارت وێنـەی فۆتـۆگرافی شـێوازێکی تـرە و لـە رەهەنـدی( شـوێنکات)ــدا بەرجەسـتەدەبێت شـوێن لـە ئێـستادا و زەمـەنی رابـردوو دەگەیەنێتـەوە یـەك بـە واتایـەکی تـر بەیەکگەیانـدنێکی نـا لۆژیکیە لە نێوان(ئێرە و رابردوو) دا

## سینەما و فۆتۆگراف

بە پێچەوانەی وێنەی فۆتۆگرافییەوە  سینەما هەوڵئەدات بابەتێك بهێنێتە ئاراوە کە بە پێی ویستی خۆی بێت ،نەك لەبەر یادکردنەوەی رووداوێکی راستەقینە لە رابردوودا ،بەڵکو لە بەر ئەوەی خەیاڵێك بێت بینەر بتوانێت تێدا بژێت ،ئەو  راستییە خەیاڵییەش کاتێك دێتەدی کە بتوانرێت جوڵە و زەمەن بەرەو پێش ببرێن ،ئەم توانستەیش لە سینەمادا یارمەتیدەربوو بۆ  تیۆریستانێکی وەك ئیزنیشتاین  تاکو چەند پێوەرێك بۆ شێوە و ئاماژەی سینەمایی دابهێنن کە گرنگترینیان (کاری مۆنتاژکردنە) لێرەوە گەیشتنە ئەو راستییەی کە سینەما بەشێوەیەکی  بابەتی و ریالیستیانە وێنەکان بۆ بینەر ناگوێزێتەوە.

سینەما وێنەکان دەکاتە چەند پارچەیەك و پاشان گۆشە جیاوازەکان هەڵدەبژێرێت و جارێکی تر رێکیاندەخاتەوە ، کەوایە سینەما (کردە) بەرهەم ناهێنێت بەڵکو تەنها کۆیاندەکاتەوە و لە رێی مۆنتاژەوە جارێکی تر لە بونیادێکی نوێدا دایانئەرێژێتەوە ، ئەشێ لە رێی مۆنتاژکردنەوە فاکتەرە لێکچووەکان و تەنانەت هاودژەکانیش بگەیەنێتەوە یەك و ئاماژە ببەخشێت کە پێشتر نەیبووە، هەروەها پێویستە فیلم دەقێکی هیرۆگلیفی بێت کە هیچ بەشێکی بەبێ ئەوی تر هەڵگری واتا و ئاماژەیەکی روون نەبێت ، جولیا کریستیڤا بۆ ئەم بابەتە نمونەی پەیکەری شێرەکانی ئیزنیشتاین دەهێنێتەوە کە لە فیلمی (بۆتۆمکینی زرێ پۆش) دا وێنەی گرتوون و بریتین لە سێ  شێر ، پەیکەرەکان هەریەکە و لە گرتەی جیاوازدا وێنەگیراون دواتر لە رێی رێکخستنیانەوە بەشێوەی یەك لە دوای یەك دەستەواژەیەکی سیمیۆلۆژیان پێکهێناوە   کە هاوشێوەی هێز و توانایی بەلشەڤیەکانن.

بەم شێوەیە سینەما کاریکردوە و گەڕاوە بەدوای زمانێك کە لە رووی بونیادەوە لەگەڵ زمانی ئاساییدا جیاوازبێت.

جولیا لەوەش زیاتر دەڕوات و   چەمکی سینەما وەك (زمان )و چەمکی  سینەما وەك (ئاخاوتن )ی لێك جیاکردەوە، تەنانەت ئەمەیشی تێپەڕاند و دەستی کرد بە لێکۆڵینەوە لە زمانی فیلمی کارتۆنی بەتایبەتی پاش ئەوەی  زەمەن و وێنەی جوڵاو بوون بە فاکتەرێکی گرنگی ئەو جۆرە فیلمانە ،ئەلێرەوە بۆمان ئاشکرا دەبێت کە  بەکارهێنانی زاراوەی (زمان) لە سینەمادا پەیوەندی بە چەمکی زمانی ئاخاوتنەوە نییە.

## ئاماژەی سینەمایی

بابەتەکە بەندە  بە  گوزارشتێکی پێوانەیی هاوشێوەوە  ئەویش بەوپێیەی سینەما



سیستمێکە و پەیامێك دەگەیەنێتە وەرگر، لە لێکۆڵینەوەکەیدا سەبارەت بە (ئاماژەی سینەمایی) میتز گەیشتە ئەو دەرئەنجامەی کە سیستمی سینەمایی پێویستی بە شتێکە هاوشێوەی ئەرکەکانی دەنگ لە زماندا ،رۆڵی هەبێت ،دیارە لە سینەمادا سیستمی یەکەی دەنگیی و وشە بوونیان نیە ،وێنە  جێی ووشە دەگرێتەوە ،و گرتەو دیمەنەکانیش شوێنی (رستە)دەگرنەوە ،ئەشێ وێنەکان چەندین رستەبن و لە هەمانکاتدا ئەشێ دیمەنێك تەنها رستەیەك بێت ،تێگەیشتنمان لە زمانی سینەما لە میانی سیمیۆلۆژیای( لەخۆ گرتنی واتاکان)ـەوە دێتەدی  واتا دەربڕینێك کە چەند واتایەك لە خۆبگرێت.

سیمیۆلۆژیای دیاریکردنی واتاکانیش دەچێتە چوارچێوەی فرێمەوە(پێکهێنانی وێنە)، بەم جۆرە سیمیۆلۆژیا کاریکردووە لەسەر دانانی بنەماگەلێکی لۆژیکی بۆ رێکخستنی یەکەکانی خۆی ،ئەمەیش وای لە جولیا کریستیڤا کرد  پەناببات بەر لۆژیکی (پێکهێنانی بەدوای یەك ) و لە سەر وێنەی  پەیکەرێکی فرعەونی و کوورەیەکی  بڵند  تاقیکردەوە ،پێکدادانی بەردەوامی یەك لەدوای یەکی  وێنەکان کە لە گۆشەی جیاوازەوە وەرگیرابوون  ،لە فۆرمێکی بینراودا رێکخرابوونەوە و دەرئەنجام چیرۆکێکی تەواوەتیان درووستکرد کە لەنێوان دوو جەمسەردا بوو(پەیکەر– کوورە)،ئەم پێکهێنانە بەدوای یەکە ،چیرۆکی مێژووی شارستانیەتی  دەریای ناوەڕاستی (جۆن دانییل بۆلیە)ی گێڕایەوە ،کریستیڤا لە لێکۆڵینەوەکەیدا پرسیارێك دەخاتە روو کە بریتە لە بەیەکگەیاندنی فاکتەرەکانی (وێنە، دەنگ ) وتەیەك کە لە یەکەیەکی یەکگرتوودابێت یاخود لە نێو چەند یەکەیەکی ئاوێتەی یەکتردا بێت ،کەوایە بابەتەکە  پەیوەندیی بە بەکارهێنانی چەمکە کانە لە رووی زمانەوانیەوە  لە بری شێوازەکانی زمانەوانی لە نێوان ئاماژە و واتاکەی ، لە نێوان کەت کردن و بەیەکەوە لکاندن و لێکچووندا هتد...

کرۆکی باسەکەیش ئەوەیە بە بۆچوونی جولیا کریستیڤا  سیمیۆلۆژیا لە سینەمادا پێگەیەکی گرنگی هەیەو زمانێکی بینراوی هێناوەتەکایەوە.

سەرچاوە :  د.نزار قدوری

السینما ومفهوم اللغه المرئیه

cineworkinst.eu



جەلال قادر-کەنەدا

# شانۆ وەك شوێنێکی پیرۆز!

ژیان شانۆیە  لەهەموو گۆشەیەکی ژیانیشدا شانۆیەك دەبینین. گەرچی لەم سەردەمەدا زۆر بە جوانی شانۆ پراکتیك دەکرێ، بەلام تێگەشتن و هەزمکردنی  ئەو هونەرە نابینین شانۆ دەتوانێ لە هەر گۆشەیەکی دنیادا  ئامادەگیی هەبێت  بەڵام بۆ کاتێکی دیاری کراو ،بە مەرجێ  نواندن بتوانێت سەرنجی بینەر ڕابکێشێ .

بۆ نمونە: کاتێ منداڵەکەم یاری دەکات ئەمە شانۆیە و سەرنجم ڕادەکێشێ چێژ لەسەیرکردنی وەردەگرم لەبەر ئەوەی خۆشمدەوێ . دنیای منداڵیش تایبەتە، شانۆیش دەبێ تایبەت بێت  تا ببێتە جێگەی سەرنج و خۆشەویستی جەماوەر.





هەمان منداڵ گەورەدەبێت بە عەقل و رووخسار و فۆرمێکیترەوە  شانۆکەی پێشکەش دەکات. بۆ نمونە: کاتێ مامۆستایەك وانە دەڵێتەوە ، قوتابییەکان لە وانەکەی بێزاردەبن هەریەکە و خۆی بە شتێکەوە سەرگەرم دەکات. مامۆستاکە بەردەوام بەم شێوەیە وانە دەڵێتەوە ، کەواتە مامۆستاکە لە هونەری وانە وتنەوەدا شارەزانییە !

شانۆش دەبێ لە فۆرمێکی هونەریدا خۆی بنوێنێ و چێژ بداتە جەماوەر تا گوێی لێبگیرێت و چەپلەی بۆ لێبدرێت . ئەم چەپلە لێدانەش زەرورەتێکە بۆ بەردەوامبوونی شانۆ .

گەر دەست و دەمی جەماوەر ببەستین ئەکتەرکانیش لە کاتی نواندن دووچاری سەرسووڕمان دەبن و ناتوانن دیالۆگەکانیان تەواوبکەن . کاتێك ئێمە کار دەکەین دەبێ کاردانەوەشمان هەبێت ئیتر ئەم کارە بۆ هەر ئامانجێك بێت.

هونەری شانۆ مرۆڤەکان بەیەك دەگەیەنێت، یان جودایان دەکاتەوە .

بۆ نمونە : ژن و مێردێك ، ژنەکە ئارەزووی لە مۆسیقا و گۆرانییە بەڵام پیاوەکە تەنیا تەماشای یاری تۆپی پێ  دەکات، هەردووکیان گلەیی لە یەکتردەکەن ، بەرەو جیابوونەوە دەچن ، بەلام دەبێ هونەرێك هەبێت کۆیان بکاتەوە  چونکە مۆسیقا و گۆرانی و تۆپی پێ شانۆن ، شانۆ دەبێت ئەو ژن و مێردە فێری ئەوەبکات کە چۆن کاتەکانیان دابەش بکەن، بۆ دابەش کردنی کات هونەری شانۆ پێویستی بە خۆشەویستی هەیە . ئەم خۆشەویستیە وا لەو ژن و مێردە دەکات کۆببنەوە و سەیری هەمان بەرنامە بکەن.

لەلایەکتر ئەو ژن و مێردە لە کاتی زەماوەند و مارەکردنیان شایەدیان هەبوو خەڵکیش بەشدار بوون لە زەماوەندەکەو هەڵپەڕین ئەمە واقعێکە. بەڵام شانۆ پێویستی بە مەیان نییە ، بەڵکو ئامادە بوونی جەماوەر واقعێکە گەرچی باشیش دەزانین  ئەمە گریمانەیە و راستی نییە، لێ هونەری شانۆ دەبێ لە توانایدابێت جەماوەر ڕابکێشێ بۆ هۆلی نمایشت و

وا لە جەماوەرەکە بکات لە خۆشیێ و ناخۆشییەکانی کۆمەڵگە گریمانکراوەکەیان  بەشداربن .

لەلایەکی تر گەواهیدان  لە کلتور و ئایینەکاندا  وەك یاسایەك بەرجەستە کراوە ، کەچی خۆشەویستی ڕاستەقینە پێویستی بەم یاسایە نییە کەواتە شانۆیەکی ڕاستگۆ پێوستی بە دادوەرێکی راستەقینە هەیە ، هونەری شانۆ دەتوانێ ئەم دادوەرییە بەرجەستەبکات .

بۆ زیاتر روونکردنەوەی بابەتەکە :

کاتێ دۆستێکمان لە لایەن دەسەڵاتەوە دەستگیردەکرێت سۆراخی دەکەین و  پەنا دەبەینە



بەر هەمووشتێك لەپێناو ئازاد كردنی . كەچی دەسەڵات دەڵێت : ئێوە نازانن ئەم كەسە سیخوڕ بووە . ئێوەش سەرتان لێدەشێوێ و نازانن چیبكەن . دەسەڵات لە پشتی پەردەوە لە تاریكیدا دادگای دەكات و لەنێوی بات و پاشان بە ناپاكی دژ بە میللەت ناوی دەبات.
ئەمە پێی دەوترێت شانۆ لە تاریكیدا . ئەركی شانۆ ئەوەیە بەرەنگاری تاریكیی بێتەوە و داوای دادپەروەریی بكات و ئەم تاریكییە روناك بكاتەوە. دەزانین ڕاستییەكان شاردراونەتەوە ، دادپەروەریی راستەقینە لە تاریكیدا پەیڕەو ناكرێت!
كەواتە دەبێت هونەری شانۆ ڕاستییەكان بدۆزێتەوە دادپەروەریی لەسەر تەختەی شانۆ نمایشتبكات بۆ ئەوەی جەماوەر لەم ڕاستییە بگەن و بگەڕێنەوە بۆ شانۆ.
شانۆ نابێت لە تاریكیدا كار بكات ، بۆ نمونە : لە كاتی پرۆڤە كردن یا نواندن گەر بینەرێك جەلتە لێیبدات نواندن دەوەستێنین سەیری نەخۆشەكە دەكەین . كە نەخۆشەكەیان نارد بۆ





نەخۆشخانە و بەردەوام بووین لە نواندن كەچی بیر وهۆشمان لە لای نەخۆشەكە دەمێنێتەوە . بۆیە دەبێت شانۆ لە ڕووداوەكان ئاگاداربێت ، هاوكاری جەماوەربكات تا لە نەخۆشییەكان رزگاریان بێت .
لە كۆتاییدا دەڵێم هەر وەك چۆن پزیشك پێویستی بە نەخۆشە ، نەخۆشیش پێویستی بە پزیشك هەیە . شانۆ و جەماوەر پێویستیان بە یەكتر هەیە . ئێمەش پێویستمان بە هونەرێكە تا شانۆمان بۆ پیرۆز بكات.!
سەرچاوە:

The Necessity of Theater by paul  woodruff

# کار و چالاکییەکانی
# لقی کەرکوکی یەکێتی نووسەرانی کورد

ئا/ سابان ستار

## فیستیڤاڵی پەخشانە شیعر

لە چوارچێوەی کەرکوك پایتەختی رۆشنبیری عێراق، یەکێتی نووسەرانی کورد - لقی کەرکوك بە هاوبەشی لەگەڵ یەکێتی نووسەرانی تورکمان ویەکێتی نووسەرانی کەرکوك و بە هەم ئاهەنگی لە گەڵ یەکێتی گشتی ئەدیبان ونووسەران لە عێراق رۆژانی شەممەو یەکشەمە رێکەوتی ١١و٢٠١٠/١٢/١٢ بەشداریان لە فیستیڤاڵی پەخشانە شیعردا کرد ، شاعیرانی کورد (ئاوێزان نوری و بورهان بەرزنجی و روزارئەحمەد و ستارئەحمەد عەبدولڕەحمان و خالید مەجید فەتوحوڵلاً و فەرید زەنگنە و ریبوار زەنگنە ﴿سەراب﴾ و ئارام پەشێو و عارف مەعروف داودی و نازم بابان)

شان بە شانی شاعیران ونووسەرانی عەرەب وتورکمان وکلدو ئاشور وشارەکانی بەغداو







موسڵ وخورماتوو وسامەرا بەشداریان لە فستیڤاڵی ناوبراو کرد .

لە کۆتاییدا بڕوانامەی رێزلێنان بەسەر سەرجەم بەشدار بووان دابەشکرا.

## فستیڤاڵی وێژەیی کەرکوك

دیسانەوەو لە چوارچێوەی چالاکییەکانی کەرکوك پایتەختی رۆشنبیری عێراق، وبەئامادەبوونی وەزریری رۆشنبیری کوردستان وپارێزگاری کەرکوك و ژمارەیەکی بەرفرە لە میوانانی ئەدەب دۆست و رۆشنبیران، فەرمانگەی رۆشنبیری کەرکوك بە هاوکاری یەکێتی نووسەرانی کورد ـ لقی کەرکوك ویەکێتی نووسەرانی تورکمان ، فستیڤاڵی وێژەیی کەرکوکی لەرۆژانی دووشەمە و سێ شەمە رێکەوتی ٢٠و٢٠١٠/١٢/٢١ لە هۆڵی چالاکی قوتابخانەکان سازکرد، یەکێتی نووسەرانی کورد ـ لقی کەرکوك رۆڵی سەرەکی بینی و ئەم شاعیرە کوردانە بەشدارییان تیا کرد (عەلی بەرزنجی و ئومێد مەحمود و شنۆ ئەحمەد غەفور و عارف مەعروف و ژوان کەریم و هاوژین و نازم بابان و سروە حوسێن) فستیڤاڵەکەیان شیعر باران کرد ولە کۆتایی فستیڤاڵەکە خەڵاتی رێزلێنان بەسەر سەرجەم بەشداربووان دابەش






کرا.

شاعیر بورهان ئەحمەد سەرۆکی لقی کەرکوکی یەکێتی نووسەرانی کورد، لەبارەی ئامانج لە سازدانی فستیڤاڵی نابراوەوە وتی: مەبەست لە سازکردنی فیستیڤاڵەکە هەوڵێکە بۆ روخانی ئەو دیوارەی کە جەنگ لە رابردوودا لە ناخی تاکەکانی ئەم کۆمەڵگەیە دروست بوو، هەوڵمانداوە هەموو دەنگ و روخسارە جیاوازەکان بێ لەبەر چاوگرتنی نەتەوەیی ونەژادی








و....ناد بەیەکەوە کۆبکەینەوە ...

## فستیڤاڵی کەرکوک دەستە گوڵە

لەرۆژانی ٢٢تاکو٢٠١٠/١٢/٢٤و بە چاودێری بەرێز دکتۆر بەرهەم ساڵح سەرۆک حکومەتی هەرێمی کوردستان، تۆڕی کەرکوک بۆ رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی (فستیڤاڵی کەرکوک دەستە گوڵە) بۆ هونەری شێوەکاری وموزیك وشانۆو وێژەیی ساز کرد. لە میانەی وێژەییەکەدا ، ئێوارە کۆڕێکیان بۆچوار شاعیری کوردو عەرەب وتورکمان سازکردبوو، کیژە شاعیر هێرۆ کوردە بە نوێنەرایەتی یەکێتی نووسەرانی کورد ـ لقی کەرکوك، بەشداری کرد ولەلایەن لیژنەی سەر پەرشتیارەوە خەڵات کرا....